# گزنگ 104



گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

گزنگ ژمارە - 103 ساڵی 2013

# GIZING 104



یەکێتی نووسەرانی کورد-کەرکوك


تابلۆی بەرگی یەکەم: شێرزاد ئەمین باخەوان

تابلۆی بەرگی دووەم: ڕووناک عەزیز

چاپ:- چاپخانەی کارۆ - سلێمانی

# گزنگ

١٠٤ ئەیلوول ٢٠١٣

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

**خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک**



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

٠٧٧٠١٣٨٥٦٤٧

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم سالّەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

٠٧٧٠١٣٢٢٥٨٨

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

دلێر ڕەفیق

**دیزاین**

ئەنجام سەعید



ئیمەیلی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

**کەرکوك-رەحیماوا-فلکەی ئیخوان-بەرانبەر قوتا بخانەی خانی**

**کوردستان / کەرکوك**


تێبینی:

- نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.
- هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت

# لەم ژمارەیەدا ١٠٤


**سەکۆی گزنگ:-**

مامەند کەرکوکی.. شاعیرێکی لەبیرکراو، **لەتیف فاتح فەرەج**..........ل٥

**زمانەوانی:**

جۆرەکانی واتا، **د. شەهاب شێخ تەیب**..........ل١٥

**وتار و لێکۆڵینەوە:-**

بۆ چ ماچێ دڵی ناچێ... ، **خالید ئەویندارى**..........ل٢١

ئەدەبی کوردی و بەجیهانیبوون ، **عەبدوڵڵا سەراج**..........ل٣٣

شێخ رەئوفی خانەقا: شایەتحاڵێکی... ، **د. لەتیف سەعید بەرزنجی**..........ل٣٩

خەیام لە نێوان گومرایی و...، **عەدنان ساڵەیی**..........ل٤٥

شیعر لە حەزی ژیاندا، **پێشرەو عەبدوڵڵا**..........ل٤٩

دیوانی مەهاباد قەرەداغی، **ستار ئەحمەد**..........ل٥٧

تێڕامان لەودیوی دەقەوە، **دانا کەمال**..........ل٦١

یەکەمین خۆشەویستی، **بەنگین پیرۆت**..........ل٦٩

چارلز دیکینز، بەشی دوو **د. سەلاح بابان**..........ل٧٣

دڵەڕاوکێ و هۆکارەکانی دروستبوونی، **شێرزاد عەلی قاسم**..........ل٨٥

فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ و چەند تێبینیەك، **ئەحمەد عەلی حەیدەر**..........ل٨٩

**وەرگێڕان:-**

ئەدەبی میسری کۆن، و/**عەبدولرەحیم سەرەڕۆ**..........ل٩٣

رەخنەی گێڕانەوەیی، **و/ حەمید خالید**..........ل١١١

خوێنەری باش و نووسەری باش، **و/ رەسوڵ سوڵتانی**..........ل١١٥

ژن زیادی، **و/ خالید فاتحی**..........ل١٢٣

گاڵتە، **و/ حسێن عەلی**..........ل١٣٣

لە چیادا، **و/ موعتەسەم ساڵەیی**..........ل١٣٩

**چیرۆك:-**

حیکایەتی مردنم، **مەحموود نەجمەدین**..........ل١٤٧

گوێزی پووك، **جەلیل محەمەد شەریف**..........ل١٤٩

شیلەی گیان و شیلەی رۆح و شیلەی گەنجی، **ئالا هۆشیار**..........ل١٥٣

**شیعر:-**

میراتی شەیتان، **و/ مستەفای سەید مینە**..........ل١٥٥

چوارینەکانی سەدایی، **شوان سەدایی**..........ل١٥٧

ئەرشیفە پیرەکەی کورد...، **سیارۆژ**..........ل١٦١

ژن، **شاخەوان سەنگاوی**..........ل١٦٣

کەرکوك و وەرزی مەرگ، **حەسەن جومعە**..........ل١٦٥

کێ تەنیاییم ئەدۆزێتەوە، **خالید مەجید فتحوڵڵا**..........ل١٦٧

ئامادە نیم بۆ مەراقی مەرگێك، **سەلاح قابیل**..........ل١٦٩

خەیاڵ، **هەڵبەست یوسف**..........ل١٧٣

رێ بەرمەدە، **رەنج خاڵۆ بازیانی**..........ل١٧٥

کۆتایی عیشق، **بەرزان بەرزنجی**..........ل١٧٦

زەمان، چۆمێکی تێکڕاییە، **عەبدولقادر نیازی**..........ل١٧٧

بەرگی هەژار هاوینە، **شاخەوان قۆجەلەری**..........ل١٧٩

**دیمانە:-**

ئەحمەد رەزا، **دیمانە: هەوار خزرزادە**..........ل١٨١

**یادەوەری:-**

جێگات بەهەشتی بەرین بێت، **عالییە مودەڕیس**..........ل١٨٩

**پرۆفایل:-**

مریەمی قازی، **ئا: شەفگەش**..........ل١٩١

کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **بەڕێوەبەری نووسین**..........ل١٩٥



لەتیف فاتیح فەرەج

# مامەند کەرکوکی

## شاعیرێکی لە بیر کراو



دەمێك بوو لە خەمی ئەوەدا بووم ، لە لایەکەوە دوو قسە لەسەر شاعیری لە بیر کراوی نەتەوەیی مامەند کەرکوکی بکەم ، پاش هەندێ سۆراخ و گەڕان ئێستا ، لانی کەم بەشی ئەوەم کۆکردوەتەوە کە ئەگەر تەمەن بوار بدات لە ئایندەی نزیکدا بەشی کتێبێکی ٢٠٠ لاپەڕەی لەسەر بنوسین، هەرچەند ئەوەش بە بڕوای من لە ئاستی ئەو شاعیرە لە بیر کراوەدا نیە، من لێرەو





لەوێ یەك دوو جار بەنووسینی کورت ئاوڕم لەمامەند کەرکوکی داوەتەوە، بۆ ئەوەش کە زانیاری وردم دەست کەوێت پەنام بردوەتە بەر زۆر شوێن، ئەوە نزیکەی دوو ساڵە بە شێوەیەکی چڕتر لەسەر ئەو بابەتە پەیدۆزی دەکەم، هەروەها بۆ ئەم بابەتە هەریەك لە مامۆستا ئەمین شوان نوسەرو وەرگێڕێکی ناسراوی کەرکوکە، هەروەها مامۆستا رەفیق سالح بە جۆرێ لە جۆرەکان هاوکاریان کردوم، ئەوە جگە لەوەی داوام لە خاتو کوردستان موکریانی کردوە ، ئەگەر بکرێ کۆی شیعرەکانی مامەند کەرکوکیم بۆ بنێرێ کە لە زاری کرمانجیدا بلاو کراوەتەوە، تا ئێستا نەگەیشتوە، دەمێکیشە بەرنامەی ئەوەم هەیە بۆ هەمان مەبەست دیداری لەگەڵ مامۆستا کەریم شارەزا بکەم بەو پێیەی یەك دوو بابەتی لەسەر نووسیوە کاتی خۆی.

کورتەیەك لە ژیاننامەی شاعیر:

مامەند کەرکوکی ، یان وەك خۆی لە پەراوێزی ئەو شیعرانەدا کە بۆ زاری کرمانجی ناردووە، نووسیویەتی کەرکوکی مامەند، ناوی تەواوی محەمەد رەمزی کوڕی عەبدولڕەحیمی جاوفرۆشی کەرکوکیە، بە رەمزی رەحیم جاوفرۆشیش ناوی رۆیشتوە لە کەرکوك، بنەماڵەکەیان بە ریشە بەرزنجین، باوکی مامەند جاو فرۆش و محەمەد نەجمی برای عەرزوحاڵ نووس بووە، مامەند کەرکوکی ساڵی ١٨٩٤ لە شاری کەرکوك لە دایك بووەوەهەر لەوێش دەستی داوەتە خوێندن، تا بووە بە مامۆستاو لە سلێمانی " نمونەی عیرفان" هەڵە بجە " موعەلیم ئەوەڵ" ، کۆیە، ماوەت، شەقلاوە، قوشقلۆ، قەرەتەپە، چوارتا ، تەوێڵە، مامۆستایەتی کردوە ، مامۆسستا رەفیق سالح لەو کورتە نووسینەدا کەلەبارەی ژیانی مامەند کەرکوکیەوە نووسیویەتی دەڵێت جگە لە مامۆستای، موعاوین موحاسیبی ناوچەی ئەشغالی ناوچەی رۆژهەلاتی کەرکوك و موعاوین ئیستهلاکی ئالتون کۆپری " پردێ" و کفری و سلێمانی بووەو هەروەها لە باقوبەو ئەوقافی کەرکوك کاری فەرمانبەری کردووەولە ساڵی ١٩٥٦ خانەنشین کراوە، هەروەها چەندین جاریش لە فەرمانبەری دەرکراوە.

لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردوەو لە خاتوو شوکریە عیزەدینی هاوسەری سێ کوڕو پێنج کچی بووە بەم ناوانە" سەلاحەدین – عەمید رووکنی ، نەوزاد ١٩٤٣عەقید روکن، هەڵۆ ١٩٤٥، کچەکان خاتو زین ، گوزیدە، سەوزە، شەرمین،

نەسرین. "

مامەند کەرکوکی دەرچوی دار ئەلموعەلمینی عوسمانیە ،لە ساڵی ١٩٢٥ تا سەرەتای ساڵی ١٩٢٨ لە کۆیە مامۆستا بووەو مامۆستایەکی زۆر کورد پەروەر بووە، عەونی شاعیر دەڵێت شیعرەکانی کارێکی زۆریان کردوەتە سەر هەستی شاعیریم،شیعریشیم کردوەتە پێنج خشتەکی ، بڕوانە دیوانی عەونی شاعیر کۆکردنەوە و چاپکردنی فەرهاد عەونی.

بە پێی قسەی کاك رەفیق ساڵح لە بواری کوردایەتیدا چالاکی فراوانی هەبووەو لەو ماوەیەدا کە فەرمانبەری دائیرەی ئیستیهلاك بووە لە هەولێر لێپرسراوی لقی هەولێری خۆیبوون بووە، دواتریش ئەندامی حزبی هیوا بووە، هەندێ لە شیعرەکانی لە زاری کرمانجی و هاواردا بڵاو کردوەتەوە، ئەوەندەی من بزانم و بیستبێتم هەرزوو وازی لە شیعر هێناوەو نەگەڕاوەتەوە سەری ، بەتایبەت ساڵانی دوایی تەمەنی ، هەرچەندە ئەوە پێویستی بە گەڕان و کنەی زیاترە.

شیعرەکانی مامەند کەرکوکی :

مامەند کەرکوکی لەو سەردەمەدا واتە لە بیستەکانی سەدەی رابردودا بە شێوازێکی تازە شیعری نووسیوە، تازە هەم لە رووی بەکار هێنانی وشە کاریەوە ،هەم لەرووی ناوەڕۆك و وێنەوە، من باوەڕم وایە ئەگەر مامەند کەرکوکی تایبەت خۆی بۆ شیعرتەرخانکردبا بێگومان ئێستا یەکێك دەبوو لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی شیعری کوردی لە سەردەمی نوێکردنەوەدا بەتایبەت بۆ قۆناغی شیعری ریالیزمی کوردی، شیعرەکانی سادەو قوڵن ، سادە بەو مانایەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کوردی نووسراون ، قوڵ بەو مانایەی لە پشتی هەر دێرێکەوە خوێندنەوەو لێکدانەوەی دیکە هەڵدەگرێت .

ئەوەتا لە ژمارە یەکی زاری کرمانجی لاپەڕە دوو بۆ لە دایك بوونی زاری کرمانجی دەنووسێت:

ئەی چرای ڕووناکی کوردان ئەی هیوای قەوم و وڵات
سەد دەخیل سوتاین لە جەهلا زوو پیشاندە ڕێی نەجات

پێدەچێت ئەو پێشتر ئاگاداری دەرچوونی زاری کرمانجی بووبێت ، یان لەلایەن بەڕێوەبەری زاری کرمانجیەوەداوای لێکرابێت شیعرێکی تایبەت بەو بۆنەیە بنوسێت ، دیارە شیعرەکەش لە ژێر سەر ناوی " مژدە" دایەو سەرەتای شیعرەکە دەڵێت " مژدە بێ ئەی قەوم کەوا ئەستێرەی کورد هەڵات" مەبەستی دەرچونی زاری کرمانجیە، شاعیر بۆ ئەو







زەمان و دۆخە بوونی گۆڤارو رۆژنامەی بە پێویست زانیوەو بە چرای روناکی کوردان و هیوای نەتەوەووڵات ناوی بردوە، هەر ئەوەی کە حاجی قادری کۆیەش بەو شێوەیە روانیویەتیە رۆژنامەو گۆڤار.

لە لاپەڕە ١٨ی ژمارە ١٠ زاری کرمانجی شیعرێکی بە ناونیشانی "دەردی دەرون " نووسیوە شیعرەکە شیعرێکی نیشتمانی بەرزەو بە شێوازێکی زۆرناسك نووسراوە:

برا کوردانی خۆشەویست
تکام وایە چاك گوێ بگرین
لەسەر هەموومانە پێویست
بۆ کوردایەتیمان بمرین
ئەگەر هات و کیژێکی جوان
یا پیرە مێردێکی فەقیر
دەرۆزەی کرد بۆ لەتێ نان
یا منالێ یا ژنێ پیر
دەریان نەکەین دەریان نەکەین
گەر هەمانبێ نەختێ ویجدان
وایان لێهات لەسەر وەتەن
بۆ سەربەخۆیی کوردستان

تا دوای شیعرەکە، ئەم شیعرە لە بارو دۆخی سەرگەردانی کوردانی باکوردا نوسراوە، هەر مامەند کەرکوکی شیعری دیکەشی بۆ ئەو مەینەتیە نووسیوە، شیعرەکە بە شێوەیەکی سادەو تا توانراوە بە وشەی کوردی پەتی نوسراوە وشەکانی" خۆشەویست ، پێویست ، دەرۆزە، سەربەخۆیی،دراو ، دەرەتان" و تادوای وشەگەلی تا رادەیەك نوێن بۆ ئەو سەردەمە، ئەوەی دەشبینرێ مامەند کەرکوکی لە شیعرەکانیدا بەردەوام پەیامێکی هەبووە و لە رێگەی شیعرەوە گەیاندویەتی بۆیە زۆر جار سەروا بەلای ئەوەوە گرنگ نەبوە،ئەوەتا لەو شیعرەدا دەڵێت:

بە بێگانان هەزار هەزار ئەدەین لەتێ نانیش بەوان
بدەین بدەین قوربان بەسەر هەر ئەمانن رۆژی تەنگان

مامەند کەرکوکی وەك شاعیرێکی نەتەوەیی شیعری نووسیوەو لە شیعرەکانیدا بەردەوام کاری لەسەر ئەوە کردوە کە کورد پێکەوە بن و پێکەوە وڵات و نیشتمانەکەیان بەرەو پێش بەرن ، هەروەك داوای ئەوەی لێکردون لە تەنگانەو ناخۆشیدا فریای یەکتر بکەون و هەرچی لە دەستیان دێت بۆ یەکتری بکەن، تەنانەت ئەگەر بە هاوکاری تیکە نان یان قومە ئاوێکیش بێت.

ماونەتەوە بێ دەرەتان
ئاوارەوبێ ڕوو قەدرن
حەیف و مەخابن وا فەوتان
لە بێنانی و سەرما دەمرن

ئەوەتا دەڵێت ، بە بێگانە ئامادەین هەموو

شتێ بدەین ، با بەوانیش لەتێ نان بدەین.

ئـەوەتا لـە شـیعرێکی دیکەشـدا کـە بـۆ کوردەکانی باکوری نوسیووە، دەڵێت

رۆژێ تەسادوفی بوو توشی فەقیرێ هاتم
لە گەڵیا کورو کیـژێ ناویـان بـوو" کـورد و فاتم"
هەرسـێك رەنـگ زەردو عـاجز گـەلێ لاواز و بێ تاب
جلیـان پـرزۆڵ پـرزۆڵ بـوو ، بـەلاَم هەروەکو مەهتاب
زۆر جوان و ناسك بوون لـە چـارەیان دیـار بوو
عیفـەت نـاموس حیـشیەت گـەورەی ئاشکار بوو
گوتی برا کوردەکەم ئێرە ولاَتی کوردە
حـەیفێ وەهـام بیـستبوو کـەکورد بـە دەست و بردە
کوردان ئازاو چاو تێرن
بە کردەوە وەك شێرن
بە غیرەت و دلێرن
بۆ خۆیەتی زۆر تێرن
گوتم خوشکم ئەنگۆ کێن بۆچی ئاوا لاوازن
جلتان پرزۆڵ پرزۆڵە وا مەلول و بێ نازن
فرمێسکی چاوی رژاند بە حەسرەتێکی پـڕ سۆز
قابیل نەبوو بۆی نەبێ لەو حەلە جگەر کوز کوز
ماڵ و سەروەت ، گوند خانوو خشلّم هـەموو هەر فەوتان
بریـا هـەردوك ئەمانـەش بوویـان بـە فیـدای کوردان
ئەوجا ئەبووم بە ختیار
لە نێوی یارو ئەغیار
بە عیزەت و پڕ ویقار
ئەم کرد گەلێ ئیفتیخار

ئەمە یەکێکە لەو شیعرە جوانانەی کە باسی رووداوێکـی کارەسـات بـاری کوردەکـانی باکورمـان بـۆ دەکـات و لـە هـەمان کاتـا ، باسی هەڵوێستی ئەو ژنە قارەمانەشمان بـۆ دەکـات ، کـاتێ هـەموو شـتێکی لـە دەسـت چـووەو سـەرگەردان و ئـاوارەبووە، لەگـەڵ ئـەوەش کـورو کـچەکەشی دەکاتـە قوربـانی نیشتمان.

شیعرێکی دیکە لە شیعرە جوانەکانی مامەند کـەرکوکی شـیعری بـۆ خـاوەنی هـاوارە کـە عـــەونی شـــاعیر کردویـــەتی بـــە پێنجخشتەکیەکی زۆر نایاب، ئەمەش دەقـی شیعرەکەیە کـە بـۆ میرجـەلادەت بـەدرخانی ناردووە:





## بۆ خاوەنی هاوار

ئەمیری موحتەرەم ئەی فەخری میللەت میر جەلادەت بەگ
نەوەی شێری جزیرە و قارەمانی مولّکی بۆتانی
بەراستی خانەدانتان لاییقی تەعزیم و تەبجیلە
لەسەر کورد لازمە دایم بکا عەرزی پەنا خوانی
لەناو قەلبی هەموو لاوێکی کورد ئەم شیعرە نووسراوە
کە شایستەی سوپاس و شوکرە فامیلیلی بەدرخانی
لەناو تەئریخی میللەت قارەمانی جەدی ئەعلاتان
ئەوەند مەشهوور و مەعلومە نییە حاجەت بە ئیعلانی
هەر ئێوەن گەه بەشێر و گەه بە خامە بۆ نەجاتی کورد
سەر و ماڵتان فیداکەن هەر لە بۆتان تاکو بابانی
لە خەوابی دلّ بەد ناویی لە ژێر زوڵمی ئەجانبدا
نەمابوو زەرە ویژدان و شعوورێکی وەتەن دانی
لە ئاغا تاکو نۆکەرمان لە تاجیر تاکو رەنجبەرمان
هەموو مەستی خەرابات بوون بە بادەی جەهل و نادانی
غووری قەومی و حوبی وەتەن وەك کوفر و ئیلحاد بوو
شەرەف تەنها عیبادەت بوو لە حوبی خێڵی توورانی
هەتا بەو نەعرەتەی شێرانە گێتی گشت لە خەو هەستان
چ کرمانج و چ زازا تا دەگاتە لوڕ و گۆرانی
لە سایەی بەزم و رەزمی ئێوە میللەت زۆر ئومێدەوارە
نەجاتی بێ لە پەنجەی دوژمنی بێ دین و ئیمانی
بە شاکاری بلندتان رووحیان شادان و خەندانە
سەلاحەددین و حاجی قادر و شێخ ئەحمەدی خانی
ئەمینم ئاخیری ئەم عەزمەتان رۆژێ ئەخولّقێنێ
چ رۆژێ؟ جەژنەکی خۆشتر لە سەد نەورۆزی سولّتانی

به تەئریخ و بە عیلم تەجروبە مەعلووم و مەشهوورە
کە حەق ژێر ناکەوێ ناحەق زەعیفە و سستە بونیانی
لە قەلبی میللەتی کوردی مەوقعی ئێوە گەلێ بەرزە
بڵندتر سەد هەزار دەفعە لە نەوشیروان و ئەیوانی
بەری سەعیی وەفاکاری گەلێ شیرینە وەك شەککەر
وەتەن پەروەر عەزیز و گەورەیە زۆر بەرزە عینوانی
نەتیجە زوڵم و خوێن ڕێژیش نیشانەی مەحوی خوێن ڕێژە
دوا ڕۆژی ستەمگەر هەر نەمانە و هەر پەرێشانی
کوشندە حەقی کوژرانە سەگی هار عومری چل ڕۆژە
نەصیبی زاڵمیش مەحوو و فەنایە و خانەوێرانی
لە ئاخردا ئەبێ لەت لەت کرێ زووحاکی ئینسان خۆر
بەدەستی کاوەی ئاسنگەر و ئەتباع و خوێشانی
ئەفەرمووێ حەزرەتی زەردەشت لە ئاوێستا کە وەختی خۆی
کتێبی دین و دنیا بوو لە لای ماگۆش و ئاترانی
نیهایەت(ئەهریمەن) هەڵدێ لە ترسی(هورمز)ی خێر خواه
بە دۆزەخ شاد ئەبێ رووحی خەبیس و جوملە دیوانی
لە پاش مەدح و سەنا بۆ کۆمەڵەی عالی وەها چاکە
بکەم بۆ عیززەت و ئیقبالیان تۆزێ دووعا خوانی
خودایە کامەران و سەرفراز و پایەداریان کەی
نەوەی شێرانی کوردان یەعنی خێزانی بەدرخانی

مامەند کەرکوکی شاعیر لەم شیعرەدا وا دەردەکەوێت هیواو ئاواتێکی زۆری بە میرانی بەدرخانیەو وەك فریاد رەسێك سەیریان دەکات ، بەم چامەیەدا دەردەکەوێت ، کە مامەند کەرکوکی سیاسی و نیشتمان پەروەرێکی راستەقینە بووە، ئەو لەسەرتاسەری شیعرەکەدا بەهەمان ڕێبازی خانی و حاجیدا دەڕوات و لەناو شیعرەکەشدا ناوی هەردوکیان دێنێت.

ئەوەی بەلای منەوە زۆر مایەی هەڵوەستەیە لە یەك چوونی شیعرەکانی مامەند کەرکوکی و ئەسیریە لەرووی ناوەڕۆك و کوردایەتیەوە، لەوەدەچێت هەردوکیشیان ئاشنایەتی هەبووبێت لە نێوانیاندا ، ئەگەر چی تا نووسینی ئەم بابەتە ئەوەم بۆ ساغ نەبوەتەوە، سەرەڕای





ئەوەی هەردووکیان شیعریان بۆ زاری کرمانجی و شوێنی دیکە ناردوە.

کەریم شارەزای نوسەر لەبارەی مامۆستایەتی مامەند کەرکوکیەوە لە کۆیە رۆستەم حەوێزیەوە دەگێڕێتەوە، لە ساڵانی "١٩٣٧-١٩٢٨" لە کۆیە مامۆستایان بووە شیعری خۆی بۆ لەسەر تەختە ڕەش بۆ نووسیون، دەڵێت " شیعرەکەی نووسی و ووتی ئەمە شیعری خۆمەو پێی لەبەر کردین، دوای نزیکەی" ١٤ "ساڵ لە مێژوە، رۆستەم حەوێزی بە گوێرەی قسەی خۆی مامۆستا رەمزی رەحیم لە کەرکوك دەبینێتەوە، ئەمە ساڵی ١٩٤٢ ە، دەڵێت "داوای شیعری تازەم لێکرد ، کەچی وەك هەستم کرد چ ئا رەزوی جارانی نەما بوو بۆ شیعرو شیعر دانان" ئەمەش مایەی هەڵوەستە لەسەر کردن و لەسەر وەستان و بە دوادا چوونە، ئەرێ چ خێر لە نزیکی یەك سەردەمدا هەریەك لە ئەسیری و مامەند کەرکوکی هیچیان وەك پێویست ئارەزوی شیعر دانانیان نامێنێت، هەرچەند لەوە ناچێت کەسیان وازیان لە سیاسەت هێنابێت.بەگوێرەی قسەی مامۆستا عەبدولمەجید نورەدین جەلی زادە کە ئەویش قوتابی مامەند کەرکوکی بووە،لە ساڵی ١٩٣٥ خولێك بۆ ١٥٠ مامۆستا لە بەغدا لە رۆستەمیە کراوەتەوە، بۆ فێربوونی بنچینەی نوێی وانە ووتنەوە، ئەو بۆ مامۆستا کەریم شارەزا دەڵێت: " لەو خولەدا هەریەك لە بێکەسی شاعیرو گۆرانی شاعیرو نەجمەدین مەلاو عەلی ئاگاو مامەند کەرکوکی و زۆری دیکەمان لەگەڵ بوو، بەم قسەیە بێت ، کەواتە گۆران و بێکەسیشی لە نزیکەوە ناسیوە، ئەمەش دیسان ئێمە ناچاری ئەوە دەکات کە بە دوای ئەو پەیوەندیەدا بگەڕێین و لەوەش بپرسین ئەوە بۆچی هیچ یەك لەو ناوانەی سەرەوە لە یاداشت و بیرەوەری خۆیاندا باسی یەکتریان نەکردوە.بەهەر حاڵ ئێمە هێشتا لەسەرەتای کارەکەداین و پێویستە شیعرەکانی مامەند کەرکوکی کۆبکەینەوەو زیاتر بەدوادا چوونیان بۆ بکەین ، ئەو چەند پارچە شیعرەی کە لە زاری کرمانجی و شوێنگەلی دیکە بڵاو بوونەتەوە، ناکرێت بەتەواوی کارەکانی ئەو ئەژمار بکرێن، لە کاتێکا بەلای کەمەوە ئەو بۆماوەی نزیکەی بیست ساڵ شیعری نووسیوە ئەگەر وادابنەین لە ساڵی ١٩٢٠ بۆ ١٩٤٠ شیعری نووسیبێت و تەواو، لەوە دەچێت پەیوەندیەکی فراوانیشی هەبووبێت چ لەناو باشوری کوردستان چ لە پارچەکانی دیکە، بەبڕوای کەریم شارەزا مامەند کەرکوکی لە سەرەتای بیستەکانەوەتا ناوەندی سیەکانی سەدەی بیستەم وەك شاعیرێکی شۆڕشگێڕو وەك یەکەم نوێکەرەوەی شیعری کوردی لەو سەردەمەدا دەرکەوتووە.



## سەرچاوەکان:

- بڕوانە ژمارەکانی زاری کرمانجی کۆکردنەوەو ئامادەکردن و پێشەکی بۆ نووسینی "د . کوردستان موکریانی" دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی _ هەولێر ٢٠٠٢.
- کەریم شارەزا مامەند کەرکوکی ڕەمزی ڕەحیم جاوفرۆشە گۆڤاری بەیان ژمارە ٢٣ ئازاری ١٩٧٥ لاپەڕە ٢٨ بۆ ٣١.
- دیوانی عەونی کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپ فەرهاد عەونی.





- چەند دێڕێك لە ژیاننامەی مامەند کەرکوکی ، ڕەفیق سالح دەستنووس.
- بەبڕوای مامۆستا ئەمین شوان مامەند کەرکوکی شاعیرو ڕۆشنبیرێکی نەتەوەیی کورد بووە، تەنانەت ناونانی مناڵەکانیشی لەو ڕۆژگارەدا ئەوە دەگەیەنێ ، سەلاحەدین یان نەژاد، نەوزاد ١٩٤٣، هەلۆ ١٩٤٥، کچەکانی خاتوو زین، سەوزە ، نەسرین ،گوزیدە ، شەرمین .
- لە زاری کرمانجیدا گۆڤارە دانسقەو پڕ زانیاریەکەی حوسێن حوزنی موکریانی ، لە شیعری دەردی دەرون دا:

دەڵێت  برا کوردانی خۆشەویست  تکام وایە چاك گوێ بگرن
لەسەر هەموومانە پێویست  بۆ کوردایەتیمان بمرین

من لەبری گوێبگرن ، گوێ بگرینم نووسیوە، لام وایە کاتی خۆی مامەند کەرکوکیش هەر ئەوەی نووسیبێت بە پێی ئەوەی لە نیوەکەی دوەمدا دەڵێت لەسەر هەموومانە پێویست، ئەو خۆیشی دەخاتەناو هەمووکەوە، کەواتە زۆر ئاساییە، لە بری گوێ بگرن بڵێت گوێ بگرین، ئەمە بۆچونەو هیچی دی.

- قسە کردنی زیاتر لەسەر شیعرەکان و پێنج خشتەکیەکەی عەونی شاعیر هەڵدەگرین بۆ کاتی خۆی.

# جۆرەکانی واتا

د. شەهاب شێخ تەیب

ئێردمان( Erdman ) سێ جۆری بۆ واتا داناوە، ئەمانەن :

١- واتای بنەڕەتی، یان بنکەیی.

٢- واتای پراکتیزەیی، یان دەورووبەر .

٣- واتای سۆزداری، یان هەڵچوون .

بێجگە لەم جۆرانەش، جۆری تری وەك ئەمانەی خوارەوەش هەیە :

١- واتای سادە :

مەبەست لە واتای سادە، کۆمەڵێك تایبەتمەندییە پەیوەندە بە گۆکردن(لفظ)، یان مەبەست، یان هەردووکیان پێکەوە. دیارترین ئەو تایبەتمەندییانەش، (گۆکردنی چاولێکەریی)و (مەبەستی لێڵ)ە، کە هەر یەك لەوانەش لە ڕەگەزەکانی سۆزداری هەڵچوون پێکدێت. مەبەست لە (چاولێکەریی ( Conventionality – ڕێکەوتنی کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراوە







لەسەر دیاردە زمانییەکان بەپێی نەریتێکی گشتی .

٢- واتای سۆزداری:

زمان دوو ئەرکی بنەڕەتی هەیە، ئەمانەن: دەربڕینی ڕاستیو باسە بابەتییەکان، دووەمیش دەربڕینی سۆزو هەڵچوونەکانو وروژاندنی هەستەکانو کاریگەریکردنی لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ. کەچی لەبارەی سەرچاوەی ڕەگەزە سۆزدارییەکان لە واتای وشەدا لەمانەی خوارەوە پەیدادەبێت :

-واتا بەسروشتیی خۆی وروژێنەرێکە بۆ هەستو نەستە بەهێزەکان، نموونەیەکیش لەوە ئەو وشانەی ئاماژە بۆ بەها ڕەوشتییەکانی وەك، سەربەستی، یەکسانی، هەق...هتد، دەکات. هەروەها ئەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ پیاهەڵدان، یان بەدگۆیی بەکاردێت، وەك: باش، ناسك، گەمژە، بێ نرخ، ناشرین...هتد .

-کەچی دەربارەی سەرچاوەی دووەم کە لەناخو دەروونەدا هەستی تایبەتی دەورووژێنێ، ئەویش بەهێزی وشەکانە لە بانگکردندا، سەرەنجڕاکێشیش هاتنی وشەکانە لە نموونەیەکی تایبەتی دەوروبەردا، کە کەشێکی تایبەتی پێ دەبەخشێتو بەبەرگێك دایدەپۆشێت لەپێناو ئامادەکردنی لەو ژینگەیەی کەئەو وشەیە دەگەڕێتەوە بۆی.

٣- فرەواتا:( Polysemantic )

ئەو وشانەی کە واتایان زۆرەو پەیوەندییان بەیەکدییەوە هەیە، بۆ نموونە وشەی (ئاگرنانەوە ) بەواتای زۆر دێتو واتاکان پەیوەندیان بەیەکترییەوە هەیە: ١- ئاگر کەوتنەوە، ٢- کەسێك شەڕو ئاشوب بنێتەوە و زیان بەخەڵکی بگەیەنێت...هتد .

٤- هاوبێژ:( Homonymy )

ئەو وشانەن بەخوێندنەوەو نووسین وەك یەکن، بەڵام لەواتادا جیاوازن، وەك وشەی (ڕان) کە بەم واتایانە دێت: ١- مەڕ ، ٢- ئەندامی لەش...هتد.

٥- هاوواتا:( Synonymy )

بەو وشانە دەوترێت کە یەك واتا دەبەخشن، یاخود لێك نزیکن لە واتادا، وەك وشەی (پاك )و (خاوێن) و (پاقژ/ پاکژ ) کە هەریەکەیان یەك واتایان هەیە...هتد.

کرۆس (Cruse) – ئاماژە بۆ ژمارەیەك لە جۆرەکانی واتا دەکات، لەوانە :

٢- واتای وەسفی لەبەرانبەر واتای ناوەسفی.

٣- واتای چاولێکەریی .

٣- واتای سەرچاوەیی(مرجعی.

٤– واتای مەنتقی.

٥– واتای وردیی(حرفی)

کەچی (احمد مختار عمر) بۆ واتا چەند جۆرێکی داناوە، لەوانە :

١– واتای بنەڕەتی، یان سەرەتایی، یان بنکەیی:

هەندێ جار واتای وێناکاری، یان چەمکی( Conceptual)ی پێ دەوترێت، ئەم واتایەش هۆکاری سەرەکییە بۆ گەیاندنی زمانو نوێنەری ڕاستەقینەیی ئەرکی بنەڕەتی زمانە، کە ئەویش لێک تێگەیشتنو گواستنەوەی بیرەکانە. (نیدا( Nida -ش ئەم جۆرە واتایەی بەوە پێناسەکرد، ئەوەیە کە بەیەکە فەرهەنگییەکانەوە دەگەیەنرێت کاتێک بەتاک دەردەکەوێت.

٢– واتای پتری(زیادەیی)، یان کتوپڕ، یان لاوەکی :

ئەو واتایەیە کە وشە تەواوی دەکات لەڕێی ئەوەی ئاماژەی پێ دەکات لەگەڵ واتای وێناکردنییەوە (واتە– واتای هێمایی - Denotative ).

٣– واتای شێوازیی(الاسلوبی):

ئەو جۆرە واتایەیە کە پارچەیەک لە زمان هەڵیدەگرێت دەربارەی باروذۆخی کۆمەڵایەتی بەکارهێنەرەکەیو ئەو پێگە جوگرافیایەی تێیدا دەژیت .

٤– واتای دەروونی:

ئاماژە بۆ پێکهاتەکانی وشە دەکات لەو مەبەستانەی کە دەربارەی تاکدا هەیەتی، کە ئاماژە بە واتایەکی تاکی خودی دەکات، پاشان بە واتایەکی سوود بەخشی دادەنێت، تەنها دەربارەی یەک قسەبۆکراو، کە نە تایبەتمەندییەکی گشتگیریو نەبلاوی لە نێوان خەڵکیدا هەیە .

٥– واتای هێمایی(ئیحائی):

ئەو جۆرە واتایەیە، کە پەیوەندە بەو وشانەی خاوەنی توانستێکی تایبەتین لە هێماکردندا(ئیحائکردن)، وەک بەکارهێنانە خوازەییەکان.

لەتەنیشت ئەو دابەشبوونەی پێشوو بۆ واتا کرا، کە دابەشبوونێکی تاڕادەیەک زمانی پێوەداربوو، لێرەدا دابەشبوونێکی تر هەیە زانایانی دەروونناسیی پێشکەشیان کرد، ئەم دابەشبوونەی خوارەوەش جۆرە تێکەڵییەکی لەگەڵ دابەشبوونەکەی پێشوودا هەیە، هەرچەندە کەمێک جیاوازی تێدا دەبینرێت، چونکە تاڕادەیەک ناوی جیاوازی بۆ دانراوە، لەخوارەوەو بەپێی ئەو دابەشبوونە جۆری واتاکان دیاری دەکرێت:

١– واتای دەرەکی(:Extensiomal )

ئاماژە بۆ ئەو شتە دەکات کە وشە







دەینوێنێت، ئەگەر هاتو بۆ نموونە پرسیارمان لەبارەی واتای وشەی (سێو) کرد، دەتوانین بەوە وڵام بدەینەوە کە ئاماژە بەو شتە سوورە، یان سەوزە، یان زەردە بکەین کە خەڵکی پێی دەڵێن (سێو ) واتە نموونەی خودی شتەکە لەکاتی ئاماژەبۆکردندا هەیە .

٢– واتای چەمکی( :Intentional )

ئاماژە بۆ کۆمەڵێک خەسڵەت دەکات لە وشەدا هەیە، کە هەندێ لە وشەکان واتای دەرەکییان هەیە .

٣– واتای پەیوەندیی(بەستراوەیی - Associative ):

واتای وشەکان لە ڕێی پەیوەندییان بەیەکدییەوە ڕەنگ دەداتەوە .

٤– واتای ئاماژەی هێمایی(ئیحائی):

لەگەڵ ئەوەی وشە سادەکان ئاماژە بۆ ڕووداو، یان شتێکی دیاریکراو دەکەن، لەهەمان کاتیشداو بەپێی پێوانەیەکی تر ئاماژە بۆ شتی تر دەکەن، وشەیەکی وەک (ترسناک) لەوانەیە ئاماژە بۆ شتێکی خراپ بکات، یان لەوانەیە ئاماژەبێت بۆ شتێکی ناڵەبارو خراپ، یان هێمایەک بێت بۆ ڕوودانی شتێکی ناخۆش...هتد.

٥– واتای دەوروبەر(:Contextual )

وشەکان لەنێوان ئەو سیاقە زمانو سیاقە کۆمەڵایەتییانەی تێیدا دەردەکەون، پێکدێن .

٦– واتای مەرجی(:Conditional )

دەتوانرێت ڕستەکان بڕخسێنرێت لە گواستنەوەی واتای کۆمەڵێک لە وشەکان بۆ کۆمەڵێکی تر، بۆ نموونە ئەگەر وتمان: (شەماڵ دزە) ئەو کاتە تێڕوانینێکی خراپ لەبارەی وشەی (دز)ەوە دەلکێت بە کەسی ناوبراو. لەم بارەشدا وشەی (دز) وەک هاندەرێکی ورياكەرەوە کار دەکاتو، وامان لێدەکات هەڵوەستەیەکی نەرێیی لەو کەسە بکەین .

٧– واتای پێکهاتەیی(بنیات - Syntactcal ):

واتای هەندێ لە ڕستەکان لەنێوان وشە یەک لەدوای یەکەکان لەناو سیستەمێکی سینتاکسیدا دیاری دەکرێت .

لەجۆرەکانی تری واتا ئەمانەی خوارەوە دیاری دەکرێت:

٢– واتای دەنگی:

ئەم جۆرە واتایە لە ئەنجامی پێکهاتەی دەنگیی وشەکاندا پێکدێت، کە لە ژمارەیەکی دیاریاکراوی دەنگ پێکهاتوون، کە لەڕیزبوونێکی دیاریکراودا کۆدەبنەوە، ئەگەر هاتو دەنگێ لەو دەنگانە بەیەکێکی تر بگۆڕی، یان ڕیزبەندی دەنگەکانت

تێکدا، لەو کاتەدا بنیاتی واتاییەکەی بێگومان تێکدەچێت .

٣- واتای وشەسازی:

بریتییە لە کۆمەڵێك شتی دیاریکراوی پەیوەند بە وشەسازییەوە، وەك:

*هەڵوێستی وشەکان لەبارەی نێرو مێییەوە.

*هەڵوێستی وشەکان لەبارەی تاكو کۆوە.

*هەڵوێستی وشەکان لەبارەی ناسیاوی نەناسیاوییەوە.

٣- واتای سینتاکسی:

واتای سینتاکسی، ئەرکی وشەکان لەناو ڕستەیەکی دیاریکراوو پەیوەندییکردنیان بەوانی دییەوە دیاری دەکات، کە ئەرکی بکەری، یان بەرکاری، یان خستنەسەر...دەبینێت. چەندین ئەرکی ڕێزمانی تریش کە لەسەر ئەو بنەمایە واتای سینتاکسی(ڕێزمانی) وشەکە دیاری دەکرێت .

٤- واتای فەرهەنگی(لێکسیکی):

مەبەست ئەو کۆمەڵە واتایەیە کە وشە هەڵیدەگرێتو پەیوەندییەکی بەتین بە کۆمەڵێك خەڵك لەچەند کاتێکدا پێکەوەیانی دەبەستێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەش واتای فەرهەنگی بۆ وشەیەکی وەك (کاتژمێر) ئەمەیە:

*بەشێکە لە بەشەکانی کات، ئەگەر کەمیش بێت.

*بەشێکە لە بیستوچوار بەشی شەووڕۆژ.

*ئامێرێکە کاتی پێ دەناسرێتەوە بەسەعاتو خولەكو چرکە.

(*کردەوەی کەسێك بەئامێرێك کات بژمێرێت .

کەواتە بەکارهێنەری زمانی کوردی کاتێ گوێی لەو واتایانەی سەرەوە دەبێت، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکاتو نازانێت کام لەوانە هەڵبژێرێت، لێرەشدا باشترین شت ئەوەیە کە بزانێت هەریەك لەوانەی سەرەوە لە چ سیاقێکدا بەکاربهێنێت- وەرگێڕ .(

٥- واتای دەوروبەر :

ئەمەش پەنادەباتە بەر دەوروبەری زمان، بەو واتایەی کە لەگەڵ وشەکەدا لەناو پێکهاتەی زمانێکی دیاریکراودا دێت، کە لەو ڕێگەیەوە وشە واتایەکی دیاریکراو وەردەگرێت. بۆ نموونە وشەیەکی وەك (کاتژمێر) دەکرێت لەم سیاقە زمانییانەی خوارەوەدا دەربکەوێت :

*کاتژمێری دەوامی زانکۆ هەشتو نیوی بەیانی دەست پێدەکات .

*کاتژمێر چەندە لەلات؟





*کاتژمێری کارکردن لێی دا .

*ژیان کاتژمێرە.

لەڕستەی یەکەمو دووەمدا مەبەست لەو ئامێرەیە کە کاتی پێ دەناسرێتەوە، لەگەڵ هەندێ جیاوازی لە ڕوخسارو قەبارەدا. لە ڕستەی سێیەمدا مەبەست لە کاتە، یان قۆناغێکی کاتییەو لەڕستەی چوارەم مەبەست لە کورتی کاتە. لەگەڵ ئەوەی کە سیاقی زمانی ناتوانێت بەتەواوی واتای وشە دیاری بکات، کە ئەوەش تەنها لەڕێی ناسینەوەی سیاقی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت، کە بریتییە لە قسەکەرو بیسەرو ئەو پەیوەندییەی نێوانیان لەگەڵ جێگەی ڕوودانو کاتی قسەکردندا.

کەچی (تەمام حەسان) ئاماژە بۆ واتای نیشانەیی دەکاتو دوو جۆری بۆ دیاری کردووە :

١- واتای وتاری:

ئەوەش لەواتای ئەرکیو واتای فەرهەنگیی پێکهاتووە، کە بریتییە لە پەیوەندییە وتارییەکان لەهەر جێگەیەکدابێت .

-٢واتای شوێن(سیاق):

ئەوەش لە بارودۆخی نواندنی وتار پێکدێت، کە بریتییە لە پەیوەندییەکانی ئێستاو گشت ئەمانەش پێی دەوترێت وتار .

لەبارەی (لیتش( Leech -ەوە، جۆری تری بۆ واتا دیاری کرد، کە ئەمانەن :

١- واتای سۆزداری:

ئەوەیە کە قسەکەر جارێکیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو جارێکی تریش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەریدەخات، بۆ دەرخستنیشی هۆکاری خۆی هەیە بەشداری دەکات، وەك: ئاوازو تۆن، یان شەپۆلی دەنگ.

٢- واتای ڕێکخستن:

لەو پێکەوە بەستنانە پێکدێت، کە وشە هەیەتی لەسەر بنەمای واتای ئەو وشانەی کە ئارەزوو دەکات لە گەڵیدابێت .

٣- واتای ڕستەیی، یان دەستەواژەیی:

ئاسایی پەیوەستە بە هەڵبژاردنە ڕێزمانییە ڕێ پێدراوەکان، وەك هەڵبژاردن لەنێوان بکەر دیارو بکەر نادیار، هەروەها پەیوەستە بەڕێگەی قسەکەر، یان نووسەر لە ڕێکخستنی نامە لەڕێی ڕیزکردنی وشەکانو دەرخستنو جەختکردنیان .

**تێبینی: لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:**

**د.ماهر شعبان عبدالباری، تعلیم المفردات اللغویة، الطبعة الاولى، دار المسیرة للنشر والاتوزیع، الاردن، ٢٠١١، ص١٧٨-١٨٤.**

لێکۆڵینەوە

# بۆ چ ماچێ دڵی ناچێ...

**خالید ئەوینداری**

**برای بەرێز و هێژا:**

بۆ لێکدانەوەی ئەم پارچە شێعرەی مامۆستا، ناچار دەبێ ئاوڕ بدەینەوە سەر بۆچوونی سیاسی و هێندێ فەلسەفەی بیر و ژیانی شاعیر و بە سەرنجەوەش چاوێ بە رابردوو و ئەو هەلومەرجەی ئەم شێعرەی تێدا گوتووە بگێرین. بەو پێیە ئەوەندی بۆم بلوێ و تێگەیشتنم رێگە بدا و لەم نووسراوە کورتە دا بگونجێ، ڕا و بۆچوونی خۆمت بۆ دەنووسم، هیوادارم ئامانج بنگێوم و تۆم پێ قانیع بکرێ.

وەك دەزانی مامۆستاش یەکێ لە رێرەوانی بە ئەمەگی "حاجی" نەمر و مریدێکی پاك و فیداکاری رێبازی ئەو "پیر"ە پڕ بیرە بلیمەتە بوو، بە شێعری حاجی چاوی کراوەتەوە، شۆرشگێڕی و خەباتی ئینسانی لە سەرچاوەی بیری پڕ پیتی حاجی هەڵێنجاوە، مێرخاسی و ئەمەگناسی و دۆستایەتی و گەلخۆشەویستی لەوی فێر بووە، بە شێعری حاجی کەوتۆتە خولیای ئازادی و بۆ سەربەستی بەشکراوەکەی هەوڵی داوە، بە کورتی مامۆستای نەمرمان شاگرد و مرید و ئەوینداری کەڵەمێری کۆیی، حاجی هەمیشە زیندوو بوو.

لە پایزی ساڵی ١٩٧٣(١٣٥٢)دا کۆتەڵی حاجی لە مەیدانی شار دەچەقێنن، لە پێشدا مزگێنی بڵاو دەکەنەوە کە پەیکەری حاجی قادر دادەرێژن، کەچی بەداخەوە، دوایە تەنیا کەللەسەری حاجیان وەك کۆتەڵێ لەسەر پایەیەك لە مەیدانەکە چەقاند. ئەو مزگێنی و هەواڵە هەموو کەسی کوردی شاد کرد، بەڵام "هێمن"ی هێدی و لەسەرخۆی هەر شاگەشکە و خەنی کرد" لە لایەك بۆ پیری دەستگیری کۆتەڵ دەچەقا و لەلایەکی دیکەوە بۆ یەکەم جار پەیکەری شاعیرێکی گەلی بێ کەس و وڵات داگیرکراوی کورد وەك رەمزێکی سەرکەوتن و پیرۆز، دەبووە نەزەرگە و روگەی ئەویندارانی دڵ بە سۆی سەوداسەری کوردایەتی و سەربەستی.

هێمنی سەربەرز کە شێعری "مناسبات"ی کەم دەهۆنیەوە، چوونکە پێی وابوو کە شاعیری مناسبات دەبێ شتی دی بڵێ و ڕای وابوو شێعر لەوەی پیرۆز و بەرزترە بۆ مناسەبەیەك بکەوێتە سەما. کەچی، زۆر وەستایانە و شارەزا، وەك ئاشقێکی جەرگ بڕاوی دێوانە، دێ و گوڵچینێك لە بیری ورد و خەیاڵی ناسکی خۆی دەکا و یەکێ لە شێعرە بەرزەکانی پێشکەش بە بارەگای کۆتەڵی حاجی دەکا و بە دیاری ئەو فریشتە نازەنینە دەباتە دەرگانەی شاعیری ئاسمانی و پیرە هەڵۆی بەرزەفڕی کوردستان، کە نیشتمانی بێ نازی پێ دەنازێ.

هێمنی مەزن تابلۆیەکی پایز دەنەخشێنێ کە چلۆن سروشت روت بۆتەوە و بەرگی جوانی داماڵدراوە و دەڵێی بووکێکی زیزە و کەوتۆتە بەر هەڕەشەی شەختە و دێوەزمەی سەرما و زستانی پڕ ئازار چاوی لێ بز کردۆتەوە، بۆ مەرگی ساڵ خەریکە شین بگێرێ کە چاوی بە زەوق و شایی و کەیف و سەما و هەڵپەڕینی کیژ و لاوی کۆیی دەکەوێ، ئازاری تەبیعەتی لە بیر دەچێتەوە و سەرچۆپی داوەتی نەجات دەگرێ، بە شانازیەوە ئەو دەسکەوتەی خەبات بە پیرۆزترین شت دەزانێ و بانگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ:

چلۆن ئەورۆ نەبێتە رۆژی جێژن
چلۆن خەڵکی کوڵ وکۆیان نەرێژن ؟
لەلای ئازادی خواز وکوردی دڵسۆز

بەرێزتر بۆنەبێ ئەورۆ لە نەورۆز ؟

لە پاش ئەو رەنج ودەرد کفت وکۆیە
دەبینن کــۆتەڵی "حاجی" لە کۆیە
دەبینن کۆتەڵی شاسواری کۆیی
کە رۆژێکی بە پێیان لێرە رۆیی.

بـەو چەشـنە ئـەو رۆژەی لـە نـەورۆزیش پێ پیرۆزترە، هەر لەبـەر خـاتری حـاجیش خــاکی کۆیــەی تۆتیایــە و کۆیــەی لا شوێنێکی پیرۆزە و بەرانبـەری کـردووە بـە کێوی "توور" و دەڵێ:

چلۆن بۆ "سورمە" نابێ خاکی شارێك
کە حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێك.

زۆری شـایی بـەو کۆتەڵەیـە چـوونکە بـە هێمـا و رەمـزی سـەرکەوتنی گـەلی خـۆی دەزانـێ، پێـی وایـە ئـەوە یەکـەم بـەردی بناخــەی قــەدرزانی و ئەمەگناســیە بــۆ حاجی، گەلی کوردیش بەرانبەر بـە ئـازار و ئـەرکی گـەورەپیاوان و مەزنـەژنانی خـۆی هەقناسە و رێزیان لێ دەگرێ و دەڵێ:

ئەوە کۆتەڵ نیە رەمزی نەجاتە
ئەوە دەسکەوتی چەند ساڵەی خەباتە
ئەوە روگەی هەموو کوردێکی پاکە
ئەوە جێگای نیازە، پیرە، چـــــاکە

بوتی ساحێب دڵانی دڵ بە سۆیە
کە ئەو رۆ پیی دەنازێ شاری کۆیە.

ئـەوجار دێتـە سـەر ناسـاندن و پەسـنی حاجی. بۆ ئەوەی نووسراوەکەم زۆر درێـژ نەبێ ئاماژە بۆ ئەو چەند بەیتەی دەکەم و چیتر. ئەو، حـاجی بـە دامەزرێنـەری بـیری ئازادی خوازی لە نێو کوردسـتان دەزانـێ، حاجی بە رێبـەر و رێ نیـشاندەری خـەبات دادەنێ و پێی لە گشت کـەس شـارەزاتر و لەلای خۆی خۆشەویستترە. من، باش باش دەزانم کە مامۆستا چـەندی رێـزی پێـشەوا لــە بــەر بــوو و چــەندەی لــەلا گــەورە و خۆشەویست بـوو، لێـرە دا حـاجی پتریش جێگەی رێزیەتی و ئەوی پـێ زانـاترە و بـە مامۆستای ئەو و ئـەوانی تریشی دادەنـێ، گوێ بگرە چ دەڵێ:

سڵاو ئەی حاجی ئەی رۆڵەی زەمانە
لە سایەی تۆوە، هەرچیکی هەمانە
نەترسای و نەخەجڵای و نەلەرزی
چ مەشهووری، چ رو سووری، چ بەرزی
هەموو شاگردی تۆن شیرن کەلامان
لـەتۆ فێـر بـوون خـەبات، "قـازی" و"مـەلا "مان

....

بە ئازایی، بە زانایی، بە وردی
چەکت دا دەستی شۆرشگێڕی کوردی
تا دەگاتە ئەو جێگایەی کە دەڵێ:
بەڵام تۆ دڵنیا بە "پیر"ی زانا
بناخێکی وەهات بۆ کوردی دانا
ئیتر سەنگەر بەتاڵ کردن محاڵە





ئیتر کورد و بەزین خەون و خەیاڵە.

لەو درێژ دادڕیـەم مـەرەنجێ، مەبەسـتم ئـەوە بـوو تۆزقاڵێـك لـەو گابەردەی بـیری هــێمن هـــەڵکرێنم و دەســـکەنەیەك لـــە داچێنراوی فەلسەفەی حاجی و هەڵوێستی مامۆســـتام لـــە هەمبـــەر ئـــەو ئەندیـــشە و بیروڕایـەی لـەو سەرچاوەیەی هـەڵێنجاوە، بخەمە رو. گەڕانەوە و ئاوڕ دانەوە بۆ سەر ئەو شێعرانەی سـەرێ ، لـەبۆ لێکدانـەوە و تێگەیشتنی غەزەلە ناسکەکەی "تاوانی بێ هێـزی" گـەلێك پێویـستە و زەروورەتـی هەیە. چوونکە هەتا نەزانین هێمن، چەندی حاجی لەلا گەورە و مەزنـە، ناشـێین لـەوە تێبگەین کـە ئـەنگێورانی کەللـەی کۆتـەڵی حــاجی بـــە فیـــشەکی داگـــیر کـــەرانی کوردســـتان ، چ ئاگرێـــك دادەگیرســـێنی و چـۆن دەروون و نـاخی هـێمنی رێـرەو و شاگردی دەهەژێنێ.

ساڵی ١٩٧٤ ساڵێکی تووشی نالەبارە لە ژیـانی شـاعیر بەتایبـەتی و ژیـان وژیـان و بەسـەرهاتی گـەل بـە گـشتی. لـەو ساڵەدا ئاڵوگۆڕی بنـەڕەتی رو دەدەن: لـە لایـەك شۆرشگێران و تێکۆشەران لێك دادەبڕێن و دوو بــەرەکی و شــەڕەگەرەك دەکەوێتــە ریـزی ئـازادی خـوازانی کـورد و لـە هـەموو شـــت گـــرینگتر بزوتنـــەوە مەزنەکـــەی دەکەوێتە بەر سێبەری مەترسی هـەرەس هێنان" دیسان گەل وەك مـەڕی بـێ شـوان دەکەوێتەوە بەر شاڵاوی گورگانی خوێنرێژ و داگیرکـــەری دە نامـــەرد کوردســـتان پێپەسـت دەکەنـەوە. حیزبـی مامۆسـتاش تووشـی زۆرکێـشەی گـرینگ دەبـێ – تکـا دەکـەم بـۆ ئـەوەی بـارودۆخی ئـەو دەمـت باش بێتە بەر چاو، سەرنجێك بدە مێژووی سەردەم و ئـەو نووسـراوانە بخوێنـەوە کـە لــەو کــاتی دا نووســراون و لــەو زەمــانی دەدوێـن .– " هـێمن، تێـشکانی کۆمـار و راپـەڕینێکی بـەرینی نـەك هـەر بـە چـاوی خۆی دی بەڵکو هەستی پێ کرد، چـوونکە لـەدوای ئـەو کارەسـاتە ئـەویش نـازی لـێ شێوا، ئاوارە و عەوداڵی ئێرە و ئەوێ بوو، حەوجێی نامەردی  دە خوێن تاڵیشی باوێ سەرێ.

دوای ساڵێك لـە دامەزرانـدن و دارشـتنی کۆتەڵی حاجی کە سەرانسوێی شاری کۆیە دەکا، دەبینـێ سـەری حـاجی فیـشەکێکی وێکـەوتووە، قرقوشـم سمیویـە و کـونی کردووە.

تەنووری کوڵی نێڵ دەدرێ، هەستی پـاك و پــیرۆزی بــە ســۆزەوە دەســووژێ و ئــەم کۆرپەیـەی بـەو ژان و ئازارانـەوە لـە دایـك دەبـێ و ئـەو قـەوماوە دڵتەزێنـە دەبێتـە ئیلهامی ئەم پارچە شێعرە. شین دەگێڕێ، بـەڵام، شـیوەنێکی بـەدڵ. لـە لایـەك ئـەو

هەموو بەڵایە روی دە گەلە هەناسەساردەکەی کردووە و لە لایەکی دیکە سەری پیر و ڕێبەر و مامۆستای وەبەر گوللە کەوتووە“ ئەو "کەلە پڕ شۆرە"ی کە وەك خەزێنەی دارماڵ، لە دوڕ و گەوهەری فەلسەفی ئاخنرابوو و بە دڵ فراوانییەوە بەسەر ئاتاج و چاولەدەستانیدا دەبەشیەوە.

ساڵی نۆسەت و حەفتاوچوار، ساڵی گەشەکردن و رەسینی کۆرپەی شێعری هێمنە، ساڵی پڕ لە کوڵی دڵی شاعیرانەیەتی، ساڵی داوەستانی تەمی قورسی هەراسی "هەرەس"ە و ساڵی وەبەر گوللە کەوتنی کەللەی کۆتەڵی شۆرەسواری بێ وێنەی کوردایەتی ورێبەرایەتی و مەردایەتیە. هێمن لەو ساڵەدا وەچەی وەك"ناڵەی جودایی" و"ئێوارەی پایز" و "تاوانی بێ هێزی" و... لێ کەوتونەوە.

هیوام وایە بەم کورتە لێدوانە پەردەم لەسەر تێگەیشتنی ئەم غەزەلە، پڕلە ورە و کوڵە، لا دابێ. شتێکی کە ماوە بیڵێم ئەوەیە کە مامۆستا هەمیشە سۆز و عاتیفە لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی لێك دەدا و زوربەی جارانیش پەنا دەباتە بەر هێما و سەمبولان و مەبەستی خۆی بەو چەشنە دەردەبڕێ. لەم پارچە شێعرە دا مامۆستا ناچار بووە لە بەر بارودۆخی ئەو کاتی و ئەو "گەلەناسك"ەی تێی دابووە زۆر بە پێدزە و ئاماژە و هیما مەبەستی خۆی بگەیەنێ، لە ترسی سانسۆر و سیاسەتی داگیرکەر وفەندەڵ فێڵی چڵپاوخۆری خۆماڵی و خوارەپێچەی دۆستی نەزان بە رەمز بۆ بابەتی کێشەکان بچێ.

دێمە سەر شێعرەکەو ئەوەندی بۆم بلوێ و تێگەیشتنم بۆی برەخسێ شی دەکەمەوە:

مامۆستا دەچێتە شاری کۆیە و سەری حاجی بە کونکراوی دەبینێ و حاڵی گەلەکەی بە شپرێوی و راپەرینە بەهێزەکەی روله تێشکان. هاواری لێ بەرز دەبێتەوە و بە هەناسەساردی و گریانی بە کوڵەوە دەڵێ:

لە کۆ، ئەسرین دەبارێنم لە بۆ
کوردی پەراکەندە
لەگەرمێن غەرقی ئارەق بووم وچاوم
هەرلە سامرەندە

ئەو شەپۆڕە بۆ کوردە ، تێکشکاو، لێك دابڕاو و لێقەوماوەکە دەگێڕێ“ گەرمێنی پێ خۆش نیە چوونکە حەزیای حەوسەری "بەعس"ی تێدا دەژی، لێی دەترسێ، بەڵام هومێدی بەرنەداوە چاوی هەر لە کوێستان و چیاکانی کوردەواریە هەتا





بەچکەشێرانی دەرپەڕن و ورگی داگیرکەر هەڵدڕن. دڵی بە دوو جێیە، خەمی ئەو دیو و ئەم دیوی لەبەرە دڵی دارماڵی قین و کوڵە. دڕندەیی داگیرکەری ناحاڵی و گەجەرگۆجەری خۆماڵی جەرگیان بە کوچکێ وەداوە، خۆی دێتەوە بیر دەگەڵ ئاوالانی کە پیاوی خەبات و تێکۆشانە و کەڵی کۆتانە و مەردی مەیدان. لەو پشێوی و هاڵۆزی و تێك هەڵگلانەدا بڕستی لێ بڕاوە و چوار میخە کراوە.

دەبێ چ وادە و بەڵێنێکی پێ درا بێ ؟، دەبێ چ کەس یان لایەنێکی سیاسی نەیهێشتبێ رەگەڵ شکستەی لەشکری تێك نەشکاو بەڵام دۆڕاوی کوڕەکوڕەی ئازا بەڵام، بێ داڵدە و پەنا بکەوێ ؟، بۆ هاواری بێ دەسەڵاتی و بێ هێزی و کەم ئیرادەیی لێ هەستاوە ؟... بە خۆی هەڵدەڵێ... لە بانگێ دەدا ... :

منی زنجیر پسێن لێرە ئەسیری بسکی
جوانێکم
زەمانە گەرچی ئاڵۆز وپەشێوە،"کەڵ بە
موو بەندە"

لەو پشێوی و هەرکەس هەرکەسیەدا کە وەك لێڕ قانوون و زاکون و ژیان بەدەس ملهوڕی زۆردارە و کەم هێزی بێ زۆر لەژێر پێ دا دەپڵیشێتەوە، هێمنیش، هێمنی ئازا، هێمنی زنجیرپسێن، کەڵی مەیدانێ، کۆلی دە ملی کراوە، چوارمیخەی لێ کێشراوە، موو ناپسێنێ. ناچاری دەکەن مل راکێشێ بۆ زۆر شت، داوای چاوشۆڕکردنەو و خۆبەدەستەوە دانی لێ دەکرێ. دڵی دەدەنەوە بە بەڵێنی بێ نێوەرۆکی بۆش وبەتاڵ. ئەو دڵخۆشکەرە چیە وکێیە؟!. دەبێ بگەرێینەوە بۆ رابردوو، لاپەڕ لاپەڕەی مێژوو هەڵدەینەوە، ورد بنۆڕین هەڵدەکرێنین کێ چۆڵەپێچەی داوە و دەست و قاچی بەستووە، بە تاڵەموویەك ئەو زنجیرپسێنە چۆن شەتەك دراوە. لەم کورتە دا نە ماوە هەیە و نە مەودای ئەوەی پتر بدوێم. بەڵام، خۆت شت وەخوێنە، بیر بکەوە و مەتەڵەکە هەڵێنە. دڵنیام ساخی دەکەیەوە. هێمن، شاعیرێکی راستەقینەیە، بە مانای پڕ بە پێستی وشەکە شاعیرە، و زۆر زووتر لە خەڵکی دەوروبەری شت وەردەگرێ و هەست بە مەترسی دەکا، راست وەك ئەو هەسپە رەسەنەیە کە بەر لە رودانی بوومەلەرزە هەڵدەبەزێ، هەڵدەلەرزێ، ئۆقرەی دەبڕێ و ئارامیی لێ هەڵدەگیرێ. بە بەڵێن و قسەی دڵخۆشکەرۆکە رازی نیە، بە کەچکە ئاوێك ڕە مەلە ناکەوێ. نایەوێ چاو لەدەستی بێگانە بێ و بێگانەپەرست دەستی دەبن باڵی گرێ، بێزی لە پارووی

بەرماوی چڵپێندراو دەبێتەوە، ئەو، تەنانەت ئەوەندە بەرزەفڕە کە هەر رازی نیە ئاوڕیشی لێ بداتەوە. درۆ و بەڵێنە فێڵاویەکانی دۆستانی رواڵەتی لەقاو دەدا و لێیان دەکاتە هەڵڵا، ئاشکرایان دەکا، دەڵێ:

گوتی"ئێوارە بازار"ێ وەرە ماچت دەمێ، نەمویست

هەڵۆی کوێستانی کوردستانم وناژیم بە دەستەندە.

"ئێوارە بازار" زاراوەیەکی فولکلۆریە و بەو بازاڕە دەگوترێ کە زیاتر دسگێڕ و چەرچیەکان ئێوارانە لە جێگایەك کۆ دەبنەوە و پاشماوەی کاڵا و کەل و پەلەکانیان بە هات و هاوارەوە ڕادەنێن و لە جیاتی رشتن و فڕێدان دەیانفرۆشن بە نرخێکی هەرزان. شتەکانی ئێوارە بازارێ زوربەیان رزیو وبەکار نەهاتوو و لەبەریەك هەڵوەشاوەن. ئەوە مانای"حەقیقی" ئەم زاراوەیە، بەڵام مانای "مەجازی"یەکەی، کە زیاتر ئەم مەبەستە لێرەدا، ئەوەیە: کاتی خۆی کە خەڵك لە کاری رۆژانەیان دەبوونەوە و دەگەڕانەوە جێ سانەوەی خۆ، کوڕان، ئەگەر جلکی نوێیان هەبا دەیانگۆڕی، دەستێکیان بەسەرومێزەری خۆدا دێنا، سۆرانیان دەبەست وسەرەێی کانی، گوێسوانەی بانی، یان بن دیوار وسیلەی مزگەوتیان دەگرت و خەریکی هەرزەکاری و گاڵتەو جەفەنگ دەبوون و شەکەتیان لە روخسار و روحی خۆ دەسڕیەوە. کچانیش، بە لفکەو سابوون دەکەوتنە خۆ و بە ئاوی کانی سەروویان تیف تیفە دەدا و سینگ و بەرۆکی خۆیان دەرازاندەوە، مێخەك و سملێیان بە خۆوە هەڵداوەسی، هیزار و هەیاسەیان لە خۆ دەدا و کلچۆکێکیان دە چاوی دەکێشا و بە رەوتی ئاسکانەیان بەرەو کانی و دەراوان دەکەوتنە رێ. لە رێی کانی و دەراوان، لەبەر ماڵان، لە حەوش و حەساری، لە سەر کورسیلەی مانگا و گامێش دۆشینێ ڕا، ئێوارە و ئێوارە دەگەڵ "هەتیوەلاو"ی کۆڵان و گوێسوانان چاوەبڕکە و رازو نیاز درکاندن و بە چاو وبرۆیان دواندن و خۆ دە پەنا و سیلەگرتن دەستی پێ دەکرد. وا هەبوو دەستەملان و رفاندنی ماچێکیش دەهاتە ئاراوە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە زوربەی ئەو هەرزەکاریانەی ئێوارانە ڕەمەکی و لە گۆترە و هەروا بە هەڵکەوت بوون و کەمتر وابوو سۆزی راستەقینەی دڵداری و ئەوینیان تێدا بێ. ئەوەتا لە گۆرانی دا دەڵێ:

ئێوارە بازاڕ مانگای دەلاوان





پێم گوت بۆماچێك فەرمووی بەچاوان.

یان" ئێوارە بازار مانگای دەدۆشی

پێم گوت بۆ ماچێك روی خۆی داپۆشی

بەڵێ، ئەو ماچانە بەو چەشنەی وەگیر دەکەوتن، نە سۆز و خۆشەویستیەك، نە هیچ پێوەندێکی دەروونی قوڵ، خۆ مامۆستاش هیچ کەیفی بەو جورە ماچانە نەهاتووە، ئەو کاتی، ئەو جۆرە ماچە سەردەستەکیانە ئۆخژنی نەخستۆتە دەروونێ، ئەوە نیە بۆخۆی دەڵێ:

وەرە ماچم دەیە، ماچی خودایی

کە بێزارم لە ماچی سینەمایی

مامۆستا بۆ دەربڕینی هەست و بیر و ئەندیشەی خۆی زۆرجاری کەڵك لە فولکلۆر وەرگرتووە، لێرەش هەروای کردووە. بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی دەستەوداوێنی ئەدەبە دەوڵەمەندەکەی نەتەوەیی بووە، بۆ لەقاو دانی ئەو کەش و هەوا و بەڵێن و پەیمانە درۆیینەکان "ئێوارە بازار" و "ماچی ئێوارەبازاری" دەکار کردووە. زۆر وەستایانە مەبەستی پێکاوە و گوتویەتی " پێم دەڵێ وەرە لەو پشێوی و هات و هاوار و هەرکەس هەرکەسیە دا با بتدەمێ... خەنیت بکەم... ، دوودڵم دڵم بەو بەڵێنە ئاو ناخواتەوە، من نامەوێ... چوونکە ئەوەی دەیلێ و دەیدا نەك لە روی خۆشەویستی و بە مافی منی بزانێ، وەکو ئەو ماچەی کە پاداشی سۆز و سووچیان و سازانی دڵدارە و دڵبەر بە ماف و هەقی ئەویندارەکەی بزانێ، بەڵکو، وەك ماچەکەی ئێوارە بازارە و بە هەڵکەوت یان بۆ دەسخەرۆ کردنە یان بۆ دامرکاندنەوەی هەوەسە و بەس. کەچی منی هەڵۆ، ئەویش هەڵۆی کوێستانی کوردستان بە چاو لەدەستی ناژیم، بەزەیی پێدا هاتنەوە بۆ پەڕکوری کوردەواری کەمایەسیە، گەرەکە بە راوی خۆم و بە هێزی پەنجەی خۆ بژیو پەیدا بکەم، ئەوی مافی خۆمە هی خۆمە و بە خێر لە کەسی وەرناگرم. دەیەوێ پێمان بڵێ بە وادەو بەڵێنی نێو بەتاڵ دڵ خۆش مەکەن، هەق هەقە و مافی خۆتە کەس بۆی نیە بیدا، ماف دەسێندرێ و نادرێ، ئەوی دەدرێ روکەشی هەقە و ئەو خواستە نیە کە گەل دەیەوێ، گەل دەبێ بە بیر و هێز و باهوی خۆی رزگار بێ، نەك بە خێر وملـ کەچ کردن و لە رێی خوا دا شتێك پێ بەخشین.

هێمن، ناخەڵەتێندرێ، ئەو، لە بوتەی خەبات دا قاڵ بۆتەوە، زۆری تاڵی و سوێری چێشتووە، تێشکاوە، هەستاوەتەوە. راستە هەتا ئێستا ئەو دیوی ترۆپکی سەرکەوتنی نەدیوەتەوە، بەڵام هەرگیز نەبەزیوە و سەریشی

نەچەماندووە.

هێمن، ماچی ئێوارەبازاڕی ناوێ، ئەو، ئەویندارێکی راستە کە دەستی هەوەسی ناگاتێ، نایەوێ کەس لە روی بەرژەوەندی خۆیەوە ماچی هەوەسبازانەی پڕ لە ژاواوی بداتێ. بەڵکو بە راشکاوی و بێ ترس دەڵێ هەڵۆ بە دەستەندە ناژێ" من، هەڵۆم — بە هەڵۆیی ژیانی لا پیرۆزترە ئەگەر بە ئاواتیش نەگا، لە ماچی مەسڵەحەتی و هەوەسبازانەی هێندێ بەرژەوەندی خواز — بۆ ئەوەی رون بێتەوە ماچی کێی ناوێ، تکایە لە روداوەکانی ١٣٥٢ی هەتاوی ڕا هەتا ١٣٥٧ بکۆڵەوە و کارەساتەکان بە وردی لێك دەوە و بەراوەردی بکە و سەرنج بدە بەرهەمی ئەدەبی و سیاسی ئەوان ساڵان، جا تێدەگەی روی دە کێ دایە و چ کەسانێکن ئەوانەی ئەوەندە بەرلۆمن.

هێمنی مەزن، کە ئەو ماچە بازاڕیە لە قاو دەدا دێتەوە سەرەخۆ، ئارام دەبێتەوە، نەختێ سووك دەبێ، سوکنایی دەکەوێتەوە دەروونێ. بە هێوری دڵ شکاوی خۆی باس دەکا" دەڵێ سەت هێندی دیشم دڵ بشکێنی دەنگێ ناکەم، تەحەمولی ئەو هەموو بە سووك لێ روانینە دەکەم، قەیدی نیە با وابێ !!، کێ لە کێ دەپرسێ، کەس هەیە دادی کەس بپرسێ ؟!، مرۆڤی سەردەم بە ویژدانە سڕەکەیەوە دە خەوێکی قورس رۆچووە. ئەو، وڵات و دەوروبەرەکەی بە جەنگەڵ و دارستان دێتە بەر چاو. ئەوەنیە لە هەر چوار لاوە دەمیان دە بینەقاقای ناوە. دەزانێ لە وڵاتی ژێرچەپۆکەو دواکەوتەی کوردستاندا کەس قەباڵەی کەس ناخوێنێتەوە، هەرکەس هەرکەسێکە مەگەر خوا بیزانێ!!. هەر چیکی دوو کەسی بەدەوری خۆوە دیت دنیای لە بیر دەچێتەوە، هەر کەس بە پیاو نازانێ و حەساو بۆ کەس ناکا و وەها سەرکێش و غلوور دەبێ وەختە خۆی بە خودا دانێ. دژمنە داگیرکەرەکەش بێ بەزەیە و چاونەزێر، وەك دڕندە دەکەوێتە ویزەی گیانی خەڵکی ژێر چەپۆکی بێ تاوانی تاڵانکراوی، بەرەی مرۆش بە ویژدانی سڕ و شڕەوە چ ئاگای لە هاوجنسی کوردی نیە و هەر نازانێ ئەگەر هەشە. چ حەساوی بۆ ناکەن و ناپرسن ئاخۆ دڵی پڕە، سەربڕاوە یان زیندووە. جا بۆیە هێمن، هێمنی بە زیپکی خەلەساو رودەکاتە ماچ بەخشە بازاریەکە و بە زمانێکی رەخنەگرانەی پڕ لە توانج، تێزێك دە کەواسوورەکەی بەرلەشکری داکیرکەرولە رێگای ئەویشەوە دە بەرەی مرۆڤ دەگرێ و دەڵێ:

دڵم سەت هێندی دیکانە بەناز بشکێنی
دەنگ ناکەم





چ سودێکی هەیە، کێ یە بپرسێ داد و
گازندە .

باسەکە دەگۆڕێ، پان و پۆڕتری دەکا، لێرەدا بە ناخی فەلسەفەیەکی قوڵی چینایەتی و کۆمەڵایەتی دا شۆڕ دەبێتەوە. دێتە سەر باسی جیاوازی چینایەتی و بەچاوێکی رەخنەگرانە دەروانێتە ئەو قانوونە چروکەی تەبیعەت کە زاکونی زۆردار و بێ زۆرە و دنیا و ژیانی داوە بە رەسەنزادەی خاوەن زۆر و زێر یان تەوەزەل و دەست و پێ سپی بێکارەی خاوەن میراتی تاڵانکراو و ئینسانی ئیشکەری زەحمەتکێشی دەم لە پوش دەرێناوە. بێزی لەو قانوونە هەڵدەستێ کە خێرو خۆشی بەسەر خوێریان و دەرد و رەنجیشی بەسەر خوڵقێنەرانی کار و ژین دا دابەشیوە. چاك تێدەگا یەکێ لە هۆیەکانی لەزنجیر دابوونی نیشتمانەکەی تاڵانکراوی و بە هەژاری مانەوەیەتی. ئەو، نایەکسانی بە ناراست زانیوە و بە تەوسەوە توانجی گرتۆتە ئەو قانوونە و دەڵێ:

جیهان و هەرچی خێرو خۆشیە بۆ
هەڵبژاردانە
بەقانوونی تەبیعەت پاشەرۆك خۆرە
ئەوی گەندە

بەوەشەوە ناوەستێ، دێنی تێشکانەکان وەك پەردەی سینەما لە بەرخۆ رادەگرێ، تەماشا دەکا ئازایەتی و مێرخاسی، خۆڕاگری و گەڕناسی هەر لە گەلەکەی دەوەشێتەوە، بەڵام ئەدی لەبۆ هەر تێشکان بەشیەتی ؟... ئا بەو حاڵەش قەت نابەزێ و هەڵدەستێتەوە ؟؟!!!. دەچێتە نێو دەریای بیری وردی فەلسەفە و سیاسەت، دەزانێ و بەو ئاکامەی دەگا کە لاوازی رێبەرایەتی و کەم بڕستی سەرکردەکانی جوڵانەوە و سیاسی نەبوونی گەورەکان و کەم بڕشتی ئەوانە نیە کە هۆی ئەو گشتە ناشادیە بێ، بەڵکو بە تاڵان بردنی کیسە و بوونی گەلەکەیەتی کە رەورەوەی بەرەو پێش چوون و بە ئامانج گەیشتنی نەتەوەکەی دەوەستێنێ، ئەو داگیرکەر بە هۆی سەرەکی دەزانێ و تێدەگا هەتا خاکەکەی سەربەخۆ نەبێ نە لە دیلی و نە لە هەژاری رزگاری نابێ. لەبەر هێندێیە هاواری لێ بەرز دەبێتەوە و بە دڵشکاوی و بە چاوی پڕ لە رەخنەوە دەروانێتە کاروانی ژیار و ژیان و ئازادی خۆی و خەڵکی تر و بە حەزینی دەناڵێ:

ئەگەر تاوانی بێ هێزی نیە بۆچی لە
دنیا دا
بەشی من ماتەم وشینە وبەشی خەڵکی

زەماوەندە.

شـاعیری ئاسمـانی ئێمـە بـەو چەشـنە تەتەڵـە و تـاوتوێی وەزع و بارودۆخەکـەی خـۆی دەکـا و بـەو پـەڕی دڵسۆزیەوە رەخنەی بەجێ دەگرێ. پاش ئەو حاڵ لـێ هاتنە و برین کولانەوە دێتەوە سـەرەخۆ و دەگەڕێتـەوە شـاری کـۆ. بـەو حاڵـە زارو پەرێشانەوە دێتەوە سەر باسی سـەری بە فیشەك پێکراوی کۆتەڵی حاجی. پشوویەك دەدا، ورەی دێتەوە بـەر، لەراستی دا بـەو ئاکامە دەگا کە ئـەو گەلـەی حـاجی ورەی وەبـەر نـابێ و دەرسـی دادابێ هـەروا بـە هاسـانی نـاخورێ و بـە رێنماییـەکانی وی ئەوەنـدەش بـێ هێـز نـابێ کـە بـێ چـرپە پێخوستی بکەن.

ئەو، باش دەزانێ کە حاجی بە زینـدووی سـەری چـەندە فیـداکار، بـە جـەرگ و شۆرشگێری راستەقینە بووە، دەیـەوێ بـە خـۆی و بـە میلەتەکـەی بسەلمێنێ کـە مرۆڤـی کارامـەی ئـازا بـە زینـدوویی و بـە مـردوویش هـەر رەمـزی ئـەو مەسـەلە و بابەتانـەن کـە هـۆی نـەمری و هـەرمانن. حاجی بە خەباتکاری رەسەن و بە رێبـەری خـاوەن رێبـازی بـەرەوپێش وەچـوونی دەزانـێ، دەبینێ دژمنـە قـین لەزگەکـەش بارتەقای وی حەساو بۆ دەکا. بـەڵام، ئـەو بە کینە و رقەوە، چاوی دیتنی پارچە بەرد و مستە چیمەنتۆ یەکیشی نیە کـە بێتـە سەر بیچم و شکڵی حاجی. کەللەی کۆتـەڵ پێکراوە، ئەو پێکرانە دەبێتە بیانوو هـەتا جارێکی دیش هێمن ئەمەگ و وەفای خـۆی بـۆ حـاجی رێبـەر و مامۆسـتای دووپاتـە بکاتەوە و لە رێگای ویشەوە بڵـێ مـەزنی ئـازا و چاونەترس و مـەرد بـە مـردوویش نیشانە و رەمـزی بـەرخۆدان و فیداکاریـە، بۆیە بێ باکانە دەڵێ:

بـە مـردوویش نیـشانەی گوللەیـە ئـەو کەللە پڕ شـۆرە

ئەوێـستاش دەرسـی سـەربازی دەڵـێ ئەوشاعیرە رەندە

هەر لەبۆیە کرنۆشی بۆ دەبا و بـە شـانازی دەزانێ:

سـەری تـەعزیم لەبـەر تـۆ دانەوانـدن فەخرە بۆ "هێمن"

بژی "حـاجی"کـە کێوی هیمـەتت سـەد هێندی ئەلوەندە.

حاجی پێ سەمبول و نموونـەی پیـاوەتی و جوامێریە، بۆیە بەشانازی دەزانێ سەری خۆی بۆ بچەمێنێ. سەرجەمی ئەم شـێعرە ناسکەی هێمن، هـێمنی شاعیر، رونـاکبیر، سیاسی وشاگردی بـە وەفـای قوتابخانـەی





حاجی، باس لە راپـەڕین و بزوتنـەوەکانی ناکامی گەلی ستەم دیتەی هەمیشە هـەژار و لێقەوماوی کورد دەکا. بەڵام بە زمانێکی شاعیرانەی پـاراوی پـڕ لـە رەمـز و هێمـا و "ئیـستیعارە" و "کینایـە". چـوونکە بـارودۆخی ژیـانی خـۆی و گەلەکـەی، لـەو کـاتی دا، لـەوەی زەقـتری هەڵنـەگرتووە، دەنـا بـێ پـەردەتر لـە "ئێوارەی پـاییز" کێـشە وبابەتـەکانی دێنـا گـۆڕێ و رەنگـە شەپۆڕێکی فرە لەمە گـەرمتری گێڕا بایـە. تـۆی زیـرەك و وریـاش دەزانـی کەئـەم چوارچـێوەیە بـۆ دەربـڕینی شـتی لـەم چەشـنە چـەندە لەدەسـتانخۆش ولـەبارە، ئەویش بۆ کەسێکی کە وشە لەدەستانی دا وەك مێـو وایـە. هەرچـەندێکی مامۆسـتا بۆخـۆی فەرموویـەتی کـە چوارچـێوە بـۆ شـێعر هەڵنابـژێرێ و لێـی دەگـەڕێ هـەتا شێعرەکە بۆخۆی لە قالبێك دا بمـەیێ. بـە بروای من مامۆستا لەم پارچە شێعرەش دا وەسـتایی و وریـایی و لێزانـی خـۆی گەیاندۆتـە پۆپـە و بـە زمـانی شـێعر و بـە لێکدانــەوەی کۆمەڵناســانە بــە نــاخی کێـشەکان دا رۆچـووە و لـە مەسـەکانی زەمانی خۆی خورد بۆتەوە، لێکی داونەوە و ئاکـامی ئەزموونەکانیـشی داونەتـە دەست.

هیـوادارم بـەم شـێوەیە تـوانیبم هێنـدێك قوژبنی شاراوە و لایـەنی ونـی ئـەم پارچـە شێعرەم خستبێتە بەر تیشکی تێگەیشتن و رونم کردبێتە کـە مامۆسـتا مەبەسـتی لـە ماچـی ئێـوارە بـازاڕ چیە و ئـەو ماچـەی نایـەوێ چتۆ ماچێکە و تۆشم هـان دابـێ هەتا وردتر و وردتر لەشێعر، بەتایبـەت لـە شـێعری مامۆسـتا هـێمنی ناسـك خـەیاڵ بنۆڕی، دنەشم دابی هەتا بە نۆرەی خۆت خاڵی سەرنج راکێش بدۆزیەوە و بـە ئـاوەز و شـعوری شـاعیرانەوە تەماشـای شـێعر بکەی.

هــەر خــۆش بــی و ســەرکەوتن یــاری هەمیشەت بێ.

خانێ — ١٥ی سەرماوەزی ١٣٧١ (١٩٩٢)



عەبدوڵڵا سەڕاج

# ئەدەبی کوردی و بەجیهانیبوون

چی پێویستە بۆئەوەی ئەدەبی کوردی ڕوو لە جیهانیبوون بکات؟

پرسیارێکی گەلەك ڕەوا و دروستە، هەم گەرەکە بەر لەوەی پرسیارەکە لە چاووگ و پەنا و پێچەکانی کولتووری نەتەوەییمان و بەس، یان ڕێبازی دیکەیش هەن؟ ئایا ئەو هۆکارانە کامانەن کە لەو ڕووگەیەدا بەربەست و ڕێگرن؟.

هەستمەندێکی کورد لە دەرکەی ئەم بابەتە دەدات کە تامەزرۆین ئاستی ئەدەبیمان لەتەك ئەدەبە پەرەسەندووەکانی دونیا بەراورد دەکات، تووشی گێژەنگە و حەسرەتناکی خەم و پەژارە دەبێت لەو مەودای دابڕان و خۆلێنەبانکردن و گۆشەگیرییە، کە بڕێکیان هۆکاری دەرەکی و بڕێکیان لەپێوەندیی ناوەکیی خۆیمانەوە سەریان هەڵداوە. لە دیوەکەی دیکەوە لەو





کەمتەرخەمی و چەقەبەستنەی ئەدەبەکەمان، کۆنەویستان دەستیان هەس لەپاڵ بارودۆخی گرژ و ناهەمواری دەیانساڵەی دواییمان و...تاد. وەلێ، ئەوجا با لەخۆمان بپرسین: ئەدەبێك، بۆ جیهانیبوون، بەبۆچوونی گشتگیری چی دەگەیەنێت کە هەنگاوی جەختییانەی بۆ ببەین و ئەوساش لەوێوە، بزانین چەندین هەنگاوی دیکەمان ماوە؟ ئایا بە وەرگێڕانی ئەو هەموو خەرمانە بڵاوکراوە زمانە جیاوازەکان دەبێت، بەبێ ڕەچاوکردنی سوودمەندی و زەرەریان، بەرزی و نزمییان، هونەری و پووچیان یان ئەدەبییە، کە سنووری زمانی خۆی بەزاندووە؟

چەمکی (خۆیەتی، ڕێگەچارەی جیهانیبوونە) ڕیشاڵە ڕاستینەیەکی هەڵگرتووە، بەڵام ڕۆژگار و ڕەوتی پێشقەچوون، ئەو دیدە سەرەتایی و سانایە بە (بەس) نازانێت، بەڵکو هۆکارگەلی دیکەیش بۆ پاڵپێوەنانی هەر ئەدەبێك هاتوونەتە ئاراوە بەرەو ئەو ئاسۆیەی چاوی تێبڕاوە، لەوانە :

١– وەرگێڕان و پەرچڤەکردن بۆ زمانەکەمان، جاری ئەوتۆش هەیە لە ڕێگەی زمانی سێیەم و پترەوە هەرچەندەیش زۆر زۆر کەمە چ جای کە تاکییە، ئەمەش هەوێنی شەرمەزاریمانە. لەم پرۆسە دوو جەمسەرییەدا، مەبەست لە وەرگێڕانە لە زمانی کوردییەوە بە پێچەوانەوەش، خۆمان هەرگیز ماندوو نەکردووە بۆ بژارکردنی کاکڵەی ئەو بابەتانەی کە هەرە بەرز و پێویستن بۆ موتوربەکردنی ئەدەبەکەمان، کەچی بەبێ پرۆژە و بەرنامەی تۆکمە، شەل و سەقەت بەڕێوە دەچێت .

با، ئەمە لەولاوە بوەستێت. خۆ گرێی خۆ بەکەمزانین و نابوێریمان بارتەقا و مانەندی هەموو کێشەکانی دیکەیە با، چیدی خۆمان دارکاری و فەلاقە نەکەین، چونکی، ئەوەی لەبالا ڕووانی تەڵخەوە بڕوانێتە دیمانەی خۆی، ئەڵبەتە نەك ڕووخساری گەش، بەڵکو ماسکی قێزەون دەنێت .

٢– سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنیکەکانی چاپەمەنی، با ئینتەرنێت لەولاترەوە ڕابگرم پەرتووکی ناپوخت و پڕ لە هەڵەی ناشیرینی بەدەر لە هونەی و جوانکاری بەرهەمهێندراوە.

٣– کەناڵە ڕۆشنبیرییەکانمان، لە وەزارەت و زانکۆکانەوە بگرە تا دەگاتە دەزگا مەدەنیی و قونسولگە و باڵیۆزخانەکان، ڕۆڵی کاریگەر و ئەکتیڤیان بۆ هەناردەکردنی پەرتووکی کوردی بە زمانە زیندووە بیانییەکان نەنواندووە، کە بە

مـــشوور و تـــەرخانکردنی بودجـــەی تێروتەسـەل ئـەنجام دەدرێـت، کـە ئـەرکی کردارەکیی ئەو لایەن و دەزگایانەیە.

٤- بـارودۆخی سیاسـی تـەنگ تێهەڵـچنین وایکردووە، ئەو چاپکردن و وەرگێڕانانـەش زۆر بـە تـەنگی سـتراتیژی نەتەوەییمانـەوە نەچـن سـەرباری نـەبوونی دەوڵـەتێکی کاریگـەر لـەنێو دەوڵەتـە یەکگرتووەکانـدا سەنگی خۆی بسەپێنێت.

٥- لـە گۆشـەنیگای بەنـدەوە، ناوبـانگی نووسەر، بازاڕ گەرمکردن و کـەمبڕن و هـەر زوو فرۆشـی یـان مـۆدە و کـەفوکوڵی بـاو، تەمەنی کورتخایەنیان هەیە، کەمبڕن و هەر زوو سەرپۆشیان دەدرێت. ئەوانە، هەرگیز پێوانـە نەبوونـە و نـابن بـۆ ناسـینی ئـەو ئەدەبـەی دەمانـەوێت بیگەیەنینـە ئاسـتی جیهـانی، چـونکە دروشمـی (Best Saler)ی بازرگـانی پـەرتووك، وەهـم و درۆیـەکی شـاخدارە. هەروەسـا خـەڵاتی بەنیاز و ڕیکلامکردنیش دەچنە ئـەو خانـە گەندەڵەی سەرەوە، بە نموونە :

هەندێك خەڵاتی نۆبڵ و چی و چی.

ئا لێرەدا، بایەخدار و ڕەسەن، ئەفرانـدن و ئیـستێتیکایە ئەگەرچـی بـۆ ماوەیـەك بەرهەمی زڕ و ئاستنزم، فـووداربن یـان بـە نانە قەرزدان، جێگەی شایستەی بەرهـەمی نوێبەخش و ڕەسەنیان گرتبێت.

٦- خۆشگوزاری و هـەموارکردنی باڵانسی ژیـانی ئافریـدەکار، ئەگـەریش شـیا، ڕزگارکردنی لەخەم و ئەرکی بژێوی خۆی و خێزانـی و تەفـەروغ پێکردنـی، چـونکە هەڵپـەکردن بـۆ هونـەر و هەڵپـەکردن بـۆ گەدە، دوو کرداری بەرەواژە و دژەیەکترن. بەداخـەوە، سـەرتۆپی ئەدەبەکـەمان ئارەزوومەندانە نووسراون خۆ ئەو ئـازارەی تووشـی دەبـین لـە چـاپکردن و بڵاوکردنەوەی شیلەی هزرمـان، چـەندەها ژانی خودی داهێنان و ئەفراندنەکەمانە.

٧- زۆرینـەی هـەرەزۆری کەلـەپووری نەتـەوەییمان لـە ئەدەبـدا، شـیعرە و لـە سـەدا حـەفتای ئـەویش لـە شـیعرییەت دوورە. تەنیا بایەخی بـە کێش و سـەروا و موحەسەناتی بەدیع و بەلاغە و چی و چـی داوە لـەکاتی وەرگێڕانـی دیوانـە شـیعرییەکاندا - بەتایبـەتی شـیعری کلاسیکی- ئەوا کـاکڵێکی ئـەوتۆی بابـەتی نادەرێنێـت. گـشت وشـەوانی و جینـاس و تیباقەکان دەتوێنەوە و جوانییان لەدەست دەدەن، دوور لە مۆسیقای نـاوەکی مەگـەر لەم چـەند دەیـان ساڵەی دواییدا سـەری تاتکیی کردبێت و هێشتا ئەزموونـەکانیان قاڵ نەبوونەتەوە .

٨- هانـدان و ڕێـز لـە داهێنـەرە ڕاستەقینەکان، نەك بە پێوەری شارچێتی،





حزبایەتی، ئـاڵوگۆڕی بەرژەوەنـد و چـی و چییەکان.

٩- لابردنـی سانـسۆر بەهـەموو شـێوە و جۆرەکانیەوە لەسەر دەق. بـا نووسـەر لـە دەربـڕینی دیـد و بۆچـوونی خـۆی سـەرفرازبێت، بەمـەیش گفتوگۆیـەکی دینـامیکی ڕۆشـنهزری دێتـە ئـارا و هـەم هانـدەرە بـۆ گەشـەکردنی ئەدەبەکـەمان بەهـەردوو شـێوەی: کاغـەزین و تەکنەلۆژیای ماڵپەڕی.

**کەواتە پێناسە، یان کوالێتی ئـەو ئەدەبە جیهانییە چییە؟**

ئاخۆ کەتەلۆکی تایبەت بەو ئەدەبە هەیـە؟ ئـەم پرسـیارە، کێـشەکە ئـاڵۆزتر دەکـات، ناچـارم بگەڕێمـەوە بـۆ بنـەڕەتی دەق (text)کە دەربڕ و ئافرێندراوی (ئاگـایی) و (گیان)ی مرۆییەکەیە لـە چـرکە سـاتێکی هەستییانەی ناسکدا کە:

١- گوزارشـتی لـە کـۆ ویـژدانی سـەرپاکی مرۆڤایەتی کردبێت.

٢- تخـووبی جێگـە و کـاتی تێپەڕانـدبێت بەرەو بەرینایەتیی موتلەق.

ئا ئەمەیە: کایە جوانەکە لەبۆ چـێوەگرتنی پـەیڤ و ڕەنـگ و هـەر شـتێکی جـوان و ئەفـسووناوی، واتـا: سـەرهەڵدانێك لـە خـاڵێکی پـیرۆزی تیـشکپژێنەوە، ڕووە و بڵاچـەدان و پەخـشبوونەوە بـەرەو هێـڵ و بازنـە و گۆشـە سـێینە و چـوارینەکان. لەکانگـەی پەڵەیـەکی ڕەنگـەوە بـەرەو پەلکەزێڕینە و ڕەنگینکەوانان. لەزەنگێکی زوڵاڵـەوە بـەرەو هارمۆنییـە سـەمفۆنیای کـەونئامێز، لـە قـووڵایی ڕۆحـی مرۆڤـەوە بەرەو پێکهاتەکانی سروشت .

**دەشێت، ئاوهالانە خڕی بکەمەوەو بێژم:**

١- وێژەی جیهانی، سـەرەڕای ئـەوەی کـە زاراوەکە دەڵـب و نازانـستییە، هەڵخستنی پرسـیارە گەورەکانـە لـە نـاخی مرۆڤانـدا، لـەبارەی چارەنووسـی و پێوەنـدی قـووڵی "Deep Ecology"مرۆڤایـەتی بەخولگە و سروشتەوە، بە پێچەوانەوەش: گرفتـەکانی پیـسبوونی ئـاو و بـا و زەوی، کونبوونی نهۆمەبەرگی ئۆزۆن، لەناوچوونی دەیـان جـۆری- ئەگـەر سـەدان نـەبێت- زینـدەوەر و کائینـەکانی ژێـرزەمینی، بەرزبوونەوەی پلـەی گـەرما، ئەمـەش کـار دەکاتـە ناهـەمواربوونی ڕەگـەزەکانی سروشت و خولگە لەلایەك و لەنێوان ئەوانە و مرۆڤدا لەلایەکی دیکەوە.

٢- ئـەدەبێك دەرهاوێـشتەی بەرەنگاربوونەوەی خەم و ئێش بێت و هەم لـە ئـامێزگرتنی فـەرەحناکی و ڕاستەقینەیی.

ئاوهـا ئـەدەبێك ویـستراوە و دەشمێنێـت، تەشـەنە بـۆ نـاو خوێنبـەر و دەمـار و

ماســـولکەکان دەکـــات، دەبزوێنێـــت، دەچـــێژێنێت و دەهەڵوێـــستێنێت. بـــۆ گەیـشتنی ئـەو ئەرکـە پـیرۆزە، گەرەکـە ڕۆشـنبیر خـۆی ڕۆشـنبیرتر بکـات، ئەگـەر بـۆی لـوا، بەچـەند زمانێـك و کولتوورێـك، لەبەرئـەوەی نووسـین پێوەندارییـە نـەك گەمەی هەرزەگۆیی و ڕەفاهییەت، داهێنان و هێنانە کایەی جوانی، تاکە ڕێگەیـەکی هەیـــە، ئـــەویش: خۆمانـــدووکردن و شەونخوونی.

دەگەڕێمـەوە بـۆ سـەر خـاڵی سـەرەکی پێـشین لەمـەڕ بـەجیهانیکردنی ئـەدەب، دەپرسمـــەوە: ئـــاخۆ توانیومانـــە ئەدەبەکەمان بـە (کوردستانی) بکـەین، چ جای بیر لە جیهانیبوونی بکەینەوە؟ ئەدی گرفتی فرە شێوەزاری باکوور و باشووری کوردسـتان و لـق و پۆلـەکانی دیکـە، کـە وایانکردووە لەتکراوەکان بەدەر لەچێوەی زێڕینی نەتەوەیی، بەسەر خۆیاندا کلۆم و داخراوبێـت؟ ئـەی کێـشەی ڕێنـووس و گرێکوێرەی پیتی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی؟.

ئەگـەر بێتـو ڕوو بـۆ لای ئـەدەبی عـەرەبی وەرگێڕین کە ئێمە لە باشووری کوردسـتان پـتر ئاشـنایەتیمان لەگەڵـدا هەیـە، بـە حوکمی جوگرافیا چوون بەشـەکانی دیکـە، ڕاکانمـــان و پێوەنـــدی و ئاشـــنایەتییان دەگەڵ ئـەدەبی تـورکی و فارسیدا هەیـە، دەبینین چەند هـەنگاوێکی لـەرزۆکیان لـەو پێناوەدا بردووەتە بەرەوە. تاکە تۆبێلێکی هەتیویان قۆستووەتەوە، لەوانە: نـەجیب مەحفوز، تەیب ساڵح، ئیبراهیم ئـەلکونی، ئـــەدۆنیس، مـــەحموود دەروێـــش، عەبدولڕەحمان مونیف، حەننا مینا، تـاهی ربـن جـەلوون، بـەیانی، سـەرگۆن پـۆلس، فازل عەززاوی، محەمەد خزیرە.

لێرەدا دەگونجێت بەڕاشکاوانە بیدەرێنم کـە، مـەرج نییـە وەرگێڕانـی دراوێـك بـۆ زمانانی بیانی وەك: ئینگلیزی، فەرەنسی، ئـەڵمانی، ئیـسپانی و سـوێدی، ئـیتر دیواربـەزێن و ڕێگـەی قیرتـاوکراوی ڕووە و ئارامگەی جیهانی لەنوودایـە، خـۆ سـاڵانە هـەزاران پـەرتووك بـۆ زمانـانی دیکـە پەرچـڤە دەکـرێن، کەچـی لـە خـودی جیهانیبوونەکە – وەکو زمان– درێژ بکـەم کـە تـەنیا و تـەنیا بـە ئاراسـتەی زمانـانی ئەورووپیی بێـت. ئـاخر زمانـانی کیشوەری ئاســـیاش هـــەن وەکـــو: ژاپـــۆنی، ئەندۆنووسـی، چـینی، هنیـدی و ڕووسـی، هـەروەها زمانـەکانی کیـشوەری ڕەشـی ئەفریقیا.

**<u>جیهـانیبوون و ئـەدەب – وەکـو چـەند هۆکـارێکی سـەرهەڵدانیم تۆمـارکرد– دووبارەی دەکەمەوە کە:</u>**

١– دەقێکی خۆجێییە لەپارەی زمانگەل و شوێنگەلێك، ئافریدەکارەکـەی لەگەڵیانـدا گوزەراندوویەتی.

٢– بە زمانانی نائاسایی و پووکاو، شەقڵی بە ناوەرۆك و جەوهەرەوە نابێت.

٣– چاو لەڕێی خەڵات نـەبێت و خەڵاتەکە بە پێشوازییەوە بچێت.

کەواتـــە، هۆکارەکـــانی بـــەجیهانیکردنی ئـــەدەبیمان، بابـــەتی و خـــودین. بۆیـــە ڕەخساوترە بۆ ئەدەبەکەمان کە خـەمی گەیشتنی بەر لە چێوەی زمانـانی دراوسێ و ئەوجا بە جیهانیبوونی. لەگـەڵ ئەمـەش زۆر بەرهەمی کوردی هەیە شـیاوی ئەوەیـە خـەڵاتی جیهـانی وەربگرێـت لەوانـە: محەمـەد مـەولوود مـەم، حوسـێن عـارف، لـەتیف هەڵمـەت، ئـەنوەر قـادر محەمـەد، سەباح ڕەنجدەر، ئەحمەدی مـەلا، شـێرزاد حەسەن، محەمەد موکری، کەژاڵ ئەحمەد، کـاروان عومـەر کاکـە سـوور، جـەلال بـەرزنجی، عـەتا محەمـــەد، جـــەلیل کاکەویس...کەسانی دیکەیش

٢٠١١/ فنلاند



د. لەتیف سەعید

# شێخ رەئوفی خانەقا : شایەتحاڵێکی هەمیشە زیندووی مێژووی کەرکوک

شاری کـەرکوك هەمیـشە بێـشەی پیـاوی کەڵـەمێردو لـەخۆ بووردە و خۆنەویـست و دلێر لەمەیدانی نیشتمان پـەروەردا بـووە و سەنتەرێکی مەشخەڵ ئاسای پیاو مـاقوڵان ورۆشنبیری وشاعرو نووسەری بـالاّ بـووە ، جەنابی شـێخ رەئـوفی خانـەقای هەمیشە زیندوی شاری کەرکوکی دێرین ئـەم هـەمو صفەتانەی لە خۆ کۆکردبۆوە .

شـێخی خانــەدان لــەبوواری کۆمەلأیەتیـدا کەسـایەتیەکی زۆر دیـار و ناسـراو بـووە و لــەپیاوە هــەرە ناودارەکــانی شــارەکە و لاوچـــاکی ســـەخاوەت و بیرتیـــژی و ئەستێرەیەکی درەوشاوەی دیاری ناوچەکە بووە .

وەکــو رۆشــنبیرێکی زرنــگ و بەئەمــەك رۆڵێکــی هــەرە گرنگــی گێــڕاوە لــەو رووداوانەی بەسەر شارەکەدا هاتبوون .

کاتیٚ ئەو یادداشت وکۆمەڵـە شیعرەی کە مامۆســتا کــەمال رئــوف محمــد کــۆی کردۆتـــەوە و بەچـــاپی گەیانـــدووە دەخۆێنینەوە ، ئـەو رۆڵـە بەرچاوەی ئـەم زاتە بینیویەتی لەتەمەنیدا بەتایبـەتی ئـەو یادداشـت و شـیعرانەی لەسـەر شـارەکەی نووســیویەتی دەری دەخــات ، کەچــەند بەپـەرۆشــی میللەتەکەیــەوەبووە و چــۆن خـــەمی خـــەڵکی شــــارەکە و گرفتـــی میللەتەکەی خەمی سەرەکی ژیانی بووە .

کـاتیٚ یادداشـت و شـیعرەکانم خۆینـدەوە هەستم دەکرد ئەم زاتە ئەوەنـدە شـەیدا و سەودای ئـازادی میللەتەکـەی و شـارەکەی بـووە ئەوەنـدە بەهەنـدی ژیـانی خۆیـەوە نەبووە ، ئەو رووداوانەی بەشێوەیەکی زۆر زینـدوو درامـاتیکی و ریالیـستانە خـستوتە نێو چوارچێوەی یادداشت وشیعرەکانیەوە .

وەکــو نیــشتمان پــەروەرێك بــیٚ ئــەوەی سازشـــی لەســـەر کـــەس کردبـــیٚ نکـــۆلی نەکردووە لەکۆشش وخەباتی خـۆی، بۆیـە وەکو کەسایەتیەکی دیاری شارەکە بێبەش نـەبووە لـەگرتن و دوورخـستنەوە و نـەفی کـردن وئـەو هـەمو نەهامەتیانـەی خـەڵکی شارەکەی لەسەر کوردبوونیان بـەرەنگاری بونەتەوە و چێشتویانە .

بـەلاّم ئـەم زاتــە مەزنــەی کــەرکوك وەکـو شـاعیرێکی هەسـتیارو رۆشـنبیرێکی زرنـگ جیـاواز لـەپیاوە ناودارەکـان و بەئەمـەکی شـــارەکە رۆلێکـــی زۆر گرنگـــی بینیـــوە لـــەتۆمارکردنی رووداوە گرنگـــەکانی ئـــەم شـــارە،کە پـــڕ لـــە نەهامـــەت و مەینـــەتی، کەمێژویـــەکی لێـــوان لێوبـــووە لـــەرووداوی دڵتەزێن وجەرگ بڕو ماڵ وێرانکردن .

شـاری کـەرکوك شـاعیرو رۆشـنبیری زۆری هەیە کەهەمو بەبەرهەمی پڕبایەخ وشیعری ناسك وجوراوجۆر مێژوی هونەری وئەدەبی شــارەکەیان دەوڵەمەنــد کــردووە ، بــەلاّم ئـــەوەی شـــێخی شـــاعیر کردوویـــەتی گرنگیـەکی تایبـەتی هەیـە لـەرووی مێـژوی شـارەکەوە کەهـەمو رۆشـنبیرێك پـەی پـیٚ نەبردووە یان گرنگیـان پـیٚ نـەداوە . ئـەم زاتــە بــە یادداشتوشـیعر لایـەنێکی هــەرە گرنگـی مێـژووی شـارەکەی تۆمـارکردووە کەخۆی یەکیٚ بووە لـە رۆڵـەکانی شـارەکە بەشـداربووی رووداوەکـان بـووە و تۆمـاری کـردوون وەکـو شـایەتحالێکی مێـژوو ، بـۆ نمونــــە زۆر دڵـــــسۆزانە لەیاداشـــــتێکدا بەناوونیـشانی « شـەڕی ئاسـوریەکان لــە کـــەرکوك وکـــوژرانی ئـــەهالی لەتـــەرەف ئاسوریەکانەوە وسوتان تالأن کرانی بازاڕی کـــەرکوك بەزینـــدووی دەنوســـێتەوە بـــۆ نەوەکانی دووای خۆی. .

لەم یادداشـتەدا بەتێروتەسـەل و ئەوپـەری خەمخۆریەوە ئەو رووداوە دڵتەزێنەمان بۆ

دەنوسێتەوە ، بەشێوەیەك هەمو سوز و هەستێکی ناسکی خۆی تێکەڵ دڵە خورپە و پەرێشانی خەڵکەکە کردووە وزۆر ریالیستیانە باسی ئەو هێرشە نارەوایەدەکا . .

پاشان لەیادداشتێکی مێژو نووساندا بەدرێژی باسی ئەو نەهامەتیە دەکات کە لە ساڵی ١٩٦٣ دا حەرەسی ناقەومی وجاشە عەرەبەکانی دەوروبەری کەرکوك بەسەر کەرکوك وناوچەکەدا هێنایان ، لەژێر ناونیشانی کوردو کوردستانی عیراق لەساڵی ١٩٦٣ " دا زۆر زرنگانە ئەو چرکە ساتانەی کەپڕ لەترس وتاڵان گرتن و کوشتن بوون وەکو مێژویەك دەق نووس دەکا و بەدرێژی باسی کردارە ناشیاوەکانی حکومەت دەکات گەرەك بە گەرەك دێ بەدێ ، تەنانەت باسی هێنانی سوپای سوریا ومیسرش دەکات کەمیری هێنابووی بۆ خاپور کردنی شورشی کورد ، هەمان ئەم رووداوانەی ( ١٩٦٣ ) ی بەشیعر دەهۆنێتەوە بەم شێوەیە:

**رۆژی هەشتی شەش،ساڵی شەست وسێ**
**مێژووی دەرناچی لەبیری کەسێ**
**مێژوی ئەم رۆژە پڕ لە بریتە**
**رۆژی مەعرەکەی مردن و ژینە**
**بەڵی هەشتی شەش ، مانگی حوزەیران**
**کوردستان کەوتە بن بۆمباران**
**هەزاران پۆلیس عارەب وعەسکەر**
**هەر لەناکاودا بێ جواب وخەبەر**
**هێرشیان هێنا بۆ شارو لادێ**
**وەک گورگی برسی بۆ سەر بەرخێ مێ**

لەسەر گوزشتێکی تردا باسی " موعتەقەلی موسەییەب لە ساڵی ١٩٦٣ " دا بەدرێژی دەکا کە جەنابیان لەگەڵ ٢٨٠٠ کەڵە پیاوی تری میللەتەکەیدا لەژێر جەورو ستەمی دیلێتیدا بوون ، هەستی ناسکی شاعرێتی ومێژونوسێکی بەسەلیقە لە نوسینەکانیدا بەزەقی خۆی دەنوێنێ .

گەلێ رووداوی دلتەزێن وپڕ لە ناسۆر بەشی شاری کەرکوك بووە بەدرێژی مێژوی نوییێ شارەکە وشێخ رەئوفی خانەقاش زۆر دڵسۆزانە بۆ نەوەکانی داهاتو خستویەتیێ نیو چوار چێوەی هونراوە ناسکەکانیەوە و زیندووی لەهزرو بیری خۆینەردا دەیهێڵێتەوە ، بۆ نمونە زۆر بە جوانی " مەجزەرەکەی کەرکوك : لە ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٩ دا روویدا " تۆمار دەکا وەدەڵێ:

**لەچاردەی تەمووز ساڵی پەنجاو نۆ**
**برینی کۆنەم دیسان هاتەسۆ**
**کوشتن ، ڕاکێشان ، تاڵانی عیباد**
**فیتنەی ئاسووریی هێنامەوە یاد**





**چاردەی تەمووز بوو وەختی ئێوارە**
**شار ڕازابووە وە ئەتگوت بەهارە**
**سەد تاقی زەفەر بۆ کەیف وسوروور**
**دروستکرابوو لەزەرد لە سوور**

وەکو تۆێژەرێکی مێژووناس و لێکۆڵەرێکی قاڵبووی نێو سیاسەت پەنچە دەخاتە سەر هۆیە سەرەکیەکانی ئەو رووداوە تاڵە ودەفەرموێ :

**جەیشی ناباسیل یەعنی عەسکەریی**
**تەفاهومیان کرد لەگەڵ سەرسەریی**
**کەوتنە کوشتن ، تاڵان و برۆ**
**شاربوو بەشیوەن ، بوو بە ڕۆڵە ڕۆ**
**٣٢یان ٣٠ لەم شارە کوژرا**
**خوێنی زۆربەیان لەقشڵە ڕژا**
**قشڵە نیشتەگای قائید فیرقە بوو**
**ئەوشوێنە جێگای ئەم تەفرەقەبوو**
**سەییارە ورەشاش ، قووەی عەسکەریی**
**جووت ئەبوون لەگەڵ جووتی سەرسەریی**

**خەڵقیان ئەهێنا لەم ماڵ ولەو ماڵ**
**بەئەمری ا فیرقە ئتریدک تەعال (**

پاشان لەم چەند دێرەدا وا زۆر بەروونی ئەوکەسانەی لە دووای ئەم فیتنەیە بوون ئاشکرا دەکا و دەفەرموێ :

**ئیشی هەڵسوراند بە ئەم وبەئەو**
**نەتیجەی گەڕا بەمەقسوودی ئەو**
**کردەوەی مەحمود خود بەخودنەبوو**
**تەدبیر وخوتتەی فەڕریق تەسوود بوو**
**سەدی نەوەدی میللەت مەراقە**
**لەم فیتنەو شەڕو شۆڕو نیفاقە**

بەڵی وەکو غەواصێکی زانا ونەتەوەپەرستێکی دڵسۆزی وڵاتەکەی لەم دێرانەدا زۆر دڵسۆزانە مەبەستی فتنەکە دەسنیشان دەکا و دەفەرموێ :

**مەزبەحەی کەرکووک بەم جۆرە سووڕا**
**بەڵام حەقیقەت لە خەڵقیی گۆڕا**
**دەعایەی درۆی پیاوی بێ ئیمان**
**گێڕای بەشەڕی کورد وتورکمان**
**ئێستاش ترووسکەی ئاگری بن کا**
**باریکە ، دووکەڵ جارجار دەرئەخا**
**ئاگری بن کا نەکوژاوەتەوە**
**باریکە دووکەڵ هەر ماوەتەوە**

پاشان زۆر ژیرانە بۆ چارەسەری گرفتەکە دەڵێت پەنا بۆ عەقڵ بەرین نەک هێزو بازوو بۆ چارەسەری ئەم جۆرە فیتنانە :

**برای کەرکووکیی کورد وتورکمان**
**گوێ بگرە لەمن بەدڵ وبەگیان**
**بیگرە ڕێگەی عەقڵ وکیاسەت**
**بەردە بەرۆکی پیاوی سیاسەت**
**گوێ مەدە قسەی مەسڵەحتپەرست**
**پیاوی موشاغیب ، بەدو بەدسروشت**
**هیچ دەس نەکەوتووی مردوو لەداخا**
**دەستی من وتۆ ئەکا بەزاخا**

بێگومان ئەم دێرانە بەروونی دەری دەخا



کە بەتەواوەتی لەمەبەست ونیازی گلاوەکانی گێرە تێکدەران گەیشتبوو بۆیە ئەم مێژووە وا بەووردی دەهۆنێتەوە تایبێتە وانەیەك بۆ نەوەکانی داهاتو .

ئەم هۆنراوە مێژوییە نە تەنها زانیاری بەنرخ وپڕ بەها مێژوییەکانی شارەکەمان دەپارێزی ودەیخاتە روو ، بەڵکو لایەنێکی هەرە گرنگی کەسایەتی شێخی خانەقامان بۆ وێنا دەکا ، ئەویش تۆوی پاڵپشتیکردن و چەسپاندنی رۆحی پێکەوە ژیان ویەکتر قەبولّ کردن دەروێنێت کە ئەمرۆ ئێمەی کەرکوکیان لەئەو پەڕی پێویستیدابن بۆ ئەم جۆرە روحیەتە کەئەم زاتە و چەندەهای وەکو ئەمیش سەودای بوون .

مەزنی ئەم کەسایەتیە مەزنی مێژوی شاری کەرکوك و ئەو خانەوادانەن کە هەمیشە وەکو مەشخەڵی نەکوژاوە تاریکی ژیانی خەڵکی شارەکەیان روناکردۆتەوە .

بێ گومان کاتێ بەووردی سەرنجی ئەم یادداشت وهۆنراوانە دەدەین کە چەند





بەووردی و دڵسۆزانە ئەم رووداوانەی شارەکەی بۆ تۆمار کردووین بۆمان دەردەکەوێ کەئێمە ئەوەی ئەیکەین بۆ ئەم کەڵە پیاوانەی شارەکەمان زۆر کەمەو ئەگەر لەهەر شەقام وباخچەیەکی ئەم شارەدا پەیکەرێکیان بۆ داتاشین وقوتابخانەکان بە ناویانەوە بنێن هێشتا مافی رەوای ئەوانمان نەداوەتەوە ئەم زاتە و دەیەهای وەکو ئەم شەیدای ئازادی ئەم شارەمان بوون و ئێمەش ئەمرۆ دەبێ هەوڵی تەواو بدەین پەردەی نامۆیی ولەبیر کردنیان لەسەر هەڵدەینەوە !




# خەیام

## لەنێوان گومڕایی و مەینۆشی و خواناسیدا

عەدنان سالەیی

لەناو میللەتانی ئەم ناوچەیەدا بەواتا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەلێك زاناو بلیمەت و مێژوو نووس ڕیازیات ناس و ئەستێرە ناس و پزیشکی گەورە تیادا هەڵکەوتووە کەهەتا هەتایە لەناو لاپەڕەکانی مێژووی ئادەمیزاددا ناویان ئاشکرایەو وەکو ئەستێرەی گەشی بەرەبەیان لە ئاسمانی هونەرو ئەدەبیات و زانستدا دەدرەوشێنەوە وەك((ئەبو عەلی سینا و متنبی و حافز و کیندی و فارابی و ابن الاثیرو سیبەوەی خوارزمی و ابو ریحان))







خەیام یەکێکە لەو ئەستێرە گەشانەی ئاسمانی عیلم و ئەدەب خەیام ناوی (ابو الفتح عمر کوڕی ابراهیم الخیام نیشابووری )یەو یەکێکە لە زاناو ڕیازیات ناس و شاعیرانی گەورەی ئێرانی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی خەیام هاوچەرخی سوڵتانی سەلجوقی بووە .خەیام چونکە شارەزاو پسپۆر بووە ساڵ ژمێری خورشیدی ڕێکخستووە.

خەیام بەزمانی عەرەبی و فارسی بەرهەمی هەیە لە بەرهەمە ناسراوەکانی خەییام بە عەرەبی چەند نامەیەکە لە ((تەبیعات و میعراج )) هەروەها نامەیەکی هەیە لە((جەبرو مقابلە)) دا کە لە ساڵی (١٨٥١)لە فەرەنسا چاپکراوە جگە لەمانە خەییام شاعیرێکی بە تواناو بەسەلیقە بووە و چوارینەکانی لە هەممو دنیادا دەنگی داوەتەوە و بەهەموو زمانە زیندووەکانی جیهان نووسراوەتەوە ،خەیام لە چوارینەکانیدا بیرو باوەڕی فەلسەفی و تێبینی حەکیمانەی خۆی بە شێوەیەکی سادە تیادا گونجاندوە چوارینەکانی بە عەرەبی لەلایەنی گەلێك شاعیرو زانای عەرەبەوە کراوە بە عەرەبی وەکو((ئەحمەد صافی نەجەفی .ئەحمەد رامی.....)) هەروەها لەلایەن مامۆستا ((سەلام ،گۆران ،هەژار موکریانی))گەلێ زانا و شاعیری تری کوردەوە کراوە بەکوردی

بەر لە من وتۆ شەوو ڕۆژی بوو
چەرخی جەفاکار ئەهات وئەچوو
بۆ سەر ئەم خاکە پێ بەئەسپایی
دانێ چاوەکەم چاوی یارێ بوو

خەیام لێرەدا گرنگی کاتمان بۆ دەست نیشان دەکات دەیەوێت پێمان بڵێ ڕەگەزی کات چەند گرنگە ئەم جەخت کردنەوەیە لەسەر کات موسڵمان بوونی خەییام و پابەندی ئاینمان بۆ دەسەلمێنێ چونکە خوای گەورە دەفەرموێ (( والعصر إن الانسان لفی خسر إلا الذین امنوا وعملوا الصالحات وتواصو بالحق وتواصوا بالصبر)) خوای گەورە سوێند بەکات دەخوات کەوابوو فەلسەفەی گرنگی کات و بایەخ دان پێی ڕەگەزێکی ئاینی تیدایە هەروەها لە هەوڵ و تەقەلای فەیلەسوفانیشدا کات پێگەی تایبەتی هەبووە بۆ یەك لاکردنەوەی ئارێشە ئاوەزیەکان پاشان بۆ چارەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش بەشێکی چارەسەر نابن تەنها دەبێت زەمەن چارەسەری بکات ئیمامی شەعراوی دەفەرموێ گرنگی کاتم نەزانی تائەو کاتەی پیاوێکم بینی سەهۆڵی دەفرۆشت ئەمبینی کات ئەڕواو سەهۆڵەکەی ئەتوێتەوە و کەسیش نایکڕێ. ئەشێ

پیاوێك ئەوەندە بایەخ بەکات بدات وکەچی موسڵمان نەبێت .

خەییام ئاوڕلە کۆڵەگەیەکی تری ڕوحی و فەلسەفی دەداتەوە ئەویش گەڕانەوەی بۆلای مەعبودێك خانەیەك کەشوێنمان ئەوێ بووەو ئێمە میوانی سەر زەمینین هەر وەکو حافزی شیرازیش ئەم دنیا بەگڵکۆ و مردن بەمەرزی ڕزگاربوون و سەرفراز بوون و ئەو دنیاش بە نیشتمان مەنزڵگە ناو دێر دەکات ئەم غەزەلانەی حافز لەلایەن مامۆستا ((عەباسی حەقیقی)) کراوە بەکوردی .کاك ((عومەری رەسوڵی )) دەی خوێنێتەوە لە شێوەی دیوانێکیش چاپکراوە بەناوی ((شەونم))

کەمن لەم مەنزەڵە وێرانە دەڕۆم
وەك کەوی نێو قەفەس بەرەو لانە دەڕۆم

لەهەر لەحزەیەك ئەگری خەییام لەناو خەیاڵی مەست بوون و عیشق ومەیخانە و ئەو بونیادانەی بە بۆچونی هەندێك بەناو موسڵمان کوفرو شرك و ئیلحادە .ئەو قیامەت و خواو بەهەشتەکەی وەبیرمان دەخاتەوە دەڵێ نەکەی بیرت نەچێ بەپێی ((قاعدە فقهیە)) یاسای شەرع ئینسانەکان لەکاتی ئەنجام دانی تاوانە گەورەکان ((کبائر)) بێ دین دەبن و ئەگەر بمرن کافرن باشە خەیامێك لەهەموو چرکە ساتێك هزرمان ڕادەوەشێنێت دەڵێ ئامان خواو دوا ڕۆژتان بیر نەچێ ئەوەتا چۆن ئەبێ خەیام بێ دین و کافر بێت.

بایەخ دان بەکات و ڕێزگرتن لە بەها ئاینیەکان وئاوەدان کردنەوە ی زەوی و قیامەت وەبیر هێنانەوە ئەمانە لەکۆڵکە گرنگەکانی ئاینی ئیسلامن کەوا بوو بەپێی ئەم چوارینەیە خەیام موسڵمانترین موسڵمانە.

خوسرەو جاف لەکتێبی (کوردو خەییام نەناسین) دا دەڵێت.

فردا علم تفاق گی خواهم کرد
باموی سفید قصد می خواهم کرد
پیمانه عمر من بەهفتاد رسید
این دم نکنم نشاگ کی خواهم کرد

بەکوردی

سبەی دوو ڕووی دەخەمە ئەو لاوە
با وەك پیرم و ئەو عومرەشم لەبۆ ماوە
لەکۆشە مەیخانەدا ڕدێنم سوری مەی دەکەم
دەبا بیکەم هێندەم پێوە نەماوە

دیارە سەردەمی منداڵی و گەنجایەتی خەییام هێندە بەلای خۆشبەختیەوە نەڕۆیشتووە لە تەمەنی پیریدا دەستی گەیشتۆتە دەمی و ئەوەی لەڕابردوودا بۆی نەگونجاوە لەپیریدا کە دەتوانێ بەچنگ و بازو وباوەشی پێدادەکاو نەکا تەمەن مۆڵەتی نەداو هەندێك لەئارەزو و ئاواتەکانی





نەیەتەدی لەم بابەتە چوارینانە زۆر دووبارە دەکاتەوە هەرکتاوی چوارینەکان دەکەیتەوە و پەڕەکانی هەڵدەدەیتەوە بۆنی شەرابی جۆراوجۆر مەست و مەنگت دەکات، هێندە بەلەزەتەوە باسی شەراب و خواردنەوە و سودی خواردنەوە دەکات، هیچ داودەرمانێکی پیاناگا لەکتاوی نەورۆزنامەکە یدا لە لاپەڕە(٦٠) لە ڕوی زانیاری و پزیشکیەوە سودو قازانجی شەراب دەژمێرێت بۆ شایەتیش ناوی بووعەلی سیناو محمدی زەکەریای ڕازی دێنێ و((هیچ شتێك بۆ لەشی مرۆڤ لە شەرابی ترێی تاڵ و ساف و ڕۆشن ((شەرابی سپی )) باشترنی دەرمانی لابردنی خەم و پەژارەیە تەواوی دانایان و زانایان دانیان بەوەدا ناوکە بەزم و ڕەزم و ڕابواردن زۆرە شەراب خۆشترینیانە ڕەنگە ئەم دواپستەی لە ڕووی باوەڕو بە دواڕۆژو بەهەشت و دۆزەخەوە وتوویێت.

خەییام زۆر باسی شەرابی ترێ دەکات ئەشی کە خەیام مەبەستی سرکەی ترێ بووبێ کەئێستاش بەکاردێت بە چاکترینی شەرابەکان ناوزەندی کردبێ لەو لاوە باسی سودی شەراب دەکات پێمان دەڵێ کەبەدوای نهێنی حەرام و حەلاڵدا بگەڕێن چونکە (ابن تیمیە)کە بە (شێخ الاسلام)ناسراوە دەڵێت کە شەراب قازانجی تیایە هەموو شتێکی هەر زەرەر نییە بەڵام زەرەری لە قازانجی زۆر ترە بۆیە حەرام کراوە یان بە بارێکی تردا بۆ ئێمە هەروا ڕووە شەرعیەکەی وەربگرین کەئایە شتەکان حەرامن یان حەڵاڵ ئەگەر حەرامن وەلای بنێن ئەگەر حەڵاڵیشن وەری بگرین ئەی بۆ پەی بەسرو بێکهاتەکانی نەبەین خۆ ئێستا سرکردنی مرۆڤ ((بـبخ))لە مەشروب و تلیاکەوە دروست دەکرێت ئەمەش ئەو پزیشك بوونەی خەییام پشت ڕاست دەکاتەوە.چونکە خەیامی پزیشك ئەو کات دەرکی بەم زانست وڕاستیانە کردووە.



# شیعر لە حەزی ژیاندا

## ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر وەک نموونە

**پێشڕەو عەبدوڵلا**

سەرەتا:

کاتێك ویستم لەبارەی ئەم کۆشیعرەوە بنووسم (حەز دەکەم ئەوەندە بژیم: ماڵپەڕیدەنگەکان: ١٤/٥/٢٠١٣، لاپەڕەی تایبەتی شاعیر) بیرم لەوە کردەوە ،کە ئاخۆ دەبێت لەگەڵ چ قوتابخانەیەکی ڕەخنەییەوە نزیك بێت و خەریك بوو، بە هەڵەی ئەوەدا بڕۆم ،کە تیۆرێك پێشوەختە بەسەر دەقەکەدا ساغ بکەمەوە، بەڵام کاتێك بۆ ماوەیەکی زۆر دەمخوێندننەوە هەستم کرد ئەو قەسیدانە بۆ خۆیان خودان تیۆری تایبەتن ئەگەر ڕەخنەگرێکی بەتوانا و باشتر لەمن دەستی بداتێ ئەوا سەرەداو و بینای تیۆرێکی نوێ دەدۆزێتەوە ،کە پێشتر لە ئەزموونی (سەباح ڕەنجدەر)دا وەك هێڵێکی کاڵ بوونی هەبووە، بەڵام لەم دەقانەدا ئاسۆیەکی فراوان هەیە ،کە شاعیر تێیدا ئاوەڵا دەبێت و ڕازی خۆی تێدا پەخش کردووە .دەبێت ئەوەش بڵێم: ئەوەی من نووسیومە هیچی خۆم نییە، بەڵکو خودی ئەم قەسیدانە ئیلهامی ڕاستەقینەییانەیە و من ئەو شیعرانەم کاوێژ کردووەتەوە، بەڵام بە زمانی لێکۆڵینەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم من هیچ شتێکی تازەم نەخستووەتە سەر ئەم قەسیدانە ئەویش بەدوو هۆ، یەکەمیان





قەسیدەکان هێندە بەهێز و بەپێزن لە گوتندا گەیشتوونەتە بنبەست و لە فەرهەنگی مندا گوتنێکی دیکە نەبوو پانتر لە گوتنی قەسیدەکان. دووەمیش بۆ ئەوەی نەکەومە هەڵەی بەسەردا سەپاندنی تیۆرێکی لابەلا بەسەر دەقەکاندا و لەو باوەڕەشدام جیهانی شیعر هێشتا لە توانایدا ماوە تیۆر و قوتابخانەی دیکە بەرهەم بهێنێت ،کە سەبارەت بە ڕابردوو تازەبن و بۆ داهاتووش موژدەهێنەری قۆناغێکی دیکەبن .

شیعر: مێژووی رۆح:

شیعر چۆن دەبێتە مێژوو ،کە هەمیشە نەخشەی ئایندەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ڕۆح چۆن دەبێتە مێژوو ،کە هەمیشە دڵی لێدەدات و لەناو دێڕی چیرۆکەکاندا نامرێت. ئەمە ئەو نهێنییەیە ،کە شیعر و ڕۆح پێکەوە دەڕۆن و هێواش و لەسەرخۆ بە ئاماژەیەکی نهێنی ،کە کەس نازانێت چی دەڵێن و باسی چی دەکەن، پێ بەپێی یەکتر هەنگاو هەڵدەنێن و یەکتر دەنووسنەوە. هەم ڕۆح باسی شیعر دەکات و هەم شیعریش بڵندگۆی ڕۆحە. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن شیعر دەبێتە مێژووی ڕۆح؟ ئایا رۆح ئەزموونی مرۆڤە؟ یان بیرکردنەوەیە؟ لەڕاستیدا پرسیارەکە کەمێك ئاڵۆزە و پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، ئەگەر سەیری مرۆڤ بکەین دوو مێژووی هەیە، مێژووی یەکەمیان مێژووی ژیانی واقعییەتی مێژوی گەورەبوون و قوتابخانەو شەڕەکانی ناو کۆڵان و چوونە زانکۆ و.....تاد، کە بەشێکی زۆری ئەم مێژووە لەناو دەفتەری فەرمانگە و بڕوانامەکاندا تۆمار دەکرێت، بەڵام هاوشان بەو مێژووە مێژوویەکی دیکەی هەیە ئەویش مێژووی ڕۆحە. مێژووی ئەو ئەزموونانەیە ،کە شاعیر پێیدا تێپەڕدەبێت، لەهەر قۆناغێکی ژیانیدا ئەزموونێکی دیکە دەنووسێتەوە ،کە زۆرجار شاعیر خۆی ناناسێتەوە بەجۆرێك دەگۆڕێت لە پێشووی خۆی ناچێت. خودی ئەم ئەزموونانەش واقیع سەنگی مەحەکیەتی، واتە لەواقیعدا درۆ و ڕاستی بەدیار دەکەوێت. بەڵام ئەزموونەکە مێژووەکەیە خودی ڕۆح نییە، واتە کاتێك شاعیر لە ئەزموونی منداڵیدا شیعر دەدۆزێتەوە تێگەیشتنە لەو ئەزموونە بە جۆرێکی دیکە شرۆڤە و پێناسیەتی ،کە ئەمەش بیرکردنەوەیەکی تایبەت بەرهەم دەهێنێت، جا ئەم شرۆڤە و پێناسەیە لەشیعردا بەرجەستە دەکات، بەڵام ئەمە ڕۆحەکە نییە. بەڵکو ڕێگەی ڕۆشنبوونەوەی ڕۆحە. واتە ئەزموونەکان و بیرکردنەوەکان کاتێك لە وێکهاتنەوەی ئەو مێژووە بەرهەم دێن ،کە شاعیر ئەزموونی کردووە، لە ژیانی واقیعیدا تەنیا ڕێگەیەو

ڕێگەکەش خودی شیعر خۆیەتی. هەر بۆیە ئەگەر پێناسەیەکی سادەی شیعر بکەین، "شیعر وێستگەی دەربڕینی جیهانبینییە، کە ئەمەش لە شرۆڤەی ئەزموونە واقیعی و ناوەکییەکانەوە وەدی دێن". هەموو ئەم ڕێگەیانە بەرەو ماڵەوە دەمانبەنەوە، ئەو ماڵەوەیەی ،کە ئێمە دەزانین هەیە، بەڵام ناتوانین وەسفی بکەین و لە نەخشەی جوگرافیادا بیدۆزینەوە. نهێنی گەورەی شیعر لە گەڕان بە شوێن ئەم ماڵەدا دەردەکەوێت .

(حەزناکەم لە شوێنێکی دوورە دەست و
ژیانێکی تردا بژیم
سەرم لەسەر کتێبی ڕووداوەکان هەڵگرت
تیشکی چەتری ژوورم درەوشاندەوە
دەرگای ماڵ
پێ و
دەست و
دڵ و
چاون
لەگەڵم دێن و دەڕۆن
خۆم دەدەنەوە دەست و خورپەم پێ
دەبەخشنەوە
بەهەستی گەڕانەوەی ماڵ سەیری شارم
کرد
ماڵێك ڕووناك بە ڕەنگی ژیان
ژیان گەرمایی ئەو هەنگاوەیە
بەرەو لای تۆ هەڵیدەهێنم ئەی ناوکی
ڕووناکی)

ئەم ماڵەش ماڵێکی دیکە و ژیانێکی دیکە و دوورگەیەکی دیکە نییە، بەڵکو هەمان ماڵە تاکە شتێك ،کە تێیدا دەردەکەوێت (ڕووناکییە) دڵێکە سادە و ساکار، ساکارانە لە حەقیقەت تێدەگات و سادانە باسی دەکات و گرێ و گۆڵی نییە. نهێنی نییە ترسی ئاشکرابوونی خەوی لێ حەرام بکات، نهێنی ئەو بەناو ژیانیدا پەرش بووەتەوە، ئەو نهێنییە دەدۆزێتەوە دڵێکە دەستی بەرداوە لەو شتانەش ،کە نیەتی، ئەم جۆرە لە شیعر ئەزموونی ژیانێکی عاریفانە و سۆفیانەیە ،کە ئەمەش دوو تەرز لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان: وەعیە بەرامبەر ئەم ژیانە، دووەمیان: ژیانە لەناو ئەم ژیانە. ئەوەی ژیان دەکات بەم جۆرە واقیع شیعری ڕاستەقینەیەتی، بەڵام ئەوەی وەعی بەم دڵە هەیە شیعر واقیعی ڕاستەقینەیەتی. ئەمەش ژیانی ڕاستەقینەی شاعیرە ،کە زمان دەکاتە ماڵی خۆی.

(دەچمە ناو پەڕی گڤبووەوەی کەڵەباب
لەکاتی بانگدان
بیر لە تۆ دەکەمەوە ئەی کەسوکار و
درەختی بنەماڵەم شیعر
دەمەوێت لەناو ڕەگ و چڵ و پۆپتدا
بمرم)

کۆتایی شاعیر تراژیدیایە؟ چونکە دەرگای شیعر و واقیع بەرووی یەکتر دادەخات و واقیع دەباتە ناو شیعرەوە، بەڵام دەترسێ شیعر بباتە ناو واقیعەوە. شاعیر شەهیدێکە عاشق، بۆ ژیان شەهید دەبێت و ژیانیش نابینێت بۆ عەشق دەسووتێ و عەشقیش ئەزموون ناکات، ئەو تراژیدیایە چارەنووسی شاعیری داگیرکردووە و ناهێڵێت ئەو سادەییە وەك واقیع و ئەزموون پەیڕەو بکات، بەڵکو شیعر هەر بۆ خۆی قۆرخ دەکات و نایداتەوە .

شاعیریش هێندە مەستی ئەو ڕووناکییەیە ،کە بۆ ئەو شیعر ژیانە و ئازاری ناو شیعر ئازاری واقیعە و سادەیی ناو شیعر سادەیی ژیانە، دڵی شاعیر تازە بەلای شیعردا ڕوو وەر گەڕاوە و ئەگەر شیعری ڕازی کرد لای ئەو دڵی ڕازی بووە.

(لەناو دڵ و گیانی ئاسوودەییدا
تەنیا ڕێگەیەك
ئاو و نانی لەم دەست و ئەو دەستدا
داندراوە
ئاسانە خۆتی لەگەڵ ئاشنا بکەیت
بەناویدا وەرە و لەسەرەتایدا پشووێك
بدە)

(بەخشندەیە
بەسەر ڕێبوارانی دڵشکاو دابەشیان کە
کەڵەکێوی لە چیاکان دێنە خوارێ)

مەعریفەی ڕێگەکە هەنگاوەکانی شاعیرە، کە هێواش هێواش لە ماڵی ناو شیعر نزیك دەبێتەوە، ئەمەش ئەزموونە واقعیەکان یارمەتی دەدەن ،کە ئەوەی لە شیعردا پێی دەگات حەقیقەتە یان وایانزانیوە ،کە هەقە. تەنکبوونەوەی شاعیریش حیکایەتی دۆڕانەکانیەتی، هێندە دەتۆرێ و هێندە شکست دەهێنێت لە دۆزینەوەی عەردی خەونەکانی ڕۆژ بەڕۆژ شاعیر تەنك دەبێتەوە. شیعریشی نووسینەوەی ئەو خەونانەیە ،کە لە سەیری واقیعەوە سەر هەڵدەدەن یاخود تۆمارکردنی حیکایەتی سەربڕینی ئەو خەونانەیە ،کە واقیع جێی بۆ ناکاتەوە. بۆیە شاعیر بەناچاری و دڵشکاوی شیعر وەك ماڵی ڕاستەقینە قبوڵ دەکات واقیع بەدرۆ و وەهمێکی گەورە دەزانێت بەجۆرێك واقیع جێگەی فێڵ و کوشتن و درۆیە و شاعیریش نامۆیە بەم جیهانە بۆ بەرگریکردن لە خۆی و جیهانەکەی لە ماڵی شیعردا دادەنیشێت و جیهان وێنا دەکاتەوە. بەم جۆرە شیعر مێژووی ڕێگەکانە، حیکایەتی ئەو شاعیرانەیە ،کە بەرەو ماڵی ڕووناکی ڕۆیشتوون. لە ڕێگەکاندا و لە عیشقی گەیشتندا شیعر هاوەڵی مرۆڤە. ماڵی ڕووناکی بۆ وەسف دەکات و بەدڵ پێوانەی دەکات. وەعیەکە بە ڕووناکی، هێزی ڕۆشنە، بەڵام کاتێك شاعیر دەگاتە جێ شیعر لە زماندا نامێنێت و زمان بەجێدەهێڵێت و لە فۆرمێکی دیکەدا

دەردەکەوێتـەوە ،کـە فـۆرمی زمـان نییـە، بەڵکو تەنیا ئاماژەیە دڵ تێی دەگات و ئەم ئامادەبییـــەش لـــە دڵـــەوە بـــۆ زمـــان ناگوازرێتەوە. هەوڵی عاریفەکان، هەوڵە بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندییە، هەوڵە بۆ بە زمانهێنـــانی دڵ، بـەڵام هــەموویان تێیـدا سەرکەوتوو نەبوون و ناشبن. چونکە ئـەو (نـاوکی رووناکییـە بەتـەنیا نـاوی دەبـرێ، هـەر شـاعیرەو نـاوێکی دەبێـت (مـەحوی) دەیکاتە (یار)، سەباح (نوالە) و..... تـاد، کـە شـیعر بـۆ نـاو دڵ پەڕییـەوە هێـزی وەقسەهاتنی لەدەسـت دەدات. ئەوەشـی وەدەست دێت دڵ نییە، (ناوکی رووناکی) نییە، رۆح نییە، خودا نییـە. ورێنـەی دوای عەشـقی ئـەوە، بۆیـە شـیعر گەمەیـە و ڕاستیـشە، وەهمـە و واقیعـە، درۆیـە و ڕاستییە و هەیە و نیشە. شاعیرانی بەهـەق باربـەر و خزمـەتکاری ئـەو ڕێگەیـەن، کـە ناشـت باتـە سـەر هـیچ. ئەمـە عەشـقی ڕاستەقینەیە و تراژیدیای ژیانی شـاعیرە و رەمەزەکان لێرەدا لەم ژیانە سەراسیمییەدا لە دایك دەبن ،کە شاعیر خۆشی لە بوونی خـۆی گومـانی هەیـە. هـەموو ڕۆژێکـی پەشـیمانی و تـەنك بوونەوەیـە، شـیعر تلیاکی شاعیرە.

تۆڵەسێنی شیعر:

ئەگەر ئـەو قسەیە بـیر خۆمـان بهێنینـەوە ،کـە شـیعر لەسـەر جیهـانبینی شـاعیر دەژیت، دەبێـت ئەوەشـی بـۆ زیـاد بکـەین ،کە شیعر بە دیـوێکی دیکەیـدا دۆخـەکانی شـاعیر دەنووسـێتەوە، جـا ئـەو دۆخانـە دۆخە ڕۆحی و جەسـتەیی و دەروونییـەکان بن، لەو ساتانەدا ،کە شیعر لە دایك دەبێت ئـەو دۆخـە خـواردنی دەداتێـت ،کـە وەك بنەمایـەك دەبێتـە چـاوەی دەسـتەواژە و بیرەکانیش. شیعر بەتـەنیا مامەڵـە لەگـەڵ ڕووناکی ناکات، یاخود مۆڵکی یـەك دۆخ و یەك سەرچاوە نییـە. شیعر هـەموو ڕۆژێك ڕۆژی لەدایك بوونی خـۆی نـوێ دەکاتـەوە هەمیشە لـە شـوێنە جیـا و لـەکاتی جیـادا لـــەدایك دەبێتـــەوە، هـــاتنی شـــیعر چاوەڕواننەکراوە نازانین کەی دێت و کـەی دەڕوات. نـازانین کـەی مـاڵی بوونـەو کـەی ماڵی شەڕ و کوشتار و خوێنە.

شیعر کاتێك وێنـەی جیهـانێکی دیکـە وێنـا دەکـات هـەروا سـادانە لـەم وێناکردنـەدا مامەڵە ناکات. هـەم بنیادنـان هەیـە، هـەم تێکۆشان، هەم دڵنەوایيە هـەم تۆڵەسـێنە. گـەورەترین تۆڵەیـەك کـە دەکرێـت لـە شـتەکان شـیعر ئـەنجامی دەدات، چـونکە دەست دەبـات بـۆ هـەموو شـتەکان، لـەم دەستبردنەدا مێژووی ئەو شتە لەبـەر چـاو ناگرێت، ئەوە بەهەند وەرناگیرێت ئەم شتە چـۆن هـات و چـۆن لێـی دەڕوانـن، ئایـا پیرۆزە یان قێزەونە. چونکە شیعر وەك یەکـەم جـار و بـەپێی ئـەو دۆخـەی شـاعیر





مامەڵە دەکات، بۆیە جیهانی شیعر جیهانی هـارمۆنی شـتەکان و جیهـانی لێدانـە لـە بەهاکان و لە ماناکان و تۆڵەسێنە لەهەموو ئەو شتانەی ڕۆژێك شـاعیریان ئەزیەتـداوە، یان تووشی سەرئێشەیان کـردووە. هـەموو ئەو ئازارانە لە نەسـتدا هەڵـدەگیرین، هـەتا ڕۆژێك وەختی ئەوە دێـت ،کـە ئـەم ئـازارە بکرێتە وشە و وێنە و ڕەمزێك ،کـە شـاعیر تێیـدا ئـارام بێتـەوە، بـەڵام ئەمـە هـەموو ڕێگەکە نییە، دیـوێکی دیکـەی ئـەم ئـازارە هەیە ،کە چۆنیەتی ڕاستەقینەیی مامەڵەیە لەم بارەدا ئەویش ئەوەیە شاعیر خـۆش بێت لە ئازارەکـانی و مەسیحانە بـۆ خـۆی ئازارنۆش بێت و بۆ دەوروبەرەکەی شـادی هێن بێت.

چاکەیەکی زۆری شاعیرە
مەنگۆلی و
دڵرەش و
بەدگۆ و
دەروونکلۆرەکانم لەسەرە
بەوەی زۆر گێچەڵیان پێکردووم
لـە گێـچەڵیانەوە فێربـووم بـە ئـەدەب بیربکەمەوە
لەوپەڕی سادەییشدا
بێباك بژیم و ئەدەب بژێنم
ئـاڵای سـرووش و هەناسـەی سـییەکانی سروشت بم

واتە ئەوەیە لەناشیرینییەوە بەرەو جوانی بڕۆیت، بەجۆرێك: مرۆڤ لە جیـاتی ئـەوەی تەسـلیمی واقیعەکـە بێـت خـۆی بگۆڕێـت بەجۆرێك ،کە دڵی دەیەوێت. ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی ناوەکی دروستە. ئەزموونێکـە خـــۆی لەســـەر ڕقـــی دەوروبەرەکـــەی بنیادنانێـت و بـەپێی واقیعەکـە مامەڵـە ناکـات، بـەڵکو بـەدڵی مامەڵـە دەکـات و شیعریش هەر ئەوەی دەوێت، بەڵام لەبـەر ئـەوەی شـاعیر برینـداره ناتوانێـت بـە ڕەهایی لـە برینداركـەرەکانی خـۆش بێـت. ئەمەش خەسڵەتی مرۆڤە ،کە هەمیشە لـە نێـوان چـاکە و خراپـەدا لـە هاتوچـۆدایە، ڕێبـوارە و خـەمی گەیـشتنی هەیـە، بـەڵام ،کە دەشگات ئەوەندە نامێنێتەوە جارێکی دیکـە دەسـتپێدەکاتەوە. دەچـێتەوە نـاو هەمان ئازار ڕەنگە ئەمە نهێنی بەردەکـەی سـیزیف بێـت. بـەڵام ئەمـەش دوا مـەنزڵ نییە، کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی دەگەنە دوا مـەنزڵ و دوا نهـێنی، وەك ئـەو پەروانـە عاشـقەن ،کـە بـە گـڕی مـۆم خـۆی دەسـووتێنێت و (وتـن)تێیـدا بـێ مانـا دەکـەوێت و هـەموو نهێنییـەکان لـەناو بێدەنگیـــدا دەڕۆن. بێدەنگییـــەك ،کـــە ئاماژەیـە لـەنێوان شـاعیر و مەعـشوقدا. ناکرێت بە وشە و ڕسـتە و پـەیڤ، ئـەوەی ،کە دەبێتە ڕسـتە و پـەیڤ پاشماوەیـە و شاعیر بە حەقیقەتی دەزانێت.

(سەرێك کەوتە ناو چاڵێکەوە

دەزگـای ڕاگەیانـدنیش ڕۆژنامـەی پاڵەوانـە مەقەباکان بڵاودەکاتەوە

مەشق دەکەم تا ببم بەهەلۆ

بەچڕنووکم هـەموو ڕۆژنامـەکان بـدڕێنم و

جیڕ بە جیڕیان بکەم

پاشان ببم بە ژەنگی چاوی دەعبا

ئامێری چاپخانەکان بۆ تاهەتایـە لـە کـار

بخەم)

شـــاعیر هەرچـــەندە بـــەرەو ڕۆح بـــڕوات دەروونی لێی نابێتەوە بە ئازارەکانی خۆی ژوانی شاعیر و ڕۆح ئاڵۆز دەکات و جارێکی دیکە بـە واقیعـەوە دەیبەستێت، کـە ئـەم حاڵەتەش هەبوو مـرۆڤ زۆر کـەمی وەچـنگ دەکـەوێت لـەپێی بڕینـەکانی ڕۆح، چـونکە ئاگـایی بەتـەواوەتی بـە ئاگانییـە. بـەڵکو بەشـێکی لەیادەوەریدایـە و رابـردوو وەك تارمایی شاعیر دەگیردەکـات. بۆیـە شـیعر وەك تۆڵەسێن دێتە مەیدان، چونکە شـاعیر ناتوانێـت بـەزەیی بەخۆیـدا نەیەتـەوەو لـە ئازارەکانی خۆش بێت .

شیعر ماڵی هەزار دەرگا:

شـــیعر ئـــەو مەلەیـــە هێلانـــەی نییـــە، تـــا دابنیشێت و چاوەڕێی مردن بکـات، شـیعر ئەو بوونەوەرەیە مردنی نییـە تـا بنێـژرێت شیعر بە ڕەمزی دەمرێت، بـەڵام بـە واقیـع زیندوو دەبێتەوە. بۆیە شیعر فرە ڕەهەنـد و فـرە ڕەنـگ و فـرە ژیانـە. وەك ئامێرێـك نییـە بـۆ یـەك مەبەسـت و لەیـەك شـوێندا مانای هەبێت. شیعر فرە مەبەسـت و فـرە شوێنە. واتە ئەگەر قەڵەم تەنیا بۆ نووسین بەکاربێت و کاتی نووسـین مانـای هـەبێت. ئـەوا شـیعر کـات و مەبەسـتی بـۆ نییـە، چـونکە شـیعر خـۆی لەواقیعـدا ناژیـت. ئەوەشی لەواقیعدا نـەژیت هـەلی مانـەوەی زیـاترە لـەوەی لـە واقیعـدا هەیـە و لـە فۆرمێکی دیاریکراودا بەرجەستەیە. هـەموو ئەو شیعرانەی شاعیران نووسیویانە خودی شـیعر نییـە، واتـە وزە شـاراوەکە نییـە، بـەڵکو فـۆرمێکی وزەیەکـە، وەك ئـەوەی دەڵـێین میـوە چـییە؟ بڵـێین هـەنار و سێو.....تاد، بـەڵام هـەموویان میـوە پێـك ناهێنن، چونکە ئێمە نـازانین سروشـت و چ میوەیەکی دیی لەهەناودا هەڵگرتووە. بۆیە شاعیران نازانن کۆتایی چییە. لەناو هەموو کۆتاییەکدا سەرەتایەك دەدۆزنـەوە، لـەناو هـەموو دابڕانێکـدا سوسـەی پێکگەیـشتن دەکەن. بۆیە هیچ شـاعیرێك: ناتوانێـت بـە تەنیا شیعر کەوی بکات، یان شیعر هی ئەو بێت. شیعر بەم فرە ڕەهەندییەی هی گەلە و نەك هەر یەك مانای نییە، بـەڵکو توانـای بەخـــشینی مانـــا و وەزیفـــەی دیکەیـــشی بەهەموو شتە زەمینی و واقیعـەکان هەیـە، واتـــە دەتوانێـــت شـــێر بکاتـــە قوتـــابی و قوتـابیش بکاتـە شـێر و سـەرۆك بکـات بـە پـەڕۆ و شـاعیریش بکاتـە جنۆکـە، شـیعر هێزی مانـای بەخـشینی هەیـە. "شـیعر لـە کرۆکـی خۆیـدا پرۆسـەی مانابەخـشینە بەشـــتەکان" شـــیعر لـــە جەوهـــەردا ئامادەبوونـە لـە هـەموو کاتەکانـدا، بـەڵام لەیـەك کاتیـشدا پـێ دەخاتـە نـاو شـوێنە جیاوازەکان. بەهەمان شێوە لەیەك کـات و ساتدا ئەگەر بڕۆینـە نـاو مێـژووەوە شـیعر لـەوێوە هـەمان کـات هـەواڵی بپرسـین لـە ئایندە دەڵێت لای منـە و ئێـستاش هـەمان وەڵام دەداتەوە، شیعر جنۆکەیـەکی هـەزار شێوەیە و خۆی بە شوێن و جێگەکاندا بڵاو دەکاتەوە.

(بۆ لای ماڵی تۆ هاتم ڕێگەیان لێگرتم

چۆرتە و چەتەکان بەیانتوانی چ بکەین

دڵم ڕێگەی خۆی هەبوو

سوپاس بۆ ئەو دڵەی خۆم

هەزار ڕێگەی هەیە بـۆ گەیـشتن بـە نـاوکی ڕووناکی

نایەڵێت دڵشکاو بم

بەو جۆرەی کە هەی دەتناسم

ناشکرێت ئاشنای کەسێکی تر بم

ناشبمە برادەری کەسێك کە بمرێ

دنیا ناوچەوانی لێڵە

لـەناو خەرمانـەی پیرۆزیـەتی بـەخێرهاتنت دەکەین)

چۆن دڵی مرۆڤ هەر ڕۆژە و هۆگری شـتێکە و هـــەر جـــارە و لەســـەر بڕوایـــەك پـــێ دادەنێت. شیعریش بە شوێن برادەری هـاو خاسیەتی خۆیدا دەگـەڕێت، چـونکە (دڵ ـ قلـب) قـابیلی قڵـپ بوونەوەیـە و تووشـی خۆگۆڕین دەبێت. هەر ئەم خەسڵەتەشە وا دەکـات شـاعیر ئـیرادەی هـەبێت و کاتێـك قاڵبێك گرتییە خۆی تێکی بشکێنێت و ئـەو یادەوەرییـە وەلانـێ ،کـە خۆشیـشی لـێ دیبێـــت. هـــەروەها ئـــیرادەی هەیـــە تاریکییـەکان تـاقی بکاتـەوە بـە خـەیاڵی گەیـشتن بـە ڕوونـاکی، دڵ و شـیعر لەیـەك دەچـن هـەردووکیان پـیر دەبـن و گـەنج دەبنەوە هۆگر دەبن و قسە دەکەن، عاشق دەبـن و ڕەت دەکەنـەوە، شـەڕ دەکـەن و ئاشـتی بـەرپا دەکـەن. شـاعیری چـاك و شیعر دۆست، لە دڵدا مامەڵە لەگـەڵ شـیعر دەکـــات، چـــونکە دواجـــار لێکـــچووەکان پێکەوە کۆدەبنەوە، هێندە نزیك دەبنـەوە ڕەنگی یەکدەگرن، یان دەچـنە نـاو یـەك و لەیەکتردا دەتوێنەوە، هـەم دڵ دەبێـت بـە شیعر و شیعریش دەبێـت بـە دڵـی شـاعیر. شـیعر ئـەو ڕووناکییەیـە تـاریکی دنیـا ڕاو دەنێت، شیعر ئەو ڕوونیەیە لێڵی دنیا وەك دژی خۆی دەناسێنێت. شیعر ،کە شـتێکی گوت ئەوەش دەڵێت ،کە ئەو شتە نیـەتی. بۆیـە شـیعر لـەم ساتانەدا کۆمـەکی فیکـر دەکـات، چـونکە وەك فەلـسەفە مەعریفـە بەرهـــەم دەهـــێنێ شـــیعر فەلـــسەفەیەکی ئـەفلام کارتۆنییـە، مەعریفەیـەکی گاڵتـە ئامێزە. کرۆکە لەڕووخساردا و ڕووخسارە لەکرۆکدا .



ستار ئەحمەد

# دیوانی مەهاباد قەرەداغی

مەهاباد قەرەداغی..یەکێکە لەو شاعیرە ناسراوانەی، هەردەم لەبەخششی بەردەوامدایە، واقیعیانە لەڕووداوەکان دەڕوانێت، زانستیانە بیردەکاتەوە،لەتوێی وشەی ئاڵ و پەیڤی شیریندا بەگژ ناهەموارییەکاندا دەچێت.....ئەو شاعیرێکە هەمیشە هەڵوێستی پاکی و نیشتمان پەروەری بەگوێمانا دەدات،هەمیشە پەیامێکی نوێی پێیە بۆ نەوەی نوێ.

لەشبعرێکدا دەڵێت:.

**چەرخێ داهات**
**پێیان دەووت چەرخی زانست**
**خۆری دەگۆڕی بەزێڕو**
**بەرد بەبۆمبا**
**خەم بەچرا**
**لەکوردستانی ئێمەشدا**
**زانستێکی تازە داهات**
**چۆنێتی کوشتنی برا**

مەهابادی شاعیر...هۆشمەندانە تاوتوێی دەوروبەر دەکات،دەبینێت گەلان لەهەوڵی زانست و تازەگەریدان..ئەوەتا کەسانێکن دەتوانن ..خۆر بگۆڕن بەزێڕو نەهامەتییەکان بەمۆم و چرا. لەهەنیەی زەمین یاقووت دەردەهێنن،کەچی لەم کوردستانەی خۆمانیشدا ..تازە بەتازە دەستیان داوەتە خۆکوژی و شەڕی براکوژی دەنێنەوە،شاعیر دڵگرانە لەخوێن







ڕشتن، ئاڵای تەبایی هەڵگرتووە، دەیەوێت لەنیشتمانێکدا بژین جێگەی ئارامی و زانست و ئاشتی و یەکسانی بێت، بۆیە نموونەی گەلانی دیکەمان بیر دەهێنێتەوە،بۆ ئەوەی وانە لەوان وەربگرین، چیتر خوێنی برای خۆمان نەڕێژین و لەجیاتی خراپەو شەڕ و ئاژاوە..بیر لەپێشکەوتنی وڵات بکەینەوە، بتوانین داهێنەرانە بژین،هەتا بتوانین بەری ڕەنجمان گەلێکی ئاسوودە بنیات بنێت، لەسایەی بیر ڕوونیدا خۆشگوزەرانی ئامانجمان بێت.

مەهابادی شاعیر دەڵێت:.

**وتم یان نا**
**هەتاو هەرچەند لەتوورەکەی ئاوابووندا**
**بەند بکرێت و**
**شەوەزەنگیش وەك پاسەوان**
**دەروازەی ئاسۆی لێ بگرێ**
**لەکازیوەی دەمبەیاندا**
**دڕ دەداتە توورەکەی ئەستووری زیندان**
**پەردەی ڕەشی شەوەزەنگ هەڵدەداتەوەو**
**دیسان هەڵدێ**

شاعیرمان هێمایەکە بۆ ئازادی و بەرخودان.ئەو لێرەدا دەیەوێت پێمان بڵێ :.سەربەستی هیچ گەلێك زەوت ناکرێ،گەر جەستەکان لەسنووردەن،کۆت و پەیوەست بخەنە جەستەکانەوە..ڕۆحەکان نامرن.هەردەم ئازادن و تاریکی و سەرابی سەر شەوگاری هەموو میللەتێك دەڕەوێتەوە،ئەمەش بەهەوڵ و بازووی ڕۆڵەکانی دێنەدی،بۆیە بانگەوازی هەوڵ و کۆشش بەگوێمانا دەدات.میللەت لەخەوی غەفڵەت ڕادەپەڕێنێ،ئەو دەزانێت بەهەوڵ و تەقەلا مەحاڵەکان بەیەك دەگەن و دێنەدی.ئیتر بەم شیعرە شرینە دڵنەواییمان دەداتەوە،دڵنیایە ئەم کوردە..ئەم میللەتە ڕەش و ڕووتە ڕۆژێك دێت،لەجەورو ستەم ڕزگاری دەبێت .دەبێتە خاوەنی نیشتمانی خۆی..لەژێر سایەی کۆششدا دەحەسێتەوە.خوێنی نەدارو ستەمدیدە بەهەدەر ناڕوات،دایکی شەهیدانیش بەتۆڵەی ڕۆڵەکانیان دەگەن،ئەو کاتە لێوەکان بەماچ

ئاشتدەبنەوە،دەستەکان بەگوڵ و خاکیش بەنەرمەبارانی سۆزو تەبایی..

شاعیر لەشیعرێکی دیکەدا دەڵێت:.

**لەچۆڵایی گەردووندا.بێ بڵندگۆ**

**خۆم رەنگم..**

**خۆم دەنگم،خۆم سەودا**

**خۆم تەوارێکی زامداری هەودا**

**یەك وشە دەبێتە هەزاران**

**ئەنفال..فال..فال..فال..فال..فال**

**فال..فال..فال..فال**

**فال..فال**

**فال**

**ف**

**ا**

**ل**

**هەرگیز تەواو نابێ..ئەنفال**

مـەهاباد خـان کـچی بادینـان و سـۆران و کـەرکوك و دهـۆك و هەڵەبجەیـە..ئـەوەتا بەشـێوەیەك وشـەی ئـەنفال لەناخیـدا قەتماغەی بەستووە،دەستی ئەهریمەنەکان دەبرێت و سکالای ئەم زامە بەگوێی ئێمەو هەموو جیهاندا دەدات،بەشێوەیەك وەکوو دایکێکی ژانگرتوو، چەشنی خوشکێکی برا ئەنفال،دایکێکی رۆڵە ونبوو،بۆ شەهیدو زام دەخـوێنێ.نـووزەی سـەدو هەشـتاو دوو هـەزار ئـەنفال بـەخواو دادو راسـتی دەگەیەنێ.لەنێو خوناودا لەبۆسۆی هەواری سـووتاودا برینـەکانی ناگیرسـێنەوە.ئـەو رۆحی جەنجاڵی ئاسوودە نابێت، هەتا مافی بێدەسـت و بزربووەکـان وەرنـەگرێ.ئـەو خـەونی پـاش مـەرگ و لەناوچـوان و وێـڵ و ئاوارەکـان ..دەبنـە پێمـەردەو رۆحـی دەسمـن.شـاعیر لەهـەموو ژان و سـۆی خەڵکەکەیـدا بەشـدارە،نازانێت ئارامگـەی داد،نیـشتمانی سـرەوتن..لـەکوێی زامـی وشـەیەکا..لەچـاڵەکانی عەرعـەرو نـوگرە سـەلمانا دەربهێنێ،ناتوانێـت دەستەپاچـە دانیـشێت و خـوێن لەجـەرگی میللەتەکـەی بـچۆڕێ،چونکە دەزانێـت هـەر بـەردێ لـەم کوردستانە بەخوێنی شەهیدێك سوور بووە، هـەر گوڵێـك لـەم خاکـەدا هێمـای رۆڵـەی ئەنفالێکە......

مـەهابادی شـاعیر جـوان پەرسـتە...بـەو شێوەیە لەجوانی دەڕوانێ............

کێ دەڵێ جوانی سنووری هەیە

بابڕوانێتە سروشتی عەشق و

خاترجەم بێ لەبێئەندازەی جوانی

جـوانی لای شـاعیر بێـسنوورەو کـۆت و پەیوەسـت نـازانێ،ئیتر جـوانی نـاخی ئینـسانەکان یـاخود سروشـت،تابلۆیەك،یان نیـشتمان بێـت..ئـەو بەتـەواوەتی نـوقمی دەریای شتە جوانەکانە،لەپیرۆزی عەشق و ئەڤین و خۆشەویستی مرۆ بۆ مرۆ یاخود گیانـدارو داروبـەرد پـەل دەهـاوێ.دەبێتـە رۆحێکی بزێو، عاشقێکی تینوو،سۆفییەکی رێگـای سـۆز،دێوانەیەکی گۆشـەی جوانییەکان،هـەموو کاتێـك توێـشووی پـڕ لەشـیعری قـشت و وشـەکانی لەتەلیسمی جوانییەکاندا سەردەنێنەوە.

شاعیر لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت:.

**شەرمە ئیدی..زۆر شەرم**

**لەجێی وشەی بەسۆزو گەرم**

**سەنگەسار**

**پەلامار**

**لووت برین**

**بەسە ئیدی..شەرمە شەرم**

خـاتوو مـەهاباد......هـیچ کاتێـك دیـوی راسـتەقینەی ئێمـەی لـەیاد نـەکردووە، هەمیـشە دەسـت بـۆ ژانـەکانی ئافرەتـان درێـژ دەکـات، ئـەم وشـەیە بـەرز رادەگرێ،کەدەکاتـە خوشـك و خـاك و نیـشتمان و دایـك. بەزامـەکانیان کـەف و کوڵی جەستەی بڵێسە دەسێنێت و ئاگری مافیـان لەجەسـتەیا رۆحـی بێنـەوای دەسـووتێنێ،پێمان دەڵێـت :.هەتاکـەی زەبـرو زەنـگ و رەشـەکوژی و ئـازاردان.بەکەمتەرخـەم و تاوانبـار لەقەڵـەممان دەدات،ئـەم کەموکورییـە بـەروومانا دەدات ..پێمـان دەڵێـت:.هـۆ پیاوگـەل زۆر شـەرمە سـەدەی رۆچـوونی نەزانینەو ئێوە تازە بەتازە خەریکی زیندە بەچـاڵکردنی مێینـەن و بیرێـك لەراسـتی و ماف و جوانییـەکان ناکەنەوە،بەشـەرمەزارو ریـسوا دامـان دەنـاو پەنجـەی نـەزانی و ترسـنۆکیمان بـۆ درێـژ دەکـات، پێمـان دەڵێت:.بابڕێتەوە باوکسالاری و کوشتن و نێرپەرستی بەراستی مـەهاباد قـەرەداغی یەکێکە لەشاعیرە ناسراوو چاکەکانی کوردو شـیعرەکانی تژییـە لەوێنـەی دڵـڕفێن و ئیقاعی نـەرم و هـەرگیز لـەهیچ کۆپلەیەکدا ئـەو دیـوی خـەیاڵ و مەعریفـەی لـەیاد نەچووەو شیعرەکانی پانتاییـەکی چاکیان لەدورگـەی هـزرو بـیردا داگیرکـردووە، خۆشحاڵم ژنـە شـاعیرێکی نـاوداری وەکوو مـەهاباد خـان زادەی بـیرو هۆشـێکی زانـستیانە گۆشـی کـردووە، لەمـەیانی بوارەکـانی ئەدەبـدا چ شـیعرو چـیرۆك و رۆمان و .....هتد ....جێ دەستی دیارە. چـرایەکی لەرێگـەی ئـازادی و جـوانی، ماف،داد،تـەبایی، سەربەسـتی، خۆشەویستی،راستگۆیی–بۆ نـەوەی دوای خۆی هەڵگردووە–هزری فراوانی وایلێکردوە لەژانرێکی ئەدەبدا نەگیرسێتەوە..هەمیشە هەوڵی نوێگەری و داهێنان لەخوێنیا رەنگ دەداتـەوە، بـەرەو ترۆپکـی بەخـشش هەنگاوی پاکیزانە دەنێت.

**سەرچاوە/دیوانی مەهاباد قەرەداغی**



دانا کەمال

# تێڕامان لەودیوی دەقەوە

## پیاسەیەك لەگەڵ ( هەژارقانع ) لەدەقی "من دەوەستم و بەیانیەکی تر دێت"دا

بێگومان قسەکردن لە سەر دەق ئەرکێکی ئاسان نیە و پێویستە ئەو دیوی دەق یان سەرجەم ئەو پەیامانەی کە لەودیوی دەقەوە خۆیان حەشارداوە بخرێنە ڕو نیشان بدرێن، هەروەها مافی توێژەرە لە چ دەروازەیەکەوە بەریەك کەوتن لە گەڵ دەقدا دروست بکات و مامەڵەیەکی لەگەڵدا بکات،لێرەوە توێژەر لە دەروازەیەکی نوێوە دەقەکەمان بۆ لێك دەداتەوە کەپێشتر خوێنەر نەی بینیوە و هەستی پێنەکردوە، هەڵبەت بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك بنەما و ڕەگەزی زانستی کەپێش





مەرجی لێکۆڵینەوەیەکی دروستن، سەرەتا توێژەر جۆرە پەیوەندیەك یان بەیەك گەیشتنێك لە میتۆد بەندی دەقدا دروست دەکات لە پێناو ئەوەی کە جۆرە ڕونیەك یان کۆدی ئەو زمانە شیعریەی کە دەقەکەی پێنوسراوە ئاشکرابکرێت،فۆرمالیستەکان بڕوایان وابو کەئەوەی لە دەقدا گرنگە خودی زمانی دەقە، چونکە ئەوان بڕوایان وابو دەبێت لە زمانی دەقەوە بچین بۆ ناوە ڕۆك و ئەو دیوی دەق بەم شێوەیە دەتوانین لە بەها شاراوەکانی دەقەکە تێبگەین، هەڵبەت لێرەوە کاری توێژەر خۆی دیاری دەکرێت کە توێژینەوەکەی لە سەر چ بنەمایەك بنیاد ناوە،خودیانە مامەڵەی لەگەڵ دەقەکەدا دەکات یان وەك تێبینیکەرێکی دەقەکە لە سەرەتا تا دەگاتە ئەو بەیەك گەیشتنەی کە تێڕامانی خۆیەتی بۆ دەقەکە.

ئەگەر ورد بینەوە لەودیوی هەر دەقێك دەبینین واقیعێك بونی هەیە هەڵبەت ئەمەیش نوسەری دەق لەحاڵەتێکی نەخوازراودا پەییان پێدەبات یان نەخشە و زمانی دەق یاریدەی توێژەرە تا هیچ نەبێت بەلایەنی کەمەوە ئەو ژینگەیە دیاری بکات کە دەقەکەی تیا لەدایك بوە ،یان دەکرێت لە پشتی دەقەکانەوە کۆمەڵێك ڕەهەندی دیاری کراو لە خۆبگرێت کە تایبەت بێت بە خودبینی شاعیر خۆی یان تایبەت بێت بە دەرەوەی شاعیر خۆی ،واتە شاعیر لەوحاڵەتەدا جۆرە هاوسەنگیەکی لادروست دەبێت،لەو نێوەندەیشدا دەق دەچێتە خانەی شرۆڤە کردنەوە لەلایەن توێژەرەوە.

ئەوەی کە گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە تێڕامان لەو دیوی دەقەوە بە چوندین پێوەر دەبێت کە دەتوانم ناوی بنێم ئەزمون،چونکە ئەزمون یاریدەی خودی توێژەر دەدات تاکو بەباشی لایەنە باش و خراپیەکانی دەق دیاری بکات،هەروەها ئاگادار بونی توێژەر لە دیدگای دەق و ئەو هێڵکاری وئاڕاستانەی کەلە دەقدا بونیان هەیە هاوکاری توێژەر دەکات کەلێکۆڵینەوەیەکی دروست زانستیانە بهێنێتە بەرهەم.

بیرمان نەچێت دەکرێت دەق هەبێت زەمەن بڕ بێت ، واتە مەودای مانەوەی چەند ساڵ و سەدە بخایەنێت ئەمەیش پەیوەندی بەبونیادی دەقەکە و لێهاتوی توانای داهێنەرانەی شاعیرەکەوە هەیە، لە بەرامبەر ئەمەیشدا دەکرێت دەقێکمان هەبێت مردوبێت یان ماوەی مانەوەی بەزیندوی تەنها چەند ڕۆژێك بێت یان زەمەنێکی کورت بخایەنێت،چونکە هەندێك دەق هەیە بۆ زەمەنێکی دیاریکراو نوسراوە و توانای مانەوەی لەوە زیاتری



نیە.

ئەم دوو حاڵەتەتایبەتیە وەك تەوژمێك دەقە شیعریەکان دەگرنەوە ،دەکرێت نوسەری دەق بەتەمابونێکە هەبێت لە پێکهێنان و دروستکردنی ئەو حاڵەتەی کە خۆی دەیەوێت بگاتە ئەنجامی لێرەدا دەق زەمەن بڕ نابێت ،بەپێچەوانەوە هەندێك دەق هەن ناوازەو دانیسقەن لەودیوی خۆیانەوە چەند ڕەهەندێکیان لەخۆ گرتوە دەکرێت لەزەمەنێکدا ئەو دەقە نوسرابێت جۆرە چێژێکی ئەوتۆی بە خوێنەر نەدابێت ،بەلام دەبینین لەئێستاماندا ئەو جۆرە دەقانە بونیان هەیە و زەمەنی خۆیان بڕیوە و لەئێستادا زیاتر پڕخوێنەرە.

(ڕەشبین ئەگەر ڕەشبینێکی ڕاستە قینەبێت ئەوا گەشبینێکی خاوەن تەجروبەیە)

ئەوەی کە دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێبکەم دەقێکی دانسقەی (هەژار قانع)ە کە چەندین جار بەر خودی دەقەکە کەوتوم و وای لێکردوم کە بیربکەمەوە،دەکرێت بڵێم بەیەکێك لە دەقە ڕەش بینەکانی ناو ئەدەبیاتی کوردی دەبینم کە نوسەری ئەم دەقە بەزمان و تەکنیك و خەیاڵ و کۆمەڵێك وێنەی شیعری دەقێکی ئۆرگانیزمی لێ پێك هێناوە ،هەرچەندە زمانی ئەم دەقە جۆرە سادەییەکی پێوە دیارە بەلام لەپشت ئەم سادەییەوە زۆر پەیامی ئاشکرا و نهێنی بەدیدەکرێت ،هەڵبەت شاعیر دونیا بەو چاویلەکە ڕەشە تایبەتیەی خۆی دەبینێت و پێی وایە ئەوەی کەبەسودە بۆ خودی ژیان ڕەشبینیە ئەمەیش لە دەقی (من دەوەستم و بەیانیەکی تردێت) بەڕونی دەردەکەوێت، ئەەر بەوردی سەیری ئەم شێرە بکەین بەئاشکرا دەتوانین ڕەگەزی ئەو نائومێدی و ڕەشبینیە بەدی بکەین کەلەم دەقەدا بەدی دەکرێت.

**دەزانم حاڵم هیچ باش نیە**
**خەونەکانم ڕەش دەچنەوە**
**وەک بەفری ژێر باران**
**بۆشایی سەرم**
**وەرس بوە لە خەیاڵ**
**بیرکردنەوە**





**خۆمی لە یاد کردوە**
**وەک عەودالێک**
**وەک بوکەڵەیەکی بێ خاوەن**
**کەس نییە ئاگایی لێم بێت**

لێرەدا( هەژارقانع)باس لەو بازنەیە دەکات کە مرۆڤ بەبەردەوامی تێدا دەخولێتەوە و هیچ چارەیەکیش نیە بۆ خۆدەربازبون ئەویش بانەی ژیانە یاخود ژیانکردنە، هەروەها بەڕونی ئەو بێزاریە خودیە بەدی دەکرێت کە شاعیر هەیەتی لەبەرامبەر ژیاندا چونکە ئەو پێی وایە ناکرێت مرۆڤ لەزەمەنێکی دیایکراودا بژی ئیتر بڕێتەوە کەوابێت مرۆڤ هیچ نیە جگە لەبوکوڵەیەکی بێ خاوەن و بێ سەرپەرشت،لێرەدا ونبونی ئومێد یان جۆرە مەئویسیەکی تایبەت بەدی دەکرێت لای ئەم شاعیرە کەلە گەشبینیەکی خاوەن تەجروبەوە سەری هەڵداوە، هەڵبەت ڕەشبینی یەکێکە لەو دەردە باشانەی کە ڕوبەڕوی مرۆڤەکان دەبێتەوە لە هەمو بارێکدا،شایەنی باسە مرۆڤ جۆرە تێکەڵاویەکی لە هەمبەر خودی ئەو ڕەشبینیەدا هەیە کە قوڵ بونەوەی شاعیر یان بیرکردنەوەیەتی لەو گرفتانەی کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە،لەناو نیشانی ئەم دەقەوە دەردەکەوێت کە (هەژار) باس لەو دۆخە نائارامە ناوەکیەی خۆی دەکات لەبەرامبەر کاتدا چونکە پێی وایە گەر مرۆڤ بوەستێ ئەوا بەیانیەکی تر دێت و ئەو جێدە مێنێت لەهەمان کاتدا گەر هەنگاو بنێت بۆ بەیانیەکی تر ئەوا بێگومان ئەمرۆی لەدەست دەچێت کەلەبەیانیدا ڕابردوە بەلام نابێت ئەوەمان بیر بچێت کاتێك کە باس لە دوێنێ دەکەین واتە باش لە ڕابردو دەکەین کاتێکیش باس لە ڕابردو دەکەین ڕاستەو خۆ دەبێت باس لەیادەوەری بکەین چونکە جێمانی دوێنێ واتە جێمانی دنیایەك بیرەوەری هەر بۆیە هەژار بەشێوەیەکی زۆر شاعیرانە باس لە نادڵنیایی مرۆڤ دەکات لە نێوان ئەمڕۆ و بەیانی دا یان لەنێوان ڕابردو و داهاتوی نادیاردا و دەڵێت (من دەوەستم و بەیانیەکی تر دێت، دەڕۆم و ئەمڕۆم لەدەست دەڕوا).

هەژار یەکێکە لە شاعیرە ڕەشبینەکان بەلام ڕەشبینی لای هەژار وەستان نیە هەروەك چۆن ڕازی بونیش نیە بەڵکو بەپێچەوانەوە جوڵەو چالاکییە ،بەواتایەکی تر هەژار قانع شاعیرێکی ڕەشبینی ڕاستە قینەیە بەلام ڕەشبینیەك کەسودی هەیە بۆ دونیا و ژیانی مرۆڤایەتی،چونکە ئەو پێی وایە ئەوەی کە وەك گەوهەروایە بۆ مرۆڤایەتی ئینسانە ڕەش بینەکانن ئەو ئینسانانەن کە دیوە نەبینرا و

ناشـیرینەکانی شـتە جـوان بەنرخـەکانمان پیشان دەدەن.
ڕەشبینی لای"هەژار"وەکو پەڵە هـەور وایە کاتێك کە باڵ بە سـەر ئاسمانـدا دەگرێت، ئەو باس لە خراپی هەمو شتێکی ئـەم ژیانـە دەکات و پێی وایە ئەم زەمەنـەی فەزایـەکی گەورەی لە جەنجاڵی تیا خولقاوە مرۆڤەکان نـاتوانن ڕزگاریـان ببێـت ، چـونکە ئـەم جەنجاڵیە هێنـدە بـەئازارە خـەونی ئینسان دەتوێنێتـەوە وەك بـەفری ژێـر بـاران،ڕۆحی مـرۆڤ دەکوژێـت تەنانـەت بێتاقــەت و وەڕسیــشت دەکـات لــە بیرکردنـــەوە و خـــەیاڵیش،کاتێك ئینـــسان دابڕێـــت لـــە بیرکردنـــەوە و خـــەیاڵ و خـــەون کەواتـــە سیفەتەکانی مـرۆڤ بـونی لەدەسـت داوە و وەك ڕۆبۆتێـك یـان وەك بوکەڵەیـە کـی بـێ ڕۆحـی لێهـاتوە و بەکـەڵکی هـیچ شـتێك نەماوە. مـەولانای ڕۆمی دەڵێت"مرۆڤـەکان تـــەنیا دەرکـــن"واتـــە مرۆڤایـــەتی لـــە جەنجاڵیەکـدا دەژی تەنانــەت دەرکــیش بەبونی خۆمان ناکەین،"هەژار" باش حاڵیـە لە جەنجاڵیەکانی ژیـان، ئـەو نیگەرانـە، ئـەو ڕەشـبینە، ئـەو دەرك بەئاڵۆزیـەکانی نـاو زەمـەن دەکـات، ئـەوز دەیـەوێت مرۆڤـەکان هۆشـیاربن بەرامبـەر بـەو بەریـەك کەوتنـە مەترسـیدارانەی کەلـەنێوان مرۆڤـەکانی ئـەم سەدەیەدا بونی هەیە، "هەژارقانع"بەردەوام گرفتی لەگەڵ گەردون وباشیەکانیدا هەیـە پێـی وایـە گـەردون ئەوەنـدەی کـە ئـازاری ئەمی داوە ئەوەندە ئاسـودەیی بـە ڕۆحـی نەبەخـشیوە ، هـەر ئـەم ڕازی نەبونەیـەتی بەگــــەردون بوەتــــە ســەرچــــاوە بیرکردنەوەیەکی ڕەشبین ئـامێز کـە ڕەگـی بـــە نـــاو هـــەمو شـــیعرەکانیدا داکوتاوە،"هـەژار"لـە چـەند دێڕێکـی تـردا جـۆرە مەسـتبونێکی خـۆی بەرامبـەر بـە ڕۆیـــشتنی زەمـــەن و نەگەڕانـــەوەی دەردەخـات کـە لـەم ڕووەوە دیـسان هـەر ڕەشبینە و دەڵێت:

**لێرەوە دەڕۆم**
**وەک گەریدەیەکی بێ شوناس**
**تێ دەپەڕم**
**وەک خەونیکی ناخۆش**
**لە سەری پیاوێکی مەستدا**
**سەفەر دەکەم و ئەمڕۆم لە دەست**
**دەڕوا**
**دەوەستم و بەیانیەکی تردێت**
**گوێم لە منداڵیمە**
**بە دەنگێکی زوڵاڵ بانگم دەکات**
**بەڵام ئەفسووس**
**ئێستا پیری کەلەپچەی کردووم**

(کیرکەگۆر) لەکتێبی (نەخۆشی تـامردن)دا دەڵێـت"خـود، بـون نیـە بـەڵکو هەبونـە"





لێرەوە ڕون دەبێتەوە بۆمان کە ئێمەی مرۆڤ بمانەوێت ئەو خودە بین کە دەمانەوێت بـبین بەڕاستی نین ،بەڵکو گەڕانـە بـەدوای تـەواوی ماناکـانی خـود بونـدا ، واتـە ئـەکتیڤ بـونی خود لە هەمو ڕویەکـەوە کەئێمـە پێـی ڕازیـن ،ئەمــەیش دەســتکەوتنی مەحاڵــە و جــۆرە ڕەش بینیەك لەلایەن خودەوە دروستدەکات ، ڕەشــبینی لای "هــەژارقانع"بیــزاری نیــە لــەژیان بــەڵکو خۆشەویــستیەتی بۆژیــان، ڕشبینی ئەو بەشێك نیە لەبێزاری ژیان بوڵکو ئەشـقی قـوڵی بـۆ ژیـان وای کـردوە کـە ڕەشبینبێت لەژیان، ئەو ڕەشـبینی و ئـازاری خـۆی ناگۆڕێتــەوە بــە بەهەشــتی ئینــسانە گەشبینەکان چونکە پێی وایە ئـازاری خـۆی پڕیەتی لە بەهای ئینسانیەت دۆزەخی خـۆی پڕییــەتی لــەمانا قــوڵ و جوانــەکانی ژیــان لەبەرامبەر ئەمەیشدا بەهەشتی گەشبینەکان لێوانــە لــە ڕیاکــاری و ڕازی بــون و گێلــی و مێگـەلی، بـەڵام دۆزەخەکـەی خـۆی پڕیـەتی لەڕاسـتگۆی و سـودمەندی، دەکرێـت لێـرەدا ئـەوە بلێم و دانی پیادا بنـێم کـە شکـستی مـرۆڤ لـە ڕەشـبینیدانیە ، بـەڵکو جۆرێکـە لەڕاسـتگۆیی خـودی کەسـی ڕەش بـین لـە هەمبـــەر ڕوداوەکـــانی واقیعـــدا، ئـــەوەتا ڕاسـتگۆیانە مامەڵـە لەگـەڵ چـواردەوری دەکـات و ڕەشـبینی خـۆی بـۆ مرۆڤـەکان دەردەخات و دەڵێت:

**ئەوان دەبینم**
**بۆنی عەتریان لێ دێت**
**نیرگز دەدەن لە یەخەیان**
**دەنگی پێکەنینیان**
**تا ئەو سەری زەمەن دەڕوا**
**بۆنی هەموشتێکیان لێ دێت**
**ئەمما من**
**ئەم بێ بۆنیەی خۆم کاسی کردوم**
**تکایە مردن لێرەوە تێ پەڕە**
**دەمێکە**
**لەم سەری کۆڵانەکەدا ڕاوەستاوم.**

لۆجیکی ڕەشبینی واتایەکی قوڵە بۆ ژیان، بــەڵام کــە مــرۆڤ بــێ ئاگایــان ڕوانیــە سنورەکان ئیدی تێکشکاندنێك لە مابـەینی مرۆڤ و زەمەندا ڕودەدات،ئەویش مرۆڤە کە خۆڕازێنـــەرەوەی خۆیـــەتی لـــە واعیعـــدا، چونکە ئەو لەسەرتادا دەرکی بەڕوداوەکان نـەکرد ئـیتر دۆخـی مرۆی تـا قەوارەیـەکی دیاریکراو دەکەوێتە بـەر لێشاوی ئەوانـەی کە ڕەشبینن، مرۆڤ کە گەشبین بو حەتمەن دژێکی هەیە لەبەرامبەریدا ئـەویش مرۆڤـی ڕەشـبینە کـە ئاگاییـەکی باشـی هەیـە بەرامبەر بەشتەکان و دەتوانێت زۆر بـاش هەقیقـەتی شـتەکان ببینێـت بـە هـەمو ڕەهەندە

جیاوازەکانیەوە،(هەژارقانع)یەکێکە لەو شاعیرە ڕەشبینە باشانەی کەدەتوانێت بەڕونی ڕوی ڕاستە قینەی شتەکان ببینێت، هەرچەندە ئەم شاعیرە تەواو ڕەشە و وەك سوتو دەبینرێت بەلاّم لەپشت ئەم ڕەشیەوە ڕۆحێکی تایبەت مەند و بەسود بۆ مرۆڤایەتی دەبینرێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش لەم دەقە شیعریە تێبگەین دەبێت پێشا دوو جۆر مرۆڤ جیا بکەینەوە ئەویش یەکەم مرۆڤی بەکەڵك یان مرۆڤی بالاّ ، دوەم مرۆڤی بێکەڵك یان مرۆڤی وەستاو و بێ چالاکی و سادە، پێویستە ئەوەیش بلێم کە مرۆڤی بالاّ ئینسانە ڕشبینەکانن چونکە تەنیا ئەوانن کە دەتوانن پرسیاری گەورە و دیوە نادیارەکانمان پیشان بدەن، پەیوەست بەم باسەوە دەتوانم بلێم کە "هەژار" لە جۆری دوەمە،چونکە لەناخەوە تاریکە و لە هەمان کاتدا مرۆڤە خۆشبەختەکانیش وەك کانزا دەبینێت، بەلاّم گرفتەکە لەوێدا سەر هەڵدەدات کە ئەم نوسەرە پێوایە ئەو کانزایانە ناتوانن ڕوناکی دڵی ئەم پڕبکەنەوە و جێگەی تموحی ئەم نین، لە هەمانکاتدابەداخە بۆ وەستاویان و چالاك نەبونیان لە ژیاندا،(هەژار) بەڕنی ئاماژە بەوەدەکات کە گەشبینی مرۆڤ لەم سەدە جونجاڵەدا مەرگی لێدەکەوێتەوە، ەك مەرگی ڕاستەقینە بەمانا فیزیکیەکەی، بەڵکو مەبەست لەمەرگ مەرگی مەعریفەیە.

ئەگەر ورد بینەوە لە کۆتایی دەقەکە ئەوا بەڕونی جۆرێك ڕەشبینی هەقیقی لە کۆتایی و قوفڵی شیعرەکەدا بەدی دەکەین کە بەهیچ کلیلێکی گەشبین ناکرێتەوە و دەڵێت" تکایە مردن لێرەوە تێ پەڕە، دەمێکە لەم سەری کۆڵانەکەدا ڕاوەستاوم"شایەنی باسە "ئەنتیگۆنا" لە دێڕێکدا دەڵێت "ئەوەی کەمن دەبێت لە ئەستۆی بگرم، مەرگێکی جوانە"لێرەدا مەبەستمە ئەوەبلێم کە(هەژارقانع) بەهەمان شێوەی ئنتیگۆنا بەهێواشی داوای مەرگی خۆی دەکات ، چونکە هەژاریش زەمەنێکە لەدوای مەرگێکی باش و بالاّ دەگەڕێت و بەردەستی نەکەوتوە، بەلاّم ئەوەی ێکە هەژار لەنزیك مەرگەوە دەهێڵێتەوە و ئازاری سەرەمەرگی پێدەبەخشێت مرۆڤە گەشبین و کاڵفامەکانی ئەم سەرزەویەیە.





سەرچاوەکان
١ـ تیۆرەکانی وەرگرتن(د.یادگار لتیف شارەزوری)
٢ـ مۆڤی یاخی (ئەلبێر کامۆ)
٣ـ چێژی مەرگ دۆست(بەختیارعەلی)
٤ـ غەمەجڤاتیەکان(فاروق ڕەفیق)
٥ـ چیرۆکە نەمرەکانی فەلسەفە



لێکۆڵینەوە

# یەکەمین خۆشەویستی

بەنگین پیرۆت نوری

" کورەکەم لە عیشقی ژنان دووری بکە، واز لەو خۆشی و بەختەوەریە کاتی و ژەهراویە بێنە. " ئەوە قسەی ئەو باوکەیە کە نایەوێت کورەکەی ئاڵودەی ژەهری شیرینی عەشق ببێت،کە ڕۆمانی "یەکەمین خۆشەویستی " چیرۆکی ئەو دڵدارانەمان بۆ دەگێڕێتەوە یەکەم جار ئەفیۆنی عەشقیان کێشاوە.

ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت مرۆڤ دەتوانێت هەموو ئەو شتانە لەبیر بکات کە هەی بوون و لەدەستی چوون،بەڵام هەرگیز ناتوانێت یەکەمین نیگا و یەکەمین موچڕکی یەکەمین عەشق لەبیر بکات کە لەدەریای بێ بنی خۆشەویستی نقومی بووە. مرۆڤ دەتوانێت ئیمانی لەبیر بکات،بەڵام بۆ یەك چرکەش هەرگیز ناتوانێت یەکەمین خۆشەویستیی لەبیر بکات کەپەرستگای ئیمانیەتی.مرۆڤ دەتوانێت خۆی لەبیر بکات،بەڵام ناتوانێت ئەو کەسە لەبیر بکات خۆشی دەوێت.







مرۆڤ دەتوانێت ماوەیەك بەبێ نان و ئاو بژیت،بەڵام هەرگیز ناتوانێت بۆ ئەبەد تا سەر دەخاتە سەر گۆری مەرگ بەبێ خۆراکی خۆشەویستی بژیت.

مرۆڤ دەتوانێت بەرگەی پڕ ئێش ترین ئازاری جەستە بگرێت پاشان بۆ هەتایە ئەو ئازارە لەبیر بکات،بەڵام هەرگیز ناتوانێت تاڵ و شیرنی یەکەم خۆشەویستی لەدڵی دەر بهێنرێت کە بەناو دەمارەکانیدا بڵاو بوونەتەوە.کەواتە مرۆڤ ئەو کاتە مرۆڤێکی عاشقە هەروەك "زینائیدا"ی شۆخ و شەنگ ووتی عەشق ئەوەیە:غرووری من تێك بشکێنێ و لەنێوی بەرێ"

خۆزگە ئەم رۆمانە نەمخوێندبایەوە و هەر لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکەمدا تۆزی لەسەر نیشتبا و بەدیاری لە وەرگێری بەڕێز کاك "محمود عومەر حەمە" وەرم نەگرتبا، ئەگەر دەشمزانی "ئاسیا"کەی من و چیرۆکی من لێرە لەناو ئەم پەرتوکەیە و ئەو گڕەی لەژێر خۆڵەمێش خامۆش ببوو،جارێکی تر گرم تێبەردەداتەوە و یەکەمین ئاخی یەکەم خۆشەویستیم دەکولایەوە،هەرگیز ئەم ڕۆمانەم نەدەخوێندەوە،ئێستا منیش وەك"ن" ئەو زامەم دوای چەند ساڵ کولایەوە و دەڵێم خۆزگە بەو کچە نەم دەووت خۆشم دەوێیت کە خۆشم دەویست،ئاخ بەڕاستی ئاخی یەکەم عەشق و وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕابردوە گەلێك بەسوێییە.

ئەوەی ئەم ڕۆمانانە لە ڕۆمانەکانی تر جیا دەکاتەوە،بوونی چیرۆکە لەناو چیرۆکی ڕۆماندا،واتا لەچیرۆکی ناو ڕۆمانەکەدا چیرۆکێکی تر هەیە کە کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە دەیگێڕیتەوە،پێشم وایە تێکەڵ کردنی چەند چیرۆکێك لەگەڵ چیرۆکی ناو ڕۆمانەکە تام و چێژی ڕۆمانەکە خۆشتر دەکات و هێنانەوەی خوێنەرە بۆ ناو ڕۆمانەکە نەك دابڕانی،هەروەك ئەوەی "گاگین"لەبارەی خۆی و "ئاسیا"دەیگێڕێتەوە. یان بوونی چیرۆك لەناو چیرۆکدا، یاخود گێڕانەوەی چیرۆکێکی تر لەدەمی کارەکتەرێکدا وەکو بەردەستە کۆنەکەی باوکی گاگین "یاکیف".بەڵام بوونی چیرۆکێکی تر لەناو چیرۆکی ڕۆمانەکە کە پەیوەندیان بە رووداوەکانی یەکترەوە نیە،ڕۆمانەکەی دابەشکردوە بە دوو چیرۆکی جیاواز لەناو یەك ڕۆماندا،خوێنەر ئەو کات هەست دەکات دوو چیرۆکی جیاوازن کە چیرۆکی دووەمی خوێندەوە چونکە لەچیرۆکی یەکەمدا نازانرێت روداوەکانی ناوچیرۆکەکە کام سەردەمەیە نوسەری ڕۆمان ئیڤان تورگنێڤ باسی دەکات.لەدوای لەلاپەرە"٨١" چیرۆکێکی تر کە باس




لەکەسانی تر دەکات و لەناو ڕۆمانەکەدا جێیی کراوەتەوە،دەست نیشانی کات و ساڵ و سەردەم و وڵاتەکەشی کردوە.بۆیە ئەم دوو چیرۆکە هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نیە،دەبوایە وەرگێر بەنوسینی پێشەکیەك باسی ئەوەی بکردایە کە ئەمە ڕۆمانێکە دوو چیرۆکی جیاواز لەخۆ دەگرێت.دەبوایە کورتەیەك لە ژیانی نوسەری ڕۆمانەکە یان نوسینێك کە لەسەر ئەم ڕۆمانە نوسراوە وەرگێر، وەری بگێڕایە. لەلاپەرە"٦"یش نوسراوە "ئاخ گەنجێتی.بە چ شتە گەلێك کە خۆ بەدەستەوە نادەیت و نادۆڕێنی؟ " نەدەبوایە لە کۆتایی ئەم ڕستەیەدا نیشانەی پرسیار"؟" هەبوایە چونکە ئەو پرسیار ناکات،ئەو ڕستەیەك دەڵێ و ویستویەتی تەواوی بکات. هەروەها لەلاپەرە "٣٦"یش دەبوایە نوسرابا "لەگەڵم دێتە دەرەوە" نەك بنوسرێت "لەگەڵم بێتە دەرەوە" چونکە ئەو میوانی گاگینە و گاگینیش وەك عورفی میوانداری دەبێ لەگەڵی بچێتە دەرەوە،بەپێی عادەتی میوانداری خانەخوێ داوا لە میوان ناکات لەگەڵی بچێتە دەر بەڵام میوان داوا لەخانەخوێ دەکات ئاسایە کە لەگەڵی نەیەتە دەرەوە. سەبارەت بە ناوی "زینائیدا " "زینائیدام" بەم شێوەیە هەر جارە و بە جۆرێك ئەم ناوە بەرچاو





دەکەوێت بۆیە هێشتا نەمزانی کامە ناوە،ئەو ناوەیە کە کارەکتەرەکەی پێ بانگ دەکرێت،ئایا :زینائیدام" یان "زینائیدا"؟ بگێڕەوە جگە لەوەی چیرۆك خوانی ڕۆمانەکەیە،خۆشی چیرۆکی هەیە لەسەر خۆی بیگێڕێتەوە نەك هەر ڕووداوی ڕۆژانەی کەسانی تر بکات بە چیرۆك.هەروەها ئەوەی زیاتر خوێنەر ئاوێتەی ڕۆمانەکە دەکات باسکردنی جوانی سروشت و پاکی ئەو ژینگەیەیە کە ڕۆمان نوس بۆ سروشتی و شاری"ز" و "ل" و ڕووباری "ڕن" کێشاویەتی.یان ئەوەی پتر ڕۆمانەکەی خۆشتر کردوە جۆری زمانی وەرگێڕانەکەیە ئەوەندە کوردانەویەتی هەر حەز دەکەی بیخوێنیتەوە.

لێرەوە دەستخۆشی لەوەرگێر کاك محمود عومەر حەمە دەکەم هیوادارم و ئومێد دەکەم بەوەرگێڕانی بەپێز تر کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکات.

ڕۆمانی "یەکەمین خۆشەویستی" نوسینی "ئیڤان تورگنێڤ" وەرگێڕانی لەفارسیەوە "محمود عومەر حەمە" دەزگای وەرگێڕان : هەولێر ٢٠١٢



# چارلس دیکێنز*

## بە بۆنەی تێپەڕبوونی دووسەد ساڵ بەسەر لەدایکبوونیدا

### بەشی دووەم

دکتۆر سەلاح بابان

دیکێنز، مرۆڤێکی بەسۆز و دادپەروەر بوو. نووسینەکانی کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی ساکار و کاربەدەستانی بەریتانیا و هەموو جیهان.

*****

دیکێنز، ناسیاوێتی لەگەڵ ژنێکدا پەیدا کرد ناوی "مس کۆتس "Miss Coutts دەبێت. ئەو ژنە، لە باوکییەوە، سامانێکی زۆری بۆ مابووەوە" خاوەن بانق دەبێت. دەوڵەمەندترین ژنی ئەوسای بەریتانیا دەبێت. ژنێکی زۆر بە ئاین دەبێت. حەزی دەکرد بە جۆرێك یارمەتی هەژارەکانی گەلەکە بدات. هەرچەندە دیکێنز، پیاوێکی ئەوەندە بە ئاین نەبوو، بەڵام، بە ئەرکی خۆیی دەزانی، لە پێناوی کردەوەیەکی ئەوەندە باشدا، بە هەموو توانای، هاوکاریی لەگەڵدا بکات. ئەنجامی ئەو هاوکارییە، دەبێت بە کردنەوەی چەند خوێندگایەك بۆ منداڵە هەژارە بێکەسەکان. دیکێنز، هەرچەندە زۆر زۆر ئیشی تری





خۆیی هەبوو، بەڵام بە ئارەزوویەکی زۆرەوە، بە خۆڕایی، خۆی دەکات بەڕێوەبەری گشتی ئەو خوێندنگایانە" جگە لە مامۆساتا و ئێشکەری باش، خواردن و جێی ژیانیشی بۆ ئەو منداڵانە دابین دەکرد. دوای ئەوە "مس کۆتس"ی رازی کرد کە خانوویەکی گەورە بکرێت و بیکات بە ماڵ و فێرگا بۆ کچە گەنجە بەرەڵا بێ کەسەکانی لەندن. ئەوانەی کە ئامادەبوون گەشت بکەن و بچن لە دەرەوەی بەریتانیادا، دەست بە ژیانێکی تازە بکەن. مس کۆتس، ئەو پێشنیازەی پەسەند دەکات و خانوویەك دەکڕن و ناوی دەنێن "ماڵ Home".

ئەو کچانە، زۆریان، یان سۆزانی بوون، یان لەبەر نەبوونی، بە رێگاوە بوون بەرەو ئەو پیشەیە. بێگومان، داخوازکەر زۆر بوو و "ماڵ"ەکە بەشی هەموویانی نەدەکرد. دوای ئەوەی دیکێنز، خۆی دەیبینێ، بڕیاری دەدا کامەیان وەربگرێت. لەو ماڵەدا، کچەکان، نزیکەی ساڵێك دەمانەوە. لەو ماوەیەدا، دوای ئەوەی فێری نووسین و خوێندن و پیشەیەك دەکران، ئیشێکیان بۆ دەدۆزینەوە لە ئوستراليا، لە کەنەدا، یاخود ئەفریقای باشوور و دەیاننناردن بۆ ئەوێ. لە دواییدا زۆریان شوویان دەکرد و بە شادمانی بۆ خۆیان دەژیان.

دەیان ناردن بۆ دەرەوەی بەریتانیا لەبەر سێ هۆ"

– ئەوساکە باری ئابووری لە بەریتانیا باش نەبوو و ئاسان نەبوو ئیشیان دەستبکەوێت.

– بۆ ئەوەی دووربکەونەوە لە هاوڕێکانی جارانیان و نەگەڕێنەوە بۆ پیشە کۆنەکەیان.

– لە دەرەوەی بەریتانیا، کەس نایان ناسێت و بە ئاسانی دەتوانن ژیانێکی تازە دەستپێبکەن.

*****

لە مایسی ١٨٤٣ دا، دیکێنز دەچێت بۆ سەردانی چەند کارگەیەکی گەورە. لەوێدا دەبینێت لە چەند بارودۆخێکی گراندا ئەو کارکەرە نیوە برسییە داماوانە ئیش دەکەن. لە ناویاندا زۆر منداڵی دە، دوانزە ساڵی دەبینێت. کە دەیبینین، منداڵیی خۆیی دەهاتەوە بیر و بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە. دوای ئەوە بڕیاردەدات کە هەموو ساڵێك بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی "عیسا"وە ، چیرۆکێك بنوسێت کە بە جۆرێك پەیوەندیی بەو رۆژە پیرۆزەوە هەبێت و بە ماوەیەکی

کەم، لە پێش "کریسمەس"دا١، بڵاوی بکاتەوە. مەبەستی ئەوە بوو کە بەو چیرۆکانەی، دەروونی نیوە مردووی کاربەدەستانی گەلەکە ببووژێنێتەوە. بۆ ئەوەی بەڵکو بێن بە فریادی ئەو کلۆڵانەوە. "گۆرانی کریسمەس "Christmas Carol یەکەم چیرۆکی "کریسمەس"ی دەبێت. لە ماوەی حەفتەیەکدا، لە دوای بڵاوکردنەوەی،

شەش هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێت. دوای ئەوە هەموو "کریسمەس"ێك گەلەکە، بەو بۆنەیەوە، چاوەڕوانی چیرۆکێکی نوێی دیکێنزی دەکرد.

ساڵی ١٨٤٣، ڕۆمانی "دەیڤید کۆپێرفیلد David Copperfield"، بڵاودەکاتەوە. لەم ڕۆمانەدا، بگرە، باسی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەم بەرهەمەی، بە یەکێك لە شاکارەکانی دادەنرێت.

تۆلستۆی٢ دیکێنزی زۆر خۆشدەویست. بەتایبەتی لە دوای ئەوەی ڕۆمانی "دەیڤید کۆپێرفیلد"ی خوێندەوە. ئەو "دیکێنز"ی بە باشترین نووسەری سەدەی نۆزدەهەم دادەنا" هەمیشە وێنەیەکی ئەوی، لە نووسینگەکەی خۆیدا، هەڵدەواسی.

فرێدریك ئێنجلس،٣ لە نووسینەکانیدا، ڕەخنەی لە نووسەرەکان دەگرد، لەبەر ئەوەی ڕۆمانەکانیان، بە جۆرێکی گشتی، دەربارەی ژیانی چینە خانەدانەکانی گەلەکەیە و گوێ نادەنە ژیانی هەژارەکانی. بەڵام، ستایشی" کارلایل Carlyle"ی٤ دەکرد. وا دیارە، ئەوسا، ئێجلس، هێشتا نووسینەکانی دیکێنزی نەخوێندبۆوە.

لەو ساڵانەدا، ئەوانەی بەرگری ماف کارکەر و هەژارانی گەلەکەیان دەکرد، کەم نەبوون. بەڵام، کارلایل و ئێنجلس و دیکێنز، لە پێش هەمایونەوە بوون.

*****

ساڵی ١٨٤٤، دیکێنز، بە خۆی و ماڵ و منداڵەکانییەوە، دەچێت بۆ ئیتالیا بۆ گەڕان و حەسانەوە. لە ڕێگەدا، دوو ڕۆژ لە پاریس دەمێنێتەوە. ئەوە، یەکەم جاری دەبێت کە پاریس ببینێت. بەشی زۆری ئەو دوو ڕۆژە، بە تەنیا لەسەر جادەکانیدا دەسووڕایەوە و سەری سووڕدەما لە جوانی جادەکانی، بیناکانی، پەیکەرەکانی، باخەکانی، گەلەگەی و هەموو شتێکی. فەرەنسییەکان، بە سروشت، هەمیشە دەروونێکی ئازاد و سەربەخۆیان هەبوو و لە گەلانی تر زیاتر بایەخیان بە ئەدەب و هونەر دەدا. لەبەر ئەوە دیکێنز، زۆر ڕێزی دەگرتن و بە پێگەیشتووترین گەلی دادەنان.

---

(١) کرسمەس" بە جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا، بیستوپێنجی کانوونی یەکەم، دەڵێن کریسمەس.

(٢) تۆلستۆی (١٩١٠-١٨٢٨ Tolstoy)" یەکێکە لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی رووسیا و هەموو جیهان. "جەنگ و ئاشتی" و "ئانا کەرێنینا"، لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانین. تۆلستۆی، دیکێنزی زۆر خۆشدەویست و لە ژووری خوێندنەکایەدا، وێنەیەکی ئەوی هەڵواسیبوو و ئەوی بە باشترین نووسەری سەدەی نۆزدەهەم دادەنا.

(٣) فرێدریك ئێنجلس( Friedrich Engels ١٨٢٠-١٨٩٥) فەیلەسووفێکی





سۆشیالیستی ئەڵمانییە. لەگەڵ "مارکس"دا پێکەوە ساڵی ١٨٤٨ "بەیاننامەی کۆمیونیست Communist Manifesto"یان دەرکرد.

(٤) تۆماس کارلایل( Thomas Carlyle ١٧٩٥-١٨٨١) مێژوونووس و فەیلەسووفێکی سکۆتلەندییە. یەکێك لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەو، "شۆڕشی فەرەنسی"یە.

لە پاریسەوە دەچێت بۆ مارسیلیا و لەوێوە بە پاپۆڕ دەچێت بۆ جێنیوا. لە ناوەڕاستی تەمووزدا دەگاتێ. لە ئیتالیا ساڵێك دەمێنێتەوە. لەو ساڵەدا، بگرە هەموو شار و جێگە گرنگەکانی ئیتالیا" ڕۆما، ڤێنیس، فلۆرێنس، پیزا، فێرارا، ڤێرۆنا، میلان و زۆر جێگەی تر، دەبینێت

لە ئیتالیاوە دەچێت بۆ سویسرا و بەلجیکا و زۆر وڵاتی تریش. لە کانوونی یەکەمی ١٨٤٦دا، دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. لە پاریس، جگە لە کۆشکی "ڤێرسیلێ Versailles" و مۆزەخانەی "لووڤەر Louvre" ، زۆر جێگەی تریش دەبینێت. هەروەها دەچێت بۆ سەردانی هەندێك نووسەر و هونەرمەند. یەکێك لەوانە "ڤیکتۆر هوگۆ Victor Hugo"١ دەبێت. دیکێنز، سەری سووڕدەمێت لە ئازادیی بیرکردنەوە و شێوازی دواندنی و زمانی شیرینی ئەو پیاوە. دوای دووەم چوونی بۆ فەرەنسا، ئەو وڵاتەی هەر تەواو خەشویست. "فەرەنسا"ش ئەوی خۆشدەویست" هەموو نووسینەکانی دیکێنزیان وەرگێڕابوو بۆ سەر زماناکەی خۆیان.

دیکێنز، هێشتا لە تەمەنی بیستوهەشت ساڵیدا بوو، کە دەستکرا بە وەرگێڕانی نووسینەکانی بۆ زمانی ئیتالی و فەرەنسی و ئەڵمانی و رووسی و زۆر زمانی تریش.

*****

ساڵێ ١٨٤٨، ڕاپەڕین و شۆڕشی هەژاران و چینی کارکەران، بگرە، هەموو ئەورووپای گرتبووەوە" ئیتالیا و ئەڵمانیا و نەمسا و فەرەنسا. دەگەیشتە ئینگلتەرەش، ئەگەر زوو فریای نەکەوتنایە" ئەوساکە (جۆن ڕەسێڵ)، سەرۆك وەزیران دەبێت. لە کاتی ئەودا، زۆر لە یاسا کۆنەکان، نوێ دەکرێنەوە بە جۆرێك کە ماف کارکەر و هەژاران بە جۆرێك بپارێزرێت.

لە فەرەنسا، مەلێك، لویس فیلیپ، ناچار دەکرێت واز لە تەختەکەی بهێنێت. بەوە ڕژێمی کۆماری، هەمدیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا.٢

دیکێنز، کە ئەوە دەبیستێت، زۆری پێ خۆشدەبێت. دەڵێت" هەر بژی ڕژێمی کۆماری و هەر بژی گەلی فەرەنسی. بەڵام لە دواییدا، کە "ناپۆلیۆنی سێیەم Napoleon III"، هەڵدەبژێرن ببێت بە سەرۆك کۆمار، ئەو هیوا زۆرەی کە هەیبوو بە گەلی فەرەنسی، کەمدەبێتەوە. دیکێنز، ناپۆلیۆنی سێیەمی٣ دیبوو و دەیناسی. لەبەر ئەوە، زۆر سەیری لێدێت کە گەلێکی



ئەوە رۆشنبیر، مرۆڤێکی ئاوا هەڵبژێرێت بۆ سەرۆکایەتی. وە بە تایبەتی پیی ناخۆشدەبێت کە ناپۆلیۆنی سێیەم، وەکو مامەکەی خۆی، ناپۆلیۆن پۆناپارت، خیانەت لە کۆمارەکە دەکات و خۆی دەکات بە ئیمپراتۆر.

*****

---

(١) ڤیکتۆر هوگۆ ( Victor Hugo ١٨٠٢–١٨٨٥)" نووسەرێکی فرەنسی زۆر بەناوبانگە. یەکێك لە رۆمانە بەناوبانگەکانی ئەو، "داماوەکان Les Miserables"ە

(٢) شۆڕشی فرەنسی، ساڵی ١٧٨٩، کۆتایی بە رژیمی مەلیکی دەهێنێت و رژیمەکەیان دەبێت بە کۆماری.

(٣) ناپۆلیۆنی سێیەم، کوڕی برای ناپۆلیۆن پۆناپۆرتە. وەکو چۆن مامی کاتی خۆی، ساڵی ١٧٩٩، خیانەتی لە کۆماری یەکەم کرد و خۆی کرد بە ئیمپراتۆر، ئەمیش ساڵی ١٨٥١، خیانەتی لە کۆماری دووەم کرد و خۆی کرد بە ئیمپراتۆر.

چگە لەوەی کە دیکێنز، نووسەر و ئەکتەر و گۆرانی بێژێکی باش دەبێت، پیاوێکی زۆر باش و دڵنەرم و بەسۆزیش دەبێت" هەمیشە بیری لە هەژار و داماوەکانی گەلەکە دەکردەوە و بە هەموو جۆرێك یارمەتی دەدان. بەڵام بە داخەوە نە مێردێکی باش دەبێت، نە باوکێکی باش.
یەکەمین یاری دڵی گەنجێتییەکەی، ماریا





بێدنێل، کە شووی پێ ناکات، جێ برینێکی گەلێك قووڵ لەناو دڵی ئەو لاوەدا بەجێدەهێڵێت" دوای ئەوە، جگە لەوەی لە دڵداری دەترسا، قەت باوەڕیشی نەدەکرد کە رۆژێك بەڕاستی حەز لە کچێکی تر بکات.
لەبەر ئەوە لە دوای چەند ساڵێك، کە "کاپرین"ی بینی و تۆزێك دۆستایەتی کەوتە بەینیانەوە، هێنای. کاپرین، دە منداڵی لێی دەبێت. یەکێکیان هەر بە منداڵی دەمرێت و نۆیان دەمێننەوە.
دیکێنز، هەموو ژیانی بە کاروباری نووسین و بەرهەمەکانی خۆیەوە خەریك بوو. کاتی نەبوو بۆ منداڵەکانی. لەبەر ئەوە، پەیوەندیی گەرمی نەبووە، نە لەگەڵ ژنەکەیدا، نە لەگەڵ منداڵەکانیدا.
زۆر ساڵ لەدوای ئەوەی، مێری، خوشکە ناونجییەکەی ژنەکەی، بە حەڤە ساڵی، لە باوەشیدا دەمرێت. جارێکیان، لەگەڵ ژنەکەیدا، لە ئیتالیا دەبێت. لە ژووری نوستنەکەیانەوە کڵێسەیەك دیاربوو و دەنگی لێدانی زەنگەکانی دەگەیشتە گوێی. شەوێکیان، دیکێنز، سەیری ئەو کڵێسەیەی دەکرد تا خەوی لێدەکەوێت. لە خەویدا تەرمایی ژنێکی گەنجی جوان، بە رۆبێکی شینەوە، دەبینێت. وادەزانێت حەزرەتی مەریەمە. لە خەوەکەیدا، دەستەکانی خۆی، بۆ تەرماییەکە درێژ دەکات و بە گریانەوە لێی نزیك دەبێتەوە. کە دەگاتێ، سەیردەکات ئەمە "مێری"یە و لێی دەخوازێت کە ببێت بە کاپولیك. ئا لەو کاتەدا لەخەو رادەپەڕێت. کە رادەپەڕێت، هێشتا دەگریا و لە چاوەکانییەوە فرمێسك دەباری. کە ژنەکەی لێی دەپرسێت، چیتە؟ خەوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

*****

رۆژێکیان، ساڵی ١٨٥٦، نامەیەکی بۆ دێت. کە دەیکاتەوە سەیردەکات نامەکە، لە یەکەم "یاری"یەوەتی، ماریا بێدنێل. زۆر زۆری پێ خۆشدەبێت. زوو وەڵامی دەداتەوە و بۆی دەنووسێت کە حەز دەکات ببینێت و ئێستاش هەر وەکو جاران خۆشیدەوێت. ماریا، وەڵامی دەداتەوە و دەنووسێت" من وەك جارانم نەماووم" ناشیرین بوو'وم، پیر بوو'وم، قەڵەو بوو'وم و دانەکانم هەموویان کەوتوون. من نەبینیت بۆ هەردووکمان باشترە. لە وەڵامەکەیدا بۆی دەنووسێت" تۆ هەرچۆنێك بیت، هەر وەك جارانت دێیتە بەر چاوەکانی من. ژووانێکی١ بۆ دادەنێت یەکتری ببینن. کە دێت، دیکێنز ژنێکی قەڵەوی ناشیرینی بێ دانی زۆر چەنەباز دەبینێت" یەکسەر لەبەر چاوی دەکەوێت و ئیتر نایبینێتەوە.

*****

---

(١) ژووان" مەوعد.

دیکێنز، هاوڕێیەکی نووسەری گەنجی دەبێت، ناوی "ولیام کۆلینس William

"Collins" دەبێت. شانۆگەرییەك دەنووسێت بە ناوی "قوولاویەکی بەستو The frozen Deep" ئەمە لەبارەی کۆمەڵێك کەسەوە دەبێت دەچن بۆ بینینی جەمسەری باکووری زەمین.١ کۆلینس، بەرهەمەکەی دەهێنێت بۆ دیکێنز، بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە. پاش ئەوەی دیکێنز کەمێك دەستکاریی دەکات، ساڵی ١٨٥٦ بڵاودەکرێتەوە.

دیکێنز، شانووگەرییەکەی زۆر بەدڵ دەبێت. حەزدەکات لەسەر شانۆ پیشان بدرێت و خۆی یەکێك بێت لە ئەکتەرەکانی. کە لەسەر شانۆ پیشان دەدرێت، جگە لە دیکێنز خۆی، دوو لە کچەکانی" مێری و کەیتی، و "جۆرجینیا"ش، خۆشکە پچووکەکەی کاپرین، بەشداری تێدا دەکەن. هەموویان زۆر باش تەمسیل دەکەن. بەڵام دیکێنز، ئەستێرە گەشەکەیان دەبێت. شانۆگەرییەکە زۆر سەرکەوتوو دەبێت و بۆ ماوەیەکی زۆر پیشان دەردرێت. مەلیکەی بەریتانیا، ڤکتۆریا، کە لەبارەیەوە دەبیستێت، بۆ دیکێنز دەنووسێت، کە پێی خۆشدەبێت ئەگەر تیپەکە بێت و لە کۆشکەکەی خۆیدا شانۆگەرییەکە پیشکەش بکات. دیکێنز، وەڵامی دەداتەوە، دەڵێت" کچەکانی من، فێری جێکەی ئاوا نەبوون. دەترسم لایان گرانبێت لە "بێکنهام پەڵاس"دا٢ پێشکەشی بکەن. ئیتر مەلیکە، بڕیاردەدات کە خۆی بچێت. لەو کاتەدا مەلیکی بەلجیکا میوانی دەبێت، ئەویش لەگەڵ خۆیدا دەبات.

*****

لە کاتی دانان و پیشاندانی شانۆگەرییەکەدا، کچێکی ئەکتەری گەنج لەگەڵیاندا تەمسیل دەکات، ناوی "نێلی تێرنانس Nelly Ternans" دەبێت. دەمێك بوو دیکێنز ئەو کچەی دەناسی. بەڵام لە کاتی ئیشکردنی لەگەڵیدا، حەزی لێدەکات. کچەکە، بیستوحەوت ساڵ لەخۆی منداڵ تر دەبێت" تەمەنی هەژدە ساڵ دەبێت. دیکێنز، لەو کاتەدا، نووسەرێکی تەواو بەناوبانگ دەبێت و هەندێکیش دەوڵەمەند دەبێت. کچەکە، دەبێت بە بانوویاری.٣ هەردووکیان بە پێی توانایان ئەو پەیوەندییەیان لە خەڵکی دەشاردەوە. بەڵام گەلێك لە هاوڕێیەکانی هەردوولا، دەیانزانی.

بە هۆی ئەم پەیوەندییەوە، ژیانی دیکێنز، زۆر دەگۆڕڕێت" لە دوای ماوەیەك کاپرینی ژنی تەڵاق دەدات و دەچێت لەگەڵ خوشکە پچووکەکەی ژنەکەیدا، جۆرجینا، لە ماڵێکی جیاوازدا دەژی. دوو لە کچەکانیشی، مێری و کەیتی، دەچن لەگەڵیدا بژین. دایك و باوکی ژنەکەی، هێشتا مابوون. بەم کردەوەیەی دیکێنز، هەر گەلێك پەست دەبن. وە لە هەموو شتێك زیاتر بەوە پەست دەبن، کە جۆرجینا، کچە پچووکەکەیان، لەباتی





ئەوەی، لەم ناکۆکییەدا، لایەنگری خوشکەکەی بێت، بەجێی دەهێڵێت و دەچێت لەگەڵ مێردی خوشکەکەیدا دەژی. کاپرین، لە داخاندا بە خوشکەکەی دەڵێت" لەناو نوێنی مێردەکەی مندا، تۆ شوێنەکەی منت داگیرکردووە. ئینجا ئایا، ئەوە راستە یان نا، کەس نازانێت.

---

(١) جەمسەری باکوور" قوتبی شمالی.

(٢) بێکنهام پەڵاس" ناوی کۆشکی شایە، لە لەندەن.

(٣) بانوویار" عەشیقە.

لێرەدا دەبێت لە بیرمان نەچێت کە "مێری"، ئەو کچەی کە بیست ساڵێك لەوەپێش، بە حەڤە ساڵی، لە باوەشیدا دەمرێت، خوشکە ناوەنجی کاپرین و جۆرجیا دەبێت.

پیاو، هەرچەند دڵ نەرم و دەروون پاك و باشبێت، هەر دیوێکی تاریکی دەبێت.

ساڵی ١٨٦٢، نووسەری بەناوبانگی رووسی، فیۆدەر دۆستۆییێڤسکی،١ دێت بۆ لەندەن و دەچێت بۆ سەردانی دیکێنز. دۆستۆییێڤسکی، وەکو تۆلستۆی، نووسینەکانی دیکێنزی زۆر پەسەند دەکرد. چەند پرسیارێك لە دیکێنز دەکات. وەڵامی یەکێکیان بەم چۆرە دەداتەوە" سیفەتە بەدە، پیسکەلەکانی خۆم، دەدەم بە پیاوە خراپەکانی چیرۆکەکانم. ئەو سیفەتە جوانانەی کە حەزدم دەکرد خۆم هەمبوونایە، دەیاندەم بە پیاوە باشەکانیان.

لاوازێتی دیکێنز، بەرامبەر ئافرەتی گەنج و جوان، بەشێك بوو لە دیوە تاریکەکەی، بەشەکەی تری ئەوەبوو کە لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی خۆیدا زۆر باش نەبوو. خۆیشی ئەوەی دەزانی" زۆر جار دەیگوت" خۆزگە نە باوکم، نە من، رۆژێك بووبوینایە بە باوك.

لە منداڵەکانی دیکێنز، هەر (هێنری) کوڕی، حەزی لە خوێندن دەکرد. ساڵی ١٨٦٨ دەچێت بۆ زانکۆی کێمبرج، یاسا بخوێنێت. لە دواییدا پارێزەرێکی تەواو سەرکەوتووی لێ دەردەچێت و نازناوی "سێر"ی دەدرێتێ.

*****

لەدوای ماوەیەك، دیکێنز، هەست بە ماندوویەتی دەکات. بۆ ئەوەی هەندێك ئەرکەکانی خۆی کەم بکاتەوە، لە "مس کۆتس" دەخوازێت ئازادی بکات لە بەڕێوەبردنی ئەو "ماڵ"ەی، کە پێش دە ساڵ، پێکەوە دایان مەرزاندبوو بۆ کچە بەڕەڵاکانی لەندەن. چەند ساڵێك لە دوای ئەوەی دیکێنز ماڵەکە بەجێدەهێڵێت، دادەخرێت.

*****

دیکێنز، جاربەجار، بە خۆڕایی، چیرۆکەکانی خۆی، بە تەمسیل کردنەوە، بۆ گوێگرانێکی زۆر، دەخوێندەوە. لەدواییدا، لەبەرئەوەی زۆر ئیشی بە پارە دەبێت، چونکە جگە لە ماڵەکەی خۆی،

چەند ماڵێکی تریشی بەخێو دەکرد" ماڵی ژنەکەی، ماڵی بانوویارە تازەکەی بە دایك و خوشکەکانییەوە، ماڵی دایکی خۆی و چەند خزمێکی تریشی. لەبەر ئەوە بڕیاردەدات، خوێندنەوەکانی بکات بە پارە.

بۆ خوێندنەوەکانی خەڵکێکی زۆر دەهاتن" هۆڵی گەورە، کە دوو هەزار کەسی زیاتر دەگرت، زۆر جار جێی هەموو گوێگرەکانی نەدەبووەوە. سەردەمێك حەفتەی دوو، سێ خوێندنەوەی ئاوای پێشکەش دەکرد. نەك هەر لە لەندەن" لە هەموو شارە گەورەکانی بەریتانیا. ڕۆژی وا هەبوو نزیکەی دووسەد پاوەندی دەست دەکەوت.

*****

(١) فیۆدەر دۆستۆیێڤسکی ( Fyodor Dostoevsky) ١٨٢١–١٨٨١" یەکێکە لە نووسەرە هەرە ناسراوەکانی ڕووسیا و هەموو جیهان. "برایانی کەرەمازۆف" و "تاوان و سزادان" دووانن لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی.

ساڵی ١٨٦٠، کەیتی کچی، بە بیست ساڵی، شوودەکات بە پیاوێکی نیوە ئیفلیج و دوانزە ساڵ لە خۆی گەورەتر. دیکێنز، زۆر دژی ئەو شووکرنە دەبێت. چونکە دەیزانی کە هۆی شووکردنەکەی، خۆشەویستی نییە" دیکێنز خۆیەتی. تەنیا ئەوەیە کە بێزاربووە لە ماڵە پەستەکەی باوکی و حەز دەکات زوو لێی دەربچێت. بەیانی لە ڕۆژی شایی کچەیدا، کچەکەی تری، مێری، بە ڕێککەوت باوکی دەبینێت، لە ژوورێکدا بە تەنیا دانیشتووە و کراسی شایی کەیتی کچی، لەسەر باوەشی خۆی داناوە و دەگری. کە سەری هەڵدەبڕێت و مێری دەبینێت، پێی دەڵێت من تاوانباری ئەم شووکردنەم. لەگەڵ ئەوەشدا، دیکێنز، هەوڵدەدات شاییەکی خۆشیان بۆ بکات. کاپرین، بۆ شایی کچەکەی بانگ ناکرێت. لە دوای شاییەکە، کەیتی، بە جلی ڕەشەوە دەچێت بۆ مانگی هەنگوینی.

*****

لە دوای شاییەکە بە چەند ڕۆژێك هەواڵی بۆ دێت کە ئاڵفرێد، برا هەرە خۆشەویستەکەی، زۆر نەخۆشە. دەستبەجێ گەشت دەکات بۆ لای. کە دەگات، بە مردوویی دەیبینێت. ئەویش، وەکو فانی خوشکیان، بە سیل دەمرێت. دیکێنز، ناچار دەبێت، "هێلین"ی ژنی و پێنج منداڵەکانی بەرێت بۆ لەندەن، بەخێویان بکات و ئاگاداری خوێندنی برازاکانی خۆی بێت.

*****

ساڵی ١٨٦٧، بۆ دووەم جار دەچێت بۆ ئەمەریکا. ئەم جارە، بەشی زۆری بەو مەبەستەوە دەچێت کە نووسینەکانی خۆی لەوێدا بخوێنێتەوە. بەرنامەیەکی زۆر پڕ و درێژ بۆ خۆی دادەنێت" لە ماوەی پێنج مانگدا لە ئەمەریکا، گەڕانێکی باش





دەکات و بیست هەزار "پاوەند"یش قازانج، لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتەوە. زۆر دەهاتن بۆ خوێندنەوەکانی" پیاو بە ئاسانی بلیتی دەست نەدەکەوت.

بۆ ڕۆژی لەدایك بوونی، سەرۆکی کۆمار، "ئەندروو جۆنسۆن Andrew Johnson ١٨٠٨–١٨٧٥"، بۆ لای خۆی بانگی دەکات. لە مارتی ١٨٦٨ دا، بۆ دوو ڕۆژ، دەچێت بۆ بینینی "سولاڤی نیاگارا Niagara Falls". ئەمجا، دوای ئەوەی لە شاری پۆرتلاند، هەندێك لە نووسینەکانی خۆی دەخوێنێتەوە، بە شەمەندەفەر دەگەڕێتەوە بۆ شاری بۆستن. لە ڕێگادا، کچێکی دوانزە ساڵی، خوێن گەرمی زیرەکی جوان، کە جێگەیەکی بەتاڵ لە تەنیشت دیکێنزەوە دەبینێت، زوو دێت لایەوە دادەنیشێت. بە دیکێنز دەڵێت" من هەموو نووسینەکانی تۆم خوێندۆتەوە. هەندێکیانم شەش جار خوێندۆتەوە. ویستم بێم گوێ لە خوێندنەوەکانت بگرم، بەڵام بە داخەوە بلیتم دەستنەکەوت. بە دیکێنز دەڵێت" لە ڕۆمانەکانت، من ڕۆمانی "دەیڤید کۆپێرفیلد"م لە هەموویان زیاتر پەسەند دەکەم. دیکێنز دەڵێت" منیش.

ئەو کچە ناوی " کەیت ویگین Kate Wiggin" ١٨٥٦–١٩٥٣ دەبێت. لە دواییدا دەبێت بە نووسەرێکی زۆر بەناوبانگی ئەمەریکا. لە بیرەوەرییەکانیدا لەبارەی ئەو دانیشتنەی لەگەڵ دیکێنزدا بە درێژی گێڕاوەتەوە.

****

دوای گەڕانەوەی بۆ ئینگلتەرە، لە مایسی ١٨٦٨دا، تەندروستی دیکێنز، ڕۆژ بە ڕۆژ، بەرەو لاوازی دەچێت. لە نیسانی١٨٦٩ دا، جەڵتەیەکی پچووك لە مێشکی دەدات، بەڵام زوو، چاکدەبێتەوە. لەو کاتەدا تازە دەستی بە نووسینی ڕۆمانی "ڕازەکەی ئێدوین دروود"١، کردبوو.

سێی حوزەیران لە لەندەن دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە کێنت. دوای دوو ڕۆژ، کچەکانی،

مێری و کەیتی، دێن بۆ لای. ئەو ئێوارەیە، دوای ئەوەی جۆرجینا و مێری دەچن بۆ جێگا، کەیتی بە تەنیا لەگەڵیدا دەمێنێتەوە. لەو کاتەدا کەیتی لە باوکی دەپرسێت" ڕات چییە ئەگەر ببم بە ئەکتەر؟ بانگم دەکەن ببم بە ئەکتەری شانۆ. باوکی پێی دەڵێت" تۆ کچێکی جوانیت و لە تواناتدایە ببیت بە ئەکتەرێکی باش. بەڵام تۆ گەلێك هەست ناسکیت، ئەکتەری بەکەڵکی تۆ نایەت. لە دوای تۆزێك دەڵێت" ئاخ، خۆزگە من باوکێکی باشتر بوومایە. ئەو ئێوارەیە، لەگەڵ کچەکەیدا، باسی هەندێك شت دەکات، قەت لە پێشدا، باسیانی نەدەکرد" لەبارەی جیابوونەوەی لەگەڵ دایکیاندا دەدوێت و هەروەها لەبارەی نێلی. لەدوای ماتبوونێکی کورت، بەدەم هەناسەیەکی ساردەوە دەڵێت" زۆر لەوە ناچێت کە من

بتوانم رۆمانی "دروود"م پێ تەواو بکرێت. چونکە، کچە شیرینەکەم، لەم دواییەدا، هەست بە بێهێزی و لاوازییەکی زۆر دەکەم.

کەیتی دەگێڕێتەوە، دەڵێت" رۆژی دوایی، سەئات حەوت و نیو، نانی بەیانی خوارد و دانیشت بنووسێت. ئەو رۆژە، من و مێری دەچووین بۆ لەندەن. کە چووم ماڵئاوایی لێبکەم، بە نووسینی "دروود"ەوە خەریک بوو. کە منی بینی لە کورسییەکەی هەڵسا و توند منی بە سنگییەوە گوشی و ماچی کردم. ئەو ماچەم قەت لەبیر ناچێتەوە.

رۆژی دوایی سێشەمۆ دەبێت. دوای نیوەڕۆکەی، خۆی و جۆرجینا پێکەوە بە گالیسکە دەچن بۆ گەڕان بۆ دارستانێکی نزیک. لەو سەرەوە، هەر خۆی بەتەنیا، بە پێ دەگەڕێتەوە. رۆژی چوارشەمۆ، هەشتی حوزەیران، بۆ ماوەیەک دەچێتە دەرەوە. پاش نیوەڕۆکەی، کە دەگەڕێتەوە، لە ماندوو دەچوو. کە دادەنیشێت، جۆرجینا لێی دەپرسێت، نەخۆشیت؟ دەڵێت، ئا، زۆر نەخۆشم. ئەمە، سەئاتێک دەبێت. لێی دەپرسێت" بنێرم بە شوێن پزیشکدا؟ دەڵێت نەو. پێی دەڵێت" پاڵبکەوە بۆ خۆت. دەڵێت باشە، هەر لێرەدا، لەسەر ئەرزەکە پاڵدەکەوم. ئەوە دەڵێت و دەکەوێت بەسەر زەمیندا و بێهۆش دەبێت. دوای ئەوە ئێتر ناجووڵێتەوە.

جۆرجینا، زوو دەنێرێت بە شوێن پزیشکدا و تێلێگرام بۆ کچەکانی دەنێرێت. پزیشک، کە دەگات دەڵێت" جەڵتە لە مێشکی داوە و من هیچم پێ ناکرێت.

لە دەوروبەری نیوەشەودا، کچەکانی، مێری و کەیتی دەگەن. هەموو شەوەکە لەلایەوە دادەنیشن. بەیانی زوو شارلی، کوڕە گەورەکەی، دەگات. دوای ئەوە نێلی، بانووبیارەکەی، دێت. نێلی هەر

---

(١) راز" نهێن، سر. رازەکەی ئێدوین دروود( The Mystery of Edwin Drood)، دواهەمین رۆمانی دیکێنزە. فریا ناکەوێت تەواوی بکات.

زوو، پاش نیوەڕۆکەی، دەڕواتەوە.

رۆژێکی زۆر درێژ دەبێت. کەمێک لە دوای سەئات شەشی ئێوارە، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دڵۆپێك فرمێسک، لە چاوی راستی دەردەچێت و رووموتییەوە دەتلێتە خوارێ.

ئەوە، دواهەمین هەناسە و دواهەمین فرمێسکی دەبن. تەمەنی پەنجاوهەشت ساڵ دەبێت.

*****

لە دوای مردنی ، بە دوو سەئاتێك، هێنری کوڕی لە " کێمبرج"ەوە دێت. لەبارەی مردنی باوکی، لە لە کۆڵ کێشێك، لە ئێستگەی شەمەندەفەرەکە دەبیستێت. هەر ئەو شەوەش، "لێتیشیا"ی خوشکی دەگات. مێری کچی، بۆ یادگاری، کەمێك





قژ لە پرچەکانی باوکی دەبڕێت.

بۆ بەیانی کەیتی دەچێت بۆ لای دایکی و هەواڵەکەی پێ دەگەیێنێت. مەلیکە، ڤکتۆریا، دیارە نەیزانیوە یان لەبیری چۆتەوە کە دیکێنز لە ژنەکەی جیابۆتەوە، تێلێگرامی ماتەمینی، بۆ کاپرین دەنێرێت.

"میلایس"ی رەسام، دێت رەسمی رووەکەی دەکات و "ولنێر"ی پەیکەرتاش قاڵبەکەی هەڵدەکێشێت.

کەسوکارەکانی، بەتەمابوون لە گۆڕستانێکی ساکاردا بینێژن. بەڵام رۆژنامەی "تایمس Times"، وتارێك بە بۆنەوەی کۆچی دوایی "دیکێنز"ەوە دەنوسێت" وەك هاووڵاتە هەرە بەڕێز و گرنگەکانی بەریتانیا، پێویستە لە کڵێسەی"وێستمنیستێر ئەببی Westminster Abbey"١ بنێژرێت.

ئێتر بڕیار دەدرێت کە لەوێدا بنێژرێت. بە پێی وەسییەتی خۆی، ماتەمینی بۆ ناگیرێت. لەناو کڵێسەکەدا، گۆڕێکی بۆ هەڵدەکەنرێت نزیك پەیکەری "پاکەرێی"ەوە٢ و لە تەنیشت گۆڕی هاندێل و کەمبێرلاند و شێریدان.٣ تابووتەکەیی تێدا دادەنێن.

بۆ دوو رۆژ گۆڕەکەی پڕناکەنەوە و دەرگاکانی کڵێسەکە بە کراوەیی دەهێڵنەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزوودەکەن بۆ دواهەمین جار بێن ببینن و خوا حافیزی لێبکەن. هەزاران دێن بۆ بینینی و گۆڕەکەی بە گوڵ پڕدەکەنەوە.

هەرچەندە، بە پێی ئارەزووی دیکێنز خۆی، ماتەمێنی رەسمی بۆ ناگرن، بەڵام هەموو بەریتانیا و ئەمەریکا، لە ماتەمینیدا دەبێت بۆ مردنی ئەو نووسەرە خۆشەویستەیان.

---

(١) وێستمنستێر ئەببی" یەکێکە لە هەرە کڵێسە گرنگەکانی بەریتانیا. لەوێدا مەلیك تاجی لەسەر دەکرێت و لە وێشدا، لە دوای مردنی دەنێژێت. هەروەها، لەوێدا، هەندێك لە پیاوە هەرە گرنگەکانی وڵاتەکە دەنێژرێن.

(٢) پاکەرێی ( William Thackeray ١٨١١–١٨٦٣)" نووسەرێکی بەریتانی بەناوبانگە. یەکێك بوو لە دۆستەکانی نزیکەکانی دیکێنز.

(٣) هاندێل( George Handel ١٦٨٥–١٧٥٩). ئاوازدانەرێکی ئەڵمانی بەناوبانگە. لە ساڵی ١٧١٢ وە، لە بەریتانیادا ژیاوە.

– کەمبێرلاند ( William Cumberland ١٧٢١–١٧٦٥)" سەرۆك هێزێکی بەریتانی ناسراوە و کوڕی مەلیك جۆرجی دووەمە.

– شێرادین ( Richard Sheridan ١٧٥١–١٨١٦ )" لە سەرەوە باسی کراوە.

گزنگ ١٠٤ — ئەیلول ٢٠١٣



شێرزاد علی قاسم ئاغایی

# دڵەڕاوكێ و هۆكارەكانی دروست بوونی

وەك ئاشكرایە لەژیانی ئیمڕۆماندا دڵەڕاوكیێ بووەتە مەترسیەك و بابەتێكی بێزاركەر كەژیانی زۆرێك لەتاكەكانی كۆمەڵگەی گرتووەتەوە، بۆیە لێرەدا بەكورتی لەچۆنیەتی سەرهەڵدانی دڵەڕاوكییێ و نیشانەكانی دەكۆڵینەوە

دڵەڕاوكیێ بریتیە لەترسێكی نائاسایی كەناگونجێ لەگەڵ هیچ وروژێنەرێكی دەرەكیدا.

یان بریتیە لەبارێكی دەرونی لە شڵەژان و هەڵچون كە لەگەڵیدا تێكچونی فیسۆلۆجی جیاواز ڕودەدات كاتێك تاك هەست بە بوونی مەترسیەك دەكات هەڕەشەی لێدەكات بەتایبەت كاتێ سەرچاوەی ئەو مەترسیە نادیارە، یاخود بەهۆی هۆكارێكەوە یاخود زیاتر لەهۆكارێكی نادیار .

هەروەها ١٠٪ بۆ ١٥٪ ی ئەوانەی سەردانی پزیشك دەكەن حاڵەتی دڵەڕاوكێیان هەیە، وە ئەوانەی لە نەخۆشخانە دەخەوێنرێن



گزنگ ١٠٤ — ئەیلول ٢٠١٣



نزیكەی لە ١٠٪یان ئەم حاڵەتەیان هەیە.وەك ئاشكرایشە لەكۆمەڵگەیەكی وەك ئێمەدا ژنان و كچان (ئافرەت) زیاتر توشی دڵەڕوكێ دەبن بەهۆی هۆكارەكانی توندوتیژی بەشێوەیەكی گشتی و خەتەنەكردنی مێینە .

* نیشانە جەستەییەكانی دڵەڕاوكێ:

نیشانەكانی دڵەڕاوكیێ سەرجەم كۆئەندامەكانی لەش دەگرێتەوەو بڕێكی زۆری ئەو حاڵەتانەش زۆر لەنیشانەكانیان هاوشێوەن بەڵام جیاوازیش هەیە لەكاتی سەرهەڵدان، بڕی توندی نیشانەكان چۆنیەتی دەستپێكردنی نیشانەكان، ماوەی مانەوەی نیشانەكان .

هەروەها چەندین نیشانەی فیسۆلۆجی هەیە وەك خێرا لێدانی دڵ ،وشك بوونی قورگ ، تەنگەنەفەسی ، سەرئێشە، ڕشانەوە، زكچوون ، بورانەوە ، كەمی ئارەزووی خواردن یاخود زیادی ، تێكچونی خەو ، كەمی ئارەزوی كاركردن،سنگ ئێشە، دڵەكوتێ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، لەرزین، سڕبوونی دەمارەكان، مێرولەكردن، لەرزینی پێڵوەكانی چاو (چاو فڕین)، میزە چركێ، زوو میزكردن، سوربوونەوەی ڕوخسار (بەرزی فشاری خوێن) یان كاڵبوونەوەی ڕەنگ (دابەزینی فشاری خوێن)، عەرەقكردنەوەی هەموو لاشە بەتایبەتی ناودەست، گەرم داهاتن یان سارد داهاتن، خوراندن.

دەروونناسان كەسایەتی خۆیان زۆر خەریك كردووە بەجۆرە ڕێبازێك بۆ گەیشتنی كەسایەتیە گشتی یەكان و جیاوازیەكانی نێوان تاكەكان.بۆ نمونە هەندێ لە توێژەرە ناسراوەكان لەبواری لێكۆڵینەوەی دیاریكراوی كەسایەتیدا هەوڵیانداوە وەسفی لایەنە دیاریكراوەكانی كەسایەتی بكەن وەك (بێ ئارامی، دڵەڕاوكیێ، پەلاماردان، پێویستیەكان، ڕاپەڕاندن (النجاز)، هەستكردن .

وە بە پێی بۆچونەكانی (نیۆگرۆ شل و دۆك) نزیكەی ١٩ نۆزدە ملیۆن كەس حاڵەتی دڵەڕاوكێیان هەیە، وە بەپێی بۆچونەكانی (هۆفلەر و ستین و هاوڕێكانیان) زیاتر لەو كەسانەدا



ڕوودەدات کە جگەرەکێشن و لەخوار تەمەنی ٤٥ چڵ و پێنج ساڵیەوەن،جیابوونەتەوە یان تەڵاق دراون،ئاستی کۆمەڵایەتیان نزمە، ڕێژەی توشبوون نزیکەی لە ٣٪ و مێینە زیاتر توش دەبێت وەك لەنێرینە

**نیشانە دەرونییەکانی دڵەڕاوکێ:**

نیشانە دەرونییەکانی دڵەڕاوکێ بریتی یە لە زوو توڕەبوون، کەمبوونەوەی تەرکیزکردن، کەمبوونەوەی هۆشپێدان، بیرچوونەوە، ترسان، بەئاگابوون، ڕاچڵەکین،هەستکردن بەگۆڕانی دەوروبەر، هەستکردن بەگۆڕانی خود، شڵەژان، نەتوانینی زاڵبوون بەسەر بیرکردنەوەدا، جامبون، ترسان لەوەی کە کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات، ترس لەنەخۆشی دەرونی، ترسان لەمردن،دووبارەبوونەوەی بیری ترسناك، دوورەپەرێزی لەڕوداوەکان،گرفت لەئاخاوتندا، تەتەڵەکردن، بێئارامی.

**فرۆید دڵەڕاوکێ ی دابەشکردووە بۆ سێ جۆر:**

-١دڵەڕاوکێ ی بابەتی:
ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە کاتێك ڕوودەدات تاك هەست بەمەترسیەکی دەرەکی دەکات یاخود چاوەڕوانی ڕوودانی دەکات بەبێ ئەوەی درێژی ئەم مەترسیە ڕونبێت لەمێشکدا، وە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا، وك: ترسان لە بومەلەرزە، ترسان لە ئاگر یان ترسان لە تەقینەوە ...هتد

-٢دڵەڕاوکێی دەماری (نیرۆسیسی:(
بریتیە لە دڵەڕاوکێیەکی توند کەنیشانەی لایەنە وروژێنەرەکانی تێدا روون نیە،وەك ئەوەی تاك ڕووبەڕوی سەرزەنیشتکردن دەکاتەوە بەهۆی زیاتر لەکاریگەرییەك، سەرچاوەی دڵەڕاوکێکە نادیارەو هەندێ لایەنی وروژێنەر لە دڵەڕاوکێکە بابەتێکە ترسێنەرە وەکو بارەکانی فۆبیا (ترس.(

-٣دڵەڕاوکێی ڕەوشتی (ئاکاری:(
ئەم جۆرە لەدڵەڕاوکێ دەردەکەوێت لەئەنجامی جۆرێك لەدژیەکی لەنێوان ئارەزووەکانی (ئەو)ی بەهێز و لەنێوان پێوەرە تایبەتەکانی (منی باڵا)دا وەك: هەستکردن بەتاوان لەبەرامبەر کارێك کە تاك ئەنجامی نەداوە .

*هۆکارەکانی دروستبوونی دڵەڕاوکێ:





-١بۆماوە: ئەگەر یەکێ لەئەندامانی خێزان ئەم حاڵەتەی هەبێت ئەگەری توشبوونی ئەندامانی خێزان بە پێنج هێندە زیاد دەکات ١٥.%

وە لەدوانەی یەك هێلکەدا ئەگەر یەکێکیان حاڵەتەکەی هەبێت ئەگەری توشبوونی دووەمیان لە ٥٠٪ یە.

-٢پەروەردەکردنی منداڵ: بێگومان پەروەردەکردنی منداڵ کاریگەری گەورەی هەیە لەوەی لەئاییندەدا زیاتر توشی حاڵەتی دڵەڕاوکێ ببێت وەکو ئەوەی باوان زیاتر لەپێویست تواناو چالاکیەکانی منداڵ سنوردار بکەن یان هیچ سۆزو خۆشەویستیەکی بۆ دەرنەبڕن، هەروەها پێشوەخت لەشیر بڕینەوە،بۆیە کاتێ تێرکردنی خێراو ڕاستەوخۆی دەستناکەوێت بۆ پێداویستەکانی ئەوا توشی ئەم حاڵەتە دەبێت (دڵەڕاوکێ.(

-٣ تێکچونی ئاستی وەرگرەکانی مێشك.

٤– زۆر بەکارهێنانی قاوە و کەمی فیتامین() و بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوەی ڕێژەی شەکرو
تێکچوونی لێدانی دڵ و کەم خوێنی.

-٥ژیان لەناوخۆی خێزاندا: هەڵسوکەوتی دایك و باوك و جیابوونەوە (تەلاق) و هەڵوەشانەوەی خێزان کاریگەری گەورەی هەیە بۆ دروستبونی ئەم حاڵەتە بۆ هەردوولایەن بەتایبەتی بۆ ژنان،وە ئەگەر منداڵیان لە نێواندا هەبێت ئەوا منداڵەکە توشی بارودۆخی بێنازی و ناڕەحەتی و نائومێدی دەبێت کەئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ.

-٦فشار: جا ئەگەر فشاری ئابوری بێت یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی، فشارەکە بەشێوەیەکی بەردەوام بێت یان ناوبەناو وەکو ئەوەی لەماوەی تاقیکردنەوەدا ژمارەیەکی زۆری خوێندکار هەست بەدڵەڕاوکێ دەکەن و بەنەمانی وەرزی تاقیکردنەوەکان دڵەڕاوکێکەیان نامێنێت. یان ئەگەر کەسێکی بێزارکەر (موزعیج) بە مۆبایل ئافرەتێك بێزارکات لەو کاتەدا ئافرەتەکە نەتوانێ بەمێردەکەی بڵێ بۆ خاتری ئەوەی کێشە دروست نەبێ یان لەترسی گیانی خۆی نەوێرێت نەبادا بەسەریدا بشکێتەوە (کە بەداخەوە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بووە بەدیاردە) لەو لاشەوە بێزارکەرەکە وازی لێناهێنێت لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا ئافرەتەکە توشی دڵەڕاوکێ دەبێ بەهۆی فشاری کەسە موزعیجەکەوە.

# فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ و چەند تێبینییەک!

ئەحمەد عەلی حەیدەر

(فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ) کە فەرهەنگێکی (فارسی—کوردی)یەو، لە دانانی کاک (ئەبوبەکر کاروانی)، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە قەوارەیەکی گەورە، لەژێر چاپی چوارەم لە ٣٨١ لاپەڕەدا، هاتووەتە چاپ و بڵاوکردنەوە.

کە من ئەو کەسانەی، بەتەواوی ژیانی خۆیان بۆ کارێکی وا تەرخان بکەن. چونکە، دانانی فەرهەنگ کاتێکی زۆر و گەڕانێکی تەواو و هەوڵێکی بێ پایان و شارەزاییەکی چاکی دەوێت لە هەردوو زمانەکەدا، بەڕاستی ئەمە کارێکی تاقە کەسێك نییە، بەڵکو کاری چەند کەسێکی شارەزاو زمانزانێکی وریایە. دەبێ ڕۆژانە لە دەوری یەك کۆببینەوە و کۆڕ ببەستن بۆ لێکدانەوەی وشەکان و دانانی واتای بەجێ و ئاسان و خۆماڵی بەرامبەریان. پاشان بپرسن، تا چەند ئەو وشانە پەسەندن لەلایەن کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و کەسانی سادە.





ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ ئەو کەسانە پسپۆڕ بن لە بواری زمانەوانی و ئاگادار بن لە زۆر شێوەی جۆراوجۆر، تا نەکەونە هەڵەوە. ئەوانەی بەم جۆرە کارانەوە خۆیان خەریك دەکەن، ئەوانەی کە زیاتر هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوە ناون، زمانەکەیان لە وشەی بێگانەو لە فەوتان بپارێزن. گەلێکیش زمانی زیندووی خۆی بپارێزێ، گەلێکە تاهەتایە هەر دەمێنێ و گەشە دەکات و نافەوتێ.

هەوڵی کاك ئەبوبەکر مایەی دڵخۆشی و دەست خۆشییە. هەوڵی شونوخونی و شەکەتییە، لە ڕاستیدا دادی داوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کاك ئەبوبەکر نەکەوتبێتە هەندێ هەڵەوە. ئەویش ڕەنگ بێ هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە شارەزایی تەواوی لە هەموو شێوەکانی ناو فارسی نەبێ و، هەر هێندەی بۆ کرابێ، لە فەرهەنگە هێژاکەیدا توانیویەتی جێگەیان بۆ بکاتەوە. هەندێ وشەی فارسی و کوردی هەن، لە فەرهەنگەکەدا، چەند دەستکاری بکرێن و مانای زیاتریان بخرێتە سەر، هەڵدەگرن.

نامەوێ لەم نووسینەدا لەوە زیاتر بدوێم، دەمەوێ راستەوخۆ بچمە ناو فەرهەنگەکەو، ئاماژە بە هەندێ لەو هەڵانە بکەم. لە لاپەڕە (٩٩)دا، وشەی (پخت) کە مانای (چێشت)ی بۆ نووسیوە، ئەم وشەیە لە چاوگی (پوختن)ەوە هاتووە، کە بەمانای (چێشت لێنان) دێت نەك (چێشت). لە فارسیدا بە چێشت دەڵێن (غزا). لە (٩٨)دا، وشەی (پاسخ داشتن) کە بەرامبەرەکەی (وەڵامداری) نووسیوە، بە مانای (خاوەنی وەڵام دێت یان ئەوەی کە وەڵامی پێیە). لە لاپەڕە (٢٢٥)دا وشەی (شامل) کە بەرامبەرەکەی (لەخۆگر)ی نووسیوە، لە ڕاستیدا بە مانای (گشتی، تەواو) دێت. هەر لە هەمان لاپەڕەدا، وشەی (شایستگی) کە بەرامبەرەکەی نووسیویەتی (شیاو، شایانی) لە راستیدا بەمانای (شایستەی ئەوە بێت) تەواوترە. لەلاپەڕە (٢٢٦)دا، وشەی (شایستە) دیسانەوە نووسیویەتی (شایان) لەراستیدا (لایق، شیاو) چاکترە، هەر لە هەمان لاپەڕەدا لە وشەی (شاهد) نووسیویەتی (شایەد، بینەر، گەواه) کەچی راستیەکەی ئەو کەسەیە کە شایەدی دەدات، لە عەرەبیشدا بە بینەر دەڵێن (مشاهد). بڕوانە لاپەڕەی (٢٦٤) وشەی (فرجام) کە نووسیویەتی (کۆتایی) لە راستیدا وشەی (ئەنجام) تەواوترە نەك کۆتایی. لە فارسیدا دەڵێن (فرجام خوب) واتا (ئەنجامی باش) نەك کۆتایی باش، هەروەها (فرجام بد) بەواتای (ئەنجامی

خـراپ). نـەك كۆتـایی خـراپ. وشـەی (فرزانه) بەمانای (دانایی و زیرەکی) دێت نەك (تاقانه) چونکه له فارسیدا به تاقانه دەڵێن (یگانه). هەر لە هەمان لاپەڕەدا، له وشـەی (فرسـووده)دا، بەرامبـەری نووسیویەتی (سواو) لە ڕاستیدا بەمانای (كۆن، بێ تاقەت، لەکارکەوتوو، لەناوچوو، هیلاك)دێت. لەلاپەڕە (٢٨٧)دا بەرامبەر بەوشەی (قدم زدن) نووسراوە (پیاسە)، کەچی لە فارسیدا بەپیاسە دەڵێن (گشت)، ئەو وشەیە بەمانای (هەنگاونان دەێت.

لە لاپەڕە (٢٩٠)دا بەرامبەر بە وشەی (كشتی) نووسراوە (زۆران) کەچی لە ڕاستیەکەی (زۆرانبازی)یە. لە هەمانکاتدا، ئەبوایە نیشانەی (بۆری) لەسەر پیتی (ك) دابنایە تا لە وشەکانی تری (كشتی) جیاکردبایەوە، لە لاپەڕە (٣٣٠)دا. وشەی (مظنون) کە (گومانـاوی) نووسیوە، ڕاستیەکەی (گومان لێکراو) تەواوترە، هەروەها لە لاپەڕەی (٣٥٤)دا، بەرامبەر بە وشەی (نگهداری) کە نووسیویەتی (پاسەوان، لابوون) ڕاستیەکەی بە (ئاگادار) دێت. وشەی (نگهداری شدن) کە دیسانەوە بەرامبەرەکەی نووسیویەتی (لابوون) ڕاستیەکەی (ئاگادار بوون) دێت.

لە لاپەڕە (٢٨٨)دا، لە وشەی (کتاب بە آرزش)دا نووسیویەتی (کتێبی بێ بەها) کەچی بەمانای (کتێبی بێ نرخ) دێت، چونکە نرخ و بها (السعر والقیمە) جودان لەیەکەوە. لەلاپەڕە (٢٨٣)دا، لەبەرامبەر وشەی (قیمت مغلی)دا نووسراوە (نرخی ئێستا) کەچی بەواتای (بەهای تەواوی دێت).

ئەمانە و چەندین هەڵەی تر، کە کاك بەکر، کەوتۆتە ژێر باریانەوە، لێکدانەوەی زۆرتر و پیاچوونەوەی وریاتریان دەوێت، ئومێدەوارم لە چاپەکانی داهاتوویدا، زیاتر ئاگادار بێ و دووبارە دەست خۆشی لێ دەکەم.

سەرچاوە: ئەبوبەکر کاروانی، فرهەنگی کاروانی هاوچەرخ، ٢٠٠٧، چاپی چوارەم.

# ئەدەبی میسری کۆن

و: عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

## سەرەتا

ئـەدەبی میـسری کـۆن کـە بـە یـەکێك لـە دێرینترین بەڵگەنامەی مێژوویی دادەنرێت لە گێتیدا، ئەو ئەدەبەیە کە بەزمانی میسری کـۆن و لـە سـەردەمی پـێش و سـەرەتای بنەماڵەی فیرعەونیەکانەوە سەری هەڵداوەو دواتـر تـا دەگاتـە سـەردەمی رووخانـدنی دەسـەڵاتی فیرعەونیـەکان بـە دەسـتی ئیمپراتۆریـەتی رۆمانیـەوە بـەردەوام بـووە، کە هاوشـانی ئـەدەبی سـۆمەری بـە کـۆنترین ئەدەبی مێژوویی ناسراوە لە جیهاندا.

نووسـین لـە میـسری دێرینـدا چ هیرۆگلیفـی بێت یان هیراتیکی بۆ یەکەمجار لـە کۆتـایی هەزارەی چوارەمی پێش زایین و لە قۆناغـە دواکـەوتوەکانی پـێش دروسـتبوونی بنەماڵەکان دەرکەوتوە. لەو سەردەمەدا کە بـە سـەردەمی دەوڵـەتی کـۆن نـاوزەد دەکرێت، کارە ئەدەبیەکان بریتی بـوون لـە دەقە پرسەییەکان و تەرتیلـە ئایینیـەکان و شـیعرو تەلیـسمی کەهـەنووتی و سەرگوزشتەی پیاوە ناودارەکان کـە زۆرتـر مەبەستیان بە نەمر هەژماردنیان بـووە لـەو



مەسـەلەیە. تـا سـەردەمی دەوڵـەتی نـاوین ئـەدەبی میـسری وەك ئـەدەبێکی گێڕانـەوە دەرنەکـەوتوە. بـە بۆچـوونی "ریـچارد پارکنـسۆن" ی زانـای پـسپۆر لـە زانـستی مێـژووی فیرعەونیـەکان، لـەو سـەردەمە دا"شۆڕشێکی هـزری"، بـەهۆی سـەرهەڵدانی بەرهـەمی ئـەدەبیی چـینی نووسـەرانەوە سەریهەڵدا کە هەڵبژاردەیەکی تایبەت بوون لە ئیـدارەدانی وڵات و سـەر بـە دیـوانی پاشـایی فیرعەونی فەرمانڕەوا بوونە. لەگـەڵ ئـەوەش راو بۆچـوونی زۆر جیـاواز هـەن بـەوەی کـە ئـەدەبی میـسری کـۆن هـەر بـە تـەنها لـەناو هەڵبـژاردە کۆمەڵایـەتی وسیاسـیەکانی ژێـر چـەتری دەربـاری پاشـایەتی بەرتەسـك کرابێتەوە.

زمانی کارپێکراوی میسری کۆن لەسـەردەمی دەوڵەتی ناوین لەگەڵ هاتنی دەسـەڵاتی نـوێ و نـەمانی دەسـەڵاتی فیرعەونـەکان بـوو بـە زمـانێکی لەناوچـوو، کـە بەهۆیـەوە زمـانی گشتی سادەو رەوانی خەڵکە رەش و رووتەکە بـووە کایـەی زمـان و نووسـین. بـەڵام بـۆ نووسینی بیروباوەڕو زانـستە ئایینیـەکان ئـەو زمانە هەر بە زیندوویی مایـەوە تـا سـەردەمی بالتامیـا (بـالتیمۆس) ی میـسری بـەکار دەهێنرا، کە بریتی بوە لە چیرۆکە میللیەکان و دەقـە پیرۆزەکـان و راسـپاردە رۆحـی و ئایینیەکان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی دەوڵەتی نوێ، دیـواری پەرسـتگاکان ئارامگـا پیرۆزەکـان پڕبوون لـە نووسـینی یادەوەریـەکان و کـاری کەسـایەتیە دیارەکـان، کـە وەك حاڵـەتێکی بـێ هاوتـای ئـەدەب رووی لەگەشەسـەندن کرد.

بـۆ نووسـینەوەی ئـەدەبی میـسری کـۆن چـەندین جـۆر کەرەسـتەو مـادەی جیاجیـا بەکارهاتوون وەك " گەڵای بوردی ، تابلۆی بـەردە قیرینـەکان و مـادەی سـیرامیك و تـابلۆی تەختـەدارو دیـواری بـاڵای کۆشکەکان و تابووتە بەردینەکان و ..هتد.. "، بـەڵام ئەوانـەی کـە لـەو سـەردەمەوە ماونەتـەوەو گەیـشتونەتە دەسـتمان بـە بـەراورد لەگـەڵ نووسـینەکان زۆر کـەمن، هۆکارەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ کـەش و هـەوای گـەرم و شـێداری ناوچـەکەو لافـاوی سـاڵانەی نیـل کـە بـە هۆیـەوە زۆربـەی تابلۆکان بۆگەنیان کردووەو دواتر فەوتاون. بـەڵام ژینگـەی بیابـانی وشـك و بـرینگ.. پارچـە شـاردراوەکانی ژێـر لمـی بیابـانی جیزەی بۆ پاراستوین کە بـە رێنووسـەکانی "هیرۆگلیفـی و هیراتیکـی و دیمـۆتیکی" نووسراونەتەوە.

### نووسین لە میسری کۆندا

نوسراوی سەر دیوارێکی گۆڕستانی گـەورە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ شـازادە نیڤـەر تییـان (٢٥٠٠ ـــ ٢٥٦٥پ ز) لـە جیـزە، چـەندین نوسـراوی هیرۆگلیفـی هـەڵکۆڵراو و وێنـەی رەنگاورەنگی تێدایـە کـە لەسـەر دیـوارێکی قیریـن نەخـشێنراوە، ئـەوەمان بـۆ رووندەکاتەوە کە میسریە کۆنەکان هـەر لـە سـەردەمی بنەماڵـە

سەرەتاییەکانەوە(٤٠٠٠پ ز) کاریان بە ڕێنووسی هیرۆگلیفی و دواتر هیراتیکی کردووەو وەك ڕێنووسی فەرمی دەوڵەت بەکاریان هێناوە، نووسینی هیرۆگلیفی میسری بریتی بوە لە کۆمەڵە وێنەیەکی زۆر بچووك کە واتای دەنگێکی داوەتەوەو لە کاتی پێکەوە لکاندنیان بۆتە وشەو مانای تەواوی بەخشیوە، بۆ نمونە لەکاتی لکاندنی هەر دوو وێنەی قەرمووت (ماسیەکی خۆڵەمێشیە) لەگەڵ وێنەی ئیزمیل (جۆرە دەمە داسولکەیەکی تیژە) ناوی "نارمەر" پاشامان دەست دەکەوێت کە ٣٢٠٠پ زحوکمڕانی ئەو وڵاتەی کردووە.

میسریە کۆنەکان زمانی هیرۆگلیفی خۆیان بە "زمانی خوا" ناوزەد کردووە، هەر بەو هۆی پیرۆزەشیەوە بە تەنها لە دەقە ئاینی و مەراسیم و بۆنە و تەلیسمە ئاینیەکاندا بەکاریان هێناوە. لەسەردەمی دوازدەمین بنەماڵەوە، بیروباوەڕی میسریەکان وا بوو کە تێکدان یان لادانی هەر وشەیەکی هیرۆگلیفی لەسەر دەقە جەنایزیەکانی سەر گۆڕەکان دەبێتە هۆی بە ئاکامی یان ناکامی ڕۆحی ئازادی کەسە مردووەکە" کە ڕۆحی بەو دەقانەوە بەستراوەتەوە دواتر لە ژیانی جاویدانیدا دوایین چارەنووسی دیاریدەکرێت، یان دەسوتێت و یان بەختەوەر دەبێت.

هێلکاریەکی کۆن بە هیراتیکی نووسراوەتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١١٠پ ز کە لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە، ڕێنووسی هیراتیکی شێوەیەکی ئاسانتری نووسینی هیرۆگلیفی میسریە کۆنەکانە، هاوشێوەی هیرۆگلیفیش بە هاتنی هەزارەی یەکەمی پێش زایین هیراتیکی بوو بە ڕێنووسی پەندە ئاینیەکان و دواتر هەر ئەم ڕێنووسە دەستی بەسەر هەموو کایەکانی وەك دەقە پرسەییەکان و نووسینی سەر قەبران و دیوارە باڵاکاندا گرت، بە هۆی ئەوەی ڕێنووسی هیرۆگلیفی پێویستی زۆری بە وردەکاری و چاودێری بووە لە کاتی نووسینداو بە پێچەوانەی ڕێنووسی هیراتیکی، هەر بۆیە هیراتیکی بوبوە ڕێنووسی پاراستنی لیستەکان، بەڵام ڕێنووسی هیراتیکی بە تەنها بۆ نووسینە نافەرمییەکان و نامەی تایبەت و قەواڵە یاساییەکان و شیعرو لیستی سەرانەو دەقە پزیشکی و زانستیەکان و ژمێریاری بەکار دەهێنرا، ڕێنووسی هیراتیکی دابەش دەکرایە سەر دوو جۆری نووسینی جیاواز، یەکەمیان بۆ لیستە حکومیە فەرمیەکان و دەقە ئەدەبیەکان بووە، دووەمیان بۆ گوتاری گشتی ناو خەڵکە گشتیەکە بوو.

پارچە تابلۆیەك بە هیراتیکی نووسراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بیست و یەکەم بنەماڵەی فیرعەونیەکان و ٥٠٠ پ ز نووسراوەتەوە، ئەمەش ئەو سەردەمەیە کە هەردوو ڕێنووسی هیراتیکی و هیرۆگلیفی لە نوسراوەکانی پاشایەتی و کۆشك و دەقە ئاینیەکان و پرسەییەکاندا چوونیەك







باڵادەست بوونە.

دواتر ڕێنووسێکی تری ئاسانتر هاتە کایەی نووسینەوە، ئەویش ڕێنووسی دیمۆتیکی بوو، ئینجا زۆری نەخایاندو ڕێنووسی قیبتی وەك دوایین ئەلف و بێی نووسین بەکارهێنرا کە ئەویش لە ڕێنووسی کۆنی گریك وەرگیرابوو، هەروەك لەسەرەتاکانی سەدەی چوارەمی زایین کە ئاینی مەسیحی بوو بە ئاینی دەوڵەت، زمان و ڕێنووسی قیبتی لە لایەن ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانیەوە بوو بە زمانی دەوڵەت و لەوە بەدوا هەرچی ڕێنووسە کۆنەکانە وەلاوەنران بەوەی سەر بە بتپەرستین و ناشێت لە کتێبە پیرۆزەکانی یەکتا پەرستدا کاریان لەسەربکرێت.

## ئامرازو کەرەستە بەکارهێنراوەکان لە نووسیندا

چەندین جۆری ئامێری نووسین لە نووسینی ئەدەبی میسریدا بەکارهێنراون، جگە لە چەندین جۆری دەمەداسی نوك تیژ بۆ هەڵکۆڵینی داروبەردەکان، لە نووسینی کۆنی میسریەکاندا داری قەمیش دەکرا بەقەڵەم و کەرەستەیەك بووە لە کەرەستە هەرە باوەکانی نووسینی ئەو سەردەمە، هاوکات بۆیەی ڕەش کە لە گیراوەی کاربۆن و بۆیەی سوری غەرە وەك مەرەکەب بەکاردەهێنران، زۆربەی نووسینەکانیش لەسەر کاغەزی گەڵاو سیرامیك و بەردی قیرین دەنووسرانەوە، ڕەنگە کاغەزی ئەوجۆرە گەڵایانە نرخیان گران بووبێت، بەوەی کە دەگیرایەوە" یان خۆشەدەکراو توانای پارچە پارچەکردنی ئاسان بووە بۆ نووسینی نامەو شتی تر، هاوکات ئەو جۆری گەڵایە وەرزی تایبەت بەخۆی هەبووە، هەر بۆیە لە زۆربەی کاتەکاندا پەنا براوەتە بەر سیرامیك و مادەکانی تری نووسین کە دروستکردنیان ئاسانتر بووە. وەك دارو گەچ و عاجی فیل.

کاتێك کە میسر داگیرکراو بوو بە ویلایەتێکی ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی ترۆمانی، قەڵەمی ڕۆمانی کورتی نوك تیژ جێگەی قەڵەمە کۆنەکانی میسری گرتەوەو مەرەکەبی یۆنانی کە لە قورقۆشم دروست دەکرا" شوێنی مەرەکەبی کۆنی میسری گرتەوەو بەو شێوەیە میسریەکان بە تەواوی پشتیان بە کەرەستەی نووسینی یۆنانی بەست و بە هۆیەوە نووسینەکانی میسری ئەو سەردەمە زیاتر رووی لە وردی و روونی کرد.

## پاراستنی نووسراوەکان

وێنەیەکی هەڵکۆڵراوی دووجوتیاری میسری کۆن کە جلی کەتانیان لەبەرەو رووەکی بوردی کۆ دەکەنەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی نۆزدەهەم، قەبرە دروستکراوەکانی ژێرزەمین لە بیابان باشترین ژینگە بوونە بۆ پاراستنی ئەو تابلۆیانەی بە رووەکی بوردی نووسراون، بۆ نمونە : چەندین نووسراوی مردووان هەن بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ڕۆح بۆ جەستەیان و بۆ ژیانی دونیای نەمری لەو ژینگەیە تا

ئێستا بە پارێزراوی ماونەتەوە. هاوبار وەك نەریتێکی زانستی چەندین نووسراوی تری سەردەمی دوای هاتنی ئایینی مەسیحیەت هەن لەسەر ئەو درەختانە نووسراون و زۆربەی ئەو بابەتە غەیرە ئایینیانەی لە ژێرزەمینەکاندا پارێزراون لە گەڵای ئەوجۆرە درەختانەن کە لەو سەردەمانەوە بۆمان ماونەتەوە. زۆربەی ئەو نووسراوانەی سەر تاوێرە بەردەکان تووشی لەناوچوون هاتوون، چونکە ئەو تاوێرە بەردانە بۆ ماوەیەکی لە لایەن کەسە ساویلکەکانەوە زۆر تێکدەشکێندران و دەکرانە کەرەستەی بیناسازی و لەجیاتی بەردی ئاسایی بەکار دەهێنران، هاوبار تابلۆ سیرامیکیەکان پێویستی زۆریان بە ژینگەیەکی وشك و بێ ئاو دەبێت تا پاراستنی نەخشی مەرەکەبەکان مسۆگەر بکات.

هەر یەك لە "جۆن. و تیت" دوپاتی دەکەنەوە کە بابەتە میسریە نووسراوەکان" ئەوانەی تا ئێستا ماونەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ شوین و سەردەمانی زۆر لێك جیاواز، بۆ نمونە :چەندین بابەتی نووسراو هەن کە دەگەڕێنەوە بۆ چاخە کۆنەکان و لە ناوچەی دەلتای نیل دا ماونەتەوە، هاوکات لە رۆژاوای تیبەدا زۆر بە چڕی بوونیان هەیە، هەروەك تیت تێبینی ئەوەشی کردووە کە چەندین نوسخەی دارەبوردیەکان هەن، بەڵام هەندێکیان تاقە نوسخەیەکیان لێ ماوەتەوە، وەك چیرۆکی "کەشتیەوانە وونبووکە" کە دەگەڕێتە بۆ چاخی ناوین. وێرای دۆزینەوەی هەمان چیرۆك لە نوسراوە بەردینەکانی چاخی نوێ، هاوبار زۆربەی نووسراوە کۆنەکان جگە لە چەند پارچەیەکی دیاریکراو، هیچ نوسخەیەکی تری لێ نەماوەتەوەو زۆربەی نوسخە راستەقینەکان تووشی فەتارەت و فەوتان هاتوون.

## پێشکەوتنی زمانی میسری کۆن

دوو راگری ستوونی بەردین کە نووسراوێکی هیرۆگلیفی لەسەرە لە پەرستگایەکی رامیسیۆم و لەسەردەمی رامسیس پاشا هەڵکۆڵراوە، وێرای ئەوەی کە نووسین لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین پەیدا بووە، بەڵام بە تەنها لە نووسینی ناو یان نازناوەکاندا بەکارهاتوەو تا نزیکەی ٢٦٠٠ پ ز بەردەوام بووە، لە سەرەتای چاخی دەوڵەتی کۆن و لە رێگەی ئەم پێشکەوتنانەوە سەرەتای پێشکەوتنی زمانی میسری پەیدا بووە کە زمانێکی کۆنی میسری بووەو نزیکەی ساڵی ٢١٠٠پ ز زمانی ئاخاوتنی گشتی (عەوام) بووە. دواتر و لە سەرەتای چاخی ناوینەوە زمانی پەتی میسری چاخی ناوین پەیدابووە کە هەر لە زمانە کۆنەکەوە سواوە، وێرای ئەوەش ئەم زمانە نوێیە لە رووی زمانەوانیەوە تایبەتمەندی خۆی هەبوە. بە پێی بۆچوونی زۆربەی زانایان و ئاسەوارناسان زمانی گشتی لە میسر و دەوروبەری دەگەڕێتەوە





بۆ ١٦٠٠ پ ز، بەڵام وەك زمانی نووسین لە ١٣٠٠ پ ز بەکارهێنراوە کە بەسەردەمی ئاوەدانکاری دەوڵەتی نوێ دادەنرێت. بە هاتنی سەدەی حەوتەمی پێش زایین، زمانی میسری بوو بە زمانی دیمۆتیکی و تا سەدەی پێنجەمی زایینی بە کاوەخۆ پێشکەوتنی بەردەوامی بەخۆوە دەبینی و دواتر زمانی قیبتی هەر لە سەدەی یەکەمی زایینەوە بەهۆی هاتنی ئایینی نوێی کریستینەکانەوە (مەسیحیەکان) بوو بەزمانی فەرمی دەوڵەت. رێنووسی هیرۆگلیفی شان بە شانی هیراتیکی وەك نووسینی چاخی هەر دوو دەوڵەتی کۆن و ناوین بەرێوەچوو.. دواتر بووە رێنووسی باوی چاخی نوێ. ئینجا لە چاخی دەوڵەتی نوێدا، زمانی میسری کۆنیش کە زمانی هیرۆگلیفی کۆن بوو، هەروەها تایبەت بە نووسین و خوێندنەوە بوو، هاوبار زمانی چاخی ناوین بوو بە زمانی گفتوگۆو نوسراوە پیرۆزەکان وەك چیرۆکە مێژووییەکان و تەرتیلەکان و تەلیسمە پرسەیی و ئایینیەکان، وێرای ئەوەش هەموو بابەتە ئەدەبیە کۆنەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو چەندین جار دووبارە.. هەر بە زمانە رەسەنەکە" بە هیراتیکی دەنووسرانەوە.

## بەرهەمی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و فێرکاری

پەیکەرێکی بەردینی رەنگاورەنگی کاهینێکی میسری کە بە چوار مشقی دانشتوەو تەلیسمێك دەخوێنێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی پێنجەمی دەسەڵاتداری میسریەکان، ئەو سەردەمە نووسین و خوێندن پێویستی سەرەکی دامەزراندن بوون لە کارو وەزیفە گشتییەکاندا، هەر وەك چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەت لە خوێندەواران هەبوون لە راپەراندنی کارو بارە حکومیەکان هاوکاری پیاوانی دەوڵەتیان دەکرد. هەر لە رێی تەلیسمەکانی (ئەنستانسی یەکەم)ەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رەعامسە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، پیشەی نووسەرانی ئەو سەردەمە پارمەتیدانی دەسەڵاتداران بووە لە " رێکخستنی ژێرزەمینەکان و نژیاری و ژمارەی پیاوانی ئامادەکراو بۆ گواستنەوەی کەرەستەو کاڵا سەربازیەکان، نووسەران جگە لە پیشە حکومیەکان، نووسراوو بەڵگەنامەی بازرگانی و یاساییان بۆ خەڵکە رەش و رووت و نەخوێندەوارەکە دەنووسی و رێکدەخست. هاوکات ژمارەی خوێندەوارانی ئەو سەردەمە ١٪ ی دانشتوانی تێپەڕ نەدەکردو زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە بریتیبوون لە جوتیاران و پیشەکاران و شوان و گاوان و کرێکارە نەخوێندەوارەکان، هاوکات ئەو بازرگان و گەورە پیاوانەی کە پێویستییان بە خوێندەوارەکان هەبووە. بە پێی زانستەکانی "دەواخیتی" کە دەقێکی میللی سەردەمی رەعامسەیە، سوکایەتی بە کارە سەرپێییەکانی وەك راوە ماسی و

جوتیـــاری و دروســـتکردنی ســـیرامیك و خزمـــەتکاری و ســـەربازی کـــردوەو“ ڕۆڵـــی نووسەرانی بەرز نرخاندوە، پێگەی نووسەران و خوێندەواران هەمیشە جێی ڕێز و بایـەخ و بابەتی سەرەکی حکومڕانان بووە.

چـینی نووســەران هەمیـشە بەرپرسـیارێتی پاراستن و نووسینەوەی ئەدەبی کلاسیکی و نووسینەوەی بابەتی نوێیان کەوتۆتە ئەستۆ، خوێنـدکاران و شـاگردان هەمیـشە نوسـراوە کلاسیکیەکانیان نووسیوەتەوە وەك چیرۆکی (سینۆهە)* و ڕاسپاردەکانی ئامون مۆحات و ئەمـەش ڕاهێنـانێکی پـەروەردەیی بـوە بـۆ شاگردان تا فێری بەها ئەخلاقیـەکان و بنـەما چەسپاوەکانی تایبـەت بـە چـینی نووسـەران بن.. وەك ئادابی فەلسەفی (الحکمـە) کـە لـە سەردەمەدا زۆربەی دەقە پەروەردەییەکانی گرتبـــــووەوە“ بـــــەڵام چـــــیرۆکە حیکایەتخوانیەکانی وەك چیرۆکی "سینۆهە، نیفەرکارع و ساسینیتی فەرماندە".. کەمجار وەك بابـەتێك یـان پـەیرەوێکی پـەروەردەیی چاخی دەوڵەتی نوێ دەنووسرانەوە.

"ولیام کیلی سامپسۆن"پـسپۆر لـە مێـژووی میسری دەڵێت:" زۆربەی ئەو چیرۆکانەی بـۆ گێڕانـــەوە نووســـرابوون وەك چـــیرۆکەکانی ســـینۆهە و کەشـتیەوانە ونبوەکـــە بـــەوەی کۆمـــەڵێك ئامۆژگـــاری و زانیارییـــە لـــە نـــاو چیرۆکەکاندا دارێـژراوە، هـەر ئـەو چـیرۆکانە چەندین چاکەخوازی و ڕابەری باشەیان لەخۆ گرتووە کە هـەر بـە تـەنها چـینی نووسـەرانی نەدەگرتـــەوە، بـەڵکو بـۆ هـەموو کەسـێکی ئاسایی و نەخوێندەواریش دەخوێندرایەوە.

هاوکات چەندین نووسراو دۆزراونەتـەوە کـە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ئـــەو کەســـانەی بەتـــەنها نووسین و خوێندەوارییان هەبووەو هـەرگیز لە دەستەی نووسەرانی دەربارو کۆشکەکان نەبوونـــە وەك نووســـینەکانی "مینینـــا"ی نیگـارکێش و کارەکـەر لـە دەیرێکـی کـۆنی شاری چاخی بنەماڵـەی بیستەمی میسریە کۆنەکان، کە چـەندین گرتـەی چـیرۆکەکانی وەك جوتیـــاری زمانپـــاراو، یـــان ئـــەو کەشتیەوانە وونبوەی کە نامەیەك بـۆ کـوڕە لاسارو چەقاوەسوەکەی دەنێرێت".

تابلۆیـــەکی بـــەردین کـــە نووســـراوێکی هیرۆگلیفـی ڕەنگـاورەنگی جـوانی لەسـەر هەڵکۆڵراوە، لە پـەرستگای "کەرنـەك" لـە سەرووی چەند ستوونێکدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ســەردەمی پاشــای ســیتی یەکــەم، هــیچ نووســراوێکی ئــەوتۆ لــە بەردەســتدا نییــە بـــەوەی میـــسریە کۆنـــەکان هونـــەری گوتارخوێندنەوەیان پەیڕەو کردبێت، بـەڵام بەڵگەی زۆر بەهێز هەن کـە گوزارشـت لـەوە دەکەن بۆ نمونە: تابلۆی تەرمەکـەی پاشـا سنۆسـەرتی یەکـەم کـە چـەند کەسێکن لـە دەوری (کاهینێـــــك) نووســـــەرێکدا کۆبوونەتەوە تـا دەقـە جەنایزیـەکانیان بـۆ بخوێنێتـەوە، هاوبـار هونـەری گـۆرانی وتـن لـەناو میسریە کۆنەکانـدا زۆر بـاوو بـەربڵاو بـــووە. کـــە کاریگـــەری زۆری تەرنیمـــە







جەنایزیـەکانی وەك پیاهەڵـدان و دەربڕینـی خۆشەویستی و سۆز بـۆ ڕابـەرە مردووەکـانی تێدا بووە.

ئـەدەب هاوکـات لـە ئامانجـە ئایینیـەکان بـــەکارهێنراوە هـــەر لەســـەرەتاوە واتـــا لەسـەردەمی هەڕەمـەکانی چـاخی یەکەمـەوە وەك ئەو دەقە جەنایزیانەی کە بەسەر دیواری پەرستگاو گۆڕەکانـەوە هـەڵکۆڵرابوون ، یـان نووسـراوی نـاو گۆڕەکـان کـە بـۆ مردووەکـان دەنووسرانەوە تا ببێتـە ڕابـەری ڕۆحییـان بـۆ ڕۆژی دوایین و بەرەو نەمرییان ببات.

هەرچەندە زۆربەی دەقە ئەدەبیەکان لە لایەن پیاوانـــەوە نووســـرابوون، بـــەڵام چـــەندین نووسـراوی مێینـە هـەبوون، چـەند بەڵگەیـەك هەن ئاماژە بـەو نامانـە دەکـەن کـە لـە لایـەن ژنانـــەوە بـــۆ هاوســـەرە مردوەکانیـــان نووســـراونەتەوە. لەگـــەڵ ئـــەوەش ئیـــدوارد وینێت ی ئاسەوارناسـی میسریەکان دەڵێـت: "ئەگەرچی بەڵگە هـەن بـەوەی کـە ژنـان ئـەو نامانایـــەن نووســـیبێت ، بـــەڵام دوور نییـــە هەندێك لە ژنـە خـاوەن سـەرمایەکان پیـاوانی نووسەریان بە کرێ گرتبێت تا ئـەو نامانـەیان بۆ بنوسن. چـونکە هـیچ تابلۆیـەك ئامـاژە بـە بـوونی نوسـەرێك یـان کـاهینێکی ژن نـادات، ڕەنگـە ئـەو پیـشەیە (نووسـین) بـە تـەنها بـۆ پیاوان بڕا بێتەوە".

## دیاریکردنی مێژووی دەقەکان

کـــۆنترین دەقـــی نووســـراو، تـــابلۆی "میناخیت"ی گەورەیە کە نووسەران مێژووی فیرعـــەونی خواوەنـــد (ئـــایی) یـــان لەســـەر تۆمـارکردوە، بـە بۆچـوونی هـەر یـەك لـە ریچارد بارکنسۆن و لۆدفیگ مۆرینز ئەدەبی میـسری کـۆن تـا سـەردەمی چـاخی نـاوین نەنووســـراوەتەوە، واتـــا تـــا ســـەردەمی قەڵەمڕەوی بنەماڵەی دوازدەهـەم، نووسـین لەسەردەمی چاخی کۆندا بە تەنها تەلیسمە ئایینیـــــەکان و کـــــارە بازرگانیـــــەکانی گرتۆتەوەو بە هیچ شـێوەیەك بـۆ نووسـینی مەســـــەلە کولتـــــووری و بوورینـــــەکان (الترفیهیـــە) نەنووســـراوەتەوە. هـــەر وەك بـــەپێی بۆچـــوونی بارکنـــسۆن و مـــۆرینز ئەگەرچی دیاریکردنی مێژووی نووسینەکان بەپێی خوێندنەوەی هیلکاری ناسی بە هۆی هەمەچەشـــنی ڕێنووســـەکانی هیراکیتـــی، کـــارێکی زۆر ســـەخت و گرانـــە، بـــەڵام نووســـینەکانی ســـەردەمی چـــاخی نـــاوین، درێـژەدان بـووە بـە نووسـینی ئـەو دەقـە زارەکیانـەی کـە لـە چـاخی کۆنـەوە بۆیـان ماوەتەوە.

هـــەر وەك لێکۆڵینـــەوە لـــە چـــۆنیەتی ڕێکخـــــستنی نووســـــین و هێمـــــا بـەکارهێنراوەکان هـەر کـارێکی سـەختە، بەوەی هەندێك لە نووسەران هێمای زۆریـان لـەو شـێوە کۆنـە بـەکارهێناوە، بۆیـە دەتوانین بڵێین کە شێوازی نووسـینی کـۆن لە دیاریکردنی مێـژووی دەقـەکان زۆر کـەم یارمـــەتی زانایـــانی داوە. بۆنمونـــە: نووسەرانی چاخی ناوین چەند دەقێکیان لە حیکەمـــــەت و قـــــسەی نەســـــتەق

نووسـیوەتەوەو کـە بـە چـاخی زێـڕین نـاو دەبرێت بەوەی کە زانستەکانی کـای جیبنـی هاتوونەتــە کایــە ئەدەبیەکــەوە. هــەروەك چــەندین چــیرۆکی تــر هــەن کــە بــاس لەسەردەمی ئـالۆزی و پـشێویەکان دەکـات و هــەر لــەو ســەردەمەدا چــیرۆکی جوتیــارە زمانپاراوەکـە نووسـراوە" کـە گوزارشـت لـە جۆرە یاخیبوونێك دەکات دژ بە داگیر کـاری کەمپۆچیەی فارسی یان رۆمانیەکان".

## جۆرو بابەتەکانی ئەدەبی میسری دێرین

زانا هاوچـەرخەکانی مێـژووی میـسری دێـرین ئەدەبی میـسری کـۆن دابـەش دەکەنـە سـەر چەندین لایەنی جیاجیـا، بۆنمونـە: لاوانـەوە، گوتارخوێندنــەوە، چــیرۆك و زانــستەکان و راســپاردەکان. هــەر بــە تــەنها چــیرۆکی گێڕانــەوەن کــە بــە شــێوەی پەخــشان نووســراونەتەوە، جگــە لــە چــیرۆکەکانی گێڕانـەوە(حیکایـەتخوانی)و چـەندین جـۆری تری دەقی ئەدەبی بە شێوەی دێری شـیعری نووسراونەتەوە کە هەندێکیان لە دوو دێر یان سێ و چوار دێر پێك هاتوون..

## راسپاردەو زانستەکان

پارچەیەك لە بوردیەی تێك و پێکدڕاو کـە بـە هەردوو مەرەکەبی سوورو رەش بە ڕێنووسـی هیراتیکی لەسەری نووسـراوە. دەگەڕێتـە بـۆ چاخی دەوڵەتی نوێ کـە لـە ڕێیـەوە ئـەدەبی زانــستەکان و راســپاردەکان دەردەکــەون و گوزارشت لە جـۆرێکی ئـەدەبی زانـستەکان و راسپاردەکان دەکەن کە لەو پەری رۆژهەڵاتی کـۆن سـەریان هەڵـداوە. لـەو بـاوەڕەن کـە دەگەڕێتــەوە بـۆ دەوڵـەتی چـاخی نـاوین، دەقەکانی ئەم تابلۆیە بە زۆری گێڕانەوەیەو دەکرێت بۆ بوورین (ترفیە) بخوێندرێنـەوە، بارکنسۆن دووپاتی دەکاتـەوە کـە چـەندین بەڵگە هەن ئاشکرایدەکەن کە ئەو دەقانە بە مەبەسـتی زانـستەکان نەنووسـراون، بـەڵکو زۆربەیان ئامانجی ئایدیۆلۆژییان لەپـشتەوە بـووە. بـۆ نمونـە ئـەدوەڵف ئێرمـانی زانـای شــوێنەواری میــسری کــۆن بــاس لــە راسپاردەکانی ئامون موحات دەکات کە بـۆ کوڕەکانی جێی هێشتوون. کە سەر بە هـیچ ڕێبـازو فەلـسەفەیەکی ئـەوتۆ نییـە. بـەڵکو هەر راسپاردەیەکە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە وەفـای باوکـان بـدەن بـۆ پاشـاکانیان، لـە کاتێکــدا ئــەدەبی گێڕانــەوە هــەن وەك جوتیــاری زمانپــاڕاو کــە خــۆی لەخۆیــدا بــەرەنگار بوونــەوەی ئایـدیۆلۆژیاو نەریتـە باوەکـانی کۆمەڵگـە بـووە. بـەڵام زۆربـەی راسپاردەکان جەختیان لە پابەنـد بـوون بـە کۆمەڵگەو نەریتەکانی کردووە.

ئەو وشە بنەڕەتیانەی کە یارمەتی زانایـانی داوە بەوەی دەقـە راسـپاردەییەکان دیـاری بکـەن دۆزینــەوەی برگــەی (رە)یــە واتــا ماریفەت، (سپایپ) یـش واتـا زانـستە، ئـەم دەقانـە زۆرجـار لـە شـێوەی ئامۆژگـاری و ئاراستە کاری ورە بەرزکردنەوە دەبوون کە لــە کەســایەتیەکانی وەك فیرعــەون یــان وەزیرەکانەوە ئاراستەی کوڕەکان و کەسـە





نزیکـەکانی خۆیـان کـردووە. بـۆ نمونـە وەك بوتــاح حۆتــەب و راســپاردەکانی ئــاموون موحـات و زانـستی وەفـاداری و زانـستەکانی کای جیمنی و ئـەمینی مۆبیـو چـەندین دەقـی پــیرۆزی تــری ســەردەمی چـاخی نـاوین کـە لەســەر بوردییەکانــدا نووســراونەتەوە. لــەو دەقانــەی کــە لەســەر تــاوێرە بــەردەکان نووسـراونەتەوە هـیچ ئاسـەوارێکیان نـەماوە، بەڵام کۆنترینی دەقەکان کە لەسەر تەختـەدار نووســرابێتەوە وەك راســپاردەکانی بۆتــاح حۆتــەب، کــە دەگەڕێتــەوە بــۆ دوازدەمــین بنەماڵەی فـەرمانڕەوا، بوتـاح حۆتـەب و کـای جیمنی یە کە لەسەر بـوردی جیبـسی (کلـسی دەســــکرد)نووســــراونەتەوە. بــــەڵام نووســـراوەکانی ســـەبارەت بـــە پـــەیمان و وەفـاداری بـۆ پاشـاو نیـشتمان، لەسـەردەمی چاخی نوێـوە بـە پـارێزراوی ماونەتـەوە، خـۆ ئەگەرچــی بەشــی یەکــەمی نووســـراوەکە لەســـەردەمی بنەماڵـــەی دوازدەهـــەم و راسپاردەکانی ئاموون مۆحاتیش دەگەڕێتەوە بۆ چاخی ناوین، بـەڵام لـە سـەردەمی چـاخی نوێـــوە پێمـــان گەیـــشتوون و هاوبـــار راســپاردەکانی ئــامون مــۆبی دەگەڕێتــەوە بۆسەردەمی چاخی نوێ.

## چیرۆك و سەرگوزشتەکان

حیکایـەتخوانی و چـیرۆك و سەرگوزشـتە لـە ئەدەبی میسری کۆنـدا کـەمترین رووبـەری لـە کایەی ئەدەبیـدا لـەخۆ گرتـووە، کـە هـەر لـە چـاخی نـاوین و زمـانی ئـەو سـەردەمەوە تـا ئێستا ماوەتەوە. بەڵام ئەم کایـە ئەدەبیـە لـە سـەردەمی رەعامسەوە تـا کۆتـایی چـاخی نــوێ بــەردەوام پێــشکەوتنی بەخۆیــەوە بینیــوەو بۆتــە کایــەکی ســەرکەوتووی ناوەنـدی ئـەدەبی. ئـەو چـیرۆکانەی کـە دەگەڕێنــەوە چــاخی نــاوین" زۆربــەیان چـیرۆکەکانی ئەنجومـەنی خۆفـۆ و پاشـاو نیفەر کاراع و ساسینیت ی فەرماندەن، یان باسـی جوتیـارە زمانپاراوەکـەو چـیرۆکی سـنیۆهە و باسـی کەشـتیەوانە ونبوەکـەن، بـەڵام چـیرۆکەکانی چـاخی نـوێ بـاس لـە رووخانـدنی یافـاو شـازادە نەفرەتیەکـەو چـیرۆکی دووبراکـەو چـیرۆکی وێنـاموون دەکـات، ئـەو چـیرۆکانەی بـۆ هـەزارەی یەکـەمی پـێش زایـین دەگەڕێنـەوە کـە بـە ڕێنووسی دیمۆتیکی نووسراونەوتەوە وەك: چـیرۆکی تـابلۆی برسـێتی (کـە هەرچـەندە دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمی بــەتلیمۆکان، بەڵام باس لە چیرۆکێك دەکات دەگەڕیتـەوە بۆ چاخی کـۆن)، چـیرۆکەکانی خاعـاموس (ســـەردەمی بنەماڵـــەی نۆزدەهـــەم)، ئینارۆس( چاخی داگیرکردنی میسر لەلایەن کەمپۆجیەی فارسەکانەوە)، کـە بوونـە دوو قارەمانی ئەفسانەیی لەسەردەمی بەتڵـەمی و رۆمانەکان.

خەیاڵی میسری کۆن خەیاڵێکی بـەرفراوان و پـڕ بڕشـت بـووە، کـە ئەمـەش لـە چـەندین ئەفــسانەی خورافیــدا بــە روونــی دەردەکــەوێت، بــۆ نمونــە: چــیرۆکی کەشـــتیەوانە ونبوەکـــە.. نووســـەر

دەمانگەیەنێتە دورگەیەکی بیاباناوی و لەوێ چاوی بە مارێک دەکەوێت کە توانای قسەکردنی دەبێت و دەدوێ، بەڵام چیرۆکەکانی وەک سینۆهە، رووخانی یافا، شازادە نەفرەتیەکە، ئەمەیان وێنایەکی خەیاڵ ئامێزی ژیانی گشتی میسرییە ئاوارەکان دەردەخات، هەرچی چیرۆکی وێناموونە چیرۆکێکی راستەقینەیە سەبارەت بەو پیاوەی لە سەرەمی رامسیسی یازدەهەمین رۆیشتە شاخەکانی فینیقیا لە لوبنان تا داری "سەروو" بێنێتەوەو کەشتیەک بۆ پاشا دروستبکات.

زۆربەی نۆڤلێ و چیرۆکە میسریەکان لەسەر تابلۆی بوردیەکاندا دۆزراونەوتەوە، برێکی کەمی دەقەکان یان هەندێک لە دەقەکان بە تەواوەتی لەسەر بەردە نەخشێنراوەکان دۆزراونەتەوە. بەنمونە: چیرۆکی سینۆهە لەسەر پێنج بووردیدا دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی دوازدەهەم و سیازدەهەم ، کە چەندین جار لە سەردەمی بنەماڵەی نۆزدەهەم و بیستەم لەسەر تاوێرە بەردەکان دووبارە نووسراونەتەوە، کە یەکێکیان لەسەر هەردیوی بووردیەکان بە تێروپڕی نووسراوەتەوە.

## لاواندنەوەو گوتارو دیالۆگ

وێنەی باڵندەیەک کە سەری مرۆڤی لەسەرە، لە لای میسریە کۆنەکان هێمایە بۆ (رۆح = با)، کە لە چیرۆکێکدا یەکێکە لە کەسایەتیە سەرەکیەکانی دیالۆگی نێوان مرۆڤ وخودی رۆحیدا، ئەمەیان جۆرێکی تری ئەدەبە لە چاخی ناویندا سەریهەڵداوە، ئەمەش ئەدەبی شیوەن و لاواندنەوەو گوتارو دیالۆگە، کە هەر یەک لە گلەیی بەرانبەر بە ئیبۆرو پەیامبەرێتی نیفەرتی و دیالۆگی نێوان مرۆڤ و رۆحی دەگرێتەوە. پێشتر هیچ جۆرە دەقێکی ئەدەبی لەم شێوەیە لە چاخی کۆندا نەبینراوەتەوە، هاوکات هیچ جۆرە دەقێکی لەم شێوەیە لە چاخی نوێدا نەنوسراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش، چەندین بەرهەمی وەک پەیامبەرێتی نیڤەرتی نووسراونەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رەعامسە (خێزانی خانەدان) لە چاخی دەوڵەتی نوێدا ١٣٠٧ ــ١١٩٦ پ ز. بەڵام ئەمجۆرە ئەدەبە قۆناغێکی گۆڕانکاری نوێ بووە لە سەردەمی میسری بالتەمی و رۆمانیەکان. دەکرێت ئەدەبی گوتارەکان هاوشانی ئەدەبی زانستەکان وەک جۆرێکی رەوتی ئەدەبی فەلسەفی هاوشێوەی ئەدەبی رۆژهەڵاتی کۆن (هیند وچینی)ناوزەد بکرێن.

دەقەکانی چاخی ناوین کە بابەتەکانی سەر بە روانگەیەکی رەشبینییە بەرامبەر بە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان، وەک دیالۆگی نێوان مرۆڤ و رۆحی خۆی کە داوای لێدەکات ئایا بەردەوامی لەژیان دەوێت و بەرگەی نائومێدیەکان دەگرێت، یان هەوڵی مردن دەدات بۆ ئەوەی کۆتایی بە خەمە دوانەبڕاوەکانی ژیان بهێنێت. هەرچەندە ئەو چیرۆکانە بە چیرۆکی کارەساتبار ناوزەدکراون، بەڵام پەیامبەرێتی نیفەرتی کە لە سەردەمی ئاموون موحاتی یەکەم نووسراوەتەوە پێداگری لەو رێگەیە دەکات، کە باس لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئیجابی دەکات بۆ هەموو جیهان. "سیمپاسۆن"ی پسپۆر لە میسریناسی ئەو پەیامبەرێتییە بەوە وەسف دەکات " گەشتێکی سیاسی بەدرەفتارە، کە ئامانج لێی گۆرانکاریەکی ریشەییە لە سیستمی حوکمی دوازدەهەمی بنەماڵە، کە ئامون مۆحات دوای دەستگرتنە سەر عەرشی مانتوحوتەبی چوارەم و دوایین پاشای بنەماڵەی یازدەهەم دایمەزراندبوو. ئەو چیرۆکە باس لە پەیامبەرێتی نیفەرتی کاهین و دانا بۆ پاشا سەنفرۆ دەکات، بەوەی وڵات دەچێتە قۆناغێکی نوێی ئاڵۆزی و دەبێتە سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی وڵات، کە لەسەر دەستی ئەمینی پاشای دادپەروەر کۆتایی بەو پشێوییە دێت، کە ئاماژەیە بۆ ئاموون مۆحاتی دووەم.

## هۆنراوەو گۆرانی و تەرتیلەو دەقەکانی قیامەت

هێڵکارییەکی رەنگاورەنگ گوزارشت لە رۆژی لێپرسینەوە دەکات، بەوەی دڵی کەسە مردووەکە لە بەردەم خواوەندی دادوەری (ماعات)دا دەخرێتە سەر تەرازوو، بەرانبەر بە پەڕێک کە خراپەکاریەکانی دونیایەتی، جا ئەگەر دڵی قورستر بوو" بۆی هەیە بچێتە بەهەشتەوە، یەکەم دەرکەوتنی نەخش و نیگارە بەردینە جەنایزیەکان لە چاخی دەوڵەتی کۆندا دەرکەوتن، کە لە گۆڕستانی مەساتیبەکاندا دۆزراوەنەتەوە، بەوەی کە ئەو نەقشانە ناوی مردووەکەو کاروپیشەی و چاکەخوازیەکانی لەسەر بووە. بە پێی بڕوای ئەو سەردەمە هۆنراوە جەنایزیەکان بۆ پاراستنی رۆحی پاشای مردوو بووە. دەقەکانی ناو هەڕەمەکان کە کۆنترین دەقی ئەدەبی ئایینیە بە شێوەی هۆنراوە ماونەتەوە. ئەو دەقانە لە گۆڕستانە سادەو هەڕەمە نوێیەکانی سەردەمی پێش ئۆناسی پاشا نەبینراون، کە هەرەمی ئۆناسی لەسەقارە دروستکرد. ئامانج لەو دەقە ئایینیانە پاراستنی رۆحی پاشایەتی بوە بۆ ئاخیرەت. دواترو لەسەردەمی چاخی ناوین جۆریکی تری دەقە ئایینیەکان وەدەرکەوتن کە دەقی سەر تابووتەکان و دواتر کتێبی مردووان و نوێژی خواوەند(رەع) و کتێبی ئاخیرەت دەرکەوتن، کە لەسەر بوردا نوسراون و هەر لەسەردەمی چاخی کۆنەوە تا چاخی نوێ بەردەوام بوونە. هەروەها چەندین هۆنراوە بۆ ئاهەنگە دەرباریەکان نووسراونەوتەوە، بۆ نمونە: لە پەرستگای کەرنەک چەند دێرە شیعرێك لەسەر دیواری پەرستگاکە هەڵکۆڵراوە کە گوزارشت لە سەرکەوتنە سەربازیەکانی تەحتامۆسی سێیەم دەکات و باسی پیرۆزبایی خواوەند دەکات بەوەی کە سەرکەوتنەکانی بەسەر

دوژمنەکانیدا بۆ دەستەبەرکرد. جگە لەو هۆنراوانەی کە لەسەر بەرد هەڵکۆڵراون، چەندین شیعر دۆزراونەتەوە کە جگە لە بەرزراگرتنی پاشاکان لەسەر تابلۆ تەختەییەکان نوسراون و شاگردانی قوتابخانە ئایینیەکان بەکاریان هێناوە، ئەو هۆنراوانە بۆ پیاهەڵدانی چەندین خواوەند و تەنانەت بۆ خۆشەویستی و ترس لە رووباری "نیل"یش نووسراونەتەوە.

تابلۆیەکی تری رەنگاو رەنگی سەر دیوارە کۆنەکان " وێنەی نابینایەکە گیتار دەژەنێت کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی هەژدەهەم". لە گۆرانی تەرتیلەکانی چاخی دێرین جگە لە سڵاوی خواوەندی بەیان لە پەرستگا تایبەتەکەی هیچی تر نەماوەتەوە، بەشێکی تری گۆرانیە تایبەتەکان بە پاشا سنۆسەرتی سێیەم لە لاهوون دۆزراونەتەوە، "ئێرمان"ی زانای پسپۆر لە میسریناسی دەڵێت ئەم گۆرانیانە بە مەبەستی پێشوازی کردن بووە لە فیرعەونی پاشا لە مەنەف، بەڵام ئەو گۆرانیانەی لەسەر ئامێری هارپ دەژەنران، لە چاخی ناویندا دەرکەوتن، کە لە کاتی ئێوارەخوانەکان و مەراسیمەکان لەبەردەم میوانەکان دەژەنران.

ئاخناتون لەسەردەمی قەڵەمڕەوەی خۆیدا تەرنیمەی گەورەی ئاتوونی بۆ خواوەند ئاتوون نووسی، کە لە گۆڕستانی "ئای" لە ناوچەی تەل عەمارنە دۆزراوەتەوە، کە سیمپسۆنی ئاسەوارناس بەراوردێکی وردی نێوان داڕشتن و زنجیرەی بیرکردنەوەو هێمای (١٠٤)دا کردووە. کە دەڵێت وێرای بوونی چەندین تەرتیلەی ئایینی نووسراو بە رێنووسی هیرۆگلیفی، جگە لە شیعرێك کە ئەویش بە رێنووسی دیمۆتیکی نووسراوەتەوە، هیچ شیعرێکی تر نەماوەو هەموو بەر فەتارەت و فەوتان و لەناوچوون کەوتوون.

هیچ گۆرانییەکی خۆشەویستی سەردەمی چاخی سەرهەڵدانی نوێ تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە سەردەمە کۆنەکان نەوترابێت و نەبووبێت، هەر بەو هۆیەشەوە ئێرمان بەراوردێکی بچوکی نێوان گۆرانیە کۆنەکانی میسرو سیفری تۆپی سروودەکانی کردووە، لە کاتی گوتاری زارەکی بە "برام" و "خوشکم" کە دوو خۆشەویست وەك ئاماژە بە یەکتریان وتوە، ئەم دوو گوتارە لە هەردوو سروودەکەدا بەکار هێنراون.

## نامەکان

چەند نوسراوێکی هیراتیکی لەسەر پارچە بەردێکی قیرین کە کۆمەڵە نامەیەکی "خای" یەکێك لە وەزیرانی رەمسیسی دووەمە.. دۆزراونەتەوە، کە زۆرجار نامە فەرمییەکان لەسەر پێچراوەی بوردی دەنووسران و بۆ شوێنێکی دوور و بۆ ماوەیەکی درێژ دەنێردران.. بە مۆری قوری تایبەت مۆر دەکران. بەڵام ئەو نامانەی کە لەسەر بەرد هەڵدەکۆڵراون زۆر جار بۆ نامەی ئاشکراو کورتە نامە و بۆ شوێنێ نزیك بەکار دەهێنران، هەروەها نامەی پاشایەتی و نووسراوە فەرمییەکان بە رێنووسی هیراتیکی دەنووسران. یان بە رێنووسی هێرۆگلیفی لەسەر بەردی تایبەت هەڵدەکۆڵران. کۆنترین نامەی تایبەت و ناسراو کە لەسەر تابلۆی بوردی نووسرابێتەوە لە پەرستگایەکی جەنایزیدایە" دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (دیدکاری ــ ئیزیزی) کە سەر بە بنەماڵەی پێنجەمی دەسەڵاتە، هاوکات بوردی حیکاناخت، کە جوتیارێك لە سەردەمی بنەماڵەی یازدەهەم نووسیویەتی و بە درێژترین نامەی ئەو سەردەمە دێرینە دادەنرێت.

لەسەردمی رەعامسەشدا جۆرێکی تری نامەکان پەیدابوون کە بە زۆری نزاو پاڕانەوەن لە بتەکان، دواتر لە سەردەمی داگیرکاری و حوکمی فارسەکان و بەڵتەمیەکان لەسەر میسر ئەو نامانە زۆر بە دژواری پەیدابوون.

## یاداشتە هەڵکۆڵراوەکان

بەپێی بۆچوونی کاترین پاراك کۆنترینی یاداشتە هەڵکۆڵراوەکانی میسری کۆن دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، هاوکات دەڵێت "ئەم یاداشتە کۆنانە هانی خەڵکییان دەدا تا ئاهەنگ بگێڕن و شکۆمەندی خاوەن سەرگوزشتەکان بەرز رابگرن".

سەرەتا، لەدوایین سەردەمی بنەماڵەی سێیەم، لە یاداشتە هەڵکۆڵراوە جەنایزیەکاندا چەندین شتی زیادەیان دەخستە پاڵ نازناوی کەسە مردووەکەوە، ئەم کارە تا سەردەمی بنەماڵەی شەشەم بەردەوامی هەبوو، بەڵام دواتر بوو بە نووسینی ژیانی مردووەکەو ئەو ئەرك و کارگێریە حکومییانەی کە کاری تێدا کردووە، یاداشتە هەڵکۆڵراوەکان لە ناو گۆڕستانەکاندا، لە چاخی ناویندا رووی لە فراوانی کردووە، تا گەیشتە ئەوەی زانیاری بە خانەوادەی مردووەکە بنووسرێت کە زۆربەی ئەو دەقانە سەرگوزشتەی بیرۆکراسی و خاوەن موڵکە کشتیاریەکان بوون، بەڵام لەچاخی نوێدا هەندێك لەو کارانە تایبەت بوون بە ئەفسەرو سەربازە دیارەکانی سوپا، زۆربەی دەقەکانی یاداشتە هەڵکۆڵراوەکان لە کۆتایی مێژووی میسردا فشاری دەخستە سەر نزاکردن لە خواوەند تا لە ژیانی نەمریدا بەزەیی بە مردووەکەدا بێتەوە. وێرای ئەوەی سەرگوزشتەی مردووان جۆرە شانازییەك بووە بۆ ژیانی سەرکەوتووی مردووەکە، بەڵام سەرگوزشتەکانی دوای ئەو سەردەمە باسیان لە دەربڕینی شیوەن و خەمناکی دەکرد بۆ ئەو کەسەی پێشوەخت مردووە (جوانەمەرگ) بووە.

## لیست و تۆماری پاشاکان

نووسراوێکی سەر دیواری پەرستگای "کەرنەك" باس لە کارەکانی تەحتەمۆسی

سێیەم دەکات. مێژوونووسان دەڵێن: هەندێك دەقی سەرگوزشتەکان پێگەی بەڵگەنامەی مێژوویی پرپایەخیان هەیە، بۆ نموونە: سەرگوزشتەی ئەفسەرو فەرماندەکانی سوپا کە لە سەردەمی تەحتەمۆسی سێیەم نووسراون.. چەندین زانیاری ناوبراویان تێدایە، بە تایبەت لە جەنگەکانی هەرێمی شام، جگە لە نووسراوەکانی سەر دیواری پەرستگاکان کە لەو سەردەمە هەڵکۆڵراون، نووسراوەکانی سەر پەرستگای "کەرنەك"یش چەندین زانیارییان لەسەر هەڵمەتەکانی شەڕی تێدا بۆ جێ هێشتوین، هاوبار لیستەکانی رەمسیسی دووەم باسی رووداوەکانی جەنگی (قادیش) دەکەن کە لە دژی حیسیەکان هەڵیگرساندووە. کە یەکەم بەڵگەنامەی مێژووییە وەك داستانێکی شیعری لە ئەدەبی میسری کۆندا نووسرابێتەوە، بەوەش دەرگایەکی نوێ بۆ شیعری میسری کرایەوەو لە قۆناغی ئاهەنگسازی و پیاهەڵدان و مەعریفەوە هەنگاوی بەرەو نووسینی سەروەرییەکانی مێژوو ناوە.

نمونەیەکی تر لە سەردەمی "فیرعەونی نۆب بوعانخی" دامەزرێنەری بیست و پێنجەمین بنەماڵەی فیرعەونی، یاداشتێکیان لەسەر تابلۆیەکدا هەڵکۆڵیوە کە دەگەڕێتەوە بۆ رێنووسیی چاخی ناوین، ستایشی هەڵمەتە سەربازیە سەرکەوتوەکانی دەکات. چەندین بەڵگەنامەی تر هەن کە بۆ دۆزینەوەی مێژوو سوودیان لێ وەردەگیرێت، وەك لیستی پاشاکان کە بنەماڵە میسریە کۆنەکانی بنەماڵەی پێنجەم لە "دەفری بالیرمۆ" نووسیویانە، ئەو لیستانە وەك بەڵگەنامەیەك بەکار هاتوون کە خودی فیرعەونەکان بۆ وەرگرتنی عەرش پشتی پێ بەستوون. مانیتۆن ــ ی مێژوو نووسی میسری کۆن، یەکەم کەسە کە مێژووی میسری کۆنی کۆکردبێتەوە، کە لە سەردەمی بەتلیمۆسی دووەمدا ژیاوەو لەکارەکانیدا بە زۆری پشتی بە بەڵگەنامەکانی (مێژووی هیرۆدۆت) بەستوە، کە هیرۆدۆتی گریکی وەك سەرەکیترین سەرچاوە بۆ نووسینی مێژووی میسر بە زمانی گریکی نووسیویەتی و بە شێوەیەکی گشتی کاری لەسەر لیستی ئەو پاشایانە کردووە کە بنەماڵە میسریە کۆنەکان هەڵیان کۆڵیوە.

## نووسراوی سەر دیواری پەرستگاو ئارامگاکان

وێنەی هەڵکۆڵراوی سەگێك لەسەر یەکێك لە دیوارەکانی پەرستگای (کۆم ئامبۆ)، کە لە سەردەمی دەوڵەتی نوێی بەتلیمۆسەکان بونیادنراوە، زۆرجار نووسەرە گەشتیارەکان لە کاتی سەردانیکردنی ناوچە مێژوویەکان نامەیان لەسەر دیواری پەرستگاکان و ئارامگاکان و هەرەمەکان





وەك یاداشتێك نووسیوەتەوە، بەپێی بۆچوونی زانا هاوچەرخەکان، ئەو نووسەرانە هەر بە تەنها گەشتیار نەبوونە، بەڵکو بە مەبەستی حەج سەردانی ئەو شوێنە پیرۆزەیان کردووە، بەڵگەنامە هەن کە لە گۆڕستانی سانمۆت دۆزراونەتەوە باس لە پیشەی نووسینی سەر دیوارەکان دەکات کە پەیرەوی فێربوونی شاگردان بووە بۆ نووسین و خوێندنەوە. لە یەکێك لە نەخش و نیگارەکانی سەر پەرستگای جەنایزی سەردەمی تەحتەمۆسی سێیەم لە (دێر ئەلبەحری)، چەندین دەق نووسراونەتەوە کە وەرگیراون وەك (بۆتاح حەوتەب) کە لەگەڵ نوێژو ستایشەکانی سەردیوارەکانی پەرستگاکە نووسراون، زۆرجار نووسەران بۆ ئەوەی جێ دەستیان لە هاوپیشەکانی خۆیان جیابکەنەوە نەخش و نیگارەکانی خۆیان لە شێوەی کۆمەڵەی جیاجیا دەنووسیەوەو هاوکات هونەری تایبەت بە شێوازی رەنووس بەکاردەهێنرا.

## چۆنیەتی وەرگێڕان و راڤەکردنی ئەدەبی میسری کۆن

دوای ئەوەی لە سەدە بەراییەکانی یەکەمی زایین میسریە قیبتیەکان چوونە ناو ئایینی کریستینی، ئەدەبێکی تایبەتی دوور لە ئەدەبی فیرعەونیەکان یان هیلینیەکانیان لەخۆ گرت، لەگەڵ ئەوەش بە بۆچوونی هەندێك مێژووناسانی میسری کۆن، ئەدەبی میسری کۆن کە بە زارەکی نەوە دوای نەوە ماوەتەوە، کاریگەری زۆری بەسەر ئەدەبی گریکی کۆن و ئەدەبی عەرەبییەوە هەبووە، کە لە چیرۆکی رووخاندنی یافا بە دەستی میسریەکانەوە دەردەکەوێت بەوەی جەنگاوەرەکان خۆیان لە (قرتاڵە)کاندا شاردۆتەوە. هاوشێوەی چیرۆکی روخاندنی تەڕوادە بەوەی کە جەنگاوەرەکان خۆیان لە ئەسپی تەڕوادەدا شاردۆتەوە، کە هۆمیرۆس لە داستانی ئەلیادەدا باسی کردووە. هاوکات جۆرە هاوچەشنیەك لە نێوان چیرۆکی سندبادی "هیندی فارسی عەرەبی" و چیرۆکی کەشتیەوانە ونبوەکەی سەردەمی فیرعەونیەکاندا هەیە.

هەندێك لە مێژوونووسانی جیهانی دێرین، بە تایبەت ئەدەبی میسری کۆن، بۆ نمونە "یوسیفوس فلافیوس"ی مێژوونووسی جوولەکەی بە رەگەز رۆمانی چەندین کۆمێنتی لەسەر دەقە مێژووییەکانی "مانیتۆن"ی دەسکەوتوە.

یەکێك لە شاکارە ئەدەبیە میسریە کۆنەکان کە بە هەر سێ رێنووسی هیرۆگلیفی و هیراتیکی و دیمۆتیکی نووسراوەو لە "حجر رەشید" دۆزراوەتەوەو ئێستا لە مۆزەخانەیەکی

بەریتانیدا پارێزراوە. پەرستگایەکی تێدایە کە کۆنترینی نووسراوە هیرۆگلیفیەکانی میسری کۆنی تێدایەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٩٤ ز و بۆ سەردەمی تیۆدۆسیۆسی یەکەم کە لەسەدەی چوارەم قەڵەمڕەوی ئەو وڵاتە بووە.

"هۆراپۆڵۆ"ی میسری بە رەگەز یۆنانی کێوماڵی بۆ زیاتر لە (٢٠٠) پارچەی کانزای میسری هیرۆگلیفی کردووەو چەند شیکردنەوەیەکی بۆ ماناکانیان کردووە، وێرای ئەوەی بۆچوونەکانی زۆر بەرتەسك و دیاریکراوبوونەو نەیتوانیوە بە کارامەیی وشە هیرۆگلیفیەکان وەرگێڕێت، بەڵام ئەم کێوماڵکردنە تا ساڵی ١٤١٥ بە ونبوویی مایەوەو دواتر کریستۆفەر بۆندیلمۆنتی ئیتاڵی لە دورگەی ئاندرۆس دۆزیویەتیەوە. ئەتانیسیۆس کریچنەر یەکەم ئەوروپی بوە درك بەوە بکات کە زمانی قیبتی بەرەگەز سەربە زمانە کۆنەکانی میسر بێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایە زیاتر هەوڵی داوە مانای حەرفە هیرۆگلیفیەکان بدۆزێتەوە. ئەو لێکۆڵینەوەیەش تا ساڵی ١٧٩٩ بەوجۆرە بەردەوام بوو، کە هەڵمەتی داگیرکاری فەرەنسیەکان بۆ سەر "حجر رشید" دەستی پێکرد، کە زاناکان بۆ کردنەوەی نهێنی زمانی میسری کۆن بەکاریان دەهێنا، ئەو کاتە بوو کە جان فرانسۆ شامپلیۆن ساڵی ١٨٢٢توانی نووسراوە هیرۆگلیفیەکان لەو شوێنە وەرگێڕێتە سەرزمانی فەرەنسی.

بەر لە ساڵی ١٩٧٠ زانایان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ئەدەبی میسری کۆن وەك هەر ئەدەبیاتێکی تری گێتی کاریگەری سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسیە کۆنەکانی بەسەرەوە هەبووە، بەڵام سەبارەت بەو تیۆرە لەو مێژووە زۆربەی زانایانی خستە گومانەوە، زانایان پێش ساڵی ١٩٧٠ بەپشت بەستن بە سەرچاوە ئەدەبیە میسریە کۆنەکان کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا..بەوەی سەرچاوەیەکی میسریە زۆر بە وردی بارودۆخی کۆمەڵگەکەی تێدا رەنگدەداتەوە، بەڵام ئێستا زانایان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوجۆرە رێوشوێنانە دەکەن.

---

* سینۆهە : لە ئەدەبی میسری کۆندا باس لە پزیشکێك دەکات کە بە هۆی ئەوەی ئاگاداری پیلانێك دەبێت کە لە لایەن کوڕەکانیەوە بۆ کوشتنی پاشا دارێژراوە، ناچار وڵات جێ دەهێڵێت و لە ئاوارەییدا ژنێکی میسری دەخوازێت و مناڵی زۆری لێدەبێت، دوای چەندین ساڵ لە کاری پزیشکی کە سەرەتا خۆی بۆ هەژاران تەرخان دەکات.. دواتر ناوبانگی گەورەی





دەبێت و دەچێتە خزمەتی پاشایەك کە دوژمنی پاشاکە میسر بووە، لەناو کۆشکی پاشای (راتنۆ) ئاگادار دەبێت لەوەی کە بە نیازن هێرش بکەنە سەر وڵاتەکەی. سینۆهە دەست و برد نامەیەك بۆ پاشای میسر دەنێرێت و ئاگاداری دەکاتەوە بەرانبەر بەوەی لێی خۆش بێت نهێنیەکی گەورەی پاراستنی میسری لەلایە، پاشاش نامەکە قبووڵ دەکات و بەڵێنی پاراستنی گیانی خۆی و خانەوادەکەی پێ دەدات.

کە سینۆهە دەگاتە بەردەمی پاشا، داوای زۆرانبازی لێدەکات و پاشاش ئەوەی لێ قبووڵ دەکات، لە ئاکامدا شمشێرەکەی پاشا دەشکێت و پاشا تووشی سەرسامی دەبێت..سینۆهە بۆ ئاگادارکردنەوە بە پاشا دەڵێت:" وریابە.. دوژمنەکان چەك لە پۆڵا دروست دەکەن بۆ هێرشکردنە سەرمان، تۆش تا ئێستا هەر شمشێری کانزا نەرمەکانی وەك مس و زەردەو قورقوشم و دار بەکار دەهێنیت. دواتر بە فەرمانی پاشا کوورەی تایبەتی بۆ دروستدەکەن و سینۆهەش شاگردانی فێردەکات کە چەکی پۆڵایین بەرهەم بێنن و دەرەنجام جەنگەکە دەبەنەوە، پاشا وەك پاداشتێك دەیکاتە پزیشکی کۆشکی پاشانەو ئەویش پێی دەڵێت: "جەنابی پاشا ئەوە بۆمن زۆرە.. مانەوەم لە میسر خۆی لە خۆیدا خەڵاتە بۆ خۆم و مناڵەکانم". واتا مرۆڤی میسری هەر لە دێرزەمانەوە وڵاتی خۆیان خۆشویستوەو هەرگیز رێگەیان بە دوژمن نەداوە خاکەکەیان داگیر بکات و شکۆمەندییان پێشێل بکا.

سەرچاوە :

الانترنیت: دار العویدات للنشر / قسم تأریخ الاداب القدیمه

# رەخنەی گێڕانەوەیی

جێمس ئال ریسکۆ
و/حەمید خالید

رەخنەی گێڕانەوەیی جەخت لە سەر ئەو رۆمان وچیرۆکانە دەکاتەوە،کە نووسەرو بگۆی ئەو رۆمان وچیرۆکانە دیگێڕنەوە وشییان دەکەنەوەو واتە سەرەکییەکانیشیان دەخەنە ڕوو، بۆ ئەوەی زەمینە سازییەکی لە بارو گونجاو بۆ تێگەیشتن لەو تاقیکردنەوە مرۆڤایەتییەی، کە رۆژانە ئەنجام دەدرێت بسازێنرێت. بیردۆزی گێڕانەوەیی هۆکارێکی گرنگە، بۆ ئەوەی بە جوانی لە بەرهەمە مرۆڤایەتییەکان تێبگەین، بۆیە پێویستە بزانین کە پرۆگرامێکی دامەزراو و پتەو لە سەر تاقیکردنەوە وکردەوەکانمان بەکار بهێنین،بۆ ئەوەی شێوەی گێڕانەوەیی لە خۆ بگرێت.بە پێی بۆچوونی (والتەر ڤیشەر)[1] ،چیرۆکەکان لایەنێکی بنەڕەتی بە یەکگەیشتنە، هەروەها بە خشێنەرێکی سەرەکی پێکهاتەی تاقیکرنەوەی مرۆڤایەتییە وکارتێکەریشە، لە سەر ئەو کەسانەی





بەشداریی لە شرۆڤە وبۆ چوونە گشتییەکان دەکەن،(ڤیشەر) گێڕانەوەیی بە چەڤەنگ وبە کردەوە لێکدەداتەوە، پەیڤەکانیش یان کردەوەیەکەوە یان شرۆڤەی دەکەن، واتا لێکۆڵینەوە لە رەخنەی گێڕانەوەییدا ئەمانەی خوارەوە لە خۆی دەگرێت.

ا– روخسار (یا چیرۆك نیە ، پەخشانە یان شیعرە )

ب – جۆر ( مێژوو ، ئەفسانە ...تا

ح– دەق:–( گرێبەندیی ،دەربینی گاڵتە جاڕی، هەڕەشە ، ...هتد )

داهێنەری کەسایەتی و تێڕوانینی گێڕەر، پاشان دەستنیشانکردنی لایەنە دەگمەنەکانی وتایبەتمەندییەکانی رۆمانەکە، ئەرستۆ لە لێکۆڵینەوە شیعرییەکەیدا۲ this poeti شیعری بە گرێ بەندیی لە واتاو رووداو جووڵەی رۆمانی داناوە و بە لایە نێکی گرنگ دایدەنێت،وایدەزانی کە ئەوگرێ بەندییە لە رێکخستنی رووداوەکانەوەیە، کەشانبەشانی (سەرەتا)، (ناوەڕۆك)، (کۆتایی) کاردەکەن– گرێبەندیی کەسایەتیی لەخۆ دەگرێت،هەروەها بەرز ڕاگرتنی رووداو و پێشکەشکردنی گرێ وگەشەدان بە گرێ و ترۆپکی ڕۆمان و بڕیاری کۆتایی.[3]

هەر یەك لە(ئێچ وایت١٩٨١)و(دبلیو مارتن)١٩٨٦)، گرێبەندیی بەوە راڤە دەکەن،کە پێکهاتەی کارەکە لە خۆدەگرێت. هەر چۆنێکبێت هەموو گێڕانەوەیەك گرێبەندیی لە واتاو رووداوو جووڵە لە خۆ ناگرێت.لە وانەیە[4] بە هۆی نەمانی گرێبەندیی هەڵبزڕکاوەوە رووبدات،گێڕانەوەیی کاردانەوەکانی چڕ دەکاتەوە.limear بە قورسی گەیشتن بە واتا،دەکەوێتە سەر شانی خوێنەر، گێڕانەوەش لە زنجیرەکارەکانیەوە دەردەکەوێت، وەکو رۆمانەکان، کورتە چیرۆکەکان، شانۆ گەرییەکان، فلیمەکان، بەسەرهاتە مێژووییەکان، هەروەها لێکۆڵینەوە زانستیەکان، بەڵگانامەکان، بەڵێنەکان، ژیاننامەی تایبەتییەکان.[5]

ئەو هەموو بەرهەمە مرۆڤایەتییە، بابەتی بە نرخی بۆ رەخنەی گێڕانەوەیی ئامادە دەکات، کاتێك رەخنە گران رەخنەیەکی گێڕانەوەیی بە پێی چەند رێنماییەکی شایستەی گێڕانەوەی لە سەر بابەتێك ئەنجامدەدەن، دبێت رێنماییەکی راستەقینە بۆ دەربڕینی لایەنە مرۆڤایەتییەکانی ئەو بابەتە.[6]

پێشنیارە نموونییەکانی (سۆنگای کی فۆس)Sonjak-foss لە رەخنەی گێڕانەوەییدا رێنماییەکی روون وئاشکرایە.

١– شوێن:.چۆنیەتی پەیوەندی شوێن بە گرێبەندیی لە واتاو کەسایەتیەکانەوە ؟

ئایا شوێن بە شێوەیەکی پوخت لە بابەتەکەدا دەرکەوتووە کە شایەنی گوێ پێنەدانبیت؟

٢- کەسەکان:. ئایا هەندێك لە کەسە نامرۆڤەکان وشتە ناجوولاوەکان بەوە راڤە دەکرێت دەدوێن وبیریش دەکەنەوە؟ئایا بەچ جۆرە جوولانەوەیەك پابەندە؟ ئایا کەسە تەواوەکان ،(واتا :ئایا خاوەنی تایبەتمەندییە جۆراو جۆرەکانن، کە هەندێکیان دژ بە یەکن، یان پیچەوانەی یەکترن،یان روو کەشن، واتا: تاقە تایبەتمەندییەکان، یان کەمێك لە تایبەتمەندییەکە، زاڵبوونەکەی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بەزووترین کات پێبزاندرێت؟

٣- گێڕەر: ئایا کرداری گێڕانەوەیی یەکسەر ، یان بە یارمەتی گێڕانەوە یارمەتی وەرگردە دادەات؟

ئایا چ هۆکارێك وادەکات، کە گێڕەر یانا ؟گێڕەر چ جۆرە کەسێکە؟(ئالێرەدا پێویستە لێکۆڵەر پەنالە بەرەو شتگری بەرێت .

٤- رووداو:ئایا رووداوە سەرەکییەکان ورووووداوە ناسەرەکییەکان چین؟ چۆن رووداوەکان پێشکەش دەکرێت وئایا کاردانەوەیەکی کاریگەری دەبێت؟ (کاردانەوەی کارەکان)،یان رووداوەکان هو نووکە یین (دەڕبرینە لە کاتێك، یان لە حاڵەتێك).

٥- پەیوەندییەکاتییەکان:ئایا رووداوەکان، لە کاتێکی دیاریکراودا، یان بە درێژایی چەند ساڵێك روو دەدەن؟ئایا پەیوەندییە سروشتییەکانی، کاتی رووداوەکان ورێکخستنی رووداوەکانن کاتی پێشکەشکردنیان لە گێڕانەوەی رووداوەکانیاندا؟

٦- پەیوەندییە هۆکارییەکان:. ئایا پەیوەندییە هۆکارییەکان وجێگیر بوونی ئەنجامەکانی چی دەگەیەنیت؟ ئایا هۆی روودانی رووداوەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو، کردەی مرۆڤایەتییە، یان هێزێکی سروشتیە؟ بەچ شێوەیەك بە درێژایی راڤەی هۆکارو دەر ئەنجامەکانی ئەنجام دەدرێت؟ئایا ریکەوتنە، یان سروشتیە.

٧- وەرگر:. ئایا وەرگر لە گەڵ رووداوەکاندا بەشدارە؟ کاتێك بەدوو بارە کردنەوەیدا، چی دەتوانین لە هەڵوێستی وەرگر هەڵێنجێنین، زانیارییەکەی یان دیاریکردنی شوێنکەی؟

٨- بابەت:(لایەنەئەدەبییەکەی)، ئایا بابەتە سەرکییەکەی گێڕانەوەیی چییە؟ کەبە یارمەتی گێڕانەوەیی بیرۆکە گشتییەکەی روونکراوەتەوە؟ چۆنیەتی بەیەکەوە بەستنەوەی لایەنەکانی



بابەتەکە؟ بابەتەکە چەندە روون وئاشکرایە؟

پابەندبووەکان:. رەخنەی گێڕانەوەیی ئاسایی، بە شێوەیەکی سەرەکی چەخت لە سەر گێڕانەوەیی دەکات وبە هیچ شێوەیەکیش رامیاری وئابووری وکۆمەلایەتی لە خۆ ناگرێت ولە گەڵ بیردۆزەی مێژوویی نوێدا بەبێ هیچ کێشە یەك هاوتەریبن وپاشان بۆ چوونی گێڕەر پەیڕەو ناکات، هەر لەو پێناوەدا بۆ هێنانەوەی شیکردنەوە،جەخت لە سەر گێڕانەوەیی دەکات ،ئینجا رەخنەگریە گشتییەکەی گێڕانەوەیی پی پەیڕەو دەکات،هەروەها بیردۆزکە بەرەو وردەکارییەکانی لە کۆتاییدا رەخنەی گێڕانەوەیی بە شێوەیەکی رێژەیی لە شرۆڤەی ئەدەبدا تازەگەرییە، رەخنەی گێڕانەوەیی لە پێناوشرۆڤەی ئەوچیرۆکانەدا، چەند نموونەیەکی بەکار هێناوە، کە لە بیردۆزەی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبیدا بەکار هێنراوە، بەتایبەتی خۆی لە سەرچاوەی دەرەکی لادەدات.

**پەراوێزەکان:**

-١فیشر والتە ر/الاتصال الانسانی کراویە:.نحو فسلفە السبب، القیمە والعمل.(کولومبیا.جنوب کارلینا)١٩٨٧.

-٢ارسگو:.البحپ الشعری /الجزئین السادس و السابع

-٣وایت/القیمە السردیە فی تمپیل الپقافە/علی متن الروایە/تحریر-جی-تی میتشال/شیکاغو١٩٨١

-٤مایکل کالفن/ ماك جی وجن اس نیلسون١٩٩٠ )سب السرد فی منقارە العامە)



ڤیلادمیر ناباکۆف

# خوێنەری باش و نووسەری باش

و: رەسووڵ سوڵتانی

دەکرێ کۆمەڵە سەردێڕێکی وەك، "چۆن دەکرێ ببیتە خوێنەرێکی باش"، یان، "نەرم و نیانبوون لەگەڵ نووسەران"، بکەیتە ناوی وتارگەلی جۆراوجۆر لەبارەی نووسەرە جۆراوجۆرەکانەوە، لەبەر ئەوەی من دەمەوێ بە ئەشق و ئەڤینەوە و بە تێر و تەسەلی بچمە نێو وردەکاریی چەند شاکارێکی ئەورووپییەوە. سەد ساڵ لەمەوبەر فلۆبێر لە نامەیەکدا بۆ گراوییەکەی دەنووسێ:"ئەگەر بنیادەم هەرنەبێ چەند کتێبێکی بەباشی ناسیبایە، ئای کە چ لێکۆڵەرێکی مەزنی لێ دەردەچوو".

لە کاتی خوێندنەوەدا بنیادەم دەبێ لە وردەکارییەکان ورد بێتەوە و بە ئەشقەوە نوقمیان بێ. دیارە قەیناکا ئەگەر دوای ئەوەی وردە و تۆزکاڵەکانی کتێبەکە کۆ کرانەوە، کۆی وتەکان وەك مانگ بدرەوشێنەوە.

ئەگەر مرۆڤ بە پێشداوەرییەکەوە دەست بە کارەکەی بکات، رێگەی لەخۆی هەتلە





کردووە و لارێ بووە وبەر لەوەی لە کتێبەکە تێ بگا، لێی دوور دەکەوێتەوە. هیچ شتێك دەرهەق بە نووسەر لەوە ناخۆشتر و نادادپەروەرانەتر نییە، کە یەکێك بۆ وێنە بەو وێنە زەینییە لەپێشدا ئامادەکراوەوە دەست بکات بە خوێندنەوەی "مادام بۆڤاری" کە کتێبێکە دژی بۆرژۆوازی. دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەبیر بێ کە بەرهەمی هونەری بەبێ ئەملاوئەولا خولقاندنی جیهانێکی نوێیە، کەوابوو، یەکەم کارێکی دەبێ بیکەین، ئەوەیە بۆ خوێندنەوەی ئەم جیهانە نوێیە دەبێ هەموو زەین و هۆشی خۆمان بخەینە کار و وا لەگەڵی تێکەڵ بین، کە وەك بڵێی هەر ئێستا خولقێنراوە و هیچ پەیوەندییەکی بەو جیهانەوە نییە کە پێشتر ناسیومانە. ئینجا کە ئەم جیهانە نوێیەمان بە وردی خوێندەوە، ئەو کات و هەر ئەو دەمیشە کە دەکرێ پەنجە لەسەر پەیوەندییەکانی ئەم جیهانە لەگەڵ جیهانەکانی دیکەدا یان لەگەڵ بوارەکانی دیکەی زانستدا دابنێین .

پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، ئاخۆ دەکرێ لە رۆمانێکەوە کۆمەڵێك زانیاری لەسەر شوێن و کاتەکان کۆ بکەینەوە؟ تۆ بڵێی یەکێك ئەوەندە ساویلکە بێ کە پێی وابێ دەکرێ لەو کتێبە پڕفرۆش و بەبرەوانەی کتێبفرۆشەکان بە هات و هەرای زۆر دەیانهێننە ریزی رۆمانە مێژووییەکانەوە، شتێك لەسەر رابردوو فێر بێ؟ ئەی چارەنووسی شاکارە ئەدەبییەکان چیی لێ دێتەوە؟ ئاخۆ دەتوانین متمانە بەو وێنەیە بکەین وا جین ئاڤستین لە بەریتانیای سەردەمی موڵکداری و باروونەکان و دیمەنەکانی وێنای کردووە؟ لە حاڵێکدا ئەو لە ژووری میوانی قەشەیەك بەولاوە هیچ شوێنێکی نەدیتبوو. ئەی ئاخۆ دەکرێ رۆمانەی (ماڵە یاسالێدراوەکەی / دیکێنز) ئەو رۆمانسە خەیاڵبزوێنەی لە لەندەنی خەیاڵبزوێندا روو دەدا، بە تاوتوێکردنی لەندەنی سەد ساڵ لەمەوبەری بزانین؟ بە دڵنیاییەوە ناتوانین. بۆ رۆمانە گەورەکانی دیکەش هەروەتر. ئەگەر راستیت دەوێ رۆمانە مەزنەکان، هەقایەتە گەورەکانی پەریانن...

زەمەن، شوێن، رەنگی وەرزەکان و جووڵەی ماسوولکەکان و زەین، ئەو شتانە بەگشتی لە روانگە و زەینی نووسەرە بلیمەتەکاندا (ئەوەندەی ئێمە مەزەنەی دەکەین و مەزەندەکەشمان دروستە) ئەو وێنەی باوانە نین کە بکرێ لە کتێبخانە گشتییەکاندا بە ئەمانەت وەریانگری، کۆمەڵێك خافڵگرکردن و داو و تەڵەن کە هونەرمەندە لێهاتووەکان فێری بوون چۆن بە شێوازی تایبەت بەخۆیان بیهۆننەوە و

وەسەر یەکیان بخەنەوە.

زڕە نووسەرانیش هە ئەوەندەیان بۆ دەمێنێتەوە، شتە ئاساییەکان مشتومالّ بدەن و جوانیان بکەن. ئەو جۆرە نووسەرانە هەرگیز خۆیان ماندوو ناکەن بۆ ئەوەی جیهانێك سەرلەنویّ بنیات بنێنەوە، تەنیا هەولّ دەدەن ئەوەندەی پێیان دەکریّ شتە هەرە باشەکانی کۆمەلّە شتێکی دیاریکراو، یان خەیالّە باوەکان وەرگرن. ئەو شتە جۆراوجۆرانەی ئەو زڕەنووسەرانە دەیانخەنەوە سەر یەك و دەتوانن لەو بازنە دەستنیشانکراوەدا بیخەنە روو، لەوانەیە بەشێوەیەکی نەرم و نیان و کورتخایەن زۆر خۆش و سەرنجڕاکێشیش بن، لەبەر ئەوەی زڕەنووسەرانیش حەزیان لێیە هزر و بیر و بۆچوونەکانی خۆیان لە جلوبەرگێکی سەرنجڕاکێش و دلّگردا ببیننەوە. بەلاّم نووسەری راستەقینە، ئەو بنیادەمەی ئەستێرەکان دەخاتە چەرخوخول و بنیادەمێك لە خەودا دەخولّقێنیّ و بە جۆش و خرۆش و کەفوکولّەوە خۆی بە پەراسووەکانی ئەو بنیادەمە نوستووەوە خەریك دەکات، هیچ بەها و بایەخێکی دیاریکراوی نییە. دەبیّ (بەها و بایەخەکان) خۆی بیانخولّقێنێتەوە. نووسین کارێکی بێهوودە و خۆڕاییە، ئەگەر هەر لەسەرەتاوە هونەری دیتنی جیهانت وەك چیرۆکێك نەهێنێتە بەرچاو. جا کەرەستەی خاوی ئەو جیهانە لەوانەیە بەگوێرەی پێویست راستەقینە بیّ (ئەوەندەی بکریّ بلّێی راستەقینە)، بەلاّم هەرگیز وەك کۆیەکی قەبوولّکراو بوونی نییە (واتە شتێك نییە بلّێی هەموو لە راستەقینەدا هەیە). هەمووی ئالّۆزییە و نووسەر بەو ئالّۆزییە دەلّیّ "ببە". بەو جۆرەیە کە ئیزن بە جیهانەکە دەدات بجوولّیّ و راتلّەکیّ و تێکەلّ بیّ و ئەو وەختەیە کە دەبینین یەك بە یەك گەردیلەکانی جیهان سەرلەنویّ تێکەلّ بوونەتەوە و ئەو گۆڕانەش هەر لە ئاستی سەرەوە و لە رووکارەکەیدا نییە . نووسەر لە پێشدا بنیادەمێکە، کە نەخشەی جیهان دەکێشیّ و ناو لەسەر یەك بە یەك شتەکانی سرووشت دادەنیّ. میوەی دنیاکەی ئەو دەخورێن. ئەو بوونەوەرە خالّ خالّەی لەبەردەمم دەرپەڕی، دەکریّ دەستەمۆ و کەویی بکەی. ناوی دەریاچەکەی نێو ئەو دارستانە، دەریاچەی شیری، یان هونەرمەندانەتر بیلّێین، دەریاچەی ئاوی سابوون دەبیّ. ئەو تەم و مژە چیایەکە و ئەو چیایە دەبیّ بگیردریّ (دەبیّ بگەینە لووتکەکەی). هونەرمەندی لێزان لە هەورازێك سەردەکەویّ و لە لووتکەدا، لەسەر ترۆپکەکەی پێتان وایە کیّ





دەبینیّ؟ خوێنەرێکی پشوولێبڕاو و دلّخۆش. لەوێوە لەپڕ یەکتر لە ئامێز دەگرن و ئەگەر کتێبەکە هەتا هەتایە بمێنێتەوە، ئەوانیش تا هەتایە لێك دانابڕێن...

خوێنەری باش ئەو کەسەیە، کە خەیالّێکی بەهێز و یادگەیەکی باشی هەبێت، وشەی زۆری لەمێشکدا بێت و تۆزێکیش لە هونەر تیّ بگات. ئەو تێگەیشتنە هەر وەختێك دەرفەتم هەبیّ لەخۆمدا پەروەردەی دەکەم و پێشنیار بە خەلّکی دیکەش دەکەم وا بکەن. هەر بە رێکەوت من زۆر بەکەمتەرخەمییەوە دەلّێم "خوێنەر" و ئەم وشەی "خوێنەرە" دێنمە سەر زمانم. زۆر سەیرە، بەلاّم بنیادەم ناتوانیّ کتێب بخوێنێتەوە: هەر دەتوانیّ دەوری بکاتەوە*. خوێنەرێکی باش، خوێنەرێکی گرنگ، خوێنەرێکی چالاك و خولّقێنەر، کەسێکی دەورکەرەوەیە. جا پێشتان دەلّێم بۆچی. وەختێك بۆ یەکەم جار کتێبێك دەخوێنینەوە، هەر ئەم پرۆسە دژوار و سەختەی جوولّەی چاو لە لای راستەوە بۆ چەپ، دێڕ بە دێڕ و لاپەڕە بە لاپەڕە، ئەو کارە جەستەییە پێچەلاّوپێچە لەگەلّ کتێب، هەر ئەو پرۆسەی تێگەیشتن لە بابەتی کتێبەکە لە چوارچێوەی کات و شوێنەکەی خۆیدا، دە بێتە پەرژین لە نێوان ئێمە و پەسنی هونەرمەندانەدا. کە سەیری تابلۆیەك دەکەین، تەنانەت ئەگەر وەکوو کتێبیش توخم و رەگەزی قوولّ و گۆڕانی تێدا بیّ، ناچار نین چاومان بەشێوەیەکی تایبەت بجوولّێنین. خۆی لە راستیدا توخمی زمان لە یەکەم پەیوەندیمان لەگەلّ تابلۆکەدا نایەتە ئاراوە. کە کتێبێك دەخوێنینەوە، دەبیّ دەرفەتی ئەوەمان هەبیّ لەگەلّی ئاشنا بین. هیچ توخم و رەگەزێکمان لە گیانیدا نییە کە بتوانیّ هەموو وێنەکە یەکجیّ وەرگریّ و تیّی بگا و چێژ لە پاژ و وردەکارییەکانیشی وەرگریّ. بەلاّم کاتیّ بۆ دووەمین جار، یان سێیەمین یان چوارەمین جار کتێبێك دەخوێنینەوە، لە راستیدا هەر ئەو کارەمان کردووە کەلەگەلّ تابلۆیەکدا دەیکەین. لەگەلّ ئەوەشدا باشتر وایە، چاو، ئەو شاکارە مەزنەی کاملّبوون، لەگەلّ زەین کە دەتکەوتێکی مەزنتری دیکەیە، تێکەلّ نەکەین. کتێبێك هەر شتێکیش بیّ - بەرهەمێکی گێڕانەوەیی یان بەرهەمێکی زانستی ( کە وەك خەلّك پێیان وایە، سنوورەکەیان زۆریش دیار نییە) ـ، بەر لە هەر شتێك سەردانی زەین دەکا. زەین و مێشك لە سەرووی مووغەرەی فەقەراتەوە کە تەزووی پێدا دیّ، تەنیا ئامرازێکە یان دەبیّ ببیّ کە لەکاتی کتێبەخوێندنەوەدا دەکەوێتە کار.

جا کە وایە، دەبێ بێینە سەر ئەو باسە، کە وەختێك خوێنەرێکی رووگرژ و مرچ و مۆن کتێبێکی رووناك هەڵدەداتەوە، زەین چۆن دەکەوێتە کار؟ بەر لەهەر شتێك مرچ و مۆنییەکەی دەڕەوێتەوە و خوێنەر، جا چاك یان خراپ، دێتە نێوەندی گۆڕەپانەکەوە. هەوڵدان بۆ دەستپێکردنی کتێبێك، بەتایبەتی وەختێك کەسانێك تاریفی کتێبێکیان کردووە کە خوێنەری گەنج لەکۆتاییدا ئەوانی پێ گەمژە یان شێلگیر و جیدیە، زۆربەی جاران هەوڵێکی ئەستەمە، بەڵام هەر دەستت پێ کرد، گەلێك پاداشتی لێ دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی هونەرمەندە لێزانەکە بۆ خولقاندنی کتێبەکەی، هێزی خەیاڵی خستووەتە گەڕ. کەواتە سرووشتی و دادەپەروەرانەیە کە بەکارهێنەری کتێبەکەش خەیاڵی خۆی بۆ بخاتە گەڕ.

خوێنەر لانیکەم دەبێ دوو جۆرە خەیاڵکردنی هەبێ. کەواتە وەرن بزانین کام یەك لەو دووانە بۆ خوێندنەوەی کتێبێك لەبار و گونجاوە. یەکەمیان ئەو جۆرە خەیاڵەی خۆی بەشتی سادە و بچووکەوە خەریك دەکات و شتێکی تەواو تاکەکەسییە. ئێمە لە کتێبەکەدا زۆر بەتۆخی هەست بەهەبوونی پێگە و شوێنێکی تایبەت دەکەین. چونکە رووداوێکمان بیر دەخاتەوە کە بەسەرخۆمان هاتووە یان لەکەسێك قەوماوە کە ناسیومانە یان دەیناسین. یان بۆ وێنە خوێنەرێك کتێبێکی زۆر زۆر بەلاوە گرنگە، هەر لەبەر ئەوەی وڵات، دیمەن یان شێوە ژیانێك دەژێنێتەوە، کە ئەو دەخاتەوە بیر رابردووەکەی خۆی. یان ئەوەیکە خۆی لەجێی یەکێك لە کەسایەتییەکانی کتێبەکە دادەنێ، کە ئەمەیان خراپترین کاری خوێنەرە. ئەم جۆرە خەیاڵە سووك و بێ بایەخە لەو جۆرە خەیاڵە نییە کە من بەئاواتەوەم خوێنەران هەیانبێ.

کەواتە خوێنەر دەبێ لەکامە ئامراز کەڵك وەرگرێ؟ لە ئامرازی خەیاڵکردنی گشتی و سەرخۆشیی هونەرمەندانە. من پێم وایە دەبێ پەیوەندییەکی هاوسەنگ و هونەرمەندانە لە نێوان زەینی خوێنەر و زەینی نووسەردا دروست و پتەو بکرێ. دەبێ تۆزێك دوور بکەوینەوە و چێژ لەو مەودایە وەرگرین. چێژێکی لەرادەبەدەر. دیارە مەحاڵە بتوانی لەو بوارانەدا خۆت بخەیتە دەرەوەی بازنەکەوە. ئەگەرچی بایی زەحمەتەکەشی بێ، تا رادەیەك شتێکی زەینییە. بۆ وێنە تۆ کە لێرە دانیشتووی، لەوانەیە هەر خەیاڵ و خولیای من بێ و منیش لەوانەیە خەون و خەیاڵێکی تۆ بم. بەڵام مەبەستی من ئەوەیە کە خوێنەر دەبێ بزانێ کەنگێ و لەکوێ ئەسپی خەیاڵەکەی خۆی جڵەو بکا و ئەوەش دەبێ بەهەوڵدان بۆ ناسینی وردی ئەو دنیا تایبەتە بکات کە نووسەر خستوویەتە بەردەستی. دەبێ شتەکان ببینین و بیانبیستین، دەبێ ژوورەکان، جلوبەرگ و جووڵە و هەڵسوکەوتی بنیادەمەکانی نووسەر بێنینە بەرچاومان و وێنایان بکەین. رەنگی چاوی (فانی پرایس) لە "مانسفیلد پارك) و کەلوپەلی ژوورە بچووك و ساردەکەی ئەو گرنگە .

ئێمە هەر کەسە و خولق و خوویەکی تایبەت بەخۆمانمان هەیە و دەتوانم هەر ئێستا پێتان بڵێم کە باشترین رەفتار و خولق و خوو بۆ کەسێکی خوێنەر، تێکەڵکردنی خولق و خووی هونەرمەندانەیە لەگەڵ خولق و خووی زانستیدا. ئەگەر شتێکی لەوجۆرە نییە، دەبێ لەخۆتدا دروستی بکەی. هونەرمەندی تاسەبار، خۆی لەبەردەمی روانگە و تێڕوانینێکی زۆر زەینیدایە بۆ بەرهەمەکە، بەڵام ئەوەی قەول وایە ببێتە خوێنەر، ئەگەر هیچ کەفوکوڵ و سەبر و تاقەتێکی تێدا نەبێ - کەفوکوڵی هونەرمەندێك و سەبر و تاقەتی بیرمەندێك - ئەستەمە بتوانێ چێژ لە ئەدەبیاتی باش وەرگرێ.

ئەدەبیات لەو رۆژەوە سەری هەڵنەدا، کە کوڕە مێرمنداڵەکە هاواری دەکرد باوکەڕۆ گورگ، گورگ و ئیتر لە دۆڵەکەی نیاندرتاڵ دەرپەڕی و شینەگورگێکیش سەری لەدوو نابوو، بەڵکو ئەدەبیات ئەو رۆژە لەدایك بوو کە مێرمنداڵێك هەرای کرد ئەی هاوار گورگ هات و هیچ گورگێکیشی بەدواوە نەبوو. ئەم مەسەلەیە کە ئاخرییەکەی کوڕەی داماوە لەبەر ئەوەی زۆری درۆ دەکرد هەر بەراستی گورگ خواردی شتێکی زۆر بەڕێکەوتە. بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدایە، پەیوەندیی نێوان گورگەکەی نێو مێرگ و بژوێن لەگەڵ گورگی ئەو چیرۆکەدا پەیوەندییەکی زۆر کاڵە. ئەو هێڵی پەیوەندییە، ئەو شەبەنگی رەنگە، هونەری ئەدەبیاتە.

ئەدەبیات واتە داهێنان، چیرۆك واتە چیرۆك. ئەگەر بە چیرۆکێك بڵێین راستەقینە، سووکایەتیمان هەم بە هونەر کردووە، هەمیش بە راستەقینە. هەموو نووسەرێکی گەورە، خەڵەتێنەرێکی گەورەیە، بەڵام ئەو گزیکەرە مەزنە، واتە سرووشتیش هەر وایە. سرووشت هەمیشە دەتخەڵەتێنێ.ی جا هەر لە فریوە سادەکەی زاووزێوە بگرە هەتا دەگاتە ساویر(تەوەهوم)ی مەزن و پێچەڵپێچی ئەو رەنگانەی باڵی پەپوولە یان پەڕوپۆی باڵندان دەپارێزن. سرووشت تەکووزییەکی سەمەرەی لە سیحر و خەڵەتاندن تێدایە.

نووسەری چیرۆك تەنیا پێ لە شوێن پێی سرووشت دا دەنێ.

دیسان با بچینەوەی لای ئەو گەنجە کوڵکنەی نێو دارستانێ، کە هاوار دەکا و دەڵێ ئەی هاوار گورگ خواردمی، دەتوانین بڵێین سیحری هونەر لە سێبەری ئەو گورگەدا بوو کە بێگومان ئەو خوڵقاندبووی، خولیای گورگەکەی ئەو و دواتریش بەسەرهاتی فرت و فێڵەکانی ئەو، بوو بە چیرۆکێکی باش. کە مردیش چیرۆکێکیان بۆ هەڵبەستبوو، لە تاریکاییەکەدا دەوراندەوری ئاگرەکە بوو بە وانەیەکی باش، بەڵام ئەو سیحربازێکی بچووك بوو. خوڵقێنەر بوو.

دەکرێ لە سێ روانگەوە نووسەر تاوتوێ بکەین: دەکرێ ئەو بە هەقایەتبێژ، مامۆستا و سیحربازێك دابنێین. نووسەرێکی گەورە، تێکەڵاوێکە لەو سێیانە ـ هەقایەتبێژ ـ مامۆستا و سیحرباز ـ بەڵام ئەوە سیحربازەکەی ناخ و دەروونێتی وا زاڵ دەبێ و دەیکاتە نووسەرێکی گرنگ.

ئێمە بۆ خۆخافڵاندن و خۆشڕابواردن، بۆ سادەترین جۆری هەژانی زەینی، بۆ بەشداربوونی سۆزداری، بۆ چێژی سەفەر لە ناوچەیەکی دوورەدەست لە زەمان یان شوێندا، پەنا بۆ چیرۆك دەبەین. زەینێك، کە تۆزێك جیاوازە و واش نییە هەمیشە لە ئاستی سەرەوەتردا بێ، ئەگەر خوێنەرێك لە نێو نووسەردا بەشوێن مامۆستادا بگەڕێ، ئەوەی دەیدۆزێتەوە ئامۆژگاریکەرە، موفتیی ئەخلاقە، پەیامهێنەرە. لەوانەیە جگە لە فێرکاری و وانەی ئەخلاقی، بۆ زانستی راستەوخۆ و راستەقینە سادەکانیش بەدوای مامۆستادا بگەڕێین.

بەداخەوە خەڵکێکم دیتووە کە هەر بۆیە بەرهەمی رۆماننووسە فەڕەنسی و رووسییەکان دەخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانن ژیانی نێو پاریسە سەرخۆشەکە یان رووسیا خەفەتبارەکە چۆن بووە. لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کەو نووسەرێکی مەزن هەمیشە سیحربازێکی گەورەیە و لێرەدایە کە لە راستیدا دەگەینە هەژێنەرترین بەشی کارەکە، واتە کاتێك هەوڵ دەدەین لە سیحری تایبەتی ئەو پیتۆڵە بلیمەتە تێ بگەین و شێواز و وێنەسازی و هێماکانی رۆمان یان چیرۆکەکەی ئەو تاوتوێ بکەین، ئیتر دەگەینە ئەفسانەی سیحرباز.

ئەو سێ لایەنەی نووسەرێکی گەورە، سیحر، چیرۆك، وانە ـ دەکرێ تێکەڵ بکرێن و دیمەنێکی تاقانەی درەوشانەوەی تایبەتبەخۆ و یەکگرتوو بخوڵقێنن. سیحری هونەر لەوانەیە هەر لە ئێسکبەند و چێوارچێوەی چیرۆکەکەدا، لە مۆخی ئێسقانی چیرۆکەکەدا بێ. شاکارگەلی وا





هەن، کە بیرۆکەیەکی وشك و روون و رێکخراویان هەیە و چێژ و مووچڕکەیەکی هونەرمەندانەمان پێ دەبەخشن.

من پێم وایە رێسای باش بۆ تاقیکردنەوەی کەیفیەت و چۆنێتیی رۆمانێك لە درێژخایەندا، بریتییە لە تێکەڵکردنی وردبینی و تێگەیشتنی بیرمەندانە و هەستی شهوودی* هونەرییە. بۆ چێژوەرگرتن لە سیحرە، خوێنەری ژیر، کتێبی بلیمەتێك نەك لەرێگەی دڵییەوە و تەنانەت زۆر بەمێشکیشی نا، بەڵکوو بە ئێسك و پێست دەخوێنێتەوە. (بە مووغەرەی پشت دەیخوێنێتەوە). لەوێدایە کە فەقەراتی گۆیا تەزووی پێدا دێ، ئەگەرچی لە کاتی خوێندنەوەدا دەبێ تۆزێك مەودا بگرین و دوور بکەوینەوە، تۆزێك دوورتر راوەستین. دواییش بەو چێژەی کە هەم بە هەست و هەمیش بە ئەقڵ وەریدەگرین، سەیری هونەرمەند دەکەین کە قەڵا کارتۆنییەکەی دروست دەکا و دەبینین قەڵا کارتۆنییەکەی ئەو دەبێتە قەڵایەکی جوان و رازاوەی پۆڵا و شووشە و کریستاڵ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دیباچە**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: فەرزانە تاهیری**

وەرگێڕان



جەلالی ئال ئەحمەد

# ژنی زیادی

و: لەفارسیەوە :خالید فاتیحی

. . . مـن ئیـدی دەمتـوانی لـەماڵی بـابم بمێنمەوە؟ئیـدی مانـەوەم لـەماڵی بابمـدا دەتگـوت دیوارەکانیـان لەسـەردڵ دانـاوم. هـەرپێرێ ئـەو ڕووداوە ڕوویـدا. بۆمەگـەر دەمتـوانی ئـەو دووشـەوە، یـەك دەقیقـە لەماڵی بـابم ئاسـوودەبووبم؟پێتوایە خـەوم بەسـەر چـاواندا هاتووە؟نـەخێر. تابـەیانی لەناوجێگاکەمدا تلاوتلـم کـردو هـەربیرم دە کـردەوە. دەتگـوت جێگـای نووسـتنەکەی خۆم نییە. نا!ڕێـك وەکـو قـەبربوو. ئاگـام لـەخۆم نـەمابوو. تابـەیانی ئـازارم کێـشاو بیرم کردەوە. هەزاربیری خراپ بەمێشکمدا تێپـەڕین. هـەزار بـیری خـراپ. نوێنـەکان هـەمان نـوێن بـوون کـە سـالأنی سـالْ لەناویاندا خەوتبووم. ماڵەکەش هەمان ماڵ بـوو کـە هـەموورۆژێ لـە چێـشتخانەکەی چێشتم لێـدەنا. بـەهارانیش لەباخـچەکەیدا گوڵــە عەباســیم ڕوانــدبوو، لەســەر حەوزەکـەش هێنـدەم قـاپ قاچـاخ تێـدا شووشتبوو، کـەدەمزانی ئاوەڕۆکـەی کـەی دەگـیرێ و بەلوعـەی تانکیەکەشـی ئەگـەر بەلای ڕاستتدا بیسووڕێنی، ئاوەزیادەکـەی دەڕوات. هـیچ شـتێك فـەرقی نـەکردبوو. بەلأم من خەریکبوو دەخنکام. وەك ئەوەی هەمووشتێك بۆمن فەرقی کردبوو. ئەو یەك دوو ڕۆژە دەمم لەئاو نەدابوو.







دایکـە بەدبەختەکـەم ئەگـەر لەخـەمی مـن سـەکتە لێینـەدا، زۆرسـەیردەبێ. بـاوکم هەرئەوێ ڕۆژێ هەستاو بۆ قـووم ڕۆیـشت. هــەرکاتێك شــتێکی خــراپ ڕووبــدا، هەڵدەستێ دەچێتەقووم. براکەشم خـوێنی خـۆی دەخـواردەوەو وشەیەکیـشی، نـە لەگەڵ مـن و نەلەگـەڵ ژنەکـەی و نەلەگـەڵ دایکـم نـەگوت. ئاخرچـۆن دەکـرێ مـرۆڤ نـەزانێ کـە بـوونی خـۆی بۆتـەهۆکاری ئەوهەموو عەزابە؟شتی واچۆندەکرێ مـرۆڤ خۆی لەماڵێکدا بەزیاد هەست پێنەکا؟چۆن دەکـرا تێنەگـەم؟بۆ دەمتـوانی تەحـەممول بکەم. ئەمڕۆ بەیانی کە چایان خـواردەوەو براکــەم ڕۆیــشت، منــیش چارشــێوەکەم بەســەرداداو ڕۆیــشتم. هــیچ نەمــدەزانی دەچمەکوێ. سەرم بەکۆڵأنەکاندا کردو لەو دووڕۆژە جەهەننەمییە ڕامکرد. نەمـدەزانی دەمـەوێ چـی بکـەم. بەپـەناماڵی پوورمـدا تێپەڕیم. سـەیدسمایل لەسـەر ڕێگـام بـوو. بـەلأم هـیچ حـەزم نـەکرد بـچمەژووری. نـە بۆماڵی پوورم و نە بۆ ماڵی سەیدسمایل. چ دەردێکیان دەرمـان دەکـرد. هـەروا بـەرەو بــازاڕ دەڕۆیــشتم. قــەرەباڵغی بازاڕەکــە هێنامیەوە سەرخۆو کەمێك بـیرم کـردەوە. هەرچەندی بیرم کردەوە دیتم ناتوانم ئیدی بگەڕێمــــەوە مــــاڵی بــــابم. بــــەو ئابڕووچــوونەوە!دوای ئــەوەی ســی و چوارســاڵ نــانم خــواردن و لەگۆشــەیەکی ماڵەکـەیان دانیـشتم. هـەروا دەڕۆیـشتم و بیرم دەکردەوە. چـما بۆچـی مـرۆڤ شـێت دەبێ؟بۆچــی خــۆی لەحــەوزی ئــاوێ داوێ؟ئـەرێ بۆچـی تریـاك دەخوات؟خـوا بــەوێ ڕۆژێ نــەکا. بــەلأم نــازانی دوێنــێ شــەوێ و پێـرێ شـەوێ چـیم بەسـەرهات. خەریکبوو دەخنکام. هەرشەوەی دەجاران هاتمە سەرێ. دەجاران چـوومە سـەربانی. چــەندە گریام؟هــەرخوادەزانێ. بــەلأم ئاسوودەبووم!هـەتا گریـانیش ئاسـوودەی نەکردم. بنیادەم ئەوقسانە بۆکێ بکا؟مرۆڤ ئەگەر قسە بۆکـەس نـەکا، دڵـی دەتـەقێ. چۆن دەتوانێ ئارام بگرێ. کە دوای سی و چوارساڵ مانەوە لەماڵی باوکدا، دوای چل ڕۆژان، مــرۆڤ دووبــارە بگێڕنــەوەو لــە ماڵــەبابی باوێن؟ئێــستا کەخــەڵك ئــەو قسانەدەکەن، بۆ بۆخـۆم نەیانڵێم؟ئـەویش خــودا بۆخــۆی شــایەدە کــەمن خــەتام نــەبووە. ئــاخرمن تــاوانم چــی بوو؟هــەتا جوتێـك گۆرەویـشم نەویـست بـۆم بکـڕن. ئــەو بێدینــە، هەمووشــتێکی دەزانــیم. دەیزانــی تەمــەنم چــەندە. جــارێکیش دیتبـوومی. بـابم گوتبـووی جارێـك ببینێـی حەلأڵــە. لەبابــەتی پرچــی سەریــشم ئاگاداربوو. ئـەدی بۆخـۆی چ شـتێك بـوو. کەســێکی شــەلی نــاقۆلأی ریــشدار. ئەوچــاویلکە گــەورەو قەبانــەی. ئــەو لوتەزلـەی. خودایـە ئەگـەر ئـەتۆش لێـی خۆشبی، من لێـی خۆشـنابم. ئـاخر خـۆمن چـاو بەسـتەکیم لـێ نـەکردبوو. بۆخـۆی هەمووشتێکی دەزانی. کەوایە بۆچـی ئـەو بەلأیەی بەسەرم هێنا؟بۆ توشی ئەو ئابڕوو

چـــوونەی کردم؟خوایـــە هـــەڵی نـــەگری. نـــەفرەتی چـوارجاران هـاتبووەلای بـابم و پێی چەقاندبوو. خواسەبەب کـاری بگـرێ. هـــەر نـــەفرەتی ســـەبەب کـــاربوو. لـــە فەرمانگەکـــەی تـــاریفی منـــی لەبراکـــەم بیستبوو. ئیـدی هـەموو کارەکـان بۆخـۆی کردنی. ڕۆژانی هەینی دەهاتـەلای بـاوکم و قـسەی خۆیـان دەکـردو تاقـەراریان دانـا هەینی داهاتوو بێت و چاوێکی پێم بکەوێ. خودایە بۆخۆت شـایەدی! ئێـستاش کاتێـك ئەو دەقیقەو سەعاتەم دێتەوەیاد دەلەرزم. لەیادمـە کـە لەپلیکانـەکان دەهاتەسـەرێ دەنگـــی پێـــی کـــە دەلـــەنگی و دەنگـــی گۆچـانەکەی کـە بەتەقەتـەق وەخـشتەکان دەکـــەوت، دەتگـــوت دڵـــم دێتـــەدەرێ. دەتگوت سەری گۆچانەکەی لەسەردڵی من دادەنـــا. وەی نـــازانی چ حـــاڵێکم هـــەبوو. هات یەکسەر چووەژووری. ژووری براکـەم کـەژووری میوانـانیش بـوو. براکـەم چـەند دەقیقەیەك لەلای دانیـشت. پاشـان بـانگی کردم ئاوێ بێـنم و بۆخۆشـی بـە بیـانووی جگەرەکێـــشان چـــووەدەرێ. شـــەربەتم درووستکردبوو. چارشێوەکەم بەسـەرمدادا بـــچمە ژووری میوانـــان، نیوەعومرببـــووم. چـوار هـەنگاو نـەدەبوو، بـەلاّم بەسـاڵێك دەبـــوو. بـــابم لـــەماڵێ نـــەبوو براکەشـــم چـــــووبووەخوارێ، لای ژنەکـــــەی تـــــا جگـــەرەبێنێ و دایکیـــشم لەبـــەر دەرگـــا ڕاوەســـــتابوو لەســـــەرخۆ دەیگـــــوت (( برۆڕۆڵەگیان! برۆ بەئومێدی خودا)) بۆچما لاقـم دەچوونەپێـشێ؟کە گەیـشتمە پـشت دەرگا، ئیدی توانـستم نـەمابوو. سـینیەکە لەدەستمدا دەلەرزی و نیوەی شـەربەتەکە ڕژابـــوو. منـــیش نەمـــدەزانی چـــی بکـــەم. بگەڕێمـەوە شـەربەت بگرمـەوە یـان هـەروا بـــچمەژووری؟ئارەقەم کردبـــوو. لەشـــم سڕببوو. خەریکبوو دڵم بێتەدەرێ. خودایە ئەگـــەربۆخۆی دەنگـــی نـــەکردبا، چـــیم کردبا؟هـــەروا ئـــەملاو ئـــەولام دەکـــرد کـــە دەنگـی هـات، نـەفرەتی هاتـەدەرو گـوتی: ((خاتوون! ئەگەر شـەرمێ دەکـەی، دەبـێ بۆخـــۆم بێمـــەلات؟)) خودایـــە بۆخـــۆت شـایەدی! کـە قـسەکەی تـەواوکرد گـوێم لـــەدەنگی لاقەشـــەلەکەی بـــوو کەلەســـەر فەڕشـــەکەی دانـــابوو هـــات و دەرگـــای کـــردەوە. دەســـتی گـــرتم و لەســـەرخۆ ڕایکێشا. مەچەکی گـرتم، ئێـستاش کەئـەو کاتـــەم دێتـــەوەیاد دەبرژێتـــەوە. دەڵێـــی بازنەیـــەکی ئاگریـــان کردۆتـــە مەچـــەکم. ڕایکێشامە ژووری. سـینیەکەی لـە دەسـتم وەرگـرت و لەسـەر کورسـیی داینیـشاندم و بۆخۆشی بەرامبەرم دانیشت. بیرم کردەوە نـــەکا چارشـــێوەکەم لەســـەرلادا؟بەلاّم نـــا. هێنـــدە بێـــشەرم نـــەبوو. خودایـــە هـــەڵی نـــەگری. چارشـــێوەکەم کـــۆکردەوە بـــەلاّم ڕووخـــسارو گـــەردنم دیـــاربوون. ڕەنگـــم ســـوورهەڵگەڕابوو نەمـــدەزانی چـــۆن بـــوو سەری قسەی کردەوەو گوتی:

((خـــاتوون! خـــودا بۆخـــۆی ڕێگـــای داوە)) پاشـــان بـــەدەوری کورســـییەکەی منـــدا





هەڵـــسووڕاو دووبـــارە دانیـــشتەوە. زانـــیم بۆچـــی ئـــەو کـــارەی دەکـــا. زیـــاتر سوورهەڵگەڕام و نەمزانی چی بڵـێم. ئـاخر دەبوومنیش شتێکم گوتبا تـا پێـی وانـەبێ گێلم. هەرچەندی بیرم کردەوە هیچ شـتێك بەخەیاڵمدانـــەهات. ئـــاخر بـــۆ کـــچێکی وەکومن کە سی و چوارساڵ لەماڵەبابی بێ و جگە لەبراکەی کەسی دیکەی نـەدەیبێ و ڕووی لەهـــەمووپیاوان وەرگێڕابـــێ و تـــەنیا لەگـەڵ ژنـانی غەریبـە و ئـەویش لەحـەمام یـــان لـــەبازاڕ قـــسەی کردبـــێ، چـــۆندەکرێ کاتێـــــك لەگـــــەڵ پیـــــاوێکی غەریبـــــە ڕووبـــەڕووبوبێ، دەســـت و پێـــی خـــۆی ون ناکـــا؟من ئیـــدی وەك کـــچە قوتابیـــە ڕووهـــەڵمالاّوەکانی ئـــەمڕۆ نـــەبووم کـــە دەســـتیان بەهـــەزار پیـــاوی بێگانـــە گـــەرم کردبێتـــەوە. ئـــەویش ئـــەوپیاوەی کـــە بۆخوازبێنی هاتووە. لەڕاستیدا لاڵ ببـووم. هێندەی خـۆم هێنـاوبرد، هیـچم نـەبوو کـە بیلێم. هەرلەوکاتەدا خودا بەهانامەوەهات. هـــەروا کەچـــاوم لـــە مێزەکـــەبڕیبوو، شـــەربەتەکەم وەبیرهاتـــەوە. بەپەلەپـــەل گـوتم: ((شـەربەتەکە گـەرم دەبـێ بـەڕێز)) بەلاّم نـەمتوانی بەڕێزەکـە بـەڕەوانی بڵـێم. دەنگـم نووسـاو قـسەکەم بـۆ تەواونـەکرا. دەســـتی بـــۆلای پەرداخـــە شـــەربەتەکە درێژکرد منیش غیرەتـی زیـاترم پەیـداکردو گـوتم: ((بـەڕێز حـەزت لەجگەرەنییـە؟)) و لەژوورەکـە دەرپەڕیمـەدەرێ. چ حاڵـەتێکم بەسـەر هـاتبوو! ئەگـەر براکـەم نـەبا، بـە ناچـاری دەبـوو جگـەرەم بـۆ بردبا؟بـەلاّم خودا دەست بـە تەمەنیـەوەبگرێ، چـەندە برایەکی نازدارە! ئەگەر ئەویشم نەبا، چـیم کردبا؟کاتێـــك دیتمـــی بەپەلـــەپرووزێ و شـڵەژانەوە بـە پلیکانەکانـدا دێمـەخوارێ گـوتی: ((چـیتە؟بۆمەگەر چـی بووە؟بـۆ هەمووکـــــەس شـــــووناکا؟)) بۆخـــــۆی چۆوەسەرێ و جگەرەیەکیشی بۆ ئـەوبرد. کـاری مـن تـەواوببوو. ئـەوە یەکـەمجاربوو دەم دیـت و ئـەویش منـی دەدیـت. خـودا بۆخـۆی شـایەدە کاتێـك لـەژووری بـووم، حـەزم دەکـرد شـتێکی وابـێ تێبگـا کـە( بارۆکە) لەسەردەنێم. بـەلاّم بـۆ دەمتـوانی قسەیەك بکەم؟هەرئـەو وشـەیەی کـەگوتم، نیوەعومرببووم. کاتێك هاتمـەوە سـەرخۆ، مەسەلەکەم لەدایکم گەیاند. گوتی: ((هـیچ نییە کچم، کاکت ڕێکی دەخا. )) بەلاّم مـن دەمزانـی ئەگـەر لەسـەرەتاوە بابەتەکـەی تێنەگەیـەنم، سـوودی نـابێ. ئـاخر مـن دەبوومەژنی ئەو چۆن دەکرا نەزانێ کـەمن بارۆکـــە لەســـەردەنێم. خـــۆ دوایـــی هەردەیزانی، بۆچی سەرەتا پێـی نـەڵێین؟ ئـاخر دەمزانـی ئەگـەر لـەماڵێ بابەتەکـە بزانـێ، دوای دووسـێ ڕۆژان چ دەردێکـم دەداتێ! بۆ ئێستا چ کارێکی کردووە؟بەمن بڵـێ چـەندە بەتـەنگ ئـەو مەسـەلەیەوەم. خودایە ئەگەر تۆش لێی خۆشبی مـن لێـی خۆشنابم. ئاخر من چیم کردبوو؟چ کلاّوێکم لەسـەر نـابوو کـە بەوشـێوەیە لەگـەڵم جولاّیـەوە؟ئامادەبووم سـاڵێك ڕاوەسـتێ و

منیش لەوماڵەدا قەرەواشی خوشك و دایكی بكەم. بەڵام نەیكرد. دەمزانی خەڵكی دەبیستنەوەو دەڵێن فلانی لەچل ڕۆژەیدا ناردیانەوەماڵەبابی. ئەگەرساڵێك لەماڵەكەی مابامەوە، ئەوە شتێكی دیكەبوو. وانەزانن دڵم پێوەی بوو ها! بەخوای نا، بەوسەرو سەكوت و لاقە شەلەیەوە. ئاخر لەوانەیە كرابا شتێك بكەم. تا ساڵێكی دیكەش خودا گەورەبوو. بەوهەموو شتانە ڕازیبووم كە ئیدی نانی ماڵی بابم نەخۆم. ئیدی ماندوو ببووم. سی و چوارساڵ بەیانیان لەماڵێك وەخەبەرهاتن و شەوانەش لەهەمان ماڵدا نووستن! ئەویش چ ماڵێك! سالانێك بوو كە هیچ هەواڵێكی تازە، هیچ هات و چوونێك، هیچ زەماوەندێك زمانم لاڵ بێ. هیچ شیوەنێك، تێیدا نەكرابوو. دوای ئەوەی كە براكەم ژنی هێناو بگرەوبەردە دەستی پێكرد. تەنیا خەبەری تازەی ماڵی ئێمە كێشەوكەمی شەوانی ئاوبوو. ئەویش مانگی جارێك. هەتا بەزم و ڕەزمێك لەكۆلانەكەی ئێمە نەدەهات. نازانی دەڵێم چی. نامەوێ بڵێم ماڵی بابم خراپ بوو، ها، نا. بابی داماوم. بەڵام ئیدی ماندوو ببووم. دەڵێی چی؟ماندوو ببووم. دەمویست بۆنموونە خانمی ماڵی خۆم بم. ماڵ ماڵ! بەڵام خوشك و دایكی ئەو خاتوونی ماڵێ بوون. ئامادەبووم قەرەواشیان بكەم و ساڵێك ڕاوەستێ. بەڵام نەیكرد. ئێستا دەزانم نیوەی زیاتری مارەییەكەمی بۆچی نەختدا. هەرهەمووی حەوت سەدو پەنجاتمەن مارەییەكەم بوو، كە پێنج سەدتمەنی بە نەختی دا. ئێمەش هەموومان بەكەل وپەل داو دایكیشم چوارجیازی دانا. دووسەدو پەنجاتمەنیش لە ئەستۆی بوو، كاتێك منی ناردەوەماڵی بابم گوتی كە عیدەی تەواوبوو دەیدەم. من ئێستا دەزانم چەندە كەربووم! پێتوابوو هەراو دم بەدمەمان كرد، یان بەشەڕ هاتبین؟یان من قسەیەكی نابەجێم گوت كە ئەو بەلایەی بەسەر هێنام؟حاشاوبیللا! لەو چل ڕۆژەدا، هەتا قسەیەكمان لەژووری نەچۆدەرێ. نە دەنگی من و نەدەنگی ئەو ناجسنە ناقۆلایە! بەڵام هەرئەوەڵ ڕۆژێ كەدیتم دەبێ لەگەڵ خەسووم بژیم لەناخەوە دڵم لەرزی. ئاخر بنیادەم هەندێجار هەست بەهەندێ شت دەكات. دیتم ئەگەر هەراش دەست پێبكا بەناچاری مل دەدەم. باوەڕبكەن ببوومە پولەكە ڕەشكەیەك. ئاوا ڕەفتاریان لەگەڵ قەرەواشێك نەدەكرد. سی و چوارساڵ لەماڵی بابم بەڕێزوشكۆوە ژیابووم و ئێستاش ببوومە قەرەواشی خەسوو دشەكەم. بەڵام واش قسەم نەبوو، واش ڕازیبووم. هەتا نەهاتنە زەماوەندەكەشمان. خەسوو دشەكەم دەڵێم. داوەتیشمان كردبوون، نەهاتن. هەرئەوەش كارەكەی خراپ كرد. هەرئەوەی كە مێردەكەم هەمە كارەبوو بێنەوبەردەی كردبوو دایك و خوشكەكەشی





هیچ كارەنەبوون. بۆخۆی دەیگوت دایكم و خوشكم كاریان بەكاری ئێمەوەنییە. بەڵام درۆی دەكرد. بۆچمادەكرا؟دایك مندال بەخێوكا، چۆن دەكرێ كاری بەكاری منداڵی نەبێ؟لەدوایشدا هەرخودا بۆخۆی شایەدە. هەمان دایكی و خوشكی لەبەرچاوی ئەو سووك و چرووكیان كردم. زەماوەندەكەمان كورت و پوخت بوو. مارەبڕین و گواستنەوە پێكەوەبوو. براكەم پێشتر كەل و پەلو جیازەكەی بردبووم و ژوورەكەی ئامادەكردبوو. ماڵ نازانم بڵێم چی، هەمووی دوو ژووربوو. بە جیازەكەی من ژوورێكیان ئامادەكردبوو. شەوێ كە نانمانخوارد، منیان وەدەستی كابرای دا. وای! حەزناكەم بەهیچ جۆرێك ئەوشەوە بێنمەوە بەرچاوی خۆم. خوانەكا، خۆشی ئاواكورت! تەنیا ئەوەندەم لەبیرە كاتێك مارەبڕینەكە تەواوبوو، هات ناوچەوانی ماچ كردم و منیش لە ئاوێنەكەوە تەماشام دەكرد. بە بنگوێیدا چپاندم: ((مەیدركێنە، ڕام سپاردووە بارۆكەیەكت بۆبێنن، گیانەكەم!)) دەزانن تووشی چی بووم؟حەتمەن دەبوو خۆشحاڵ بوبام. خۆشحاڵ بووم كە بابەتەكەی زانیووەو وەسەرخۆی نەهێناوەو سەرەڕای ئەوانەش قبووڵی كردووم. بەڵام وەك ئەوەی بە چەكوچ لە كەللەیان دابم. حەزم دەكرد چاوەكانی لەژێرچاویلكەكەیدا دەربێنم، ناجسنی هیچ و پووچ، كات نەبوو تا لەكاتی مارەبڕیندا ئەو بەدبەختیەم وەبیر نەهێنییەوە؟یاڕەببی خوایە خێروخۆشیان لەخۆی نەبینێ. پاروە نانێك لەگەرووم نەچۆخوارێ و جەرگم جەرگی دەخواردەوە. كاتێك ئەگەر بە كۆلاندا دەڕۆیشتین، ئەو قسەیەی نەكردبایە دیارنەبوو كارەكەمان بەكوێ دەگەیشت. چونكە من هیچ ئاگام لەخۆم نەبوو. بەڵام خودا بەهانایەوەهات. یانی بەهانامانەوەهات. لەكۆلانێ كە دەمانویست بچینە ماڵەكەی، لەناوەڕاستی ڕێگا بە بنگوێیدا چرپاندم: ((ناهێڵم دایكم و خوشكم پێ بزانن. دەزانی بۆ؟)) منیش بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێ حەزم دەكرد ماچی بكەم. بەڵام دانم بەخۆمداگرت. هەموو ئەو ڕق وكینەیەی كە لەدڵمدابوون توانەوە. وەك ئەوەی خۆشەویستیەكەی بەو وشەیە كەوتە دڵمەوە. خوا لەكۆڵی كاتەوە. ئێستا شەرمێ لەخۆم دەكەم كە ئاوا فریوی ئەوم خواردووە. چەندە خۆشحاڵ بووم. هەرلەوێ بوو كە هۆشم وەئاگا هاتەوە، بەڵام وەسەرخۆم نەهێنا. كاتێك مێرد مرۆڤێكی دڵ كراوەبێ، ئینسان چۆن دەتوانێ دڵی ناخۆش بكا؟گوێم نەدایە. بەڵام هەر بەیانیەكەی دەستی پێكرد. شەوانە دەچووم دەستی دایكیم ماچ دەكرد. بۆخۆی گوتبووی گلەیی بكەم كە بۆچی نەهاتبوونە زەماوەندەكەمان. منیش هەركە دەستی دایكیم ماچ كرد، گلەییەكەم كرد. وەی، وەی، هیچ شەرمی نەكرد لەڕووی تازەبووك و كوڕەكەیدا

گوتی: ((هیچ حەزم نەدەکرد لە مارەبڕینێکدا کە بۆخۆم لەوێ نەبووم ئامادەبم. تێدەگەن؟ئیدی ناچارنی دەستی ئەو ژنەتیوەی بگری و بیهێنیە ژوورەکەی من. )) ڕێك ئاوا. یارەبی زەلیل بێ. دەزانی هەرلەیەکەم شەودا کارەکەم خراپ بوو. پیرەسەگ. بەلاّم بۆخۆی هێندەی دلّ نەواییکردم و نازی کێشام کە هەموو ئەوانەی لەبیر بردمەوە. ئەوشەوە هەرچۆنێك بوو، تێپەڕی. دیارە شەوەکان هەرچۆنێك بن تێدەپەڕن، گرنگ ڕۆژەکان بوون. ڕۆژان کە مێردەکەم لەوێ نەبوو لەگەلّ دوو دێوەزمان بەتەنێ دەمامەوە. مێردەکەم لە دادگای باری کەسێتی کاری دەکرد. ڕۆژان تا نیوەڕۆ کە دەگەڕایەوە، ئێوارانیش تا شەوێ کە دەهاتەوەمالّێ، من لەجەهەننەمێکدابووم. هەتا نزیکی ژوورەکەشیان نەدەکەوتمەوە. تەنیا کاری خۆم دەکرد. تا بۆم دەکرا لەژوورەکەم نەدەچوومە دەرێ. دوو ژوورەکەی خۆمانم ڕێك دەخست و هەمووحەوشە کەشم گسك دەدا. قاپەکانم دەشوشتن، بۆخۆشی قەدەغەی کردبوو کە نابێ پێ لەماڵەکە بێنمەدەرێ و منی گێلیش ڕازیببووم. بەلاّم دوای هەفتەیەك، هێندەی داوام کرد ڕازیبوو دووهەفتە جارێك بچینە مالّی بابم. بچین نانی ئێوارەبخۆین و بۆ نووستن بگەڕێینەوە. پاشان دوو هەفتەجارێکم کردە هەفتەی جارێك. بەلاّم واش نەمدەتوانی پێ لەمالّێ وەدەرنێم. کارێکی واشم نەبوو هەفتەی جارێك حەمام کە پێویست بوو، بەیانیانیش هەرچی پێویست با دەیکڕی و دەیهێناو دەڕۆیشت، خەرجیەکەمان جیابوو، بۆخۆمان بەجیاو بۆ دایك و خوشکیشی گۆشت و سەوزەو خرت و پرتی بەجیادەکڕی، دەیهێنا بەردەرکێ و دەڕۆیشت. منیش دلّم بەوەخۆشبوو ڕۆژانە بەدەستی بەتالّ ناگەڕێتەوەمالّێ. کەشەو دادەهات سەرێکی لەژوورەکەی دایکی و خوشکی دەداو هەوالّی دەپرسین و هەندێ جاریش ئەگەر چایان حازربا چایەکی لەکن دەخواردنەوەو پاشان دەگەڕایەوە لای من. خراپەکەی لەوەیدابوو کە خانوەکە ئی دایك و خوشکەکەی بوو. هەفتەی دووەمیش بوو کە ناچاریان کردم دەبێ قاپەکانی ئەوانیش بشۆم. بەوەش ڕازیبووم دەنگ لەدیوار هاتەدەر لەمن نەهاتەدەر. بەلاّم بۆ دەکرا زمانیان بگری؟کاتێك مێردەکەم لەوێ نەبا، هەزار پەلّپو بیانوویان دەگرت. هەزار جرت و فرتیان دەکرد، دەهاتن بەپێش ژوورەکەمدا تێدەپەڕین و پلاریان داویشت، کە من بارۆکە لەسەردەنێم و ڕووخسارم خروێلکاویەو چل سالّەم، بۆ مەگەر کوڕەکەیان چ دەستەگولّێك بوو؟هەرئەو پرچە بارۆکەیە کارەکەی خراپ کرد. ئاخر چۆن دەکرا ئەوشتەی لەوان وەشێری؟لەترسی ئەوەی نەبادابزانن، دەچوومەوە حەمامەکەی گەڕەکی خۆمان. بەلاّم ڕۆژێك دایکی





هاتبوولە ناتری حەمامەکەی پرسیبوو، ئەویش بە چ فیلّێك!خۆی نەناس نیشاندابوو دلّی بەمێردەکەم سووتابوو کە ژنێکی پیرو خروێلکاوی هێناوە. خودا ئەو ناترانە بەنەفرەت کا. گۆیا پێنج قرانی زیاتر دابۆیەو ئەویش گرێی دلّی کردبۆوەو چیرۆکی بارۆکەی سەری منی بۆ گێڕابۆوەو گالّتەشی پێکردبووم. خودایە هەلّی نەگری. بۆمن چ خراپەیەکم بۆ هەبوون؟مەگەر ئەوخۆشبەختیە نەگبەتەی من و ئەو نیوە مێردەی کە بەنسیبم بووە، کوێی ژیانی ئەوانی تێکداوە؟بۆ حەسوودیان پێدەبرد؟خودا دەزانێ چیان گوتبوو. ڕۆژی دواتر هەموو ئەوانە کرێکارەکەی حەمام بۆی گێڕامەوە. تەنانەت ئەدای منیشی دەرێنابوو کە چۆن بارۆکەکەم هەلّدەگرم و لەسەر ئەژنۆیانی دادەنێم و سابوونی لێدەدەم و شانەی دەکەم. منیش ئیدی بۆ ئەوحەمامە نەچوومەوە. بەلاّم قسەشم نەکرد. سەرولەشی خۆم بۆخۆم شوشت و ئیدی پێم لەوێ نەنایەوە. ئاخر چۆن دەکرا چاولەچاوی ئەو کەسانەبکەی؟هەرچۆنێك بوو کارلەکار ترازابوو ئەوەی کە نەدەبوو بیزانن، زانیبوویان. ئیدی ڕۆژی من ڕەش بوو. مێردەکەم دووسێ شەوان، کاتێك دەگەڕایەوە لە ژوورەکەی ئەوان زیاتر دەمایەوە. شەوێکی لەوێش نانی خواردو گەڕایەوە، دووبارە دەنگم لەبەر دەرنەهات. بەڕاستی چەندە کەربووم!وەك ئەوەی تاوانێکم کردبێ. وەك ئەوەی تاوانبار من بووم. وەك ئەوەی لەسەر بارۆکەکە، فریوم دابێ!هیچ نەهاتم قسەیەکی لەگەلّ بکەم. تازە ئەوانەشتێك نەبوون. پاشان ناچاری کردم خەرجیەکەمان تێکەلّ کەین. بەیانی و شەوێ بچینەژووری ئەوان و نان لەوێ بخۆین. ئیدی خواردن لەگەرووی من نەدەچووەخوار. خودایە چەندە کەربووم!هەمووئەو بەلاّیانەیان بەسەرهێنام و دەنگم لەبەر دەرنەهات!ئاخر بۆبیرم نەکردەوە؟بۆچی وام لەمێردەکەم نەکرد لەدایك و خوشکەکەی جیابێتەوە؟حازربووم لەتەویلەی بژیم بەلاّم بەتەنێ بم. خاکم وەسەرکەن!کە هەروا دەست لەسەردەست دانیشتم و ئەوەی لێیان بارکردم هەلّم گرت. هەمووشی خەتای خۆم بوو. سی و چوارسالّ لەمالّی بابم دانیشتم و تەنیا ڕێگای چێشتخانەو حەمام فێربووم. ئاخر بۆ لەوسی و چوارساڵەدا هونەرێك فێرنەبووم؟نووسین و خوێندنەوەیەك فێربم؟دەمتوانی مانگی شتێك پاشەکەوت بکەم و وەك پوورە بتوول خانم مەکینەیەکی خەیاتی بەقیست بکڕم و بۆخۆم خەیاتی بکەم. کچەهاوسێکانمان دەچوونە گۆرەوی چنین و بەسالّێك بۆخۆیان مەکینەی گۆرەوی چنینیان دەکڕی و خەرجی خۆیان پەیدادەکردو جیازی بوکێنیشیان بۆخۆیان دادەنا.

براکـــەم چـــەندی لەگـــەڵ کـــردم تـــافێری خوێندەواریم بکا، بەڵام منی هیچ و پـووچ، منــی خـاك بەسـەر هـەمووی خـەتای خـۆم بوو، ئێستا دەزانم. ئەو یـەك دووڕۆژە هـەر ئەوبیرانــەم دەکردنــەوە کەئــەو خەیاڵــە هیـــچانە لەکەللـــەیان دابـــووم. ســـی و چوارساڵ لـەماڵی بـابم دانیـشتم و شیوەنم بۆ بارۆکە کرد. شـیوەنی بەدبـەختیم کـرد. شـــیوەنی مێـــرد نـــەکردنم کـــرد. بۆچـــما هـــەمووژنان حۆرین؟ئەوهـــەموو خەڵکـــە بارۆکـــە لەســـەر دەنـــێن، چ عـــەیبێکیان هەیـــە؟بۆ هـــەرمن خروێلکاویم؟هـــەمووی خـــەتای خـــۆم بـــوو. هـــەر دانیـــشتم و هـــەر پرتەپرتی دایکـی و خوشـکیم بیـست. هـەر لێگـــەڕام بـــڕوا لـــەلایان دابنیـــشیٚ و گـــویٚ لەقسەو قـسەلۆکیان ڕاگریٚ. تالەبەرچـاوی کەوتم. ئیدی کەلەبەرچاوی کـەوتم. شـەوی دوایـــی کاتێـــك لـــەژووری دایکـــی هاتـــەدەر، جلکـــەکانی دانـــەناو هـــەر لەبـــەردەرگا ڕاوەستاو گـوتی: ((حەزناکـەی بچینەماڵی بابـت؟))منـیش یەکـسەر دڵـم داخورپـا. دووشەوپێشتر، شەوی هەینی بوو پێکـەوە چـــووبووینە مـــاڵی بـــابم و بـــۆ نـــانخواردنی ئێواریش لەویٚ بووین، یەکـسەر تێگەیـشتم مەسەلەچـــییە. دڵـــم خەبەریـــدا. گـــوتم: ((حەزی خۆتبیٚ!)) هیچی دیکـەم نـەگوت. هەروادانیـــــشت بـــــووم و گۆرەویەکـــــەم پینـــەدەکرد. دووبـــارە پرســـیەوە منـــیش هـــەمان وەڵامـــم دایـــەوە. دوایـــی گـــوتی: ((هەســـتە بـــابڕۆین گیانەکـــەم. بابـــچین هەواڵپرسییەکیان بکەین.))

منی بیٚ ئاقڵ بۆ نـاڵێی گـوتم ڕەنگـە شـتی وانـــــەبیٚ. بووخـــــچەکەم کـــــۆکردەوە، چارشـــێوەکەم بەســـەرمداداو وەڕێکـــەوتم. لەڕێگا هـیچ قـسەمان نـەکرد، نـەمن هیچم گـوت و نـە ئـەویش. نـانی شـێوانمان نـە خواردبـــوو. مەنجەڵەکـــە لەســـەر ئـــاگربوو دەبوو هەڵم گرتباو بردبامە ژووری دایکی و پێکەوە نانمان خواردبا. بـەڵام مەنجەڵەکـە هەرلەجێی خۆی بوو کە ئێمە وەڕێکەوتین. دڵـــم واپەرێـــشان بـــوو هەرمەپرســـە. وەك ئـــەوەی دەمزانـــی دەیـــەویٚ چ بەڵایـــەکم بەســـــەربێنیٚ. بـــــەڵام واش وەســـــەرخۆم نـــەهێنا. ماڵەکـــەمان هێنـــدە دوور نـــەبوو. کاتێك گەیشتین—کـە لـەدەرگام دەدا—ڕێـك هـــەمان حـــاڵم هـــەبوو کـــە ئـــەوڕۆژە لەپـــشت ژووری میوانـــان هـــەمبوو ئـــەویش هـــات و دەســـتی گـــرتم و کێـــشای. ڕەنگـــە لـــەوەش خراپتربـــووبم. ســـەرتاپا دەلـــەرزیم. براکـــەم هـــات و دەرگـــای کـــردەوە. منـــیش هەرکـــە چـــاوم بـــە براکـــەم کـــەوت وەك ئـــەوەی هەمووخەمی دنیام لەبیر چـووبێتەوە، هـەر لەبیریشم چووبوو کە چی ڕوویداوە. براکەم وەسـەرخۆی نـەهێنا. سـڵاوو هەواڵپرسـیان کردو چووینەژووریٚ. لە دالانەکە تێپەڕین و گەیـشتینە حەسـاریٚ، بـراژنم لـە حەسـاریٚ بـــوو دایکیـــشم لـــە پەنجـــەرەوە ســـەری هێنـــابووەدەریٚ تـــا بزانـــیٚ کێیـــە. کـــە گەیشتینە ناوەڕاستی حەسـاریٚ، سـەگبابە بـــەدەنگێکی بـــەرز گـــوتی: ((ئـــەوەش





فاتمـــەخان. ئـــەوە وێـــم دانـــەوە. ئیـــدی بانەگەڕێتـــەوە.)) تـــا ئـــەوەی هـــاتم هاواربکەم: ((ئاخر بۆچـی؟من نامێنمـەوە. هەروا لێت ناگـەڕێم.)) کـە بەهـەمان لاقـی فەلەجیـــەوە بازیدایـــە کـــۆڵان و دەرگـــای پێـــوەدا. منـــیش هـــەروا هـــاوارم دەکـــرد. ((نامێنمـــەوە. لێناگـــەڕێم))دەســـتم کـــرد بەگریان، ئەگەر ئێستا نەگریم کەی بگـریم. دایکـــە بێـــچارەکەم خـــۆی گەیانـــدمیٚ و بردمیەسەریٚ و گوتی: ((بۆچی بووە؟))

چـــۆن دەمتـــوانی پێـــی بڵـــێم کـــە هـــیچ نەبووە؟نـــە هەرایـــەك نـــە دم بەدمەیـــەك، نەقسەو باسێك، کـە گریانەکـەم تـەواوبوو، گوتم لەگەڵی بەشەڕهاتووم جنێوم بـەخۆی و دایکـی داوە. هەمووشـــی درۆبـــوو! چـــۆن دەمتـوانی بڵـێم هـیچ شـتێك نـەبووەو ئـەو ســـەگبابە، بەئاســـانی دەســـتی گرتـــووم و هێناومیـــــەوە مـــــاڵیٚ بابم؟ئیـــــدی کـــــار لەکارترازابوو. ناپیاو ڕۆیشتبوو. بۆ بـەیانی چووبوە فەرمانگەی براکەم و تێیگەیاندبوو کە تەلاقی داوم، کـە عیدەکەشـم تـەواوبوو بـاقی مارەییەکـەم دەدا. گوتبـووی یـەکێك بنێرن کـەل وپـەلی فاتمـەخان کۆبکەنـەوەو بیبـــەن. دەزانی؟دایکیـــشم دەیزانـــی کـــە هـــەموو کێـــشەکە لـــەبن ســـەری دایـــك و خوشـــکەکەیدایە. بـــەڵام ئـــاخر چـــۆن دەمتـــوانی ئـــەوجاریش لـــەماڵیٚ بـــابم وەمێنم؟چۆن دەمتوانی؟ئەودوو ڕۆژەی کە لـــەویٚ مامـــەوە، ڕێـــك وەك ئـــەوەی لەزینداندابم. خۆزگـە لەزینـدان بـام. لـەویٚ لانی کەم بنیـادەم لـە دیتنـی دایـك و بـابی نابێتـە دڵۆپـە ئاوێـك و ناچـێتە زەویـەوە. لەسـەیرکردنی براژنەکـەی هێنـدە شـەرمیٚ نـــەکا. دیوارەکـــانی مـــاڵیٚ هێنـــدەیان ڕەزاقـورس ببـوو، دەتگـوت لەسـەر دڵیـان داناوم. دەتگوت تاقی ژوورەکانیان لەسـەر ســـەری دانـــاوم. نـــە ئیـــستیکانەچایەك چووەسەر لێوم و نە پاروە نانێك لەگەرووم چـووەخواریٚ. دایکـە بێـچارەکەم! ئەگـەر لەخـــەمان وەزگ نـــەدا، ســـەیردەبیٚ. بـــرا بەستەزمانەکەم حەتمەن لەڕووی نایە بچیٚ کـەل و پەلـەکانم بێنێتـەوەو نەکارێکیـشی لەدەست دیٚ. ئاخر ئەوناپیاوە بۆخـۆی لـە دادگـــای بـــاری کەســـێتی کاردەکـــاو هەمووکون و کەلێنەکان شـارەزایە. هیـچی لەگـەڵ نـاکریٚ کـیٚ دەڵـیٚ سـەری هـەزار بەدبـــەختی دیکـــەی وەکـــومنی لـــەقوڕیٚ نەنابیٚ؟بەڵام نا، هـیچ گێلێك و لـەمن گێـل تـرو بەدبەختترنییـە. دایـك و خوشـکی بـۆ ناڵێی کە هێندەیان لـە ڕوودەدام کـە مـاڵی فـــلان و فـــلان بـــۆ کوڕەکـــەیان ڕوویـــان لێناوە! بەڵام چ سەگبابێك ئامادەیە لەگـەڵ ئـــەو بەرازانـــە هەڵبکا؟جگـــە لـــەمنی قوڕبەسـەر؟کە هێنـدە خاوەخـاوەم کـردو دانیشتم، تا ڕۆژگاریان ڕەش کردم.

*          *          *

**سەرچاوە:**

**کۆمەڵەچیرۆکی(داستان هـای زنانـه) نویـسنده—**

**جلال ال احمد**

وەرگێڕان



ئەنتۆن چیخۆف

# گاڵتە

و/ حسێن عەلی

ڕۆژێکی زستانی ڕووناک بوو، و سەهۆڵێکی تووڕە، و پارچەی زیوینی سەهۆڵەکە سەرتەوێڵی ((نادینکا)) و خوار لێوی پۆشیبوو. لەسەر تەپۆڵکەیەکی بچوک ڕاوەستا بووین و بەتوندی باڵمی گرتبوو. و هەر لەو شوێنەی لێی ڕاوەستا بووین تاوەکو قولایی زەوی تەختانییەك درێژ دەبۆوە و وەك ئاوێنەیەکی ڕوون پەرچی خۆری دەدایەوە و لە تەنیشتمانەوە خلسکینەیەکی لێبوو سیپالێکی سووری کاڵی لەسەر بوو.

تکام لێکردوو پێم ووت: ((دەی نادینکا با بۆ خوارەوە بخلسکێین. تەنیا جارێك. جەخت دەکەم کە هیچ شتێکی خراپ ڕوو نادات)). بەڵام ((نادینکا)) دەترسا. چونکە ئەو سەرەوخوارییە هەر لە ژێر پێڵاوە درێژەکانیەوە تاوەکو خوارووی گردە بەفرینەکە دەستی پێدەکرد و وەك







کەندەڵانێکی قوولێ لای ترسناك بوو.

دوای ئەوەی تەنیا بەوە قایل بووم و داوام لێکرد کە سواری خلسکێنەکە بێت ترساو هەناسەی خۆی گرت و نیگای خوارەوەی دەکرد، بەڵام ئەی چۆن دەبوو ئەگەر سەرچڵیەکی کەوتنی نیۆ کەندەڵانەکە ببوایە؟ دەمرد! ئەقڵی لەدەست دەدا.

پێم ووت: ((لەپێناو مندا، مەترسە. شایەنی ترس نیە، چونکە نەخۆشییەکە بۆ دەروون و ترسنۆکییەکی بەسامە.

دواجار ((نادینکا)) ملی دا، هەر لەشێوەی ڕوخسارییەوە هەستم کرد ملیداوە و وەختە لەترسانا بخنکێ. لەسەر خلسکێنەکە دانیشت، ڕەنگ پەڕیوو هەموو جومگەکانی دەلەرزین، باوەشم پێیدا کرد، و پاڵم پێوەنا و هەردووکمان ڕووە و کەندەڵانە قووڵەکە گلبووینەوە.

وەك گوللە خلسکێنەکە دەرچوو، و بەهۆی باڵگرتنمانەوە هەوای هەڵەشە بەهەموو هێزو دەنگیەوە دەیدا بە ڕووخسارماندا، ئینجا فیکەی توندو تیژی دەدا بە گوێچکەماندا، و لەسەر جەستەمان شڕ دەبوو، و هەتا دەهات گەشاندنەوەی تووڕەیی پێوەدانی توند تر دەبوو و هەوڵی دا سەرمان لە جەستەمان جیا بکاتەوە.

لەژێر پەستانی هەوا قایمەکەدا زۆر بەگرانی هەناسەمان دەدا. کارەکە لەوە دەرچوو کە خودی ئەهریمەن ئێمەی بە چنگی گرتووە و بەقیژە قیژ بەرەو دۆزەخ ڕاماندەکێشێ.

هەرچیەك لە دەورمان بوو لە هێڵێکی باریکی درێژ درێژ زۆر بەخێرایی توایەوە. ساتێکی تر لامان روون بۆوە دەبێ بفەوتێین.

بەدەنگێکی نزم ووتم: ((نادینکا تۆم خۆش دەوێت)).

خلسکێنەکە خێرایی جووڵەی دەستی کرد بە خاوبوونەوە، دەنگی بای قایم و گیزەی هەوا زۆر بەخێرایی کەم دەبۆوە، هەناسەدان ئاسانتر بوو، دواجار گەیشتینە خوارەوە.

((نادینکا)) نزیك مەرگ ببۆوە، رەنگ پەڕیوو زۆر بەگرانی هەناسەی دەدا، یارمەتیم دا هەڵسێتە سەر پێیان.

بە چاوێکی پڕ لەترس نیگای کردم و ووتی: ((شتێك نییە وام لێبکات جارێکی تر ئەمە دووبارە بکەمەوە. هیچ شتێك لەم جیهانەدا نییە. خەریك بوو بمرم)) پاش چەند چرکەیەك بە ئاگا هاتەوە و بە چاوێکی پڕ پرسیار نیگای کردم، ئایا بەراستی من ئەو سێ ووشەیەم گووت، یاخود لەکاتی گەردە لوولەکەدا وا هات بە بیریدا؟ لە تەنیشتیەوە دانیشتم سیگارم دەکێشا و دەمڕوانیە دەستکێشەکانم .

قۆڵی بە قۆڵمدا کردوو ماوەیەکی زۆر لەنزیك گردە بەفرینەکە ڕۆیشتین. ئاشکرایە کە مەتەڵەکە شەکەتی کردووە. ئایا گوێبیستی ئەو ووشانە بوو یان نە؟ بەڵێ یاخود نە؟ تەنیا کارێکی لووت بەرزی بوو یان شانازی، کاری ژیان.. کارێکی لەوپەڕی گرنگیدا بوو، بەڵکو گرنگترین کار لەجیهاندا. ((نادینکا)) بەوپەڕی نا ئارامی چاوی تێدەبڕیم. بەبێ بیرکردنەوە وەڵامی دەدایەوە. چاوەڕێ ی دەکرد ئاخۆ قسە دەکەم یان نا. داخەکەم، ئای لە گەمە کردنی ئەم رووخسارە جوان و قەشەنگە بە هەست تێبینیم کرد کە ململانێ لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات، و دەیویست شتێك بڵێت، دەیەوێ پرسیارێك بکات، بەڵام قسەی نەدەدۆزییەوە. هەستی کرد کە خۆشی شڵەژان و ترس و بێ ئۆقرەیی پێ دەبەخشێت.

بێ ئەوەی نیگام بکات ووتی: ((بیرۆکەیەکم هەیە)).

پرسیارم لێکرد:((چییە؟)).

-ئادەی با جارێکی تر خلسکێنە بکەین.

لە هەڵگەڕان بە پلیکانە بەفرینەکەدا جارێکی تر زۆر ماندوو بووین، نادینکای ڕەنگ پەڕیو لەش لەرزیویم لەسەر خلسکێنەکە دانا. جارێکی تر ڕووەو کەندەڵانە ترسناکەکە باڵە فڕێی کرد، و جارێکی تر ڕووبەڕووی دەنگ و گیزەی با قایمەکە بووینەوە و گلبوونەوەمان لەوپەڕی ساتی خێرایی و هاوار و قیژەدا بوو، بە دەنگێکی نزم ووتم: ((نادینکا تۆم خۆش دەوێت)).

کاتێك خلسکێنەکە ڕاوەستا ((نادینکا)) چاوی بڕییە گردەکەی کە بەسەریدا خلبووینەوە، ئینجا بە نیگایەکی درێژ لێم وورد بۆوە، و گوێ ی بۆ دەنگم شل کرد کە تۆزقاڵێك گوێ پێدانی تێدا نەبوو. وە هەموو جەستەی، هەموو بەشێکی جەستەی تەنانەت شەبقەکەو کەوڵەکەی کە پۆشیبووی، ئەو پەڕی هێمای پرسیاریان ئاڕاستە دەکرد، ڕووخساری پرسیاری سەرسوڕمانی دەکرد: ((مانای ئەمە چییە؟ کێ ئەم ووشانەی ووتووە؟ ئایا ئەو ووتی یاخود تەنیا خۆم وا بیر دەکەمەوە؟)).

ئەو گومانە نا ئارامی کردو دانی بە خۆیدا نەگرت. کچە هەژارەکە وەڵامی پرسیارەکانی نەدەدایەوە، مۆنی کرد، و فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارەوە. پرسیارم لێکرد: ((ئەگەر بچوینایەتەوە ماڵەوە باشتر نەبوو؟)).

بە توڕەییەوە ووتی: ((من.. حەزم لەم خلیسکاندنەیە. خۆزگە جارێکی تر خلیسکێنەمان دەکرد؟)).






((بەڕاستی حەزی لە خلسکێنە کرد)) بەڵام کاتێك سواری خلسکێنەکە بوو، هەروەك دووجاری پێشوو، ڕەنگ هەڵبزرکاو هەموو جەستەی لە ترسانا دەلەرزی و بەزۆر هەناسەی دەدا.

بۆ سێیەم جار خلسکێنەمان کرد، تێبینم کرد نیگای ڕووخسارم دەکات و چاودێریی لچ و لێوم دەکات، بەڵام من دەستسرەکەم خستە سەر لچ و لێووم، و کۆکەیەکم کرد، و کاتێك گەیشتینە ناوەڕاستی گردەکە توانیم منگە منگ بە ((نادینکا تۆم خۆش دەوێت بکەم)).

مەتەلەکە هەروا مایەوە، نادینکا بێدەنگ بوو، بیر لە شتێك دەکاتەوە. لەگەڵی ڕۆیشتم بۆ ماڵەوە، هەوڵی دا لەسەرخۆ بڕوات، خێراییەکەی کەم کردەوە و چاوەڕێیی دەکرد ئایا ئەو ووشانەی پێدەڵێم یان نا، تێبینیم کرد کە چەند گیانی ماندووە، و چۆن کۆششی دەکرد بەخۆی نەڵێت: ((ناشێ بایەکە ووتبێتی. نامەوێ بایەکە ووتبێتی)) .

ڕۆژی دوایی نامەیەکی بۆ جێ هێشتم تێیدا هاتبوو: ((ئەگەر ئەمڕۆ چویت بۆ خلسکێنە لەگەڵ خۆت بمبە. ن)).

لەوکاتەوە لەگەڵ نادینکا دەچووین بۆ خلسکینە، ئەوکاتەی بە خلسکێنەکە باڵە فڕێمان دەکرد، هەموو جارێك بە دەنگی نزم هەمان ووشەم دەگوت.((!

((نادینکا خۆشم دەوێیت)).

نادینکا بەخێرایی بەو ڕستەیە ڕاهات و وەك ئەلکهۆل یاخود بیهۆشکار خوی پێوە گرت کە دەرباز بوونی لێ ی نییە: بێئەوە نەیدەتوانی بژی. بەڵێ خلسکێنە لەسەر گردەکە وەك پێشان دەیترساند، بەڵام ترس و مەترسی جادوویەکی سەیریان بە ووشەی خۆشەویستی دەبەخشی. ئەو ووشانەی کە هەمیشە مەتەڵێك بوون، بەهاندان گیانیان ئازار دەدا. هەردوو گومان لێکراو وەك خۆیان مانەوە. نەتدەزانی من و باقایمەکە کاممان خۆشەویستیمان لەگەڵ دەکرد، بەڵام بە تەئکید ئیتر گۆێ ی نەدەدایە ئەوە. کە مەستکار بێت هەموو بادەکان چوون یەکن.

ڕۆژێکیان وا ڕوویدا بە تەنیا چوومە گۆڕەپانی خلسکێنە، لەکاتێکدا من لەنێو کۆمەڵەکەدا بووم دیتم ((نادینکا)) بە گردە بەفرینەکەدا سەردەکەوێت و بەدوومدا دەگەڕێت، ئینجا بەشەرمەوە لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە. دەترسا بە تەنیا بچێت، ئای چەند دەترسا ! وەك بەفر سپی ببوو، دەلەرزی، هەروەك خۆی بۆسەر بڕی بەرێت. بەڵام ڕۆیشت، بێ ئەوەی ئاووڕ بداتەوە ڕۆیشت، بە پێداگرتن، بە تەئکید لەم دواییەدا بڕیاریدا

ئەوکارە بخاتە ژێر تاقیکردنەوە. ئایا بێ بوونی من گوێبیستی ئەو ووشەیە دەبوو؟ دیتم ڕەنگ هەڵبزرکاو بوو، لەترسانا زاری کرابۆوە، سواری خلسکێنەکە بوو، چاوی نوقاند بۆ ئەوەی بەزەوی بلێت هەتا هەتایە ماڵئاوا. خللیسکا.. نازانم ئایا ((نادینکا)) گوێبیستی ئەو ووشانە بوو یان نا. تەنیا دیتم بە دیمەن و ڕەنگێکی هەڵبزرکاو و شەکەت هەڵستایە سەرپێیان. زۆر ئاسان بوو نیگای ڕووخساری بکەیت و بڕیار بدەیت کە دڵنیا نەبوو لەوەی ئایا گوێبیستی هیچ بوو یان نا. کاتێك بۆ خوارەوە دەفڕی ترس لە هەستی بیستن بێبەشی کردبوو.

مانگی ئازار هات و بەهار جوانترین بەرگی پۆشیبوو. گردە بەفرینەکەمان تاریك بوو و جوانی نەما، و توایەوە. بەم جۆرە خلسکێنەمان نەما. شوێنێکی تر نەبوو ((نادینکا)) ی هەژار تێیدا گوێبیستی ئەو ووشانە بێت، بە تەئکید هیچ کەسێکی تر نییە بیڵێتەوە چونکە بای قایم نەبوو و منیش بۆ ماوەیەکی زۆر دەچووم بۆ ((بترز بیرگ))، لەوانەیە بۆ هەتا هەتابێت.

وا ڕوویدا پێش دوو ڕۆژ لە کۆچکردنم کاتی ڕۆژئاوا بوون لەو باخچە بچکۆلەیەی کەلە حەوشی ماڵی ((نادینکا)) دیوارێکی بەرزی بزمار ڕێژکراو جیای دەکاتەوە دانیشتبووم.

هێشتا کەش سارد بوو، و هەندێ بەفری کەڵەکە بوو لە نزیك کۆمەڵێ پەیینەوە بوو، و درەختەکان وەك مردوو دیار بوون، بەڵام بۆنی بەهار بڵاو ببۆوە، قەلە ڕەش بەقیڕە و قفەوە دەچوونە خەوگەکە. چوومە سەر دیوارەکەو زۆر لەوێ وەستام و لە درزێکەوە بە دزییەوە دەمڕوانی. دیتم: ((نادینکا)) دەچێتە حەوشەو بە دووچاوی پەرۆش و پەژارە نیگای ئاسمان دەکات. هەوای بەهار دەیدا بە ڕووخسارە هەڵبزرکاو خەمۆکەکەیدا. ئەو باقیمەی وە یاد دەخستەوە کە لەسەر گردە بەفرینەکە دەیدا بە ڕوخسارماندا گوێ بیستی ئەو سێ ووشەیە بوو. خەمناکیەکی زۆر بە ڕووخساریەوە دیار بوو، و فرمێسکێك بە ڕوومەتیدا تلبۆوە، ئەو منداڵە بەدبەختە هەردوو باڵی بەرز کردەوە هەروەك لەبایەکە بپاڕێتەوە جارێکی تر ئەو ووشانەی بۆ بێنێتەوە. لە چاوەڕیی بادا بە دەنگێکی نزم ووتم: ((نادینکا خۆشم دەوێت)).

دڵنەرمی ئازاد بوو، ئای لەو گۆڕانکارییەی لە ((نادینکا)) دا ڕوویدا! هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسك بوون، ئینجا خەندەیەکی پان ڕووخساری پۆشی، شادمانی و قەشەنگی و بەختیاری پێوە دیار بوو، هەردوو باڵی





بەرز کردەوە بۆ ئەوەی پێشوازی لە با بکات. گەڕامە دواوە بۆ ئەوەی کەلوپەلەکەم بپێچمەوە.

ئەمە لەماوەیەکی زووەوە بوو. ئێستا ((نادینکا)) مێردی کرد – مێردی کرد– گرنگ نییە ئەمە بە هەڵبژاردەی خۆی بوویێ یان نا– سێ منداڵی هەیە. لە یادی نەکردووە کە ئێمە جارێك بۆ خلسکێنە چووین، و با ووشەی ((نادینکا تۆم خۆش دەوێت)) ی بۆ هێنا. ئەمە بەنیسبەت ئەوەوە لە هەموو ساتەکانی ژیانی کارتێکەر و جوانتر بوو.

بەڵام من ئێستا تەمەنم گەورەترە و بێ دەسەڵات. نازانم بۆچی ئەو ووشانەم ووت، و ئامانجم لەو گاڵتەیە چی بوو.

سەرچاوە

کتێبی ((السادجە)) قصص من الأدب العالمی– ئەحمەد حەسەن ئەلمەعینی کردوویەتی بە عەرەبی.



رۆمۆلۆ گاییگۆس

# لە چیادا

و: موعتەسەم ساڵەیی

کەپرە پەرپووتەکە لە چیادا کەوتبووە نێو ئەو زەوی و زارەی، کە زۆربەی دار و دەوەنەکانی بڕابوونەوە و لە لێواری دۆڵێکی تەنگ و قووڵدا ئارامی گرتبوو. نێوی دۆڵەکە پڕ بوو لە دارو درەختی کێویی کورت. ماوەیەکی زۆری بەسەردا چووبوو کە ئەو کەپرە دووکەڵ بەبانی سەربانە لە پووش و پەڵاش دامەزراوەکەیدا هەڵنەستابوو. مناڵێکی توولاز کە شایانی ئەوەبوو دڵت پێ بسووتێت بەسەر پێپلیکانی بەردەم کەپرەکەوە دانیشتبوو. تووکە سەرە پیس و چڵکنەکەی بە کەللەسەرە زلەکەیەوە گڤ وەستابوو. ملی تا بڵێی باریك و لاواز بوو. لەش و لاریشی هەر بە تەنیا لە ئێسکی ڕەق و تەق پێکهاتبوو.

هەردوو قۆڵ و بازووی ئێسك ئاسا بەملاو بەولایدا شۆڕببوونەوە. هەردوو لاقی بریناویی چڵك و خوێن پێیاندا دەچۆڕاوە. هەردوو ئەژنۆی ئاوسابوون و پێیەکانیشی







نەخۆشی و دەردەداری شێواندبوویان. دەم و چاوێکی تۆقێنەری پێوەبوو. پێستەیەکی مردووی بێ گیان ئێسکەکانی پۆشی بوو. دەم و لێوە بێ گۆشتەکەی بەرەو دوا بۆ ددانەکانی کشابوون. هەردوو چاوی زەرد هەڵگەڕاوی چووبوون بە قووڵداو تووڕەیی و نائومێدی لە بیلبیلەی چاوەکانیدا بەدی دەکرا. ئۆقرەی گرتبوو و بەبێ جووڵە لێی دانیشتبوو.

بێ وچان دەیڕوانییە ئەو پێدەشتیەی کە لەوسەرەوەدا ریزێك کەژو چیا بەردەمیان لێگرتبوو. چیاکان زۆر بە تۆخی شینیان دەکردەوە و چەند پەڵە هەورێکی زێڕینیش بە سینەی ئاسمانەوە دەبریسکانەوە. رق و کینەیەکی زۆر لە ناخی مناڵەکەدا بنجیان داکوتابوو، لەوە دەچوو کە ئێستاناو تۆزێکی دی بداتە پرمەی گریان. هەرچەند رق و تووڕەییەکەی زیاتر دایبگرتایە، هەردوو مشتی توند دەکردو دەکەوتە ددانەجیڕەو وەك درندە دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی. هەر لەو کاتانەیشدا گەر شتێکی بکەوتایەتە بەر دەست دەیشکاندو تووڕی هەڵدەدا، بەڵام زۆری پێ نەدەچوو فێیەکە بەری دەداو ئەوسایش وەك مردوو لێی رادەکشا. بەدرێژایی چەند رۆژێك خەم و پەژارەیەکی زۆر ئیفلیجی دەکرد. لە پاشاندا لەبەردەم کەپرەکە لێی دادەنیشت، یاخود لەسەر زەوییەکەدا بەبێ جووڵە هەردوو دەست و لاقی لێ رادەکێشا.

بێ وچان بەبێ ورتە هەڵی دەڕوانیە دەوروبەری خۆی هەروەك ئەوەی گوایە پێشهاتێکی ئەفسووناوی رووبەڕووی دەبێتەوە. لەو حاڵەتەدا کە سەرو دڵی دەگوشرا، نائومێدی و ئازارو ئەشکەنجە سەرو مێشکیان دەتەنی. جاری ئەوتۆیش هەبوو کە سەراپا جەستەی دەکەوتە خروشت و بە نینۆکە چڵکنەکانی لەشی خۆی دەخوراند. هۆی خروشتەکەیشی دەگەڕایەوە بۆ ئەو هەموو گەرە زۆرانەی کە سەریان ژەنی بووە لەشی. زۆری پێ نەدەچوو وەهای هەست دەکرد کە جەستەی دەپەنمێت و هەناویشی گوایە وەك چیا هەڵدەترۆقێت. لە هەمان کاتدا وەهای دەهاتە بەرگوێ گوایە چیاکانیش لە ئاستی خۆیانەوە دەپەنمێن، بە تایبەتی لە وەختی شەوگاردا ئەم هەستەی دەکرد کە کاتێك ورگی پەنماوی خەوی لە چاوانی دەزڕاند.. لە کۆتاییشدا بەتاڵی و بۆشاییەك تووشی سەرەگێژکەی دەکرد، دەنگی سەدان مێرووی زیکزیکەی دەهاتە بەر گوێ و گێژەنگی شێتانەی ئەستێرەکانی ئاسمانیش چاویان دەخستە مۆڵەقەوە. ئەوسایش بێ دەنگییەکی کوت و پڕی دەهاتە ئاراوە. لەنێو هەزار



لۆخانەی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیانەدا کابرای خـەڵوز فرۆشـی دەبـینی کـە باوەشـی بەدایکیدا دەکرد. هـەر لـەو کاتانەیشدا لـە گۆشـــەیەکدا هەڵدەتروشـــکاو لەشـــی هەڵدەلـەرزی و لـە پاشـاندا تایـەکی گـەرم دایدەگرت. (فلیپی) پاش مردنی باوکی ئەم دیمەنـە درێـوەی لەبـەر چـاودا چەسـپا، گەرچی بە تەواوەتی ماناکەی نەدەزانی و بە باشی بۆی نەدەچوو، بەڵام بە دیتنی دایکی لە ئامێزی کـابرای خـەڵوز فرۆشدا بە تەواوەتی دەپەشۆکا و شپرزە دەبوو، بـە تایبـەتی کـە دەست و نینۆکی ڕەش هەڵگەڕاوی کـابرای دەبینی لـە نێوقـەدی دایکـی گیردەکـرد. ئـیتر زیـاتر سـەری لێدەشێواو خەم و پەژارە دایدەگرت. هـەر لەو ساتەوەیش فلیپی نـەفرەتی لـە دایکی خۆی کرد. دایکی هەمیشە دەیویست لـەو بـێ دەنگییـەی دووری بخاتـەوە، گەرچـی نەیـدەتوانی بـە میهرەبانییـەوە لەگەڵیـدا بجووڵێتـەوە. سـەرەڕای ئـەو هـەموو نەخۆشی و دەردەدارییەی کەچی هـەردەم دایکی بە دەنگێکی گڕەوە لە گەڵیدا دەدوا





و جارو باریش لێی دەدا. هێدی هێدی ڕق و کینـە لـە دڵیـدا دەرهـەق بـە دایکـی زیـاتر چـەکەرەی دەکـرد. هەنـدێك جـار هـەردوو مشتی توند دەکرد و بە تووڕەییەوە بەرەو ڕووی دایکی درێژ دەکرد. بە ددانی چیڕەوە دەنگێکـی شـەڕانگێزیانەی لـە دەم دەهاتـە دەرێ. لەسـەرەتادا کـە ئـەم هەڵوێسـتەی نوواند، دایکـی هەڵسا بـە دارکـاریکردنی، بەڵام دڵۆپە فرمێسکێك لـە چاوانی نەهاتـە دەرێ، بەڵکو وەك گیانلەبەرێك کە کەوتبێتە نێـو تەڵـەوە دەیمرانـدو دەکەوتـە سـەر زەوییەکـەو یـەك تەختـە وەکـو مـردوو لێـی ڕادەکشا. لـە پاشـاندا دایکی بەشێوەیەکی ئـەوتۆ سـزای دەدا کـە ڕق و کینـەی زیاتر پەرەی دەسەند. لەبری ئەوەی لێی بدات و ئـازاری پێبگەیـەنێت، هـەردوو دەسـتی بـە لەشـــییەوە شـــەتەك دەدا تـــاوەکو هەڵچوونەکەی دابمرکێتـەوە. ئەوسـایش بەسـەر پێـی دایکیـدا بـە چۆکدا دەهـات و دایکیـشی وازی لێـدەهێناو بـەرێی خۆیـدا دەڕۆیـشت و ورتەیـەکی لێـوە دەهـات و دەیووت (ئەی مریەمی پاکیزە فریام کەوە).

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دوورکەوتنەوەی دایکی لـە کەپرەکە زیاتر درێژەی دەکێشا، بە درێژایی ڕۆژ لـە چیادا کـاتی بەسـەر دەبـرد. پـێش خۆرکەوتن بۆ کۆکردنەوەی چیلکەو پـووش و پـەلاش بـۆ سـووتەمەنی دەردەچـووە دەرەوە. یـاخود لـە پێنـاوی دزینـی سـەبەتەیەك گەنمەشامی ڕێی دەگرتەبەر کە لە پاشاندا لـەنێو گونددا دەیفرۆشت.. هـەر وەخـت لەگـەڵ تـاریکی و داهـاتنی شەودا دەگەڕایەوە بۆ نێو کەپرەکە. لـە ئاکامی بەدەستهێنانی پارەوپوولێکی کەم، چـەند پارچـە کێـك و چـەند پارچـەیەك گۆشـتی ماسـیی دەکـڕی. بەشـی فلیپـی لێدەداو ئـەویش لـە ئاسـتی خۆیـەوە بـە پەرۆشـەوە لـورق دەکـردو دەیخـوارد، تـاوەکو ئـێش و ئـازاری برسـێتییەکەی داسەکێنێت.

ڕۆژێـك فلیپـی برادەرێکـی بـۆ خـۆی پەیداکرد. هەر لە بەیانی زووەوە لە تەرەف چیاوە گوێی لـە دەنگی وەڕینی سـەگێك بوو. سەگەکە بێ پـەروا ڕێچکە ڕێیـەکانی بەسەر دەکردەوە هەروەك ئەوەی بـەدووی خاوەنەکەیـــدا بگـــەڕێت و بییـــەوێت بیدۆزێتـەوە. لەگـەڵ دەمـەو مەغریبـدا گەیشتە لای کەپرەکە. چاوی بە کوڕەکە کـەوت کـە بەسـەر پێپلیکـانی بـەردەم کەپرەکـەوە لێـی دانیـشتبوو. بـە کلك ڕاوەشـاندن و گـوێ لەقانـدن بـەرەو ڕووی ڕۆیشت و لە بەردەم پێیدا مۆتکەی کرد. سـەگێکی ڕەش بـوو. تووکـە درێژەکـەی دەبریسکایەوە و فلیپـی بـەبێ واق ورمان چـاوی تێـبڕی هـەروەك ئـەوەی کۆنـە

برادەرێکـی بێـت و چـاوەڕوانی هـاتنی کردبێت و ئێستایش گەیشتبێت. نەیویست بۆی بدوێت، بەڵام بەبێ بیرکردنەوە وەهای بۆچوو گوایە خۆی خاوەنیەتی و بەدرێژایی ڕۆژیش سەگەکە لەنێو کێڵگەکاندا بەدوویدا گەڕاوە. لەپڕ بیرێکی سـەیر بـە مێشکیدا هات، وەهای بۆچوو گوایە کـە ئـەم سـەگە لە شوێنێکی نادیارەوە بۆ لای هاتبێت. بێ دەنگییەکـەی بـڕی و ڕووی دەمـی کـردە سەگەکەو وتی:

— (ئەم سەرلەبەیانییە گوێم پێوە بـوو لـە کێڵگەی گەنمە شامییەکاندا دەوەڕیت. هەر خۆم زانیم کە بـە دووی منـدا دەگـەڕێیت و وێڵیت..)

گیانلەبەرەکە بە سەگە نازەوە دەسـتی بـە وەڕین کرد، بەڵام لە ناکاودا وەستاو کەوتە مرەمرٍ. فلیپـی لـە نێـو دارە کورتەکانـەوە گوێی لـە ترپـەی پـێ بـوو. بـە سـەگەکەی وت:

— بێ دەنگ بە.. ئەوەتا دایکم هاتەوە..

بلاسیدای دایکی بەدیتنی سـەگەکە قـەرس بـوو و چـارەی خـۆی گـرژ کـرد. ویـستی دەریپـــەڕێنێت بـــەڵام ســـەگەکە بـــە چـاوقایمییەوە خـۆی لـەنێو پێـی فلیپـدا مەلاس دا، کەلبـەکانی دەرخست و کەوتـە مرەمـرٍ. بلاسـیدا خـۆراکی شـێوانی دوور لەبەردەستی کوڕەکەی لە نێـو کەپرەکـەدا دانا. ئەوسا کێکی لـە ئـاردی (منیهوت)ی دروستکراوی دەرهێناو بەرەو لێواری دۆڵـە تەسکە سەرەولێژەکەی هاوێشت بۆ ئەوەی سەگەکە بیخوات. کوڕە برسییەکە بـەرەو ڕووی دایکـی چـوو، دایکـە بـۆ ئـەوەی کوڕەکـەی لـە خـۆی دووربخاتـەوە و پێـی نەگات پارچە کێکێکی بۆ هاوێشت. پارچـە کێکەکە کەوتە نێـوان داروەوەنـی لێـواری دۆڵە قووڵەکەوە، فلیپی پڕی پێداکردو بـە دانیشتنەوە دایە بەر قەپ سـەگەکەیش بـە تەنیشتییەوە کلکی خـۆی دەلەقانـدەوە. کوڕەکە پارچەیەکی بچووکی لە کێکەکـەی خۆی دا بە سەگەکە. بـە پەلـە کەلبـەی لـە کێکەکە گیرکردو بە چاوە ساردەکانییەوە تەماشـای ئافرەتەکـەی دەکـرد. فلیپـی کێکەکـەی دەجـوی و دەم و پلـی خـۆی بـادەدا، لەبـەر چـاوی دایکیـدا نـاقۆڵاو بێزەوەر نەبوو، بەڵکو ژیانی کوێرەوەری و پڕ لـە ناسـۆریی خـۆی بـە خراپـی بەسـەر کـوڕە بەسـتزمانەکەیدا شـکابووەوە، ئـەو کوڕەی کە لە پارچە پەڕۆیـەك دەچـوو کـە بـە قـووڵایی مەرگـدا هەڵواسـرابێت بـەبێ ئەوەی مەرگ بیباتەوە و بمرێت..

ژنەکـە نەیـدەتوانی بـە ئاسـانی لـەنێو دێیەکەدا کارەکەی بکات، چونکی کـەس نەیدەویـــست یـــەکێکی نـــاقۆڵای وەك کوڕەکەی لەگەڵدا بێت لـەنێو ماڵەکانیانـدا.





تەنانـەت کریـسانتۆی خـەڵووز فرۆشـیش گەرچـی نـاو بـەناو دەیگەوزانـد، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا بـەهۆی ئـەو کـوڕە نوقسانە دەردەدارەوە ئامـادە نـەبوو کـە لەگەڵیـدا ژیان بەسەر بەرێت. ئەو ڕۆژە پێی وتبوو:

(گەر کوڕەکەت نەبوایە تۆ ئەوەنـدە مانـدوو نەدەبوویت و بەم ڕادەیەش کارت نەدەکرد. گەر هەر خۆت بە تـەنیا بوویتایـە دەتتـوانی لە ماڵی مندا تیکەنانێك بخۆیت، ئەوسـایش ناچار نەدەبوویت کـە چیلکەو سووتەمەنی کۆبکەیتەوە و گەنمەشـامیش بـدزیت، بـەڵام داخـی گـرانم بـۆ ئـەو کـوڕەت کـە بـارێکی قورسە بەسەرتەوە.. گـەر بـەزێڕ بیپۆشـیت ناتوانم قبووڵی بکەم.. سەڵاوت لێ بێت ئەی مریەمی پـاکیزە.. تـۆ تەماشـای چاوەکانی بکە، هەر لە چاویدا دیارە کە غەرو نەگبـەت و بەدیۆمــە.. هــەر دەڵێیــت لــە بــەزری شـەیتانە.. هـەرگیز منـاڵ نییـەو بـەڵکو زەلامێکە بۆخـۆی.. کـەی منـاڵ عـەقڵی بڕ دەکـات وەك ئـەم بیربکاتـەوە ! ؟ هـەر لـە پیاوێك دەچێت لـە لەشـی مناڵێکدا بێـت.. ئەوەندە بەرامبەری خەم سارد مەبـە.. گـەر ڕۆژێـك لـە ڕۆژان پـەلاماری دایـت و منـیش بێـرەدا ڕەت بـووم، هـەرگیز بـە هاناتـەوە نایەم و بەرێی خۆمدا دەڕۆم. بێ گومانم کە ئەم کوڕەت بەچکە شـەیتانێکە بـۆ خـۆی.. ئاخ خۆزگە دەتتوانی...)

گەیـشتە ئـەم شـوێنەو قـسەکانی تـەواو نـەکرد، لـەپڕ سـەگەکە لـەنێو دۆڵـە تەسـکەکەوە سـەرکەوت و لێیـان نزیـك بووەوە و بە لمۆزی کەوتە مووشـە مـووش لەبەردەم پێیاندا. هەر لەو کاتەیشدا ژنەکە لە کریسانتۆی پرسی:

— جا گەر کوڕەکەمان لەنێوداو لە پاشـاندا پێمانیان زانی، ئەوسا دەبێت چی بکەین؟

سەگەکە بە تووڕەییەوە دەستی بە وەڕین و حەپـە حـەپ کـرد. کـابرایش لـە وەڵامـدا وتی:

— جا چۆن دەتـوانن پێمـان بـزانن؟ ئـەم کـوڕە بــە زەحمــەت دەڕوات بــەرێوە و کارێکی زۆر گران نییە گەر وتمان گوایە لـە لێواری دۆڵەکەوە تلاوەتە خوارەوە..

ژنەکە تەماشایەکی دەم و چاوی کوڕەکەی کردو بیری لە قسەکانی کریستانۆ کـردەوە کە وتبووی (چـۆن دەتـوانن پێـی بـزانن؟) هەڵی ڕووانیـە نێـو دۆڵـە قووڵەکـەو هـەموو شتێك لەو کاتەدا بەبێ دەنگییەکی سامناك پۆشـرابوو. گـردە سـەوزەکان بـە هـێمنی بـەرەو ڕیـزە چـیاکە کـشابوون. چـەند کەپرێکی پـەرش و بڵاویش لـەنێو کێڵگـەو پاوەن و زەوی و زارە پڕ لە دارە نزمەکاندا بەدی دەکران، لەبەر دوورییان هیچ کەسێك نەیـدەتوانی بەباشـی بـەدییان بکـات، بـە تـەنیا دووکەڵی سەربانە لە پووش و پەڵاش

دامەزراوەكان نیشانەی ژیان و گوزەران بوون تیایاندا.

ئاسمانی سەر لە ئێوارەكە خەریك بوو تاریك دابێت. پەڵە هەورەكان سێبەری وەنەشەیی خۆیان خستبووە سەر شیوو دۆڵەكان. لە ئاسۆدا چەند لەكەیەك لە رێژنەی باران و رەهێڵە بەسەر چیاكاندا دادەبارین و گرمەگرمی هەورە تریشقەی دووریش دەهاتە بەر گوێ. بلاسیدا نوقمی گێژاوی ئەو بیرۆكانە بوو، كە كریستانۆ خستبوونیە نێو مێشكییەوە و لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئەی مریەمی پاكیزە گوایە راستە كە ئەم كوڕەی من بەچكە شەیتانە و ئەوانگەل لە ناخیدان؟ چۆن بە ددانە جیڕە تەماشام دەكات! ئەی خوای گەورە و بزورگ لەماڵی خۆتدا جێم بكەوە! بەڵام ژیان بردنەسەرو گوزەران لە تەك ئەم كوڕە سەقەتە دەردەدارەدا دەبێت چ سوودێكی هەبێت.؟ ئەم كوڕە پارچەیەكە لە نەخۆشی و دەردەداری و كرمی نێو سكی هەر بەزیندوێتی دەیخۆن. بەر لەوەی تا بیگرێت هەموو ئازای لەشی دەلەرزێت. داخۆ مردنەكەی لەم حاڵەی باشتر نییە!؟)

سەگەكە بێ وچان دەیمڕاند و تەماشای دەكرد.

ژنەكە دووبارە كەوتەوە بەراوردكردن و لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئەی مریەمی پاكیزەی پیرۆز.. دەبێت لە بارەی ئەم سەگەوە چی بڵێم..؟ لەوانەیە هەندێك شت بەدی بكات كە ئێمەمانان نەتوانین بیانبینین.!

فلیپی لە خواردنی پارچە كێكەكە ببووەو رووی خۆی بەرەو لای دایكی وەرچەرخاندو وتی:

– بڕێكی ترم بدەرێ زۆرم برسییە، پارچەیەكی دیكەم بدەرێ.. هێشتا هەر برسیمە.

برسێتییەكی پڕ لە شەڕخوازی لەنێو چاوە زەرد هەڵگەڕاوەكانیدا بەدی دەكرا. كەم هێزی و كەم توانایی لەنێو دەنگیدا بوو. ژنەكە بە ترسەوە هەڵدەلەرزی و پارچەیەك كێكی تری بۆ هاویشت و كەوتە ژێر دارە نزمەكانی لێواری هەڵدێرەكەوە. فلیپی راوەستاو وەك دڕندە تەماشای دایكی كردو لە مەبەستی خراپی تێگەیشت: كە ئەگەر بێتو خۆی بگەیەنێتە پارچە كێكەكە، ئەوسا لە ئاكامی سەنگ و قورسایی لەشییەوە یەكسەر زەوییەكە دادەڕمێت و ئەمیش بەرەو ناخی دۆڵەكە گلۆر دەبێتەوە.

سات و كاتێكی بێ كۆتایی ڕەت بوو. بلاسیدا وەهای هەست دەكرد كە كەوتووەتە نێو گێژەنگێكی شێتەڵۆكەی تۆقێنەرەوە. فلیپی ویستی بەرەو لێواری دۆڵەكە هەنگاو بنێت.. لەو كاتەدا سەگەكە لووراندی و بازووقەی داو خۆی هاویشتە سەر پارچە كێكەكە. زەوییەكە هەرەسی هێناو سەگەكەی بەرەو هەڵدێر تلاند.. بارانیش وەك سێلاو دادەبارییە سەر كێڵگەو پاوەنەكان. بریسك و هوڕی هەورە تریشقە بەپرتاو دەكەوتنە نێو دۆڵەكەوە و لێشاوی بارانیش بە خێرایی دادەڕژایە نێو چاڵ و چێڵ و جۆگەكانەوە. سەگەكە بەقەد پاڵی دۆڵەكەوە لەنێو دارە نزمەكاندا گیری خواردبوو، بە درێژایی چەند سەعاتێك وەڕی و حەپەی كردو لووراندی و نووزایەوە. لە پاشاندا بە یەكجارەكی دەنگی بڕا..

لەنێو كەپرەكەدا دایك و كوڕ دوور لە یەكتری دانیشتبوون. بەردەوام باران بە توندی دادەبارییە سەربانی كەپرە پەرپووتەكە. لەگەڵ بەڵاچەی بریسكەدا بلاسیدا چاوی فلیپی دەبینی كە بە تیشكێكی ساردی شووشە ئاسا دەبریسكانەوە. ژنەكە سڵی دەكردەوە و نەیدەوێرا رابكشێت و چاوانی بچنە خەو.. لەو شتە دەترسا كە لە ناخی كوڕەكەیدا چەكەرەی كردبوو. ژنەكە خەریكبوو شێتگیر بێت سەبارەت بە دەم و دووی بێ پەروای كوڕەكەی كە تاو نەتاوێك دەیپرسی:

(دایە .. بۆچی دەتەوێت بمرم.!؟)

**لە بارەی نووسەرەوە:**

**رۆمۆلۆ گایگۆس سەرۆكی پارتی بزووتنەوەی دیموكراتی بوو لە ساڵانی (١٩٤٧ – ١٩٤٨) لە وڵاتی فێنزوێلادا.**

**لە ساڵی (١٨٨٤)دا لەدایكبووە. بە درێژایی دەیان ساڵ وەك پەنابەرێكی سیاسی لە وڵاتی كوباو مەكسیكدا ژیانی بەسەربردووە. پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٥٨)دا دیكتاتۆرییەتی سەربازی (بیرینیس خمینیس) كۆتایی پێهات، نووسەر گەڕایەوە بۆ وڵاتەكەی خۆی.**

**نووسەر خاوەنی نۆ رۆمانی گرنگە كە چواریان لە وڵاتی مەكسیكدا كراونەتە فیلمی سینەمایی، بە تایبەتی رۆمانی (دۆنا باربار) كە یەكێكە لە شاكارە ئەدەبییە هەرە ناسراوەكانی ئەمەریكای لاتینی.**

چیرۆك

# حیکایەتی مردنم

مەحمود نەجمەدین

لەسەر قەروێڵە شڕەکەی خۆم بەبێدەنگی راکشابووم، ماڵەکەمان دەتگوت رۆژی حەشرە، یەکێ خەریکی کفن دوورین بوو، یەکێ ئاوی گەرم دەکرد، هەر زوو، ئەوکاتەی من لە گیان کێشاندابووم چەند کەسێك چووبوون بۆ گۆڕهەڵکەندن، پیرەکانیش مشت ومڕی ئەوەیان بوو، لەکوێ بمنێژن، هەندێك دەیان گوت لە لای دایکی دەینێژین وهەندێك دەیان وت لای نەنکییەوە دەینێژین، گوێم لە دەنگی برابچکۆلەکەم بوو، دەیگوت نا نا لای خۆمان دەینێژین با ئەویش وەك دایکم لە غەریبیدا سەرنەنێتەوە، خوشك و براکانم ، کە مردنی من پێش ئەوان کەوتبوو،









دەگریان وبەنێوماڵەکەدا دەهاتن ودەچوون، مەرگی من بۆ ئەوان هێندە غەمگین بوو، نەیندەزانی چی بکەن، دەستیان نەدەچووە هیچ کارێك، بەناوماڵەکەدا دەهاتن و دەچوون و دەگریان و باوەشیان بەیەکدا دەکرد، کوڕە تاقانەکەمیان ژیردەکردەوە، کچەکانمیان ژیردەکردەوە، ئای چەندم پێخۆشبوو کچەکانمییان ژیر دەکردەوە.

چیرۆك



جەلیل محەمەد شەریف

# گوێزی پووک

کورسیەکم بۆ دانـاو لەسـەری دانیـشت، بەرامبەری دانیـشتم و خـۆم ئامادکرد، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پـێش ئـەوەی بگاتــە ماڵەکــەم، هــەواڵی ئــەوەیان پــێم ڕاگەیاند، کـە (فـەرمان) دێتـە لات و حـەز دەکا وەڵامی چەند پرسیارێکی بدەیتەوە. گوتوبووشـیان کـە پرسـیارەکانی لـەنێو بازنــەی ئــەو نەخۆشــیەیە کــە دایکــی ســـاڵانێکە پێـــوەی دەنـــاڵێ. دەستنیـشانکردنی مـن بـۆ کـارێکی وا، لـە ئـەنجامی ئـەوە هـاتبوو کـە مـن خـۆمیش بەشـێکی زۆری تەمـەنم لەگـەڵ ئـەو جـۆرە نەخۆشیەدا بردبووە سەر، کـە دایکـی ئـەم میوانەم تووشی بووە.





پێش ئـەوەی بێتـە پرسیار، مـن شـانەکانی مێشکم خستە حاڵـەتی ئامادەباشـیەوە بـۆ ئـەوەی هـەموو زانیـاری و وردەکاریـەك کـە ساڵەهای سـاڵە لـەلام کەڵەکـە بـووە، لـە بارەیەوە بە پوختی و بەئامانەتەوە بیخەمـە بەردەستی.

بەرەبـەرە پرسـیارەکانی خرانـە سـەر مێـز، دەبێ ئەوەیش بڵێم کە ئەو نەیدەزانی کە لە کـاتی خۆیـدا دایکـی منـیش بەهـەمان دەرد چـووبوو کـە ئێـستا دایکـی تووشـی بـووە. زۆربەی پرسـیارەکانی لـەبارەی لایەنـەکانی نەخۆشـییەکەی دایکییـەوە بـوو، جارجـارە پرسـیارەکان لقیـان لێـدەبووەوە و بـەرەو جۆر و بابـەتی ئـەو دەرمانانـەی کـە دایکـی بەکاریانی دەهێنێ.

ناو بەناو لـەلای منـەوەیش هەنـدێ پرسـیار سەریان هەڵدەدا و ئاراسـتەیانم دەکرد. لـە وەڵامەکانیدا پلەی دڵسۆزی ئەو کەسـەم بـۆ دەردەکـەوت، کـە بۆتـە مایـەی ڕەنـج و هەوڵێکی بێ سنوور لە خەمخۆری و ڕاست و ڕەوانــی بــۆ چــاکبوونەوەی دایکــی و ڕزگـارکردنی لـەو ئازارانـەی کـە پێوەیـان دەگلێ.

– بـۆ ڕێکخـستنی کـاری بـەکارهێنانی دەرمانـەکانی، لـە ئێـوارەوە سـەعات دەنێمەوە، بۆ ئـەوەی لـەو سـاتانەدا بـەئاگا بێمەوە.

– ئافەرم.

جـاری وا هـەبووە، دەرمـانێکم دەسـت نەکەوتووە، بەناچاری ئەم شارو ئەو شـارم کردووە، هەتاوەکو، پیدام کردووە.

– سەد ئافەرم.

– شـەوان چـەند جـارێ لێـوەی نێزیـك دەبمەوە، هەست لە هەناسەی دەگرم.

– بارەکەڵڵا.

– بـەیانیان پـێش ئـەوەی بـەرەو کـارو پیشەکەم لەماڵ دەرچم، بەتـەك دایکمـەوە دادەنیشم، تاوەکو دڵنیابم لە قاوەڵتیەکەی بەتـەواوی دەکـا. وشـەی ئافـەرم زۆرجـار بـەبێ ئـەوەی بـەخۆم بـزانم لـە دەمـم دەردەپـەڕی، سـات بەسـات سەرسـامیم بەرەووشـتی میوانەکـەم پلـە بەپلـە بـەرز دەبووەوە. لەم ساتەدا وێنەیـەکی تـەڵخی دایکی خۆم چەند جارێ دەهاتە بەرچاوم، تـا گەیـشتە ئـەو ڕسـتەیەی کـەدیار بـوو (فەرمان) ڕۆژی چەندین جار ڕووەو دایکی کردبـۆوە، ئـەو ڕسـتەیە مـنی خـستە نێـو بازنــــەی تۆمەتباریــــەوە، بەرامبــــەر بەدادوەرێك ڕای گرتم.

ڕستەکە لـەدوو وشـە پێـك هـاتبوو (دایـە، ئـەمرۆ چـۆنی؟). دادوەرەکـە، بەکۆمـەڵێ پرسیاری یەك لەسەر یەك، هەناسەی تەنگ کردم و خەریك بوو بخنکێم. نـە هـاوارم بـۆ دەکرا نە کەسێ دەستی ڕزگـارکردنمی بـۆ



درێژ دەکرد.

– بەیانیان (بەیانیت باشت لەدایکت دەکرد؟)

– نەخێر قوربان.

– ناوی دەرمانخانەکانی دایکت لەبەر کردبوو؟.

– نەبەخوا، هەر نازانم چیبوون و چۆنیانی بەکار دەهێنا.

هاتمەوە هۆش خۆملەتێل بەندەکەی دادگا، هەرچی چۆنێك بوو، خۆم رزگار کرد، گەڕامەوە سەرکورسیەکەی بەرامبەر بەمیوانەکەم.

– مامۆستا چیتە؟! هەست بە ناڕەحەتی دەکەی؟

– لەوەگەڕێ. لێت دەپرسم چۆن، ئەم پەیوەندیە رووحیەت تا ئەمڕۆ لەگەڵ دایکتا ماوە!.

– پرسیارێکی سەیرە. من وا ڕێك نەکەوتووە لە ژیانما دوو رۆژ لێی دابڕێم و لێی دوور کەوتبێتمەوە.

نوون بردمێوە بیرم لەو سێ ساڵە کردەوە، کە لە بیابانی عەرەبستان دەستگیر کرابووم. کە ئەو رۆژەی گەڕامەوە لای دایکم زۆربەی داوەکانی پەیوەندیمان پچڕابوون،





یان لاواز بووبوونەوە.

بەیانیانێك لە (وانەی یەکەمدا) لە پۆلەکەمدا گوێم لە مامۆستایەك دەگرت لە دەرگای پۆلەکەدرا، فەڕاشێك بوو، بەچپە لەگەڵ مامۆستاکە قسەیەکی کرد. یەکسەر مامۆستاکە رووی دەمی لێم کرد و دەستی بۆلام درێژ کرد (بڕۆ بۆ ژووری بەڕێوەبەر)، یەکسەر دڵم خەبری دا، کە مەسەلە چییە بەڕێوەبەر پێمی گوت:– کوڕم بڕۆ بۆ ماڵ دتیانەوێ.

کاتێك گەیشتمە سەر کۆڵانەکەمان بۆم دەرکوت، هەواڵەکە، چۆن پێشبینیم کردبوو وابوو.

قەرەباڵغیەك لەبەردەم دەرگاکەماندا هەبوو.

لەپاش تەواو بوونی دیدارەکەی نێوان من و میوانەکەم خەمێکی دیکە دایگرتم، خەمەکە خەمی مردنی دایکم نەبوو، خەمی ئەوە بوو کە بۆچی منیش لەسەر رێچکەی (فەرمان) هەڵس و کەوتم نەکرد. ئەم هەستە بووە ئازارێك کە ڕزگار بوونم لێی مەحاڵە.

پێش ئەوەی میوانەکەم خواحافیزیم لێ بکا، رستەیەکم دایە بەر گوێیا، کە ئەو پێویستی پێی نەبوو بەڵکو دەبوایە خۆم نەمکرد بابەتە (گوێزێکی پووك): (مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە). (فەرمان) لە ناوەڕۆکی ئەم رستەیە تێنەگەیشت من تێگەیشتبووم، بەڵام وەکو ئەو جێ بەجێی ئەکرد، من هیچ بەلایا نەچووبووم. هەرچەندە ئەمە رستەیەك بوو لە سەردەمی گەنجیمدا سەرەتایەك بوو، بە پیرۆز دەزاندرا و مێشکمان پێ گۆش کرابوو.

کاتێ دەستم نایە نێو دەستی، هەستم بە بچووکی خۆم کرد بەرامبەر بەباڵای ئەو

# شیلەی گیان و شیلەی رۆح و شیلەی گەنجی...

ئالا هوشیار

تازە پێ ئەگەیشتم و لە مەکتەب بە هۆی پرسیار کردن لە مامۆستای دینی بانگ کرابوومە { حراست } { چاوەدێری ئەخلاقی فێرخواز} و لەوێ لە سەر بڵاوکردنەوەی وێنەی قاسملو و گاڵتەکردن بە چیرۆکی دایەحەوا و باوە ئادەم لە مەکتەب بۆ هەتاهەتایی دەرکرام و لە سەر پەروەندەکەم نووسرا: لە هیچ مەکتەبێکی ئێران ناتوانێ دەرس بخوێنێ... ( هەرچەن ئەو کاتە پێم خۆش بوو کە دەس لە مەکتەب هەڵگرم )– بەڵام ئەمڕۆ بە پێچەوانە!

بە هۆی جوگرافیای مەریوان و نزیکی لە گەڵ سنووری دەسکردی ئێران و عێراق کاسبێیەك کە بۆ من بلوایەیت کوڵبەری بوو شوڵم لێ هەڵکێشا و چوومە بازاری کار و بووم بە کوڵبەر. ئەو کات بە هۆی ئەوەی کە زۆر لاو بووم گوێم بەو کارە

نەدەدا و زۆر جار هەر بە گاڵتەوجەفەنگ لە گەڵ هاوتەمەنەکانم دەچووین بۆ کوڵهەلگرتن... جستان و ناو قوڕ و چلپاو و لە پێی کردنی چەکمە بۆ من کە تازە پێدەگەیشتم قورسایی لە سەر شانم دروست دەکرد چوون کوڵبەر لە نێو ئاپۆڕەی کۆمەڵدا سووك و بێ نرخ سەیر دەکرێ" ماڵی ئێمەیش نزیکی مەکتەبی کچان بوو و من بەو





جلانەوە دەبوو بە بەردەم مەکتەبی کچاندا بێم و بڕۆم" هەر بۆیە کە دەگەیشتمە بەر مەکتەبی کچان سەرم دائەخست و گورج خۆم دەگایەندە ماڵەوە – چوون چاوەکانی کچەکان – چەشنی خەنجەر دەیپێکام...

هەموو جارێك زیاتر لە چلو پێنج کیلۆم هەڵدەگرت کە کێشی خۆم ئەوندە نەدەبوو... بۆ ئەوەی بابەتەکە درێژ نەبێتەوە تەنیا چیرۆکی یەکجاری لێرە دەگێڕمەوە

جارێك لە گەڵ سیروان خۆشروو لە مەرزەکە کۆڵێکمان هەڵگرت کە هەموو پەرداخی کریستاڵ بوو ئەگەر بە هەڵە نەچم کۆڵەکە ٥٠ کیلۆ دەبوو، ئەو رۆژە هەموو سنوور داخرابوو و من و هەموو ئەو کوڵبەرانە دەبوو رێگەیەکی زۆر ببڕین و لە کەناڵی چوار بپەڕینەوە کەناڵی چوار چوار جار دوورتر لەو رێگە دەبوو کە جاران دەمانپێوا هەر بۆیە زۆری هیلاك دەکردین" ملی رێگەمان گرت و لەق لەق رێگەی دوو و درێژمان دایە بەر...

دوای ماندوویتێکی زۆر گەیشتینە کەناڵی چوار و دەبوو لە رۆخانە بکەینە ئەو بەرەوە کە ئاوەکەی تا ناوقەد ئەهات خۆمان دا لە ئاوەکە و پەڕینەوە، هەر کە لە ئاوەکە پەڕینەوە سێ سەرباز و گروبانێك لە ناو کۆمەڵێك "بی" لێمان دەرپەڕین و بە شوڵ کەوتنە سەرمان ئادەی کوێت دێشێ با بۆت بکوتێ. لە ژێر پۆتینی سەرباز نەك کوڵەکەمان بەڵکو هەموو گیانی من و سیروان یشیان شکاند هەرچی کریستاڵ بوو گشتی بوو بە خۆڵ و مشتێك شوشە وردە بوو بە کۆڵ و بارمان... چاك لە بیرم دێت کە سەربازەکە لە سەر سینەی نووسرابوو: حسین زنگەنە" هیچ کات ئەو ناوە لە هزرم دا ناسڕێتەوە– بە فارسی تێان هەڵدام و بە کوردی گریام.

تەنیا ئەو ناوەکەی لە سەر سینە بوو...

دوای هیلاکی و ماندوو بونێکی زۆر بە لۆژە لۆژ بەرەو شار بووینەوە و چووینە دووکانی کابرا کە دەبوو بارە کریستاڵەکەی بۆ بەین کەچی کابرا وتی: ئێوە خۆتان زەمانەتی ئەوەتان کردوە کە بارەکە بگەیننە دەستی من جا ئەو کات من پارەتان پێ بەم، ئیستە ئێوە دەبێ سەد هەزار تمەن کە نرخی بارەکەیە بیدەن بە من!

-ئاخر خالۆ گیان سەیری سەروچاومان بکە هەمووی شکاوە لە ژێر پۆتین و شەقی سەربازدا، باری چی؟ نرخی بارەکەی تۆ گرانترە یان خوێن و شیلەی گیان و شیلەی رۆح و شیلەی گەنجی ئێمە!

کابرا پێی کرد بە کەوشێکدا و پارەکەی لە من و سیروان سەند کە هەر ئەو جەریمە بوو بە هۆی ئەوەی کە نزیك بیست رۆژی تر کارمان کرد تا توانیمان پارەکەی خۆمان پەیدا بکەینەوە...



**ئەحمەد مەتەر**
**و: مستەفای سەیدمینە**

# میراتی شەیتان



دەموچاوتان
چەند دەمامکێکی زۆر جیرە
لە ژێرەوە زۆر ناحەز و
باری سەرەوەی دڵگیرە
شەیتان چەپڵەی بۆ لێدەدا و
پێی دەبەخشێ
چی هونەرێکی لەبیرە
دەڵێ: تازە من خوا حافیز
دەورم نەما
هەرکامێکتان
لە ڕۆڵی مندا ئەمیرە!





****************

لەسەر هەندێک ڕوخساری مۆن...
ئەو دەورانە دێن و دەڕۆن...
هەر جارێکی دژمن بنوێ
بۆخۆتان هەڵیدەستێنن..
بەلام بۆ نوستوانی خۆمان
هەزار بیانوو دادەهێنن.....
بەوپەڕی دڵڕەشیشەوە
لەسەر گۆڕی سەلاحەددین
خۆ دەنوێنن:
هەستە، سەلاحەددین هەستە!
تا گۆڕەکەی هێڵنج دەیگرێ
بەو بۆنەی دنیا پێی پەستە
ئەرێ ئێوە ساڵی چەند جار
لەو خەوە هەڵیدەستێنن؟!
چەند جار لەسەر
دیواری ترسەنۆکیتان
بە کوشتن خوێنی دەڕژێنن؟!
زیندوو هەیە،
کۆمەک لە مردوو بخوازێ؟!
بەسە لە گلکۆکەی خۆیدا
واز لە سەلاحەددین بێنن...
ڕێز لە بێدەنگییەکەی بگرن
خۆ بەڕاستی
لەنێو ئێوە ڕاست بێتەوە
هەر دەستبەجێ دەیفەوتێنن!





شوان "سەدایی"

# چوارینەکانی سەدایی

(١)

بە بەژنی خۆت مەنازە خۆ، سەراپات هەر تەپوتۆزە
ئەوی دەینۆشی دەیپۆشی، هەمووی لە خاکی پیرۆزە
کە تۆ تێکرات تەپوتۆز با، گەردو تۆزیش بەری خاکە
دەسا خاکییە چون خاکت، کە ئەو بۆ تۆ وا بەسۆزە

(٢)

خراپی مەی بەد مەستییە، بێ ئاگایەک دا دەینۆشا
بە نەزانی هەڵی لوشی، هەموو هۆشت دادەدۆشا
تاوانی مەی لەکوێ ڕادێ، گێلێک غەرغەرەی پا دەکا
دەوای خەم خۆرانە بادە، تا خەمێکی پا داپۆشا





(٣)

لە لێواری مەرگ مەدە، لە دەروازەی پەشیمانی
لە ژیانا دەستەمۆتن، شەرەنگێزی و میهرەبانی
لای خۆتە چۆن بڕیار بدەی، تا لەژیندا بوونت هەیە
پاشی مەرگ هەرچییەک بووی، مێژووی تۆیە بابزانی

(٤)

گوڵ کە سەرتۆپی چڵ دەگرا، ئاشکرایە لەوا جوانە
مرۆ بۆ ساتێک لە بۆنی، دەیپروکێنێ نەزانە
تەمەنی گوڵیش وەرزێکە، بەرامەی لێی بۆتە دوژمن
لە ترسی پەنجەی مرۆیە، درک لای وی پاسەوانە

( ٥ )

ئەسرین لە چاوت داخزا، دەبا بزانی بۆ ڕژا
پەژارەی یا دڵت شادە، وا کانیلەی چاوت پژا
ئەگەر شادی بدە شادی، بەوانەی دوورن لە شادی
کە خەمباری ژیان هیچە، تۆ خەندەی بکە بە گژا

(٦)

تەمەن چون باڵندە وایە، نازانی کەی لە باڵ دەدا
ئەوەندەی هەی جوامێر بژی، نەوەکو شێخ بە نەگەدا
بەری ڕەنجی خۆت بچنە، ئەگەر هۆشە یاخۆ بازوو
با بۆ نانێک ڕیسوا نەبی، چاوەڕێ بی خەڵـک بیدا

(٧)

لە بازاڕدا چاو مەگێڕە، بۆ چاکەو ڕەوشت و ژیری
بکۆشە بەدەستی بێنە، هەتا لاوی بەر لە پیـری
سامانی دنیا هی تۆبا، کە مردی بلقی سەر ئاوە
لە دوای نەمانت با چاکە، لە داوی نەفرەتدا گیری

(٨)

ئەگەرچاکە بەرەو ڕووت هات، مەهێڵە دەرچا لەدەستت
بەدوی کەوە فریادڕەسە، بۆ ڕۆژگاری ڕەش و پەستت
کە تۆ بە ئەنجامت گەیاند، فەرامۆشیکە با بڕوا
ئەوکاتەی بۆتۆ مەبەستە، بەجۆرا تر دێتە دەستت







(٩)

شەنگی وەرزێکی با ڕەگە، وشک بوو هەڵـنادا تەوە
مەنازە پێی سامانێکە، ڕەوشتت بیـردەباتەوە
ئەوەندەی هەی کرداری باش، لە جوانیتدا ئاوێـتەکە
تا ڕیشەی نێو و نێوبانگت، پاش مردنیش هەڵداتەوە

(١٠)

دەمێک ئاوێنەت گرتە دەست، بۆ ڕوانین لەڕووخساری خۆت
گەر ڕابردووت پرشنگدار با، لەڕوتدا بزە دەکا بۆت
ڕەوشت و کردارەکانت، پێناسەی هەناوی تۆیە
چۆن ڕەفتار بکەی بەو چەشنە، خەڵکی دەبینن ڕەنگ و بۆت

شیعر



سیارۆژ

# ئەرشیفە پیرەکەی کورد

# شێرکۆ بێکەس

چاوەروان بووم .. لە کتێبە تازەکەتا شەربەتی زام

بکەی بە جەژنانەی فەوتی کوردانی شام

چاوەروان بووم .. لە قەڵەمە پیرەکەتا ...

جێی بێتەوە پەنجەمۆری مەرگی کەرکوک .

ئەمجارەیان ...لەسەر کورسی میترۆی مەرگ و

لەپەنجەرەی فەناوە دەستت هەڵبری

ئەمجارەیان ... بە پاڵتۆیەکی سوتماک و

عەینەکێکی پر لە خۆڵەوە باوەشت کرد بە دەرگاکەی بەرزەخا .

خۆ مامۆستا ... کلیلەکانی سەردەمت لیّ بە جێما







لە فەرهەنگی شومنامەتا .. نەتنوسیبوو ..

سەقفی شیعر درز ئەبات و .. ئیتر ماڵی شیعر رما ....؟؟

ئاخر خۆ تۆ ئاخاوتنی پاسکیلەکە و درەختەکەت تەواو نەکرد .؟

جگەرەکە و تەپڵەکەکەت .. تێر حەسرەتی یەکترییان نەخواردەوە ..؟؟

ستۆکهۆڵم و سلێمانی لە زمانی حەزەکانت حاڵی نەبوون

ئەی کەشتیوانی ووشەی جوان ..

کوردستانت کرد بە وەڵا می نەزۆک و بەردی ئەلحەدیش بە دیوان .

١٤-٨-٢٠١٣

شیعر

# ژن

شاخەوان سەنگاوی



ژن .....!

ڕووتیان کردمەوە

لەو گوناهەی کە کردبووم

لە ئێوارەیەکی پەمەیی دا !

فێری خۆشەویستییان کردم .

ژن.....!

هەر ژنان بوون وەکو منداڵ

یەکە یەکە حەرفەکانی فەنا بوونیان

لە سەر پەڕەکانی دڵم نووسی

یەکە یەکە ژنان خۆیان ڕووت کردەوە

لەو وێنانەی کە پێیاندا هەلواسرابوو

لەو وێنانەی چەشنی تەونێ سێبەریان





لە سەر سەریان هەڵ خستبوو ....

لە بەر دەیدەی ئێمەی پیاوان

هەڕاجێک لە جەستەی سووتاوو

کەلەبچەیەک لە سۆز

بۆ ئێمە دەچنن

ژن .....!

هەر ژنان بوون فێری ماچیان کردم

فێری سەیرکردنی کاتژمێر و

مەستی بێ شەرابیان کردم

هەر ژنانیش دەستیان گرتم

دەستمیان بەرز کردەوە بۆ ئاسمان

تا ئالآی تەسلیم بوون

هەر بە ژن .... تا ئاخری هەر بە ژن

ژن .....!

هەر ژنان بوون لەم ئێوارەیە پەمەییەدا

جودایان کردمەوە

لەو (شاخەوان)ەی کاتژمێرێ پێش ئێستا

هەر ژن بوو دڵمیان گۆڕیەوە لە گەڵ شووشە

ژن .....!

ئەی ژن .................

ئەی بونەوەرێک سەرتاپا لە ماچ

کە دڵت کردم بە شووشە

نەکەی دڵم بتۆرێنی

لە گەڵ هەر تۆرانێکا

کۆتایی بە ژیانی دڵ شووشەیەکی

وەکو من دێنی ....

ئەی ژن .....





حەسەن جومعە

# کەرکوک وەرزی مەرگ

کەرکوک دەرگای مەرگت لێخراوەتە سەرپشت و
لێوەکانت سورکراوە بە خوێن و
گۆڕستانەکانت هەراسان کراوان
بەجمەی لاشە هەنجنکراوەکان
کەچی هەموو لەشیرینە خەودان و لە هەرەتی ژیاندان
کەرکوک بەیانیانت هەپرون کراوە بەلافیتەی رەش و
قیژەو هاوارو ترۆپکی بارین
کەچی بۆ تەنها جارێکیش کەس گولی پێکەنینی بۆ نەگرتیت
کەرکوک ئێوارانت سەرقاڵ بە ماچیماڵئاوایی و
قەرەباڵغ بەدەوری گەواڵەیەک هەوری ئاواوبوو





کچ و کورەکانیشت عەوداڵ
بە دوای کەژاوەی سەفەری هەتاهەتایی دا
بەلام هەر باخچەیەک پەنجەرەی لێ ئاوەلا نەکردیت
کەرکوک منداڵە بەجێماوەکانت بەدەم غوباری گریانەوە
ئەکەونە کۆلانەکانی جێهێشتنەوەو
باڵندەیەکیش بیر لەژیر کردنەوەیان ناکاتەوە
شەقامەکانت بێتاقەت بوون
بەدەم هەلکردنی جگەرەی زویر بوونەوە
هەتاوی ئاسۆیەکیش ئاوڕناداتەوە
کەرکوک هەر دەڵێی لەدەمی بێدەنگیدا کەوتوویتە خواری
دەڵێی لە عەدەمستانی
خۆ دەنگێک نییە
بۆ چەند وەرزێک مەرگی هەمیشەییت بتۆرێنێ
ئاخر بەتاڵبوونەوە لە بێدەنگیدا هەتاکەی، هەتاکەی، هەتاکەی.

''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''

**سێ شەم**
**٢٠١٣/٦/١١**
**کاتژمێر/ ٢/ی**
**بەیانی**

# کێ تەنیاییم ئەدۆزێتەوە!؟

خالید مەجید فتحوڵڵا



لە چاوەکانتا ئەو سۆزە ئەبینم
هەستەکەم بوومەتە دێوانە
گوێم لە جریوەی کانییە و
سەر ئەدەم لە زریوەی خۆر و. لەوێم
ئەو وەختەی حەز بە ماچی لێوت ئەکەم
سەر ئەدەم لە نرکەی ناخت
چمکی ئەو ژانەم بۆ ناگیرێ
کە لە دڵما ڕەنگ ئەداتەوە
چەند جوانە لەتۆ.. ماچی گوڵ و
ئاگری ژوان و نەغمەی پێکەنین
چەند خۆشە لەتۆ... خەونی پەمەیی و
خۆزگەی سپی.. کە تێکەڵ بەمن ئەبی





❁ ❁ ❁

لە چاوەکانتا ئەو عەشقە ئەبینم
هەستەکەم..
دڵم بووەتە گڕی ئەو ئارەزووەی
دانامرکێ...
دەنا بۆچی مەینەتی دڵ و دەروونم بەرنادا
خۆ من میوان نەبووم.
یادگاری خۆم بۆ کردیتە شۆڕەبی و
بۆ باڵا ت گریام لەتەکما ئارام بگری
بۆ کەس هێندە نەگریاوم
هێندەی خرۆشاوم بەخۆشەویستی تۆ
بۆ کەس هێندە بەپەرۆش نەبووم
هێندەی ئەو زامەی تامەزرۆیە
بۆ هەناسەت
من ویستم بسکی تریفەی مانگەشەوت
بۆ بکەم بە گوڵە شیعر و
زەبری ئەندێشەم بە نووری چاوەکانت
هەڵبواسم





سەلاح قابیل

# ئامادەنیم بۆمەراقی مەرگێک...

هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕەیە
ئەبێ لەدوێنێی کێمان بچێت
بەدڵدانەوەیەک کێ پێم ئەڵێ
تەرمەکەی دوێنێیان
لەچی قەبرسانێ ناشتووە
بمبەن .
هیچ نەبێ شیوەنێکی
بەسەردا کەم
چەشنی ڕەبەنێک لەنزادا
هەزاران جار بەچرکەکانی
خۆما بچمەوە .

ئاخر .
دووی چ باسێک کەوم
کام سیما ولەچی دۆڵێ
خاشاکی خۆشییەکان کۆکەمەوە
تا لەئەلبوومی یادەکانم
کونجێکیان لێ پڕ کەم
لەکالترین کامیراوانی مەزادێک ئەچم
ئەو دەمەی زگی گەداکان
بە دەوری پارچە نانێکا
دەهۆڵی برسێتی لێ ئەدەن
لاوانەوەی پیرە ژنێک







بەسەر کۆنە وێنەیەکدا
یا دەنگی شمشاڵی شوانێک
کە بە ژەننی ئاسمانی پڕ کردووە
لە تورەیەکانی خۆی
ئاخۆ ئەم بارانە کۆکراوەی
تورەیی چەن شوانە
ئەبێ ئەم بارانە تۆڵەی
چ گوناهێکمان لێ کاتەوە
لەسەرەتایانەوە
کەشکاندنی قافڵەیەکی مێروولە و
گۆڕینی ڕێڕەوی پۆلەکەیان بوو
من لەکوێ بێنم ئاشتییەک
دڵ ئۆخەی تیا بلێتەوە
کە دەستی شەرق و غەربی
لە شەقەوانەیەک بەکار دێنێ
تەمەنێکە تینووە لێی گەڕێن
هەر ڕۆژێ دێ بەئێرە بگا
ئەو لافاوەی کۆڵێ
ڕێبازە مێژوویەکانی لەخۆ گرتووە
دیسان ئاڵای ئازادی
نۆشێک بەم دڵەم بلێت
لەوێش تەمەنێک پڕ چاوەڕوانی
کەسیان ئاشنا نەبوونەوە
ئێستا لە کاغزێکدا وەک چیرۆکێ
یان لەکورتە نامێلکەیەک
بۆمانی ئەڵێنەوە .



ئەوە لەیلە و ئەویش مەجنون
ئەوە شیرین و ئەویش فەرهاد
ئەوە زین و ئەویش مەم
ئەویش فەنا بوونی هەر هەمووەمان
نەفرەت کەن .
نەفرەت کەن لەوەی بۆنێکی
ئێمەی لێوە دێ و ئەلێ
من سەرسامم بە ئێوە
خۆ ئەم تەمەنە پڕە لە هیچ
پڕە لەو ڕەفیقانەی
مەستی تەریقەت بوون و
چارەیەکی دەردی (سەی ئەسغر)یان نەکرد
ئەڵێن .مام (عەلی)پیرە پیاوێک بوو
هەتا دوێنێش دارە دەستەکەی
وەک چەک لەشانی ئەنا
لە مەیدانی زۆرانبازییا
کەچی ئەمڕۆ پەنای بۆ ئەبا و
ملکەچی فەرمانەکانی ئەوە
تا پیرێک لەشان کا و
دوو هەنگاوی لەگەڵدا بهاوێ
هەموو ئەڵێن دوێنێ و
مردن ئەخوازن تەنها
خودی من نەبێ
لەم پێشبرکێیە کێ دڵنیام ئەکاتەوە
ئەوەی خەڵکی بەناسکی ناساندبێ
ئەوەی لەکۆڕی مەیخانەیەک








دوو قەیرە کچی بەئاگا هێنابێتەوە
ئەوەی لە ڕەشبەڵەکی شیعرا
سەمای بە ئاشقی کردبێ
پاداشتی ئەدەنەوە و
لەوێش ڕێزێک لەشاعیر ئەگیرێ
یان لەوێش نازانن کە شیعر نوسین
شیوەنێکە بەبێ دەنگی
کاتێ قافییەیەکی لێ ونە
هەر لەنوسیندا ڕەنگە
غەرقی فرمێسکێ بوبێ
بمبورن ..
بمبورن کە خۆشم ناوێ
من چۆن مەراقی مەرگێک بم
کە بەگومانم لەوەی
بە دۆستێک . بە بڤەکانی دونیام
بە حەزە خنکاوەکان
تۆ بلێی ئاشنام کاتەوە
گەر لەچاوێلکەی شەرعەوە ئەڕوانی
زیاتر مەبینە
گوێیەک بەفویەکی بەتاڵ
پڕ ئەکرێتەوە زیاتر مەبیستە
نەکەی بۆنی نەمامێکی تازە هەڵچوو
کە هەر گەڵای زولفێکە و
بە گەردنی ناسکە شۆخێکا
هاتووەتە خوارەوە .
ئەمە و ئەوە و زیاتریش

هێشتان ناهێڵن لە
ڕاستی بوونم بگەم
دەڵێن برۆ لەباپیرانت ژینت پڕکە و
بهێڵە چرایەک
بەسەفەرەکەتەوە هەڵواسن
دوێنێم لەدەست چوو و
سبەینێش بەگریانەوە ڕامدەکێشێ
ویستگەیەکم نیشان دەن و
لەم کاروانە بمخەنە خوارەوە
لەوێدا بۆ دوا جار خۆم دادەخەم و
نەدەڕۆم و نەدەگەڕێمەوە

شیعر



هەڵبەست یوسف

# خەیاڵ



بەبێ هیچ خەیاڵێک.....دوور لە هەر بیرکردنەوەیەک
بەبێ چرپە لەگەڵ خۆما دانیشتووم
هەست ئەکەم ورده ورده
ترسی هێرشی خەیالاتی ساتی تەنهایی
ئەمپیشێنێتەوە
گەرچی دەرگاو پەنجەرەکانم داخراون
بەلام دواجار خەیاڵ هەر ئەچێتە ژووری مێشکم
ئاخر من لەکاتی راکردن لەدەست خەیالی بێ پێ
وەک منالێکم پێیەکانم زەوی ناگرن
لەو ساتەیا لە منالێکی ترسنوک ترسنوکترم و
خەیالم لا ئەبێتە دێوێکی ترسناکتر







لەوەی کە بە منالی دایکم بۆی باس ئەکردم
ئا ئەوەتا خەیاڵ وەک دێوێک بە دوامەوەیە
چاوەڕێن بلێم چی ؟؟.......ئەمگرێ یان نا ؟!!
بەڵێ بێ شک ئەمگرێ
خۆ ئەمەش وەکو فیلم نییە
لە کاتی نزیک بوونەوەی دێوەکە....
چیرۆکەکە هەمووی خەون بێ
یان کارەبا ببڕێ
یان لەو ساتە ڕێکلام بێت
خەیاڵ لەناو دەریایەک هەڵمئەکێشێ و نوقمم ئەکات
زۆر جار نەهەنگ و قرشم پێ پیشان ئەدات
هەندێ جاریش ماسی ڕەنگاو ڕنگ
خەیاڵ نوقمم ئەکات و واقع دوای هەولدانێکی زۆر پەلم را
ئەکێشێ و
بۆ سێ چرکە هەوا هەڵئەمژم
دیسان خەیاڵ ئەمباتەوە ژێر دەریا
سەیرە چۆن بە جارێ ناخنکێم ؟؟؟!!!

# ڕێ بەرمەدە

**ڕەنج خاڵۆبازیانی**

ڕێگا بگرە ڕێ بەرمەدە
عەشق بەرەو هەڵدێر دەتبا
ئاوێزانی باڵا ت دەبێ
دەست لەملانی خەمێکت دەکا
وەرە بەسەر ڕەفەی چاوما
بچۆرە گلێنەمەوە
باوەڕ ناکەم لێت وەڕس بم
لە پێکێکا دەتخۆمەوە
عاشقێکی وێڵ و شێتی
ئاوڕ لە مەرگ نادەیتەوە
بەناو ترسا تێدەپەڕی
هەنگاو دەنێی لە خۆتەوە

وەرە گوڵم لەگەڵمابە
ئەوەی بڕوا نایەتەوە
عەشق لە شەقەی باڵی دا
کێ خەندەت پێ دەداتەوە
لە باپێچی ئەم ڕێگایە
چ سەیرێکە چراخانە
ئەوەی هەمە بۆت بنێرم
تەنها شیعر و وشەی جوانە
چاوەکانت لەیەک بنێ
وەرە ژێر باڵی حەزمەوە
دەستت بگرە خۆشەویستم
بە چڵێکی تەمەنمەوە









# کۆتایی عیشق

**بەرزان بەرزنجی**

وا مەزانە بێوەفا بووم
کۆتایم بە عیشق هێنا
ئێستاش هەر دایکی ئەو کچەی
بەیەکەوە ناومان لێنا
خۆ دڵی من ئاگردانی زستان نیە
هەرکەس بێت و خۆی پێ گەرم بکاتەوە
دڵم تەنیا نشتیمان و ماڵی تۆ بوو
لانکی کۆرپەی خەیاڵ و ئاواتی تۆ بوو
دڵنیابە لەپاش چاوت
نیگام بۆ هەرکەس کردووە

تەنهاو تەنها ئەوە بووە
شێوەیەکی لە تۆ چووە
لەو بڕیارەشم ببوورە
کۆتایم بە عیشقت هێنا
ئاواتی گەیشتن بە تۆم
لە ناخەوە لەبن هێنا
خانەوادەم بتوێنەوە
وەک پارچەی وێنەی سوتاوت
وا نەیانهێشت مۆمی ڕێم بن
تا مردن ڕۆشنای چاوت

شیعر

# زەمان، چۆمێکی تیکرارییە

"عەبدولقادر نیازی-ـ مەهاباد"

مووسا کە خۆی تێدا شووشت تۆ بانگهێشتی دونیا کرای

[ بۆ ئۆزۆن کە درۆیەکی گەورەیە و لە هەر شوێنێک نیۆتۆن هەڵەنگوێ بارستایی باوەڕت خۆی بە

ئێکراهی سێو و زەمان دەفرۆشێ] ...

دەست لە گیرفانی نیسێت دەرهێنە

سنووری پەتۆ و خیابان کە دەمشواتەوە وەکوو بەفر بە سمێڵی ... [ پەرەستار، کەمێک مردووم]

کە بگەیە ئەم قەناعەتە ڕۆژ پێی لە یاسای زەمان نا یا کاتژمێر لەگەڵ نەستی کچە جیران هاوڕا دەکەی

یا ئەگەر لە خەویش ڕاپەڕی بیر لە وزەی ... [ هەر لێیگەڕێ]

کۆڵان پڕە لە ڕۆژ و لە جنسی حەووا داوینچیم

[ چوونە ژوور بەر لەوەی بۆ گشت شاعیرە رووتەکان زگماکی بێ کلیل ساز

دار نارنجێک بوو، نیسێی هەر لە ئاشق دەکرد]

زەمان کە لەسەرەتای چۆمەوە بمرێ بێ‌شک ڕاپۆرتی کاتژمێری دراوسێیە و قەرەچییەکە لە جنسی

فیلسوف و هەنار [ کەس لە ژێری ئۆقرە ناگرێ]

کاتژمێری ڕۆژ کە کۆک بوو زەمان پێیەندی هیچ تیکرارێک نییە

[ چ مێژوو شوانی دایناسۆڕ بێ، چ تۆ لە نەستی کچە جیران‌دا هاوڕای شەهید و پازێل]

پەرەستار، [ لە چاومدا کە بەیان خۆی واژۆ دەکا زەمان ئەوەندە شووشەم زاری باڵندە ماچ دەکا]





زەمان لە هەرچی دا لێکدەیێ پۆلیس لە سیفردا باوێشکی خۆی هەر لێدەدا لانیکەم

چاوم ئەوەندە پیرە بەرگەی خەون دیتن ناگرێ]

زەمان سیفرێکی تیکراری و دەسەڵاتدارە، سەرپشک لە سەرەتا و کۆتایی

[ جار جار لە ئەشکەوت هەڵدێ جارجار تۆ ڕاوی ئەم دێڕە بە لە ئاماژەی ژنێک‌دا مانگ پڕ لە نیشتەجێ]

بەر لەوەی شێت زگماک داوینچی بێ و کەمێک دیوار

حەووا دڕدۆنگ لە دابەشکردنی نێوکی نەبڕاوی عاشق و سێو [ کە ئێستاش لە پەراوێزی بەهەشت‌دا

جەزر لە تامی خۆی دەگرێ] ...

لە مانگ‌دا کەسێک لە بیر من دا

خەون بە بەربوونەوە کە دەبینم [ وەباڵی ئەو جارم کچە جیران وەئەستۆی گرتووە]

کە نیشتەجێ بە پەنجەرەی مانگەوە دەلکێ ئاماژە، زەمان شەمەندەفەرێکی پەککەوتوویە

[هیچ نەبێ جار جار لە وەرگەڕان‌دا هێڵنج دەدەم].

ڕاوی ئەم دێڕە کە سەری سووڕما گۆی داوینچی تەنیا قەرزداری خۆیەتی [ بێ ئەوەی حەووا بزانێ لە

ئاماژەیەکم‌دا پڕم لە مانگ و نیشتەجێ]

زەمان جالجالۆکەیەکە کە داهێنەری چاویلکەی ڕەش یا پەڕاوێزێک لە تەئویلی نهێلیزمێکی کڵاو بەسەرە

[ نێوم لە چاوی خۆی دا دەگۆڕێ]

ئەگەر پەراوێزیش نەبم پەرەستار، هەناسەی من چەند لەتەکەی نیشتەجێ ؟

لە بازنەکەمڕا بزانە نەبزم کە ڕەنگە ئاسمان / نانا زەمان/

شیری پەراوێزی تابۆ/ دەمسڕێتەوە لە خیابان/

من تیکراریم ... [ لە بیۆگرافی ئۆزۆن‌دا و شاعیری دژوازی مۆتە وشەیەک بوو مامناوەندی بیرداڕێژی

نیۆتۆن]

سێو قەپاڵێک ماچی بۆ ناردم [ تیکراری بوو]

فیلسووف کە تفی ڕۆ کرد تەنیایی زەمان توێشووی ئەو ڕاکردنەیە نیشتەجێ نیم لە ئۆزۆندا و باغچە سەری

لێ دەشێوا لە حەوواترین ...

[ ڕاستی؟! بەربوونەوەت لە سەر پشتی زەمان / شاعیری ڕووت / تابۆی گشت ئەو کۆڵانانەم پڕن لە

ڕۆژ و ڕێکخەری خۆمانەبوونی زەمان و حەووا و ئاماژە ...]

پەرەستار چاوم بۆ خەو دیتن پیرە

چ خەبەر لە کچە جیران ؟!...

# بەرگی هەژار هاوینە

شاخەوان قۆجەلەری

بەهار رۆیی هاوین هات
هەژا ر خەم ئەدا بەباد
بەرگی هەژار هاوینە
برسیێ سک گوشینە
هەژار زستانی ناوێ
کەم دەرکەوتە هەتاوێ
لەسەرما هەللەرزینە
برسیشبێ سک گووشینە
شوێنی شەوی کۆلانە
بێ بەرگ و بێ گیرفانە
گیرفان کە بێ پارەبێ
وەک ئەوە وایە نەبێ
لە پەنا دیوارو کۆلان
بەبێ بەرگ و بەبێ نان
شەو تا رۆژ ئەبێتەوە
شەقەی دانی دێتەوە
لێفە نازانێ چییە
تیکەی چەوری هەر نییە
پێ پەتی و سەری رووتی
بە نابووتی و پەرپووتی
ئەمەش پێی ئەڵێن ژیان
کە پریە لە دەردوو ژان






دەوڵەمەندیش بێ باکە
کەوا و فاسۆنی چاکە
چەند دەرکەوانی هەیە
چەندە ڤێلاشی هەیە
لە زستان گەرمایەتی
لە هاوین سەرمایەتی
هەتا لەناو ئۆتۆمبێل
سەرما و گەرما نازانێ
ئەو لەخەڵک ناروانێ
نازانێ چی روویداوە
هەژاریش لێقەوماوە
بە هەمووی ئەڵێن ژیان
ژیان لەلای بێ ویژدان
عەدالەت بەر پانەبێ؟
هەموولا یەکسان نەبێ
من قەت پێی نالێم ژیان
کەپربێ لە دەردوو ژان
منداڵ پەروەردە کردن
بە نەبوونی و بەمردن
چۆن بچێ بۆ قوتابخانە
نەوەی ئەم هەژارانە
هەتا بلێی زیرەکن
ئازا وەکو بروسکن
نەداری رێگا ئەگرێ
نایەڵێ سەر بکەوێ



# دیمانە لەگەڵ شاعیر و ڕەخنەگر

# ئەحمەد ڕەزا



**دیمانە : هەوار خزر زادە**







ئەحمەد ڕەزا. دانیشتووی شاری سلێمانییە و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسایە. هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە ئەنووسێ. لە ١٩٨٣ یەکەم شێعری بڵاوبووەتەوە و لە ١٩٩٦ یەکەم بابەتی ڕەخنەیی بڵاوبووەتەوە. لە بواری شێعر. چیرۆك سینەما. شێوەکاری. فەلسەفە. موزیك و شانۆ. ڕەخنەی نوسیوە. بۆ یەکەمین جار لە کوردستان کار لە هونەری digital graphic دەکات. نووسەری درامای ئاریای ڕاگیراوە. کە تەنها ٤ ئەڵقەی نیشاندرا.. درامای گورگەزێ و بانەجن و شمشێرەکانی مێژووی هەیە.. کتێبەکانی: سۆراخ: شیعر. داستانی مەسیح: داستانە شێعر. ئۆفیلیای سیی: شانۆیی شێعریی. یەندی ئاوێنە: چیرۆکی درێژی ئەفسانەیی بۆ منالان. پۆل ڕیکۆر: دەربارەی ژیانی فەیلەسوفی فەرەنسی پۆل ڕیکۆر. هونەری شێعر نوسین: لێکۆڵینەوە. لە دەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە. کۆمەڵە بابەتێکی ڕەخنەیی.... ئامادە بۆ چاپ: هونەری شێعر نوسین: بەرگی ٢: لێکۆڵینەوە. ژێر داربەڕووە پیرەکە: چیرۆکی درێژی ئەفسانەیی بۆ منالان؟

**پرسیار: بارت لە وتەیەکدا دەڵێ" مەرگی نووسەر بۆتە هۆی دروستکردنی خوێنەر " و لە لایەکی‌ترەوە دەڵێ " ئەوەی لە دەقدا دەدوێ نەوەکوو نووسەر" هەر بەم پێیە _ لە ئەدەبی کوردی‌دا تا چەن لە دەقدا بۆ دروستکردنی خوێنەر هەوڵ دراوە؟ تا چەن بیرۆکەی مەرگی نووسەر لە ئاست بەرزکردنەوەی تایبەتمەندی دەقێتی دەق لە زەینی خوێنەردا چالاك بووە؟**

ئەحمەد ڕەزا: لە ئێستەدا پرۆسەی نوسین، لەوە دەرچووە خود لە دەرەوەی پرۆسەکە بێتوو تەنها دەق ببێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی مانا، وەك تیۆرەکانی بونیادگەریی پێشنیازیان کردبوو.. هەرچەند لە دواییدا هەر لە لایەن تیۆریستەکانی خۆیانەوە و بە درك کردن بەوەی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە کورتی هێناوە بە کردنە دەرەوەی خود لە پرۆسەی داهێناندا هەروەها بە داخستنی دەق بە سەر خۆی‌دا، هەوڵی‌تریان دا بۆ چارەسەرکردنی کەمووکوڕییەکان“ دیارترینیان لە لایەن ژولیا کریستیڤاوە بوو.. ئەویش پاش ئەوەی لە قۆناغی پاش بونیادگەریی‌دا چەند ڕێبازێکی ڕەخنەیی نوێ دەرکەوتن، کە دیارترینیان هێرمنیوتیك بوو، هانز جۆرج گادامێر بە سوود وەرگرتن لە فینۆمینۆلۆژیای هۆسرێل پێشنیازی کرد و قوتابخانەی ئیستاتیکای وەرگرت و ڕێبازی

**خەسارەتی گەورەی ئەدەبیمان لەو چەندین دەیان سالەی پێشوودا، کۆدەنگی فیکری منەوەرانی کورد بووە لەسەر یەك ئاراستەی جیاواز و بەمەش لە چەند دەیەیەکی سەدەی ڕابردوودا دەنگی داهێنەرانە خامۆش بووە**

بە دەنگەوەهاتنی وەرگر بوو.. لەبەر ئەوە ئێستە دەسەلاتی دەق بەو شێوە ڕەهایەی بونیادگەراکان سەپاندبوویان، لە کورتی داوە و پرۆسەکە لە بازنەیەکدا هەرسێ ڕەگەزی "نوسەر، دەق، وەرگر " بە یەك ئەگەیەنێت.

کردنە دەرەوەی نوسەر و وەرگر لای بونیادگەراکان و هەوڵدانیان بۆ بەرهەمهێنانەوەی مانا لە میانەی دەقەوە و پێیان وابوو دەق پرۆسەی بەرجەستەکردنی سیستمی زمانە، زمانیش بە تەنها هەلگری مانا نییە، بەلکو بەرهەمهێنەرێشیەتی.. ئەم توندڕەوییە گۆشەگیریی لای بونیادگەراکان هێنایە ئاراوە، بارت لە وەرچەرخانێکدا لە کۆتایی

شەستەکان، ئەلێ:" بەردەوامیی ئەدەبی و بەدەنگەوەهاتن، پەیوەستن بە بەدیهاتنی چێژەوە"، بەلام ئەو جارێکی تریش لێرەدا مەبەستی لەو چێژە بوو کە لە ناوەوەی دەقدا سیستمی زمان بەرهەمی ئەهێنا، بەلام وەرچەرخانەکە بە گرنگ وەسف ئەکرێ بەو هۆی ئەوەوە کە "خود/وەرگر"ی بەشداری پێکرد لە پرۆسەکەدا.

دروستکردن و کۆکردنەوەی وەرگر چ کاری بە ڕێباز و قوتابخانە ڕەخنەییەکانەوە نییە، بە قەدەر ئەوەی ئەو لە دیاردەی بەدەنگەوەهاتن و چێژوەرگرتن ئەکۆلێتەوە، لە هەموو کاتێکدا خود جەمسەری گرنگی "بەرهەمهێنان / نوسەر،





بەرهەمهێنانەوە / وەرگرە"، ئەو دەقەی نەیتوانی تەفاعول بکا لەگەلی هەموو هەلچوون و گرژبوونەکانی وەرگر و ئاسۆی چاوەڕوانیەکانی تێك نەشکاند، هەرچەند لە ناوەوەی خۆیدا و بە سیستمێکی ڕێکی زمانەوانی کار بکات، نابێتە مایەی بەدەنگەوەهاتنی وەرگر.. کەواتە وەرگر بە بەرکەوتنی لەگەل دەق، هەم مانا بەرهەم ئەهێنێت و هەم چێژ کە لە دواییدا ئەم دەسەلاتی ڕەهای پێ ئەبەخشرێت.

بە ئاگابوونی وەرگر لە فەلسەفەی پشتەوەی دەق، وائەکا ئەو پەیوەندی توندوتۆلی هەبێت لەگەل دەقدا، ئەمە تایبەتمەندێتی مەرگی نووسەر نییە، بەلکو ڕیئاکشنی بەرهەمهێنانەوەی مانایە لە ساتی بەرکەوتنی هەر کارێکی هونەرییدا.. وەرگر بەو جۆرە هەر کارێکی داهێنراو ئەبینێ، ئەویش لە سەر ئاستی ئەو جیهانەی کە لە دەقەکەدا خولقێنراوە و لۆژیکێکی تایبەت بە خۆی ئەسەپێنێ، وەك "پۆل ریکۆر" ئەلێ.

**پرسیار: پییر ماشری پێیوایە کە: " دەق پتر لەوەی کە تریبوونی ئایدیا بێ دەبێ حوکمی نیشاندان و بەرجەستەکردنی ئەو کەمایەسیانەی بێ کە ئایدیا هەلگریانە،لێرەدایە کە ئایدیا دەوری دژی خۆی دەگێڕێ". لە ئەدەبی ئێمەدا بە گشتی شوێن پێی ئایدیا بە چ شێوەیەك دەبینین یا خود ئایدیا تا چەن ژیان و ژیاری وێژەی کوردی داگیر کردووە و خەساری پێدەگەیێنێ؟**

ئەحمەد ڕەزا: فکری باوی کۆمەلگە و شۆڕکردنەوەی تا بێبەریی کردنی لە مانا و تەوزیفکردنەوەی بە هەمان سیستم و زمانی باو، ماوەیەکی زۆر دەسەلاتێکی ڕەهای هەبووە بە سەر ئەدەبی ئێمەدا، بەڕادەیەك کە لە جەنگی ئیستاتیکادا، سەرکەوتوو بووە لە تێکشکاندنی تەکنیك و ستایلی جیاواز و فرە دەنگیی.. خەسارەتی گەورەی ئەدەبیمان لەو چەندین دەیان سالەی پێشوودا، کۆدەنگی فیکری منەوەرانی کورد بووە لەسەر یەك ئاراستەی جیاواز و بەمەش لە چەند دەیەیەکی سەدەی ڕابردوودا دەنگی داهێنەرانە خامۆش بووە.. ئەگەر بمانەوێ لە دوای ئەدەبی کلاسیکەوە دەنگە جیاوازەکان و داهێنەرە مەزنەکان جیا بکەینەوە، دوور نییە شەرمندە بین لە کارەکەماندا و لە پەنجەکانی دەستێك کەمتر ئەبینینەوە.. بەڕاستی ئەمەش مێژوویەکی سەربەرزانە نییە بۆ نەتەوەیەك.

**پرسیار: چ شتێك بۆتە هۆی ئەوەیکە خوێنەر گەلی کوردی پێش وەیکە ببنە**

**خوێنەری ڕۆمانێکی سەرکەوتوو یا خود دیوانێکی شیعری داهێنەرانە بن بەرەوڕووی کۆمەڵێك کتێبی شیعری کە بە زۆری لە ناو بازاڕی کتێبی کوردیدا دەبیندرێن ، دەبنەوە، چ لایەنێك لەم بەشەدا بەرپرسیارە؟**

ئەحمەد ڕەزا: "ڕۆشنبیریی و فکری سیاسی و ئایین" سێ کۆڵەکەی گرنگی کۆمەڵگەن و بە سەرخانی کۆمەڵگەشەوە سیمایان بە ڕوونیی دیارە، پەککەوتنی هەر یەکێکیان ئەبێتە هۆی پتەوکردنی پایەی ئەوی تریان..لە ئێستەی کۆمەڵگەی ئێمەدا غیابی ڕۆشنبیریی هەیە.. ئایین و سیاسەت لە بەربەرەکانیدا نیین و هاوبەش و تەواوکاری یەکترن، هەر دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی سەربکەوێتە سەر سەرخانی کۆمەڵگە، ئەوان پێکەوە هاوبەشن بۆ سەرکوتکردنی، لەبەرئەوەی بە مەترسی ئەزانن بۆ سەر پێگەی خۆیان.. ئەوان لە ئێستەدا بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیریی زارەکین، بە هۆی تەکنەلۆژیاوە پێشبڕکێ لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەکەن، بەهەند وەرنەگرتنی پرۆژە ڕۆشنبیرییەکان و هەست نەکردنی ڕۆشنبیران بە مەترسی ئەم کەوتنەی ڕۆشنبیریی و پاشکۆیەتی بۆ دوو کۆڵەکەکەی تر، بە هۆکاری گرنگی لە بەین بردنی چێژی ئەدەبیش ئەزانم، نەك پەروەردەکردنی نەوەیەك لەسەر دیاردەی تۆڕی کۆمەڵایەتی.. لە کاتێکدا چەندین پرۆژەی گرنگ لەبیری ڕۆشنبیرانی ئێمەدا هەن.. کاریزما دروستکردن لە ڕۆشنبیریی‌دا،چ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ بەشداری کردن لەگەڵ ئەو دووەی تردا بۆ داماڵینی ڕۆشنبیریی لە وەزیفە سۆسیۆ/مێژووییەکەی، لەبەرئەوەی مێگەل دروست کردن لە هەر کایەیەکدا مانای گێلاندن و تەفرەدانی نەوەیەکی پاش خۆیەتی.

**پرسیار: کۆمەڵێك لە نووسەران و ڕۆشنبیران و تەنانەت کۆمەڵگای ئەدەبی لە سەر ئەو بڕوایەن کە شیعری کوردی تووشی قەیران هاتووە ، ئێوە وەك ڕووناکبیرێکی چالاکی ئەم بوارە لە ئەدەب ئەم قەیانە لە چی‌دا دەبینن؟**

ئەحمەد ڕەزا: ڕەنگە بە تەنها شیعر نەبێ لە قەیران دایە، ئەوە بە ڕای من باش نەخوێندنەوەی دۆخەکەیە، ڕەشبینی نییە و پێویستە ڕوو بەڕووی ئەو واقیعە ببینەوە کە ئەوەی لە قەیران دایە ڕۆشنبیرییە بە گشتی نەك تەنها شیعر.. ئەو کتێبانەی تیراژیان لە سەروو هەزارەوەیە زۆر دەگمەنن، لەو هەزارەش چەندی لێ ئەخوێنرێتەوە ئەوەیان شتێکی ترە.

بەڵام بە لانی شیعرەوە، ئەوەیان



گزنگ ١٠٤ ئەیلوول ٢٠١٣

> دەقی زیندوو پێویستی بە شوناسی خاوەن و سەردەمی نووسینی نییە، لەبەرئەوە چ پێویستییەك نییە بگەڕێینەوە بۆ شوناس و ژینگەی نوسینەکەی، تەنها لە حاڵەتێکدا کە بە میتۆدی سایکۆلۆژی دەقەکە وەربگرینەوە.

حاڵەتێکی ترە، لەبەر ئەوەی شیعر پەیوەندی بە هەست و سۆزەوە هەیە.. شێعریش وەك هەر ڕەگەزێکی تری ئەدەبی و هەر کایەیەکی تری مەعریفی لە گەشەکردن و پێشکەوتن دایە.. بەهۆی پێشکەوتنی خێرای هەموو بەیەکەوە، پەیوەندی گرتنی کایەکان لاواز بووە، ئەمەش وایکردووە نەپرژێنە سەر خوێندنەوەی بەردەوامی یەکتر و بەئاگابوون لە پێشکەوتنەکانی، بە پێچەوانەی سەردەمی نوێگەریگەرییەوە کە تەواو ئاگاداری یەك بوون.. لەم سەردەمی گلۆبالەدا زۆرێك لە زانستەکان لە گۆڕانکاریی دان و تەنانەت شوێنیشیان ئەگۆڕێ و هەندێك لۆژیك هەر لە بەین چوون.. بەڵام شیعر تایبەترە بە خودەوە، لەبەرئەوە ئەگەر لە ئێستەدا ئەگەر ئەویش بەر تەوژمەکە بکەوێ، مانای سڕینەوەی نییە، بەڵکو بە دوای ڕێگەیەکدا وێڵە بتوانێ بگونجێ لەگەڵ سەردەمێکدا کە هیچ لە مێژووی پەرەسەندنی ئەو ناچێ.. شاعیرێکی گەنجی عەرەب بە ناوی ڕۆزا میرزاوە، هەوڵێکی جوانی بۆ قوتار کردنی شیعر لە قەیران دا، بە تێهەڵکێش

كردنەوەی لەگەڵ بونیادی گێڕانەوەدا، ئەو كات لێكۆڵینەوەیەكم لەسەر نووسی و لە ماڵپەڕە عەرەبییەكان بڵاو بووەوە.

لە ئێستەدا دراما تەلەفزیۆنییەكان ئاخاوتنی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ تاكدا، ئەو گێڕانەوەسازییە كە پەیوەندی بە كۆئاگای مرۆڤایەتییەوە هەیە، بە هۆی تەكنۆلۆژیاوە، سوودی زۆری بەركەوتوو توانی زۆر بە خێرایی جێ بە ئەدەبی نوسراو لێژ بكات.. شێعریش ئەتوانێ بە جۆرێكی تر سوود لە تەكنۆلۆژیا وەرگرێ.

**پرسیار: بەڕای ئیوە هۆنەری تەئویل و هێرمنۆتیك تا چەن بۆ خوڵقاندنی دووبارەی دەقێكی شێعری دەرەتانی هەیە؟**

ئەحمەد ڕەزا: ئەم میتۆدە میتۆدی وەرگرە.. خودی نوسەر خودێكی دیاریكراوی مێژوویی و ئەنتۆلۆژی نییە، بەڵكو بەشێكی تێكەڵ بە كارە ئەدەبییەكە ئەبێت و ڕۆڵی هەیە لە ئاگایی دیاردەكاندا.گادامێر داوای تێگەیشتنی مێژوویی و ئاگای مێژووی ئەكا و ئەیكاتە مەرجێك بۆ مومارەسەكردنی هەر كارێكی هێرمنۆتیكی. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو ڕەوتە مێژووییەی كاریگەرییەكەی خوڵقاندووە، لەگەڵ بیری خودی ڕاڤەكار/وەرگر یەك ئەگرێت، بەڵام ڕای یەكلایی كەرەوە لای ڕاڤەكارە بۆ ژیاندنەوەی مانای دەق. ئەمەیە كە گادامێر ناوی ناوە "توانەوە یان یەكگرتنی ئاسۆكان" واتە ئاسۆی دەق و ئاسۆی وەرگر.

ئەمە بۆ لێكدانەوەی شێعرێكیش ئەگونجێ، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی ڕەگەزەكە و بەركەوتنی لەگەڵ وەرگر، وەرگر هەموو ئەگەرەكانی تری ئەخاتە لاوە و لە ڕێگەی داڵەكانی دەقەوە جارێكیتر لەو ژینگەیەدا، بەرهەم ئەهێنێتەوە.

**پرسیار: سەرچاوەی ڕاڤەكردنی دەقێكی شێعری لە لایەن خوێنەرەوە بە چ ئاقارێكەوە بۆ نیشاندانی فرەدەنگی لە دەقدا دەرفەتی ڕونینی هەیە؟ ئایا تەنیا لە دەلاقەی شێعرەوە بۆ ڕاڤەكردنی شێعر و دووبارە خوێندنەوەی شێعر ڕێ بپێوێ؟یان خود بە هەموو لایەنەكانی زانستی هۆنەریدا، بێ سرنجدان بە باروودۆخی نووسەر وەكژیاننامە و تێفكرین و هتد، بۆ نووسینەوەی دووبارەی دەق هەنگاو بنێ؟**

ئەحمەد ڕەزا: ئەگەر مەبەستتان لە فرەدەنگی، فرەلایەن یان ئەوەی پێی ئەوترێ ڕەهەند"بُعد" بێت: ئیمبرتۆ ئیكۆ هەموو دەقە فرەڕەهەندەكان، ئەوانەی





زۆرترین خوێندنەوە هەڵئەگرن، بە دەقی كراوەیان پۆلین ئەكات، ئەمەیان جیاوازە لە دەقی واڵا كە پەرەسەندنێكی شێعرییە.. هەروەك ئەو دەقەی كە تەنها خوێندنەوەیەك هەڵئەگرێت و بە تەنها خوێندنەوەیەك خۆی ئەدا بە دەستەوە، بە دەقی داخراوی ناو ئەبات.

بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێك پێویستیمان بە گونجاندنە لەگەڵیدا، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی جیهانێكی خوڵقێنراوی نوێ، كە تا ئەو كاتە مەزەنەمان نەكردووە.. دەقی زیندوو پێویستی بە شوناسی خاوەن و سەردەمی نووسینی نییە، لەبەرئەوە چ پێویستییەك نییە بگەڕێینەوە بۆ شوناس و ژینگەی نوسینەكەی، تەنها لە حاڵەتێكدا كە بە میتۆدی سایكۆلۆژی دەقەكە وەربگرینەوە.

**پرسیار: لەم بەشەدا پێمخۆشە هەندێ لە نووسینەكانی خۆتان بدوێن؛ و بەرانبەر بە بەرهەمە بڵاوكراوەكانتان چ چاوەڕوانێكتان لە كۆمەڵگای ئەدەبی هەیە؟چ شتێك پێویستە لەم بارەیەوە تكایە بفەرموون.**

ئەحمەد ڕەزا: ئەو بەرهەمانەی چاپم كردوون و ئەوانی لەبەردەست دان، یان لە ڕێگەی ترەوە ئەیانگەیەنم بە وەرگر، لە جووڵەی بەردەوام دان.. بە ڕەگەزێك ناوەستمەوە و خۆشم پابەند ناكەم.. ئازادییەكم لە نوسیندا بۆ خۆم بەدەستهێناوە.. "شێعر، ئەدەبی منداڵ، چیرۆكی فەنتازیی، زنجیرەی درامیی، شانۆنامەی شێعریی ئۆپێرالی، ئەفسانە، ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری، شێوەكاریی و خۆشنوسیی" كارم لە هەموو ئەوانەدا كردووە.. بەڵام شانازیم بە هیچیانەوە نەكردووە.. بەردەوام ئەوە لێئەگەڕێم بۆ وەرگر، لای من شانازی كردن بە نوسینەوە، خاڵی لاوازییە و نازكردنی ڕۆشنبیریی بەرهەم ئەهێنێ، كە بۆ خۆم ئەو جۆرە نازكردنە بە نائاگایی ئەزانم.

بەرهەمەكان ئەگەنە بەرچاوی ئێوە و ئیتر بڕیاری یەكلاكەرەوە لای ئێوەیە، چەند "سوود، چێژ، جوانی، درێژیی، كەمبایەخیی" تیا ئەبیننەوە.. من نابمەوە بە پارێزەری ئەوان، خۆیان ئەگەر توانییان بەرگری لە خۆیان ئەكەن.

# جێگات بەهەشتی بەرین بێت

**عالیە عەبدولکەریم مودەڕیس**

هەربە بیستنی کۆچی دوایی هاوڕێیی ئازیزم خاتوو) ئەحلام مەنسوور(، دنیام لەبەرچاوکەوت ، خەو لە هەردوو چاوم بەتەواوەتی یاخی بوو.بەیانی کە هەستام هەر وەك مرۆڤێکی بێئاگا وابووم .دڵم زۆر تەنگ بوو، بەوەی باش بوو، هەتا توانیم گریام.بەڵێ گریام ئەوتەمەنەی کە پێکەوە بردمانە سەر لە زانکۆدا .ناحەقم نەبوو، چونکە) ئەحلام(، هەرچی لە ڕاستیی دڵ و دەروونی پاکی ئەو تێگەیشتبووم، ئەویش لە من گەیشتبوو.بۆیە من دەمزانی ئەو تا بڵێی ئافرەتێکی ڕۆشنبیر وئەدەبدۆست و ڕاستگۆ بوو، چ لەگەڵ خۆیی، چ لەگەڵ کۆمەڵە دواکەوتووەکەی، بەڵام کۆمەڵەکەی بە چاوی یاخیبوون سەیریان دەکرد و بە شێت دەیاندایە قەڵەم.

بەڵام لە ڕاستییدا) ئەحلام(، یاخی نەبوو لە کۆمەڵ، بەڵکو یاخی بوو لە هەندێ بیر و باوەڕو خوو و ڕەوشتی دواکەوتووی کۆمەڵەکەی، کەوا تاڕادەیەك باڵی کێشابوو بەسەر لە هەندێ لە خەڵکان، کە بە چاوێکی کوێرانە دەیانڕوانییە ڕۆشنبیران.بەڵێ بەسەر ئەوانەدا کەوا بەڕاستی لەگەڵ ئازار و دەردی کۆمەڵدابوون و دەیانویست کۆمەڵ لەو







دەردە کوشندەیە ڕزگار بکەن.

ئەحلام یەکێك بوو لەو ڕۆشنبیرانە، کە دەیویست بە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵەکەی ڕزگار بکات و لە تاریکبیری دەری بکات و بەسەر دانەواندن و دڵێکی پڕ لە بڕوابوونەوە تێکۆشان بۆ کۆمەڵەکەی بکات.

من ئەوم زۆر بەباشی دەناسیی و دەمزانی کە ناتوانێت بەتەواوەتی بە زمانی کوردیی قسە بکات، کە یەکەم ڕۆژی چوونمان بۆ دانیشگا پێکەوە بوو.ئەحلام بە هەوڵ و خەباتی خۆی توانی بە تەواوەتی فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردیی بکات و ببێتە نووسەرێکی بەتوانا .دەتوانم بڵێم ئەحلام چ لەبارەی ڕۆژنامەگەریی و چ لە بواری نووسینی چیرۆك و ڕۆمان و چ نووسینی بابەتی ئەدەبییەوە، سوودێکی باشی گەیاندە کۆمەڵگەی.

ئەحلام هەروەکو دیوارێکی پۆڵایی خۆیی گرت و لە هەوڵ و تەقەلا نەکەوت هەر بەوەشەوە نەوەستا و منداڵە ئازیزەکانی کوردستانەکەی بێبەش نەکرد و چیرۆکی ئامۆژگاریی بۆیان نووسیی.بەتایبەتیش لە گۆڤاری ڕەنگینی ڕەنگیندا بەناوی) دادە ئەحلام(دەوە، چەندین چیرۆك و وانەی بەنرخی پێکەش منداڵان کرد.

ئەم ئافرەتە ئازا و ڕۆشنبیرە توانی تاڕادەیەکی باش و بەرز خزمەتی ئەدەب و نووسینی کوردی بکات و قوربانی بدات، هەر چەند دەمبینی دەموت" ئەحلام گیان بەڕاستی جێگای شانازیی ئافرەتی کوردیت و لە ڕیزی ئافرەتە ناودارەکانی جیهان و ئافرەتی کوردیت"

ئەویش دەیوت" عالیە گیان مەگەر هەر تۆ لە من بگەیت و دان بە مافمدا بنێیت.بەڕاستیی تۆ لە من گەیشتوویت، بۆیە بەو شێوەیە دان بە مافمدا دەنێیت و دەڵێی لەناو دەروونمدایت، خۆزگە هەموو مرۆڤێك وەك تۆ نرخی مرۆڤی ڕۆشنبیریی بزانیایە.

ئیتر بەداخەوە پاش ئەو وتوێژە نەمبینی و ئەو چاوپێکەوتنەم بۆ دواجار بوو.خوات لەگەڵ ئەی هاوڕێ ڕۆشنبیر و لەیادنەچووەکەم.بەهەشت جێگەت بێ.



# "مریەم قازی"

## ڕەخنەگر و چیرۆکنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**شەڤگەش**

مریەم قازی لە ساڵی ١٩٦٣ لە مەحکەمەی شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. خوێندنی هەر لەم شارە تا پلەی کارناسی زمان و ئەدەبی فارسی درێژە پێداوە. هەر لەسەرەتای منداڵییەوە هۆگری نووسین و ئەدەبیات بووە و لە پۆلی ٥ سەرەتایی لە نووسین و دەورگێڕان لە شانۆی قوتابخانەکەیاندا دەوری هەبووە. لە ساڵی١٩٧٧ کۆڕی کتێب خوێندنەوە دادەمەزرێنن و هاوکات لە لایەن زیندانیانی سیاسی لە تارانەوە پەیوەندییان دەگەڵ دەگیرێ و یەکەمین ڕێکخراوەی داشداری لە زیندانیانی سیاسی بۆ یەکەم خۆنیشاندانەکان لە سەر شەقامەکان دادەمەزرێنن و لە لایەن ساواک واتا ڕێکخراوەی ئەمنییەتی وڵات، هەڕەشەیان لێدەکرێ و دوای گیرانی ئامۆزاکانی ناچار ڕادەکەنە یەکێک لە ئاواییەکانی ناوچە و دوای ماوەیەک سەرلەنوێ بە نووسینی شەونامە و ڕۆژنامەی دیواری درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن و مان گرتنی یەکشەوە لە دەبیرستانی شار بۆ ئازادی بەندکراوە سیاسییەکان لە نێو ئاپۆرەی حکومەتی نیزامی وەڕێ دەخەن سەرەتا ٥ کەس





ئەندامی ڕێکخراوەکەیان دەبن لە کاتی مانگرتن ژمارەی ئەوان زیاتر لە ٢٠ کەس نەبوو بەڵام بە دوای مان گرتنی شەوانەی ئەوان لە دەبیرستان تەواوی خەڵکی شار بە داشداری لەم بزوتنەوەیە تێکەڵاوییان دەبن و بەم شێوەیە بزوتنەوەی جەماوەری شار تێکەڵاوی بزوتنەوەی گشتی ئێران لە دژی دەوڵەتی پەهلەوی دەبن. دوو ڕۆژ دواتر لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی تاران بە داشداری لە مانگرتنی شەوانەی کچانی مەهابادی کە ببوو بە سەردێڕی هەموو ڕۆژنامەکانی ئێران مانگرتنی خوێندکاران ڕاگەیاندرا کە چەندین شەهید و بریندارى لێکەوتەوە. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا کە بوو بە هۆی ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی مریەم خان دەوری بنەڕەتی لە نووسینی شەونامەکان و ڕۆژنامەکانی دیواری و ڕاگەیاندراوەکانی ئەو سەردەم و خۆپێشاندانەکاندا هەبووە و ساواک دەگەڵ هەموو حەولی خۆی نەیتوانی بیدۆزێتەوە کە نووسەرانی ئەو بەشانە کێن؟ لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بە هۆی ئاڵۆزی و دەسپێکردنی شەڕ لە ناوچەدا بوو بە ئەندامی کومیتەی ئیمدادگەرانی شەڕ و زیاتر لە هەزاران کەسیان دەرمانکرد. بە دوای تەواو بوونی شەڕ کەوتنە بەر هەڕەشە و گیران و چەند کەسێك لە ئیمدادگەرەکان وەك مستەفا خوسرەوی– مریەمی فاروقی– حوسێنی گولەباران کران ناچار ماوەیەك لە شاری تاران خۆی حەشاردا و بە هاتووچۆی وەرگێڕی بە ناوبانگ محەممەد قازی و مامۆستا ئەحمەد قازی و زۆریەك لە ئەندامانی کانوونی نووسەران زانیاری و ئەزموونەکانی لەمەڕ نووسین و خوێندنەوە بردەسەر و لە دوای وەرگرتنی شەهادەی دیپلۆم هاتەوە شار بەڵام دووبارە ناچار بوو کە ماوەیەکی تر بۆ خۆحەشاردانی بچێتە ئاوایی سارووقامیش و لەوێ لە مەکتەبی لە بن نەهاتووی باپیری، کە بە دەیان ساڵ لە زیندانەکانی پەهلەوی زیندانی و ئەشکەنجە کرابوون و بە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکان و بیستنی بەسەرهاتی ئەو و گەورە پیاوانی تر زانیارێکی زۆر باشتر و زیاتری لە ئاستی مێژووی تۆمارنەکراوی ناوچەکەی دەست کەوت کە لە دوایی دا بوو بە هەوێنی نوسینی ڕۆمانی"ژیانم خۆش دەوێ دەگەڵ ئازادی" . لە کاتی گەڕانەوەی بۆ شار دەگیرێ و لە بەندیخانەی میاندواو ماوەیەك دەسبەسەر دەبێ. لەساڵی ١٩٨٣ زەماوەند دەکا. لە ساڵی ١٩٨٧ لە کاتێکدا کە دووگیان دەبێ بۆ جارێکی تر دەگیرێ و ماوەیەك لە شاری تەورێز دەسبەسەر دەبێ. لە پاشان ڕایدەگوێزنەوە زیندانی مەهاباد و ماوەی چەند مانگ لە زیندانی تاکەکەسیدا دەمێنێتەوە لە پاشان بە ٣ ساڵ زیندان مەحکووم دەبێ بەڵام بە هۆی دووگیان بوون و تووشبوونی بە نەخۆشی بە پێی زەمانەت

دوای چەند مانگ زیندان ئازاد دەبیّ لە ساڵی ١٩٨٥ بە دوای دامەزرانی بنکەی ئەدەبی کوردی لە لایەن چەند کەسێك وەك ئەحمەدی بەحری، سەلاحی ئاشتی و ...دەبێتە بەشداری ئەو دانیشتنانە و یەکەم ئەزموونی کوردی نووسین لەم شوێنە دەسپێدەکا. لە ساڵی ١٩٨٦ لە ناوەندی دەنگوڕەنگی مەهاباد وەك نووسەر دادەمەزریّ . لە ساڵی ١٩٩٠ لە تاقیکاری زانکۆی مەهاباد دەردەچیّ و لە ویّ یەکەمین گۆواری خوێندکاران بە نێوی "زانا" وەڕێدەخەن بەڵام بە هۆی هەلومەرجی داخراوی ولآت بەتایبەت لە زانکۆکان وەکو زۆربەی هەرە زۆری گۆوارە دانشجووییەکان لە سەرتاسەری ئێران دەستی بەسەر دادەگیریّ و لە دوای چەند ژومارە ڕادەگیریّ و سەر لەنویّ وەك ئەندامی دەستەی نووسەران دەکەوێتەوە بەر لێپرسینەوە و بازجووی چەن مانگێك تێدەپەڕیّ کە بە هۆی داشداری و لایەنگری سەرۆکی زانکۆ – دەکتور مەجدی – ڕزگاری دیّ . لە ساڵی ١٩٩٦ بە هۆی نووسینی زنجیری چیرۆکێك بە نێوی" بەسەرهاتی ژنان" لە ٦٠ بەشدا و بڵاو بوونەوەی لە بەشی چیرۆك و بەسەر هاتەکان‌دا و پێشوازی بیسەران ، کە لەودا هەلومەرجی ژنان بە گشتی خرابووە ژێر تیشکی ڕەخنە و لێکۆلینەوە سەر لە نویّ کەوتە بەر بازجوویی و لێپرسینەوە و سەرەنجام دوای ماوەیەك لە سەر پیشەکەی دەردەکرێت. لە ساڵی١٩٩٧ بە دوای هاتنە سەرکاری خاتەمی دەبێتە دەبیری کانوونی فاروغولتەحسیلانی مەهاباد کە زیاتر لە ٣٠٠٠ ئەندامی کارناسی هەبوو. هەر لەو ساڵەدا بە هاوکاری ناسر باباخانی، قاسم موئەیەدزادە و سەعدی قازی وەك دەستەی دامەزرێنەرانی بنکەی ئەدەبی، ئەم بنکەیە دادەمەزرێننەوە و بۆ ماووی ١٥ ساڵ بەردەوام وەك بەرپرس و ئەندامێکی چالاکی ئەم بنکەیە، بە دەیان لێکۆڵینەوە و سیمنار و دانیشتنی ئەدەبی پێك دێنن. لە ساڵی ٢٠٠٥ بە دوای ئاراستە کردنی وتارێك لە سەر کلگۆی شەهیدان قازی محەممەد و سەیف قازی و سەدرولئیسلام دەگیریّ و دوای ماوەیەك بە ٥ ساڵ زیندانی تەعلیقی و وەرگرتنەوەی مافی چوونەدەری لە ولآت بە شەرتی زەمانەت ئازاد دەبیّ. لە ساڵی ٢٠٠٣لە لایەن خوالێخۆشبوو ئەندازیار ئەدەب بۆ بەشداری لە بەرەی یەکگرتووی کورد بانگهێشت دەکریّ و لە هەڵبژاردنەکانی ئەندامان لە نێوان ١٥ شاری کورد دەنگی دووهەم دێنێتەوە و وەك ئەندامی کەمیتەی ناوەندی چالاکانە لە دانیشتنەکەنی ئەم بەرەیە لە شاری تاران بەشدار دەبیّ و وتار و لێدوانەکانی لە سەر کێشەی کورد و بە تایبەتی ژنانی کورد بۆ جارێکی تر بەرز دەکاتەوە هەر لە م ساڵەدا لقی بەرەی یەکگرتووی ژنانی کورد لەو بەشەدا چالاك دەکا کە







بە دەیان دانیشتنییان بۆ ساز دەکا و بە خوێندنەوەی مێژوو و ڕۆژنامە ،..دەورێکی باشی دەبیّ لە کرانەوەی چاو و گوێی ژنان و بەم هۆیە لە لایەن بنکەی" ژنانی یارمەتیدەری نیشتمان –ژین " وەك ئەندام و وتە بێژی ئەم بنکەیە وەردەگیریّ بەڵام بەدوای چەندین بار دانیشتن و وتاردان لەو بەشە سەر لەنویّ دەکەوێتەوە بەر لێپرسینەوە و بازجوویی و بەشداری ئەو وەکوو وتەبێژ بە دوای دەیان جاری دیکە بازجوویی، قەدەغە دەکریّ و دوای ماوەیەك دەبێتە ئەندامی دەستەی پێکهێنەرانی بنکەی "ڕووناك" . کە شوێنی چاوەدێری لە کچانی بێبنەماڵە و کۆکردنەوەی ئەو کچانە بوو کە بێدەرەتان و بێکەس و کار بوون و بە دەیان کیژی کورد تەنانەت لە شارە تورکەکانیش ڕا کۆکرانەوە و ڕاگوێزرانەوە مەهاباد. لە ساڵی٢٠٠٠ لە لایەن بنکەی پارێزگاری لە ژینگە بانگهێشت دەکریّ و لەو بەشەدا بە خوێندنەوەی وتارەکانی دەورێکی باشی لە پارێزگاری لە ژینگەدا گێڕا بەڵام لەو بەشەشدا پاش ماوەیەك کەوتەوە بەر لێپرسینەوە و بەشداری ئەو لەو بەشەدا قەدەغەکرا. لە ساڵی ٢٠١٢بنکەی کۆبوونەوەی ئەدەبییان بۆ ماوەیەك راگرت و لە پاشان بەشداری ئەویان لە دوای ١٥ ساڵ هەڵسووڕاندنی چالاکانەی ئەو بنکەیە وەك بەرپرسی ئەو بەشە قەدەغە کرد. هەر لەو ساڵەدا لە لایەن بنکەی فەرهەنگی شوڕای شار وەك وتەبێژ بانگهێشت بەکار کرا و دەورێکی باشی لەو بەشەدا لە شیکردنەوەی گرفتەکان و بەدیکردنی ڕێگا چارەکان‌دا گێڕا. ئیستاش لە لایەن حکومەتەوە هەر جۆرە چالاکییەکی مەدەنی لیّ زەوت کراوە و هیچ مافی چوونەدەریشی لە ولآت نییە. بەرهەمەکانی ناوبرا..

١– ١١٥وتار کە بە زۆری باس لە کوێلەکردنی مرۆڤ بە گشتی و ژن بە تایبەت لە لایەن کومەڵگا و لە لایەن دەسەلآتەکان و خوێندنەوەی تێۆرییانە و شیکارییانەی کتێب و بابەتە بڵاو کراوەکانە کە لە گۆوار و ڕۆژنامەکان‌دا بڵاو بوونەتەوە.

٢– کتێبێکی کورتە چیرۆك لە ژێر ناونیشانی "هاتنە ژوور قەدەغەیە"کە خراوەتە سەر زمانی فارسیش بە ناوی "ورود ممنوع"

٣– کتێبە چیرۆکی "زیندە بە گۆڕ" کە زاهیر ڕۆژبەیانی پێشەکێکی بەجێی بۆ نووسیوە

٤– ڕۆمانی ئامادە بۆ چاپ و بڵاو بوونەوەی "ژیانم خۆش دەویّ دەگەڵ ئازادی "

٥– وەرگێڕانی شانۆنامەیّ " شیوەنی جەم "

٦– وەرگێرانی " ئازادی لە نیوە شەو دا "

٧– نووسینی چەندین فیلمنامە و زیاتر لە ٩٥ چیرۆکی کورت و دەیان چالاکی تر

چالاکی

# کار و چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

ئا: بەڕێوەبەری نووسین

## ئێوارە کۆڕێك بۆ شاعیر (شوان سەدایی)

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٩/٢ کاتژمێر پێنجی پاش نیوەڕۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك هەستا بە سازدانی کۆڕێکی شیعری لەژێر ناونیشانی (سەدای شیعر و زایەڵەی سەدایی) بۆ شاعیر(شوان سەدایی).

هەژی گوتنە شاعیر چەند شیعرێکی بە پێزی پێشکەشی ئامادەبووان کرد، پاشان گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر شیعرەکان لەلایەن ئامادەبووانەوە کرا. ئەمە و شایانی باسە کۆڕەکە زیاتر لە سەعات و نیوێکی خایاند و جەماوەرێکی بەرفرە ئامادەی کۆڕەکە بوون.







لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا پێنج کتێبی ئەدەبی هەمەجۆری تری چاپ وبلاْو کردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:

* لە ژێر زنجیرەی (٢١١) کتێبی (خوێنی پرژاوی دوو سێو) کۆمەڵە قەسیدەیەکی شاعیر (دانا عەسکەر ) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢١٢) کتێبی ( جانتا) کۆمەڵی کورتە چیرۆکی ( بزورگی عەلەوی )یە و لە وەرگێڕانی (حەمە کەریم عارف) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢١٣) کتێبی ( فڕین تەعارفی قەفەسێکە) کۆمەڵە شعێرێکی ( یونس حسەینی)یە کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢١٤) کتێبی (الربيع الاسود) ڕۆمانێکە بەزمانی عەرەبی لە نووسین و وەرگێڕانی ( ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران..

* لە ژێر زنجیرەی (٢١٥) کتێبی (هەڵوەرینی دەمامکەکان) کورتە چیرۆك لە نووسینی (هیوا حوسێن) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢١٦) کتێبی ( لە هۆڵە تاریکەکانی شانۆ) کۆمەڵە وتار لەنووسینی (



















کۆسرەت عەبدولڕەحمان ) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢١٧) کتێبی ( ئاوێنە و دەمامك) کۆ چیرۆك لە وەرگێڕانی ( عەبدوڵلاّ مەحمود زەنگنە) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢١٨) کتێبی (بەها پەروەردەییەکان لە رۆژنامەگەری منداڵدا) توێژینەوە لە وەرگێڕانی ( فازڵ رەشید سالّح) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢١٩) کتێبی (پەندی پێشینان رێ نیشاندەری ژیان) لە ئامادەکردنی (عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢٢٠) کتێبی ( پەندی ئینگلیزی و کوردی) لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری، وەرگێڕان وئامادەکردنی ( د.ئازاد) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

*لە ژێر زنجیرەی (٢٢١) کتێبی ( گوڵی هەتاو) کۆ شیعری شاعیر (عوبێد ئەحمەد) کەوتە

























بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢٢٢) کتێبی (دیوانی مەلا نەجمەدین بێبەش) دیوانە شیعر لە ئامادەکردنی ( هەردەوێڵ کاکەیی) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢٢٣) کتێبی (رەخنەی کۆمەڵایەتی لە لە هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی) لێکۆڵینەوە لە ئامادەکردنی (گۆرن عەبدولجەبار ئەحمەد) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢٢٤) کتێبی ( بەبێ تۆ ئاسمان نابینم) کۆمەڵە هۆنراوەیەکی شاعیر (حەمەکاکەڕەش) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (٢٢٥) کتێبی (کەرنەڤاڵی عەشقی ناو بەفر) پەخشانە شیعری شاعیر (خالید مەجید فەتحوڵلاّ) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران..